رۆژنامە

لە ئیستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.547 Tue 15/ 9/ 2009

ژمارە 547 سێشەممە 15/ 9/ 2009

نرخ 750 دینار


ئایا کاتی نەهاتووە تاڵەبانی دادگایی بکرێت؟ ٣

# نەوشیروان مستەفا: زۆرینەی هاوڵاتییان پاکنو گەندەڵکاران لە ریزی یەکەمو دووەمی دەسەڵاتدان

**رۆژنامە**

نەوشیروان مستەفا، پێیوایە دیاردەی گەندەڵیی بەرهەمی جۆری حوکمڕانیی دەسەڵاتی سیاسییە لە کوردستان، نەک دیاردەیەکی کەسیی و دەڵێت: «بە شانازییەکی گەورەوە دەڵێم؛ بەشێکی هەرە زۆری هاوڕێ ناسراوەکانی ئێمە ئەوانەی کە لەم جوڵانەوەیەدا هاوکاری من بوونو تەنانەت ئەوانەی، کە دەرچوون بۆ پەرلەمانی کوردستان، لەوانە نین کە بە هیچ جۆرێک لە گەندەڵیی تێوەگلابن».

سەرۆکی لیستی گۆڕان لە میانی چاوپێکەوتنێکیدا، کە لە لاپەڕەکانی (٦و٧)ی ژمارەی ئەمڕۆدا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: لەو باوەڕەدا نیم، گەندەڵیی هەموو کۆمەڵگەی کوردی گرتبێتەوەو ئێستاش باوەڕم وایە، کە بەشی هەرەزۆری تاکەکانی کورد کەسانێکی پاکنو دژی گەندەڵین، ئەوانەش کە لە گەندەڵیی تێوەگلاون لە ریزی یەکەمو دووەمی دەسەڵاتن، وتیشی: «نەک هەر مەلەفی گەندەڵیی، بەڵکو مەلەفی ئەخلاقیی زۆر خێزانو ژنو پیاو و کورو کچو مەلەفی دزیو جاسوسی کەوتووەتە بەردەستم، بەڵام ئەخلاقی سیاسییم ریگەی پێنەداوم، کە تەشهیر بە هیچ کەسێک بکەمو ناوی هیچ کەسێک بەرم».

لە بەشێکی دیکەی چاوپێکەوتنەکەیدا، سەرۆکی لیستی گۆڕان رەتیدەکاتەوە، کە پەنابردن بۆ هەیئەتی نەزاهەی عێراقی، یان هەر دەزگایەکی دیکەی فیدراڵی لە کوردستاندا عەیب بێت، لەبەرئەوەی کوردستان بە گوێرەی دەستووری عێراقی تائێستا بەشێکە لە عێراقو میزانییەو بودجەو ئازووقەو سووتەمەنیو تەنانەت داو و دەرمانیش بەشێکی زۆری لە بەغداوە دێتو دەڵێت: «ئەوە قسەیەکی راست نییە، کە ئێمە پەنامان بۆ شۆڤێنییەتی عەرەبی بردووە، وابزانم کەسیش ناتوانێت موزایەدە بەسەر ئێمەدا بکات، هەرچی ئێمە بناسێت دەزانێت ئێمە دەیان ساڵ لە ململانێدابووین لەگەڵ شۆڤێنیزمی عەرەبی، من نەبووم ئەو کەسەی کە دەستم تێکەڵاوکردووە لەگەڵ بەعسدا، ئێمە شەڕی بەعسمان کردووە، شەڕی شۆڤێنیزممان کردووە».





٥

دەسەڵات موزایەدەی سیاسیی بە دژایەتیکردنی گەندەڵییەوە دەکات





١٦

پرۆژەیەکی ١ ملیۆنو ٥٠٠ هەزار دۆلاریی بێ سودە





سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو:

دوودڵی لە هەڵوێستو سیاسەتماندا هەیە

١٠


## هێزە ئەمنییەکان خۆپیشاندانەکەیان تەنیبوو




راپۆرتێک لەسەر خۆپیشاندانی مامۆستایان لە ل٢-٣دایە




٢٠

رێگە نادرێت ئاسیاسێل لە مەسیف کار بکات





٨

زۆرینەی سەردانەکانی تاڵەبانی بۆ کەرکوک بۆ کێشەی حیزبەکەی بوون





سەردەمی فاشییەت دەستپێکرد

نەبەز گۆران ٢٣





یەکێتیو گرفتی حوکمڕانی

بابەکر دەرەیی ٢٥


## فراکسیۆنی گۆڕان، داوای دوورخستنەوەی حیزب لە هێزە ئەمنییەکانو دابەشکردنی دادپەروەرانەی بودجەی حیزبەکان دەکات

**هەستیار قادر**

لە دوو پرۆژەیاسادا، کە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانی کردووە، فراکسیۆنی گۆڕان داوای راگرتنی دەستێوەردانی حیزب لە پێشمەرگەو دەزگا ئەمنییەکانو رێکخستنی دادپەروەرانەی بودجەی حیزبەکان دەکات.

بەپێی رەشنووسی یەکێک لەو دوو پرۆژەیاسایە، کە فراکسیۆنی گۆڕان لە دانیشتنی رۆژی (٩/٨)ی پەرلەماندا پێشکەشیکرد، تایبەت بە هێزە ئەمنییەکان داوا دەکات رێ بگیرێت لە دەستێوەردانی پارتو قەوارە سیاسییو رەوتە ئایینییەکان لە ئەنجامدانی چالاکی سیاسیی لە ریزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو رێنەدان بە پێکهێنانی رێکخستنی حیزبییو سیاسییو ئایینی لەو هێزانەدا، رێش لە پێکهێنانی میلیشیای سەربازییو نیمچە سەربازییو هێزی چەکداریی دەرەوەی چوارچێوەی هێزە چەکدارە رەسمییەکان بگیرێت، هەروەها رێ بگیرێت لە حیزبەکان کە پێکهاتەی سەربازییو نیمچە سەربازییان هەبێت، ناشبێت هێزە ئەمنییەکان دەست لە ناکۆکییە سیاسییو حیزبییەکان وەربدەن.

لە پرۆژەیاسای دووەمیشدا، کە تایبەتە بە رێکخستنی بودجەی حیزبەکان، هاتووە: «پێویستە وەزارەتی دارایی رێژەیەک لە بودجەی ساڵانەی هەرێم دیاری بکات بە مەبەستی هاوکارییو یارمەتیدانی ئەو حیزبو قەوارە سیاسییانەی کورسییەک یان زیاتریان لە پەرلەماندا بەدەستهێناوەو رێژەی هاوکارییە داراییەکەش بەپێی رێژەی کورسییەکان دیاری بکرێت.

دەقی هەردوو پرۆژەیاساکە لە ل(٢٢)دا بخوێنەوە.




٢١

وەزارەتی شەهیدان ئاماری کوژراوانی شەڕی ناوخۆی رانەگەیاند

## ئایا کاتی نەهاتووە تاڵەبانی دادگایی بکرێت؟

**سەرنووسەر**

گەردەلولێک سەرتاپای ناوچەکانی هەرێمی سەوزی پێشووی گرتووەتەوە، موهاتەراتی ڕاگەیاندن کە وێنەیەکی تەڵخی ڕۆژانی شەڕی ناوخۆیەو جارێکیتر کۆپی کراوەتەوە، چاوسورکردنەوە، هەڕەشە، تۆقاندن، دەرکردن، گواستنەوە، لێپێچینەوەی نائسوڵیی، ئەمانە بەشێکن لە سیمای شارو دێهاتەکانی ئەم هەرێمە کە یەکێکە لە ساتەوەختە دژوارو تەڵخەکانی باڵی جەلالیی نوێ کە دەستیان بەسەر سەرجەم دەزگاکانی یەکێتیدا گرتووە بە نەفەسێکی دیکتاتۆریو ناسەردەمو نا دیموکراتیانە مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی نێو هەرێمو نێو حیزبەکەیان دەکەن. سکرتێری ئەو باڵە لە ئێستادا خۆی گەمارۆ داوە بە کۆمەڵێک کەسایەتی بەرژەوەندخوازی دوور لە هەر پرەنسیپێک، کە دەیانەوێت ئۆباڵی شکستەکانی خۆیان بخەنە ئەستۆی کەسانی دیکەو تا دێت کێشەکان لە خۆیو لە حیزبەکەیو لە میللەتەکەش ئاڵۆزترو سەختر دەکەن.

بەڕێز جەلال تاڵەبانی، کە سەرۆکی ئەو باڵەی نێو یەکێتیو سەرۆک کۆماری عێراقیشە بەرپرسیاری یەکەمە لەو سیاسەتە نا مرۆڤانەیەی لەم دەڤەرە پیادە دەکرێت. بە بەرچاوو ڕێنوێنی ئەو، سەدان فەرمانبەری حکومەت دەرکراون، عقوبە دراون، گواستراونەتەوە بۆ شوێنی دوورە دەست، بەرپرسە حیزبیو حکومییەکان سزا دەدرێنو هەڕەشەیان لێ دەکرێت. ئەو بەڕێزە سەرۆکی عێراقەو لێرەش میلیشیای هەیە، هیچ پۆستێکی ڕەسمیی لە هەرێمدا نییەو لە گەورە بۆ بچوکی مەسەلە ئیدارییەکان دەخاڵەت دەکات. ئەم بەڕێزە لە ژیانی سیاسیی خۆیدا لە دوو قۆناغی جیاوازدا جارێک وەک قوربانی بیروڕای جیاوازو جارێکیش وەک سەرکوتکەری ئازادی بڕیاردان دەرکەوتووە.

دوای تەمەنێکی زۆر لە خەباتو کاری شۆڕشگێڕیو سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی نوێ (هەڵسەنگاندنمان بۆ ئەداو کاریزمایی هەر چۆن بێت، لەو ڕاستییە کەمناکاتەوە) ئێستا لە پاییزی تەمەنی سیاسییدا لەژێر کاریگەریی ئەو ئەڵقە بەرتەسکەی، کە گەمارۆیان داوە، ڕۆڵەکانی گەل لەسەر بڕیاری سیاسییو هەڵوێستی سیاسییو شێوەی دەنگدان لە هەڵبژاردندا سزا دەدات، پیرو منداڵ، نەخۆشو پەککەوتە، پێشمەرگەی قارەمانی سەنگەرەکان، فەرمانبەر، ژنو پیاو لە پاروی نان، لە بژێوییەکی ئاسایی، لە مافی ژیان بێ بەش دەکات.

بۆیە ئیتر بێدەنگی لە ئاست ئەو بەربەریەتەی لە ئارادایەو ئەو توندڕەوییە بێ بەزیانەیەی بەڕێوەیە بەسە. کاتی هاتووە بەو بەڕێزەو گروپەکەی بڵێین؛ کوردستان بە شورای ئاسنین دەورنەدراوە، دروشمە نەزۆکە ناسیۆنالیستییەکانتان جارێکی دیکە نامانخەڵەتێنێت، بۆ هەر شوێنو لایەک پێویست بکات دەنگ هەڵدەبڕین.

ئەگەر بەڕێزیان لە ماوەیەکی کورتدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو بڕیارە زارەکیو نووسراوانە نەدات (کە ئێستا بە لیستێک لەبەردەم سەرۆکی هەرێمو سەرۆکایەتی پەرلەماندایە)، ئەوا پێویستە پەرلەمانی کوردستان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕۆشنبیرانو سیاسەتمەدارە سەربەخۆکان، بزووتنەوەی گۆڕانو هێزەکانی دیکە، داوا لە پەرلەمانی عێراق بکەن حەسانە لەسەر سەرۆک کۆمار لابدەن بۆ ئەوەی لە کوردستان وە یا لەبەردەم مەحکەمەیەکی بێلایەنی عێراقیی یا نێودەوڵەتیی دادگایی بکرێت لەسەر ئەم پێشێلکاریانەی خوارەوە:

یەکەم: بەکارهێنانی دەسەڵاتو ئیمکاناتی سەرۆک کۆماریی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی هەرێم، پارەبەخشینەوە، دیاری پێشکەش کردن (دەمانچە و..) بەڵێنی مادیو مەعنەوی، هتد کە هەمووی سەرپێچیکردنی ڕێنوێنییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنە.

دووەم: دەرکردنو نانبڕینی فەرمانبەرو تەنانەت کەسە حیزبییەکانی حیزبەکەی لەسەر مەسەلەی جیاوازی بیروڕا، بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ئەو وەیا بە ڕێنوێنیو ئاگاداربوونی پێشوەختی خۆی، کە ئەمەش جۆرێکە لە پاکتاوی ئیداری.




## ــــــش بەجلی مەدەنییەوە ــــــەکەیان تەنیبوو

### ــــــەو مامۆستایانەی لەسەر لیستی ــــــش دەسەڵاتیان هەبوو با ئێمە ــــــدەن

١- هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانەی کە دراوە سەبارەت بە لابردنی بەڕێوەبەرو یاریدەدەرو مامۆستایانو گواستنەوەیان لەسەر بیروڕای جیاوازو گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان.

٢- دوورخستنەوەی دەستی حیزب لە پرۆسەی پەروەردەدا.

٣- دەستلەکارکێشانەوەی ستافی ئێستای یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بە سکرتارییەتو سەرجەم لقەکانیانەوە، کە بوونەتە پاشکۆی حیزبو بە پێویستی دەزانین کە هەڵبژاردنی سەرتاسەریی بکرێت.

٤- لابردنی کاربەدەستانی ناو بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکانی پەروەردە، کە دەستیان هەبووە لە گەندەڵیدا بۆ جێبەجێکردنی کارو مەرامەکانی حیزب لە پرۆسەی پەروەردەدا.

٥- چەند داواکارییەکی دیکە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی مامۆستایان، کە لە کاتی خۆیدا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

لەلایەکی دیکەوە، لە ڕوونکردنەوەیەکی وەزارەتی پەروەردەدا ئاماژە بەوە کراوە؛ کە «لابردنو گواستنەوەی مامۆستایان پەیوەندیی بە باشترکردنی بواری پەروەردەوە هەیە»و لە لێدوانێکی وەزیری پەروەردەشدا ئەوە ڕوونکرایەوە، کە «ئەو مامۆستایانەی لادەبرێن بڕوانامەی دبلۆمیان هەیەو کەسانی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە شوێنەکانیان دادەنرێن بۆ جێبەجێکردنی سیستمی پەروەردەی بنەڕەتی»، بەڵام ئەوەی جێی تێبینییە ئەوەیە، کە ژمارەیەکی زۆری بەڕێوەبەرو یاردەدەرە لەسەر کار لابراوەکان بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە، نەک دبلۆم.

ڕزگار عەبدول فەتاح بەڕێوەبەری ناوەندیی کۆسرەتی کوڕان لە سنووری قەزای دوکان، کە خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسەو لە ئێستادا «لەسەر بیروڕای جیاواز» لەسەر کارەکەی لابراوە، بە ڕۆژنامەی وت: «وەزیری پەروەردە چەند پاساوێکی لاوازی بۆ لابردنمان هێناوەتەوە»، یەکێکیان ئەوەیە، کە ئەو بەڕێوەبەرانە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمن، ئێمە لە سنووری پەروەردەی دوکان، کە (٢٥) بەڕێوەبەرو یاردەدەرین لابراوین، کە (١١) کەسمان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسین، «ئەمەش بێ ئاگایی وەزیری پەروەردە دەردەخات لە بڕیاری لابردنەکانمان، دیارە کە وەزارەتی پەروەردە تەنیا لایەنی جێبەجێکاربووە، نەک بڕیاردەر، بەڵکو مەڵبەندو کۆمیتەکانی یەکێتی بڕیاری دەرکردنەکانی داوە».

لابردنی ئەو بەڕێوەبەرو یاریدەدەرانە بەبێ ئاگاداری سەرپەرشتیارێتی پەروەردەییەکان کراوەو هیچ پێشنیازێکی ئەوانی لەسەر نەبووە، چونکە لەسەر ئەو بڕیارانە کە بۆ لابردنیان دەرچووە نەنووسراوە لەسەر یاداشتی بەڕێز سەرپەرشتیاری پەروەردەیی(....) بڕیاردرا بە لادانی فلان بەڕێوەبەر، هەروەک بەڕێوەبەری ناوەندی کۆسرەت بە ڕۆژنامەی وت: «بەڕێوەبەری پەروەردەی دوکان پێیوتین؛ من بە بڕیاری حیزب لاتاندەبەمو حیزب هەر ئەمرێکی دیکەیشم پێ بسپێردرێت، ئەوا بێ لێکدانەوە بۆی جێبەجێ دەکەم».

تائێستا لە سنووری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی (٤) بەڕێوەبەرو لە سنووری بەڕێوبەرێتی پەوەردەی دوکان (٢٥) بەڕێوبەرو یاریدەدەرو لە سنووری بەڕێوەبەرێتی پێنجوێن بە زارەکی بڕیاری لادانی (٥) بەڕێوەبەرو یاریدەدەر دەرچووە، کە لە نێو ئەو بەڕێوەبەرانەدا هەیە، کە (١٦٠) جار سوپاسنامەی پێدراوە، کە بە وتەی مامۆستا ڕزگار؛ «بەڕێوەبەرێک (١٦٠) سوپاسنامە وەربگرێت شایەنی ئەوەیە کە بکرێت بە وەزیر نەک لەسەر کار لاببرێت».

هەرچەندە خۆپیشاندانەکە لە کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانییەوە دەستیپێکرد، بەڵام هیچکام لە بەڕێوەبەرانی پەروەردەی مەڵبەندی گشتیی سلێمانی نەهاتنە دەرەوە، تا گوێ لە داواکارییەکانی مامۆستایان بگرنو ئەو یاداشتە وەربگرن، کە مامۆستایان ئامادەیان کردووە.

دواتر دوای سەعاتو نیوێک لە چاوەڕوانی، کەمال نوری بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی لە دیوی ناوەوەی بەڕێوەبەرێتییەکەی چەند وتەیەکی پێشکەش بە خۆپیشاندەران کردو وتی: «مامۆستا پێشەنگی کردارە جوانەکانە، لەبەر ئەوە ئێمە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین، کە گوێ لە داواکارییەکانیان بگرینو سکاڵاکەیان بگەیەنینە وەزیری پەروەردە»، سەبارەت بە درەنگ ئامادەبوونیشی کەمال نوری وتی: «لە بەیانییەوە ویستم بێمە دەرەوە بەڵام لەبەر ئەوەی وتم خوانەخواستە کێشەیەک ڕووبدات یان مامۆستایان کۆنترۆڵ لە دەست بدەن، نەدەهاتمە دەرەوە».

کە ئەم وتەیەی بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی کاری کردە سەر هەستی مامۆستایان، بەوەی کە ئەوان وەک چینێکی ئاژاوەگێڕ بشوبهێنرێن، بە نانەوەی کێشەو لە دەستدانی کۆنترۆڵ.

دواتر چەند نوێنەرێکی مامۆستایان چوونە لای بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانیو داواکارییەکانیان بەدەست گەیاند، بەڵام لە کۆبوونەوەکەدا شێخ حسێن شێخ مستەفا، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی تەئکیدی لەسەر ئەوە کردبووەوە، کە ئەو بەڕێوەبەرانە لەسەر لیستی گۆڕان دەرکراون.

مامۆستا خالید حەمە ئەمین نوێنەری مامۆستایان کە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەدا کۆبووەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «مامۆستا شێخ حسێن پێیوتین ئەو بەڕێوەبەرو یاریدەدەرانە لەسەر لیستی گۆڕان دەرکراونو ئەگەر ئێوەش دەسەڵاتان هەبوو ئەوا ئێمە لاببەن».

## دەرماڵە بۆ فەرمانبەرانی کارەبای سلێمانی سەرف ناکرێت



**دلێر عەبدولخالق**

وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی، ڕەزامەندیی دەرنەبڕیوە لەسەر سەرفکردنی دەرماڵەی لە (٢٠٪)ی ژمێریارەکانی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کارەبای سلێمانی، کە ژمارەیان (٤٠٠) فەرمانبەرە، سەرفنەکردنی دەرماڵەی ئەو فەرمانبەرانەی سلێمانی لە کاتێکدایە کە هەمان دەرماڵە بۆ کارمەندانی بەڕێوەبەرێتییەکانی کارەبای هەولێرو دهۆک سەرفدەکرێت.

محەمەد عەزیز، بەڕێوەبەری فرۆشتنی وزە لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کارەبای سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە مانگی (ئایاری ٢٠٠٨)ەوە، بڕیاری سەرفکردنی دەرماڵەی لە (٢٠٪) ژمێرکارەکانی وەزارەتی کارەبا دەرچووە، کە پێشتر ئیشیان خوێندنەوەی پێوەرەکانو دابەشکردنی لیستی کارەبا بوو، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٩)ەوە بەپێی فەرمانێکی وەزاری بڕیاردرا، کە ژمێرکارەکان ڕاستەوخۆ پارەی کارەبای ماڵان وەربگرن، ئەوەبوو دەستکرا بەو ئیشە بەبێ ئەوەی پارەیان بۆ سەرفبکرێت، دواتر ڕەزامەندیی درا لەسەر سەرفکردنی ئەو دەرماڵەیە تا مانگی (حوزەیرانی ٢٠٠٩)، بەڵام لەدوای ئەو مانگەوە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی بە ئاماژەکردن بە فەرمانێکی ئەنجومەنی وەزیران، ڕەزامەندیی دەرنەبڕیوە لەسەر سەرفکردنی ئەو دەرماڵەیە.

بەڕێوەبەری فرۆشتنی وزەی سلێمانی ئاماژەی بەوەشکرد، تەنیا ژمێرکارەکانی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کارەبای سلێمانی لەو دەرماڵەیە بێبەشکراونو وتی: «ئەو دەرماڵەیە بۆ فەرمانبەرانی هەولێرو دهۆک سەرفدەکرێت، وەزارەتی کارەباش نووسراوی ئاڕاستەی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی کردووە، بەڵام تائێستا ڕەزامەندییان دەرنەبڕیوە».

بۆ زانینی هۆکاری بڕینی دەرماڵەی ژمێرکارەکانی کارەبای سلێمانی، ڕۆژنامە چەندجارێک پەیوەندیکرد بە بایز تاڵەبانی، وەزیری داراییو دڵشاد عوسمان بریکاری وەزارەتەوە، بەڵام بێ وەڵام بوون.

## تاڵەبانی، ئاگای لە پرۆژەکەی خۆی نییە

**ڕۆژنامە**

جەلال تاڵەبانی لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٨)ەوە پرۆژەی جیاکردنەوەی حیزب لەحکومەتی پێشکەشکردووە، لە (٢٠٠٦/٦/٨)ەوە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێدانی زەوی بە هاوڵاتییان ڕاگرتووە، بەڵام وەک لە بەڵگەنامە دەستنووسەکەدا دەردەکەوێت، جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقو سکرتێری گشتیی یەکێتی، بە نووسراوێک داوا لە عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەت دەکات (٢٣) پارچە زەوی بدرێت بە چەند ماڵێکی «ئاوارەی بادینان» لە ڕانیە.



# جەنابی سەرۆک درۆ دەکەیت!



**فازڵ نەجیب**

لەو کاتەی باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا باسی لە پلانەکەی دەکرد سەبارەت بە چاودێریی تەندروستی، (جۆ ولسن)ی ئەندامی کۆنگرێسی سەر بە کۆمارییەکان، بەدەنگی بەرز هاواریکرد «تۆ درۆ دەکەیت».

کۆمارییەکان رایانگەیاند، کە ئەو ئەندامەیان لەبەر پەرۆشیو دڵسۆزیی بۆ بەرژەوەندییەکانی گەلی ئەمریکا، ئەو قسەی بە سەرۆک وتووەو سەرەرای ئەوەش جۆ وڵسن و حزبەکەی داوای لێبووردنیان لە جەنابی سەرۆک کردو ئەویش رایگەیاند «جا چییە، هەموومان هەڵە دەکەین».

پاشان کۆشکی سپیو ئۆباما بە رەسمیی داوای لێبوردنەکەیان قبووڵکردو وتیان «مادام ئێمە هەموومان هاوڵاتی ئەمریکین، بەدڵێکی فراوانەوە پۆزشەکەی جۆ قبووڵ دەکەین».

لە ئەمریکا، کە بە قسەی سەرۆکەکانی کورد «دۆستی ستراتیژی»ە، ئاساییە جەنابی سەرۆک درۆ بکات، لەوەش ئاساییتر ئەوەیە بە جەنابی سەرۆک بڵێیت «تۆ درۆ دەکەیت»و دوای ئەوەش بە دڵێکی فراوانەوە داوای لێبووردن قبووڵ دەکرێت، هۆکاری ئەو حاڵەتەش ئەوەیە کە جەنابی سەرۆکو کۆنگرێسمانو هەر ئەمریکییەک، هاوڵاتینو بەپێی دەستوور، مافەکانیان پارێزراوەو لە هەموو مێژووی ئەمریکا هیچ کەس لەسەر بیرورا، سزا نەدراوە.

سەرۆکەکانی ئێمە، لەوەتەی خوا خەلقی کردوون، تەنیا یەک درۆیان نەکردووە، هەر بۆیە تا ئێستا تەنیا جارێک نەمانبیست، وەزیرێک، ئەندام پەرلەمانێک، ئەندامی مەکتەب سیاسییەک، بە دەنگی نزمیش بڵێت «جەنابی سەرۆک درۆ دەکەیت».

لە وڵاتی ئێمەدا کە سەرۆکەکان وەک سەعاتی سویسری ئیش دەکەنو ئەرشیفی رابردوویان هەڵبدەیتەوە، بە مسقاڵە زەررە خیلافی تێدا نییە، حەتمەن کە درۆ ناکەنو پێویستیش ناکات هیچ یەک لە وەزیرو پەرلەمانتارو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی، رەزای خۆیان تاڵ بکەنو بوختان بۆ جەنابی سەرۆک بکەن.

سەرۆکەکانی کورد کە ئەگەر لەبەر عەیبە نەبێت، ئەو وێنانەی لەگەڵ سەرۆکەکانی ئەمریکا گرتوویانە، وەک لۆگۆ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانیان دایدەنێن، لەگەڵ ئەوەشدا شەرم ناکەن لەوەی کە زۆر راستگۆترن لە ئۆباما، بەڵگەش بۆ ئەو بریارە، ئەوەیە کە تا ئێستاو لە هەموو تەمەنیاندا تەنیا کەسێک لە دەستوپێوەندو وەزیرو گزیرو ئەندامەکانیان پێی نەوتوون «جەنابی سەرۆک درۆ دەکەیت»و جەنابی سەرۆکیش پێی بڵێت «مادام تۆ هاوڵاتی کوردستانیت، زۆر ئاساییە ئەو قسەیە بکەیتو ئەگەر پۆزشیش بهێنیتەوە، بەدڵێکی فراوانەوە قبووڵی دەکەم».




# هێزەکانی ئاسای... خۆپیشاندانی...

## بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە: ئـ... گۆڕان دەرکراون، ئەگەر ئەوانیـ... لابـ...

**شارا عەبدولڕەحمان**

دوای خۆپیشاندانێکی دوو سەعاتیی مامۆستایانی سنووری سلێمانی، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی بە مامۆستایانی راگەیاند: سەرجەم ئەو بەڕێوەبەرو یاردەدەرانەی، کە لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە ئەوانەن، کە کاریان بۆ لیستی گۆڕان کردووە یان دەنگیان پێداوە، بۆ لەمەودواش لەسەر کارەکەمان بەردەوام دەبین.

دوای ئەوەی نزیکەی (٥٠) بەڕێوەبەرو یاریدەدەرانی قوتابخانەو خوێندنگەکانی سنووری بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی بەبیانووی پەیوەندییان بە لیستی گۆڕانەوە، لەسەر کار لابران، دوێنێ بە ئامادەبوونی نزیکەی (١٠٠٠) مامۆستا خۆپیشاندانێک لەبەردەم بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی رێکخراو ئامادەبووان داوایانکرد سەرجەم ئەو بڕیارانە هەڵوەشێتەوە، کە بۆ لابردنو گواستنەوەی بەڕێوەبەرو یاردەدەرانی خوێندنگەو قوتابخانەکانی ئەو سنوورە دەرچووە بە بیانووی ئەوەی کاریان بۆ لیستی کوردستانی نەکردووە.

خۆپیشاندانەکە بە ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیسی گشتیی، پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، پۆلیسی فریاکەوتن، ئاسایشو هێزەکانی دەزگای زانیاری بە جلی مەدەنییەوە تەنرابوو، کە مەبەست لە ئامادەبوونیان راگرتنی هێمنی خۆپیشاندانەکە بوو، بەڵام ئامادەبووانی خۆپیشاندانەکە سەرجەمیان مامۆستابوونو هیچیان چاوەڕێی کاری ئاژاوەگێڕییان لێنەدەکرا.

ساڵح مەحمود، یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە قوتابخانەی قەمچوغەی بنەڕەتی لە سنووری قەزای دووکان، کە بە بیانووی ئەوەی کاری بۆ لیستی گۆڕان کردووە، لەسەر کارەکەی لابراوە، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە کە لە بەردەم بەڕێوەبەرێتی پەروەردە کۆبووینەتەوە، دەمانەوێت بەڕێوەبەرانی پەروەردە گوێ بۆ داواکارییەکانمان بگرن، داوا دەکەین چیتر حیزب تەداخولی بواری پەروەردە نەکات، چونکە پەروەردە دەزگایەکی سەربەخۆیەو بۆ هۆشیارکردنەوەو وریاکردنەوەی تاکەکان کار دەکات، نەک بۆ حیزبایەتیکردن، دەمانەوێت کەسانی پەروەردەیی کاری خۆیان بکەن، نەک ئەو کارانەی کە مەکتەبی سیاسییەکان پێیان دەسپێرن.

ئەو مامۆستایە ئاماژەی بە هۆکاری لەسەر کار لابردنەکەی کردو وتی: «تەنیا هۆکاری لابردنی من ئەوە بوو، کە لە خزمەتی پەوەردەدا بوومو کاری جدیی خۆم دەکردو گوێڕایەڵی حیزب نەبووم، بەڵام بە بڕیارێک لە پەروەردەوە لەسەر کار لابرام».

خۆپیشاندانەکە جگە لە مامۆستایان، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئاساییو خوێندکارانی قوتابخانەو خوێندنگەکانو زانکۆکانی تێدابوو، کە ئەوانیش هەمان داواکاری مامۆستایانیان هەبوو بۆ دوورخستنەوەی هەیمەنەی حیزب بەسەر پەروەردەوە.

کامیل قانع خوێندکاری زانکۆ، کە ئامادەی خۆپیشاندانەکە بوو وتی: ئامادەبوونی من بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەستمکرد زوڵمەکان تادێت زیاتر دەبن، بەشێوەیەک ئەو چینەی کۆمەڵگەی گرتەوە، کە لای من چینی چراخانن بۆ وڵات، کە زوڵمێکیش چینی مامۆستایانی گرتەوە، ئەوا دیارە ئەوپەڕیەتی، پێمخۆشبوو وەک خوێندکارێکی نابینا هەڵوێستم بخەمە پاڵ هەڵوێستی مامۆستایانو دژ بە گەندەڵکاران بووەستمەوە»، ئەو خوێندکارە بە پێویستیشی زانی «بەڕێوەبەرانی پەروەردە چیتر لە ژێر هەیمەنەی حیزبدا نەمێننو گوێڕایەڵی بڕیارە سیاسییەکان نەبن، بۆ ئەوەی خەڵک زیاتر لێیان توڕە نەبێت».

ئەندامانی پەرلەمان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، هەروەک چۆن بەڵێنیان بە خەڵکی دابوو، کە نوێنەریان بنو کار بۆ داواکارییەکانیان بکەن، دوێنێ لە خۆپیشاندانەکەی مامۆستایاندا ژمارەیەکی زۆریان ئامادەبوونو گوێیان بۆ خواستەکانی مامۆستایان گرتو ئەوانیش داواکاربوون، کە بەڕێوەبەرانی پەروەردە بە دوای داواکانی مامۆستایاندا بچن.

ڤیان عەبدولڕەحیم ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە هەروەک چۆن بە دەنگی ئەو خەڵکە چووینەتە پەرلەمانەوە، ئاواش بە ئەرکی سەرشانمانی دەزانین کە بە تەنگی داواکارییەکانیانەوە بین، هەروەک پێش هەڵبژاردن بەڵێنمان پێدابوون، ئێمە هاتووین بۆ پشتگیریی ئەو توێژە گرنگەی کۆمەڵگە، کە مامۆستایانەو ئەرکیان پێگەیاندنی نەوەکانە.

مامۆستایان سەرسامبوون بەوەی کە لە خۆپیشاندانەکەیاندا نەیانبینی کە ئەندامانی پەرلەمان لەسەر لیستەکانی دیکە بێنە خۆپیشاندانەکەوەو گوێ بۆ داواکارییەکانیان بگرن، بەو هۆیەشەوە گومانیان هەبوو لەوەی کە جگە لە پەرلەمانتارانی لیستی گۆڕان، پەرلەمانتارانی دیکە نوێنەری خەڵک بن.

لەو بارەیەشەوە پەرلەمانتارەکەی لیستی گۆڕان وتی: «راستە ئەوان دەڵێن ئێمە نوێنەری خەڵکین، بەڵام ئەی بۆ لە کێشەیەکی ئاوا گەورەدا ئامادەنەبوون، کە ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر حەساسە کە پەیوەندیی بە ژیانی چەندەها خێزانەوە هەیە، بۆیە داوا لە پەرلەمانتارانی لیستو قەوارەکانی دیکە دەکەم بەبێ جیاوازی فیکریو سیاسییەوە داکۆکی لە هاونیشتمانیانی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین متمانەیەکی زیاتر بەدەستبهێنین».

نوێنەری مامۆستایان لە خۆپیشاندانەکەدا چەند داواکارییەکی مامۆستایانی بۆ ئامادەبووان خستەڕوو، کە لە چەند خاڵێکدا کورت کرابووەوە کە ئەمانەن:

# خەباتو کوردستانی نوێ زیاتر لە (٧٣) ملیۆن دیناریان لە پارێزگای سلێمانی وەرگرتووە

**رۆژنامە**

بەپێی ئامارێکی نارەسمیی لە ماوەی (٩)مانگدا بە بەهای (١٥١)ملیۆنو (٨٢٠)هەزار دینار ئاگاداری پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی لە چەند رۆژنامەیەکی رۆژانەو هەفتانەدا بڵاوکراوەتەوە، کە هەردوو رۆژنامەی کوردستانی نوێو خەباتی یەکێتیو پارتی لەو برەپارەیە پشکی شێریان بەرکەوتووە.

لە ماوەی نێوان (٢٠٠٩/١/١ - ٢٠٠٩/٨/٣١) بەهای بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکان بۆ پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی لە چەند رۆژنامەیەکدا گەیشتووەتە (١٥١)ملیۆنو (٨٢٠)هەزار دینار، وەک سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش ئاماژەی بۆ کرد، ئەو پارەیە لەسەر حسابی ئەو بەڵێندەرانە دەبێت کە کەمکردنەوەکەیان بۆ دەردەچێت.

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند، بەپێی رێنماییو یاسای گشتیی بەڵێندەرایەتی، دەبێت هەر پرۆژەیەک لە سێ رۆژنامەی رۆژانەدا بڵاوبکرێتەوە، بەو پێیەش لە ماوەی (٩)مانگی رابردوودا ئاگادارییەکان بەم شێوەیە دراوە بە رۆژنامەکان ( خەبات: (٤٢)ملیۆنو (٥٠٠)هەزار دینار، کوردستانی نوێ: (٣١)ملیۆنو (٣١٠)هەزار دینار، هاوڵاتی: (٢٧)ملیۆنو (٦٠٠)هەزار دینار، رۆژنامە: (٢٥)ملیۆنو (٢٩٠)هەزار دینار، کەناڵی سلێمانی: (١٣)ملیۆنو (٨٤٠)هەزار دینار، ئاوێنە: (٥)ملیۆنو (٨٠٠)هەزار دینار، کۆمەڵ: (٤)ملیۆنو (٩٨٠)هەزار دینار، بۆچوون: (٥٠٠)هەزار دینار.

# هەڵەبجە رووبەڕووی گەندەڵیی دەبێتەوە



**ئارام نەجیم**

دەستەیەک لە پارێزەرانو رۆژنامەنووسانو مامۆستایانی شاری هەڵەبجە کەمپینێک بۆ رووبەڕووبوونەوەی دیاردەی گەندەڵیی پێکدەهێنن.

بە مەبەستی دادگاییکردنی بەرپرسانی گەندەڵی کوردستان بەگشتییو شاری هەڵەبجە بەتایبەتی، سەر لە ئێوارەی رۆژی ٩/١٣ ژمارەیەک لە پارێزەرو رۆژنامەنووسو مامۆستایانی شاری هەڵەبجە کەمپینێکیان راگەیاندو لە یەکەمین بەیاننامەی کەمپینەکەدا کە کۆپیەکی گەیشتووەتە رۆژنامە، هاتووە، پێویستە قایمقامی هەڵەبجە دەستگیربکرێتو رووبەڕووی دادگا بکرێتەوەو ئەرکی دەستگیرکردنەکەشی بخرێتە ئەستۆی هێزەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، هەر وەک هێزەکانی ناوخۆ لەهەرجۆرە کەمتەرخەمییەک لە دەستگیرنەکردنی بەرپرسیارن. لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا هاتووە: چیدی لە هیچ تاوانێک خۆش نابین کە بەرامبەر خەڵکی هەڵەبجە بکرێتو بەدواداچوونیش بۆ پرۆژە تەواونەکراوەکانی شارەکە ئەنجامدەدرێتو لەحاڵەتێکیشدا ئەگەر هەڵەو کەموکوڕییەک بەدی بکرێت، ناوی بەرپرسانی پرۆژەو کۆمپانیا کەمتەرخەمەکان بۆ رای گشتیی ئاشکرادەکرێن.

هەروەها داوا لە دیوانی چاودێری دارایی دەکرێت بۆ ئاشکراکردنی دۆسیەی سەرجەم گەندەڵکارانی هەرێمی کوردستان بەگشتییو شاری هەڵەبجە بەتایبەتیو بەپێچەوانەشەوە هاوڵاتییانی شاری هەڵەبجە هەڵوێستیان بەرامبەر بەدیوانی چاودێری دارایی دەبێت.

دلاوەر حەیدەر، وتەبێژی کەمپینەکە لە لێدوانێکیدا بە رۆژنامە راگەیاند «ئامانج لە دامەزراندنی ئەم کەمپینە، بەدادگاییگەیاندنی سەرجەم بەرپرسەگەندەڵەکانی کوردستانو شاری هەڵەبجەیەو هەوڵیش دەدەرێت بۆ ئەوەی دادگا لەنزیکەوە چاودێریی ئیشوکاری کەمپینەکە بگرێتە ئەستۆ».

وتیشی: داوادەکەین بۆئەوەی هەردوو دیوانی چاودێری دارایی هەولێرو سلێمانی لەچوارچێوەی یەک دەزگادا رێکبخرێنەوەو چاودێریکردنی ئیشوکاری دەزگاکەش لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بێت.

# دەسەڵات موزایەدەی سیاسیی بە دژایەتیکردنی گەندەڵییەوە دەکات

فرمان عەبدولڕەحمان

دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی لە نامیلکەیەکدا کە نووسراوێکی لەگەڵدا هاوپێچە بە ژمارە (١٩)و بە مێژووی ٢٠٠٨/١/٢٧، تیایدا ئاماژە بەوەکراوە «خەریکە گەندەڵی لە کوردستاندا لە زۆر وڵاتی تر زیاتر دەبێت».

لەگەڵ ئەوەشدا سازگار عەلی ناجی، سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێم لە لێدوانێکی پێشتریدا بۆ رۆژنامە ئاماژە بەوە دەکات، تائێستا لەکوردستان هیچ بەرپرسێک لەسەر گەندەڵی نەدراوە بەدادگا، سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێم هۆکارەکەی بۆ «نەبوونی بەڵگەی پێویست» گەڕاندەوە بۆ سەلماندنی کێشەکە، بەڵام بەپێی هەندێک زانیاری، تەنیا لە دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی نزیکەی ٢٥٠٠راپۆرتی جیاواز لەسەر گەندەڵییەکانی ئیدارەی سلێمانی بوونیان هەیە، کە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٨دا تۆمارکراون.

دوای شکستەکەی یەکێتی لە سلێمانی لە هەڵبژاردنەکەی ٢٥ی تەمموزدا، کتوپڕ لە کۆی ئەو ٢٥٠٠راپۆرتەی دەزگای چاودێری دارایی، کەیسێکی گەندەڵی لەسەر پارێزگای سلێمانیو قایمقامی هەڵەبجە ئاشکراکران کە جێگەی خۆشحاڵی هەموو ئەوانە بوو کە خوازیاری بنەبڕکردنی گەندەڵین لە کوردستاندا، بەڵام هەر زوو میدیای یەکێتی ئەو مەسەلەیەی قۆستەوەو خستیە ژێر پرسیاری چاودێرانی سیاسییەوە، بەوپێیەی ئامانج لە ئاشکراکردنی ئەو کەیسانە، دژایەتیکردنی گەندەڵی نییە، بەڵکو قۆستنەوەیەتی بۆ لێدانی سیاسیو بەرجەستەکردنی چەند ئامانجێکی سیاسی کە رەنگە کەم تا زۆر پەیوەندی بە دژایەتیکردنی گەندەڵییەوە نەبێت.

## چیرۆکێک لە ٢٠٠٦دا

ساڵی ٢٠٠٦ لە یەکێک لە بەرنامەکانی چاوی سێیەمی کەناڵی کوردساتدا کە لەسەر کارەکانی سەرۆکایەتی شارەوانیی سلێمانی بوو، کێشە کەوتە نێوان چاودێری دارایی‌و شارەوانیی سلێمانییەوە.

بەپێی روونکردنەوەیەکی دیوانی چاودێری دارایی کە لە ژمارە (٣٠) رۆژی ٢٠٠٦/٨/١ی هەفتەنامەی ئاوێنەدا بڵاوکراوەتەوە، زیاتر لە ١٠٠ خاڵ لادانو ئیختیلاس لەسەر شارەوانیی سلێمانی هەیە، بەڵام لەبری لێپێچینەوە لە سەرۆکایەتی شارەوانیی سلێمانی لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتەوە، کەچی لە ژمارە (٣١)ی هەفتەنامەی ئاوێنەدا سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانی وەک جۆرێک لە شۆخیکردن روونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوەو دەنوسێت: «دیوانی چاودێری دارایی، نەک قوللەی قاف نییە، بەڵکو قوللەی حەرەسیاتیش نییە»، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ وتەیەکی چاودێری دارایی کە گوایە ئەوەی بە گژ دەزگای چاودێری داراییدا بچێتەوە وەک ئەوە وایە بچێت بە گژ قوللەی قافدا.

ئەوێ رۆژێ ململانێکە لە نێوان شارەوانیی سلێمانیو دەزگای چاودێری دارایی گەورەتر دەبوو، هەموو جارێکیش دەزگای چاودێری دارایی بەڵگەیەکی دیکەی گەندەڵییەکانی شارەوانیی سلێمانی بڵاودەکردەوە، رۆژی ٢٠٠٦/٩/٥ دیوانی چاودێری دارایی لە ژمارە (٣٥)ی هەفتەنامەی ئاوێنەدا رایگەیاند، حاکم قادرو ژنەکەی زەوییەکیان لەسەر خۆیان تۆمارکردووە کە رووبەرەکەی ١٥٣٠مەتر دووجایە، پاشان هەوڵدەدرێت سەرۆکی شارەوانی بدرێتە دادگا، لەبەرامبەردا حاکم قادر لە چاوپێکەوتنێکیدا لە گەڵ هەفتەنامەی ئاوێنەی ژمارە (٤٧)دا دەڵێت: «ململانێکە لەگەڵ چاودێری داراییدا بەهەر ئاڕاستەیەکدا بڕوات، منەتمان پێی نییە».

دوای تێپەڕینی سێ ساڵ بەسەر ئەو کێشەیەدا، نە ١٠٠خاڵە لادانو ئیختیلاسەکەی شارەوانی باسکرانو نە سەرۆکەکەشی درا بە دادگا، چونکە ئەندامی سەرکردایەتیو ئەوکاتەش یەکێک بوو لەو (٥٥) پاڵێوراوەی یەکێتی بۆ بوون بە وەزیر لە کابینەی پێنجەمدا، بێگومان وەک بینرا دەرئەنجامی راپۆرتەکانی چاودێری دارایی تەنیا ئەوەبوو کە سەرۆکی شارەوانی ئەوکات نەکرا بە وەزیر.

## چاودێریی دارایی لە دیدی ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتییەوە

حاکم قادر حەمەجان کە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتییەو ساڵی ٢٠٠٠ لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا بووە سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی، لە روونکردنەوەیەکی سەرۆکایەتی شارەوانیی سلێمانیدا کە لە هەفتەنامەی ئاوێنە ژمارە (٤٦)دا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەیان بەوەکردووە: «سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی مانگی پتر لە (٥) ملیۆن دینار مووچەیەتیو لە هەموو ژیانیشیدا رۆژێک لە رۆژان نەک هەر ملوانی کراسەکەی لەسەر کوردایەتی چڵکن نەبووە، بەڵکو لەلایەن ئاسایشی سلێمانیشەوە دەستگیرکراوە».

ئەمە سەرباری ئەوەی لە روونکردنەوەکانیاندا دیوانی چاودێریی ئاماژەیان بە چەند تۆمەتێکداوە کە سەرۆکایەتی شارەوانیی سلێمانی داویەتییە پاڵیان، لەوانە «گەندەڵو موختەلیس»، «لاوازو بێتوانا»، کە بەوهۆیەوە دیوانی چاودێری دارایی سکاڵای یاسایی لەسەر حاکم قادر حەمەجان تۆمارکرد.

## چاودێری دارایی‌و میدیای حیزب

لە یەکێک لە روونکردنەوەکانیاندا سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی نووسیویانە «کاری ئێمە نهێنییەو دوورە لە میدیاگەرییو سروشتی کارەکانمان ساڕێژکردنی کەموکوڕییەکانی جەستەی حکومەتە»، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەمموز لە شەو و رۆژێکدا هەموو راپۆرتەکانی کە لەسەر پارێزگای سلێمانین لە میدیای حیزبدا بڵاودەکرێنەوەو لە بەرامبەریشدا میدیای حیزب لە بری هەوڵدان بۆ بە دادگایی گەیاندنی ئەو بەرپرسانەی بە فیعلی لە گەندەڵییەوە گلاون، ئەو مەسەلەیە بۆ داپۆشینی شکستی هەڵبژاردنەکان دەقۆزنەوە.

سەرچاوەیەک لە چاودێری دارایی بە رۆژنامەی راگەیاند، مەرج نییە ئەو راپۆرتە لای چاودێری داراییەوە دزەیان کردبێت، چونکە شوێنی دیکە هەیە کە ئەو راپۆرتەیان بە رەسمی بۆ دەچێ رەنگە لەوێوە دزە بکەن.

رۆژنامەی کوردستانی نوێ کە هەمیشە بەرمەبنای قازانجی حیزبەکەی رەوتی رووداوەکانی کوردستانی ئاڕاستە کردووە، ئەوەتا لە کێشەکەی نێوان دیوانی چاودێری دارایی‌و سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانیدا لە ساڵی ٢٠٠٦ بە لای سەرۆکایەتیی شارەوانیدا لادەداتو بابەتەکان وەک خۆی بڵاوناکاتەوە، بێگومان پشتگیریکردنەکەی کوردستانی نوێ بۆ حاکم قادر، سەرۆکی شارەوانی ئەو کاتی سلێمانی، لەبەرئەوە بووە کە ناوبراو ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بووە، بۆیە ئەگەر گۆڕان یان هەر لایەنێکی دیکە بوایە لێیان دەکرد بە هەرا، ئەمەشە لە سادەترین مانایدا «ئینتیهازییەت»ی میدیای حیزب دەردەخات، ئەوەتا دیوانی چاودێری دارایی لە روونکردنەوەیەکیدا کە لە ژمارە ٣٥ی هەفتەنامەی ئاوێنەدا بڵاوکراوەتەوە دەڵێت: «رۆژنامەی کوردستانی نوێ بۆ ئاگاداریتان نەک بۆ بڵاوکردنەوەی، چونکە بەداخەوە لە بڵاوکردنەوەی راستی کێشەکەی چاودێری دارایی‌و شارەوانیی سلێمانی دەبوایە بە ویژدانو دادپەروەرییەوە مامەڵەتان بکردبایە، نەک بە پچڕپچڕی روونکردنەوەکانی ئێمەتان بڵاوکردەوە، بە جۆرێک ئەگەر رۆژنامەکانی دیکە نەبونایە راستییەکان وەک خۆیان دەرنەدەکەوتن».

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە میدیای حیزب چۆن لەبەرژەوەندیی خۆیو حیزبەکەی رووداوەکان رووماڵ دەکات، هەر لەو چوارچێوەیەدا قایمقامی هەڵەبجە لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا راستەوخۆ لە کەناڵی گەلی کوردستان لەگەڵ چەند بەرپرسێکی یەکێتیو پارتیدا ریکلامی بۆ لیستی کوردستانی دەکرد، بەڵام ئێستا راگەیاندنی یەکێتی وەهای نیشان دەدات کە سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە، مامۆستا فەتاح مەحمود، سەرپەرشتیاری کەمپەینی لیستی گۆڕان لە هەڵەبجە لە دیمانەیەکی رۆژنامەی هاوڵاتیدا هەمان راستی دووپاتکردەوە، کەچی رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە بری هەڵماڵینی کۆی گەندەڵییەکان، شەڕی ئەوەیەتی کە قایمقامی هەڵەبجە دەنگی بە لیستی گۆڕان داوە، پرسیارەکە ئەوەیە، ئەی ئەگەر دەنگی بە لیستی کوردستانی بدایە ئێستا ئەو مەسەلەیە چ ئاڕاستەیەکی وەردەگرت؟ پەردەپۆش دەکرا یان لە لایەن سکرتاریەتی مام جەلالەوە پاساوی بۆ دەهێنرایەوە؟!.

موزایەدەکردنی سیاسیی بە دژایەتیکردنی گەندەڵییەوە لە لایەن حیزبو مەکینە ئیعلامییەکەیەوە چووەتە قۆناغێکی ترسناکەوە، هەفتەنامەی ئاوێنە لە ژمارە ١٧١ی ٢٠٠٩/٥/٥دا راپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە، لەو راپۆرتەدا رۆژنامەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە حکومەتی هەرێم بەنیاز بووە وێستگەیەکی کارەبایی ٤٨٨میگاواتی لە تەقتەق دروستبکات، بۆ ئەو مەبەستەش بە بڕیاری عومەر فەتاح، جێگری پێشووی سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئەو برە پارە زۆرەی وەک قۆناغی یەکەم بەبێ هیچ زەمانەتێک گواستووەتەوە بۆ بانکی گرنتس بۆ سەر حسابی کۆمپانیایەک لە بەریتانیا کە ناوی (ئەلین بۆرگ)ە.

بەڵام لەبری لێپێچینەوە لەو مەسەلەیە، سکرتاریەتی جەلال تاڵەبانی لە رێگەی روونکردنەوەیەکەوە تەداخولیان لەو مەسەلەیەدا کردو رایانگەیاند «سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال لەکاتێکدا ئەم راستییانە دەردەخات کە زۆر بە کارێکی نارەوای دەزانێت کاک عومەر یان وەزیری کارەبا یان مودیری کارەبا تۆمەتبار بکرێن، بەتایبەتی کە لەدۆستانی کوردەوە دڵنیاکراوینەتەوە کە پارەکە هیچی لە کیس حکومەتی هەرێم ناچێت».

بەڵام وەزیری کارەبای هەرێم بە هەفتەنامەی رووداوی راگەیاند: گرەنتی نییە ١٨ملیۆن دۆلارەکە بگەڕێتەوە.

## سێ پارێزگاو دوو چاودێری دارایی

ئەگەرچی هەرێمی کوردستان بە رەسمیی لە سێ پارێزگا پێکهاتووە، کەچی دوو دەزگای چاودێری دارایی هەیەو ئەوەی جێگەی سەرنجی چاودێرانە، تائێستا هیچ یەکێک لەو دوو دەزگایە نەیتوانیوە بەرپرسێکی باڵای گەندەڵی حکومەتی هەرێم بداتە دادگاو هەمیشە بە کارمەندە بچووکو ئاستنزمەکانی وێراوەو دزییە گەورەکانی پەردەپۆشکردووە.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم لە وتارێکیدا لە پەرلەمانی کوردستان کە رۆژی ٢٠٠٩/٥/٥ خوێندیەوە، وتی: «دیوانی چاودێری دارایی وەک پێویست نییەو دەبێت کارا بکرێت».

بەڵام سەرچاوەیەک لە دیوانی چاودێری دارایی هەولێر بە رۆژنامەی راگەیاندبوو، کە عەدنان موفتیو سەرۆکی خولی دووەمی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان رۆژی ٢٠٠٨/٧/١ پێیانڕاگەیاندین، کە کار بە یاسا نوێیەکەی چاودێریی دارایی نەکەین، لەسەر داوای سەرکردایەتیی یەکێتیو پارتی، ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی وتبوو: «لەسەر فەرمانی سەرکردایەتی یەکێتیو پارتی، تائێستا بۆ زۆربەی وەزارەتەکان نەچووین، ئیتر چۆن دەتوانین کارابینو لێپێچینەوە لەگەڵ وەزیرو بەرپرسەکاندا بکەین».

لە ٢٠٠٨/٤/٢١ پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٢ی چاودێری دارایی دەرکرد کە لە ٢٠٠٨/٥/٢٦ لە رۆژنامەی وەقائیعی هەرێمدا بڵاوکرایەوەو دەبوو لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا هەردوو دیوانی چاودێری دارایی یەکیانبگرتایەتەوەو بە یاسا نوێکە کاریان بکردایە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەردوو دیوانەکە هەر یەکیان نەگرتووەتەوەو یاسا نوێکەش فەرامۆشکراوە، ئەوەش زیاتر ئەگەری حیزبیبوونی ئەو دوو دەزگایەی تۆخکردەوە، کە دوو دەزگان لە خزمەتی حیزبدانو راپۆرتەکانیشیان لە بنەبڕکردنی گەندەڵیدا هیچ رۆڵێکی نەبینیوە، ئەو راپۆرتانە نەبێت کە حیزب بۆ مەرامی سیاسیی بەکاریهێناون یان لە ئایندەدا بەکاریاندەهێنێت.

---

# دێن بۆن بەدەمتەوە دەکەن، نەبا رۆژێک وتبێتت گۆڕان*



هیوا جەمال

**پارتیو یەکێتی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەموو رێگا دوورەکان نزیک دەکەنەوەو هەموو رێگە سەختەکان دەبڕن، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی خەڵک هەموو دەرگاکان دادەخەن**

هیچ گومانم لەوە نییە، ئەگەر یەکێتیو پارتی بیانتوانیایە نەک نانی ئەو (٤٥٠) هەزار دەنگدەرەی دەنگیان بەگۆڕان داوە، بەڵکو نانی هەموو ئەوانەیان دەبڕی کە دەنگیان بۆ ئەوان نەداوە، جگە لەوەش ئەوەی پێیان بکرایە لە سوکایەتیو هەڕەشەلێکردنو هەموو جۆرەکانی تیرۆر دەیانکرد، بەرامبەر بەو کەسانە.

ئەوە تەنیا لە حوکمی تۆتالیتارییدا روودەدات، وەک ژنە فەیلەسووفی بە رەگەز ئەڵمانی هانا ئارێنت دەڵێت، تۆتالیتاریزم جگە لەوەی هەوڵدەدات جەستەو جموجۆڵەکانی دەرەوەمان کۆنترۆڵبکات، بەهەمانشێوە هەوڵدەدات بێتە ناخمانەوەو لەناخەوە کۆنترۆڵمان بکات.

ئەو سیستمەی یەکێتیو پارتی لەسەری حوکمڕانی دەکەن، لە تۆتالیتاریزم ئەوڵاترە، چونکە ئەوان تەنیا جوڵەکانمان کۆنترۆڵ ناکەن، بەڵکو هەواشمان لێ قەدەغە دەکەنو رزقێک کە هی ئەوان نییە دەیانەوێت لێمانی بگرنەوە.

ئەم رژێمەی یەکێتیو پارتی دروستیانکردووە «تەنیا لەگەڵ دوژمنەکانیاندا دڵڕەق نییە، بەڵکو لەگەڵ گەلەکەی خۆشیدا دڵڕەقە»و هەمیشە بە رۆحیەتی هەستکردن بە گوناهەوە مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتییاندا دەکات.

رژێمی تۆتالیتار لە نێوان دەزگاکانی سوپاو پۆلیسدا هەمیشە جێگۆڕکێ بە کارەکانیان دەکات، بەئەندازەیەک ئەندامانی رەعیەت نازانن داخۆ ببنە ئەندامی سوپایەکی گوێڕایەڵی دیسپلینکار یان ببنە ئەندامی دەزگایەکی نهێنی کە لەهەمانکاتدا چاودێری بکەنو چاودێری بکرێن، واتە لایان روون نییە لەژێر فەرمانی سەربازیی فەرماندەیەکی بەرجەستەدان یان دەسەڵاتێکی نەبینراو کە دەشێت چاو و گوێی نهێنی لەهەموو شوێنێک هەبێتو بچێتە رۆحی هاوڕێو کەسە نزیکو هاونهێنییەکانیشەوە.**

یەکێتیو پارتی لەماوەی دەسەڵاتی رژێمەکەیاندا بە چەندین شێوە مرۆڤی کوردیان کردووەتە ژێردەستەو تیرۆریان کردووە، جا هەر لەتیرۆری جەستییەوە بیگرە کە بە قێزەونترین شێوە کردوویانە، تا تیرۆری رۆح، تیرۆری قەڵەم، تیرۆری بیرکردنەوە، تیرۆری نان، تیرۆری رزق، تیرۆری فیکر، تیرۆری خەیاڵ، تیرۆری وەزیفە، تیرۆری هاوڵاتیبوون، تیرۆری هاونیشتمانیبوونو تیرۆری مرۆڤبوون. (هەوڵدەدەین لە وتارێکی دیکەدا شیکاریی بۆ «رژێمی تیرۆریستیی» بکەین کە لە حوکمڕانیی یەکێتیو پارتیدا بەرجەستەیە).

ئەوە خەسڵەتی تیرۆریستە بێئەوەی خۆی ئاشکرا بکات، لەکاتو شوێنی جیاوازو بەشێوازی جیاواز کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەنجامدەدات، لە دەسەڵاتی رژێمی هەرێمیشدا بێئەوەی فەرمانبەرەکە پێی بزانێت فەرمانێکی بۆ دێت لەپۆستەکەی دەرکراوە، یان گوازراوەتەوە، یاخود مووچەخۆرێک لەسەری مانگەکانی ساڵدا کاتێک دەچێت مووچەکەی وەربگرێت، مووچەکەی بڕاوە.

پارتیو یەکێتی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەموو رێگا دوورەکان نزیک دەکەنەوەو هەموو رێگە سەختەکان دەبڕن، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی خەڵک هەموو دەرگاکان دادەخەن.

تاڵەبانی، بۆ کۆکردنەوەی دەنگێک ئامادەبوو هەموو جۆرە کەسێک ببینێتو هاوکاری بکاتو بەدەمییەوە بچێت، بەڵام بۆ نانبڕاوکردنی خەڵک هەر ئاگای لێی نییە.

بارزانی بۆ کڕینی قاتێکی ئیتاڵی لەپڕدا وندەبێتو لە بازاڕەکانی ئیتاڵیا وێنەکەیمان بۆ دێتەوە، بەڵام بۆ بەدواداچوونی نانبڕاوان بڕیاری دروستکردنی لیژنەیەک دەدات، کەچی لەماوەی دووهەفتەدا نەک بەدواداچوون، هەر دروستیش نابێت.

* ئەو دێڕەی سەرەوە لە شعرێکی ئەحمەدی شاملۆوە وەرگیراوە کە لە هاوینی ساڵی ١٩٨٠دا نووسیویەتیو تەعبیر لە نەبوونی ئازادیی دەکات کە ئەمە دێڕە تەواوەکەیە، «دێن بۆن بەدەمتەوە دەکەن، نەبا رۆژێک وتبێتت خۆشم دەوێی».

** د. شاهۆ سەعید لە پێشەکی کتێبی «بنەماکانی تۆتالیتاریزم» باسیدەکات.

ژمـــارە (547) سێشەممە 2009/9/15
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

# زوڵمکردن لە سلێمانی



سیروان ڕەشید

ئەستەمە هەر کەسێک خەڵکی سلێمانی بێتو سەردانی هەولێر بکات، ئەو پرسیارەی لە خۆی نەکردبێت، بۆچی هەولێر لە رووی ئاوەدانکردنەوەو گرنگی پێدانەوە چەندقات پێش سلێمانی کەوتووەو سلێمانی سیمای ئاوەدانکردنەوەو گەشەکردنی پێوە دیار نییە؟ ئایا سلێمانی لە چەند ساڵی رابردوودا حکومەتی تێدا نەبووە؟ یان بودجەی تایبەت بەخۆی نەبووە؟ یان مەسەلەکە پەیوەندیی بەنەبوونی دەسەڵاتدارانێکی دڵسۆز بەو پارێزگایەو گەندەڵی ئیداریی‌و داراییەوە هەبووە؟

چەند ساڵێکە هەولێر جموجۆڵێکی ئاوەدانکردنەوەی باشی تێدایەو ئاسمانەکەی پڕبووە لە باڵەخانەی بەرزو شەقامەکانی رازاوەو پانوپۆڕن. رۆژی هەینی رابردوو کە بەکارێکی تایبەت رووم لە شاری هەولێر کرد، بەتەواوەتی بەرهەمی ئەو هەوڵە ڕێژەییە باشەم بەچاوی خۆم بینی کە ئیدارەی هەولێر چەند ساڵێکە رۆڵێکی باشی گێڕاوە لە ئاوەدانکردنەوەی شارەکەدا.

دور لە کاریگەری ناوچەگەرێتی، سلێمانی بە درێژایی مێژووی شۆڕش قەڵای بەرگریکردن بووە دژ بەداگیرکەران‌و کوانووی جۆشدانی خەباتی فیکری‌و سیاسیی‌و چەکداریی بووە کە پێدەچێت هەروەک چۆن لە بەخشین‌و قوربانیدانیدا بەشی شێری بەرکەوتووەو لەکۆی ٥٤هەزارو ٧٢٠هەزار شەهیدی کوردستان، سنووری پارێزگای سلێمانی نزیکەی ٢٥ هەزار شەهید داوە، بەڵام ئێستا لە بواری پەراوێزخستن‌و فەرامۆشکردنیشدا دیسانەوە بەشی شێری بەرکەوتووەو خەڵکەکەی رووبەڕووی کۆمەڵێک گرفتی چارەنووسساز بوونەتەوەو دەناڵێنن بەدەست نەبوونی خزمەتگوزاریی‌و ئاوەدانکردنەوەوە.

لە دوای رووخاندنی بەعسەوەو بە دیاریکراویی لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە تا ئەمڕۆ کە پێنج ساڵ دەکات، حکومەتی عێراق ساڵانە ١٧٪ی بودجەی گشتیی ناردووە بۆ هەرێم، کە کۆی گشتی ئەو پارەیە زیاتر لە ٣١ملیارو ٤٩ملیۆن دۆلار دەکات بە پارەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانەوە، جگە لە داهاتە ناوخۆییەکان، یەکێتیش ساڵانە ٤٦٪ی کۆی ئەو پارەیەی بۆ سنووری پارێزگای سلێمانی وەرگرتووە، کە دەکاتە نزیکەی ١٤ملیار دۆلار بە (٥٦٩)ملیار دیناری بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکانیشەوە کە لەماوەی چوارساڵی رابردوودا بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نێردراوە.

دوو ئیدارەیی کەشو هەوایەکی وای بۆ گەندەڵی خولقاند، کە کەس نازانێت لەماوەی دوو کابینەی رابردوودا کە بە فیعلی سلێمانی یەکێتی حوکمڕانی بووەو وەزارەتی دارایی تایبەت بەخۆی هەبوو، چۆن‌و لەچیدا ئەو بودجە زەبەلاحە خەرجکراوەو بۆکوێ براوە؟ هاوڵاتییان حەقی خۆیانە لە حیزبی دەسەڵاتدار بپرسن، بۆچی یەکێتی سلێمانی فەرامۆشکردووە؟ بۆچی جێدەستی ئاوەدانکردنەوە بە سلێمانییەوە دیار نییە؟ خەڵکی سلێمانی ئەوە دەزانن کە زۆربەی ئەو پرۆژە مامناوەندییانەی کە لەماوەی رابردووشدا ئەنجامدراون بەپارەی بودجەی (تەنمییەی ئەقالیم، گەشەپێدانی هەرێمەکان) کە لەبەغداوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هاتووە، ئەنجامدراون، ئەگەرنا کێ لە ئێمە بینیویەتی، لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا پێنج پرۆژەی ستراتیژیی گرنگ بۆ ئەم پارێزگایە لە بودجەی کوردستان ئەنجامدرابێت؟

دەسەڵات بودجەی ئەم پارێزگایەی بەشێوەیەک بەکارهێناوە، وەک ئەوەی پارەی تاقمێکی دەستڕۆیشتووی یەکێتی بێت. حیزب مانگانە زیاتر لە ٣٠ ملیۆن دۆلاری بودجەی سلێمانی بەنهێنی بردووە، کە دەکاتە نزیکەی یەک لەسەر شەشی بودجەی ساڵێکی پارێزگاکە، ئیتر چۆن هەست بەئاوەدانکردنەوە بکرێت.

ئێستا سلێمانی بە فیعلی لاواز بووەو پاشەکشەی کردووە. ئەم شارە وەکچۆن موڵکی هەمووخەڵکی کوردستانە، ئاوەهاش داکۆکیکردن لەسلێمانی ئەرکی هەموو لایەکە.

# دیوی ناوەوەی دانیشتنەکانی هەفتەی رابردووی پەرلەمان

عەدنان عوسمان
شیکاریی رۆژنامەوانی

## پەیڕەوی ناوخۆ

لە پەیڕەوی ناوخۆدا ئەرکو مافو شێوازەکانی کارکردن دیاریدەکرێت‌و ناکرێت هیچ دەزگایەک بەبێ جۆرێک لە سیستمی ناوخۆیی کاربکات. پابەندبوون بە پەیڕەوی ناوخۆ، پەرلەمان لە ئیشکالیاتی یاسایی‌و رای جیاواز دەپارێزێت‌و کارئاسانیی بۆ بەڕێوەبردنێکی نەرمیی کۆبوونەوەکان دەکات.

خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان لە یەکەم هەنگاوی خۆیدا بە روونی لە بەندەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لایداو نەیتوانی بە گوێرەی بەندی (١٣)و (١٤)ی پەیڕەوی ناوخۆ کاربکات، بە گوێرەی بۆچوونی هەندێک یاساناس، سەرباری نەبوونی رکابەر بۆ پۆستەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام دەبوایە هەڵبژاردن بکرایە بۆ زانینی رێژەی دەنگەکان، بەتایبەتیش کە ئەو پرۆسەیە لە هۆڵێکی کراوەدا بەڕێوەچوو بە ئامادەبوونی ژمارەیەک میوان، کە ئەمەش بە سەرپێچییەکی دیکە دادەنرێت‌و قسەوباسێکی زۆری لەسەر دروستبوو، بە بڕوای ئەو یاساناسانە دەبوایە هەڵبژاردن بەبێ ئامادەبوونی میوانەکان‌و لە هۆڵی پەرلەمان سازبدرایە، لێرەوە پێویستە قسەیەکی ورد لەسەر خودی پەیڕەوەکە بکرێت، کە لە دانیشتنی یەکەمی پەرلەماندا دوای هەڵبژاردنەکان بوو بە خاڵی مشتومڕی ئەندامان.

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لەوانەیە تاکە پەیڕەوبێت لە جیهاندا کە پێناسەی ئەرکەکانی پەرلەمانی تێدا نەبێت، نازانرێت ئەم پەرلەمانە چ دەسەڵات‌و توانایەکی هەیە، بەتایبەت بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکەردا، بەندەکانی ئەم پەیڕەوە زۆر کاڵوکرچ نووسراون‌و رەنگدانەوەی جێگەو ڕێگەی ئێستای پەرلەمان نین، لە خولی رابردوودا پرۆژەیەک بۆ هەموارکردنی ئەو پەیڕەوە ئامادەکرابوو، بەڵام نەخرایە دەستووری کارەوەو دواخرا، بۆیە پێویستبوو پەرلەمانی نوێ یەکەم ئەرکی گۆڕین‌و چاککردنی ئەو پەیڕەوە بێت، کە ئەوە یەکێکە لە ئەرکەکانی پەرلەمان.

لە کۆبوونەوەی رۆژی سێشەممە (٩/٨)دا فراکسیۆنی گۆڕان‌و چاکسازیی داوای هەموارکردنی سەرجەم پەیڕەوەکەیان کرد، کە ئەوەش داوایەکی ئسوڵی‌و گرنگە، بەڵام فراکسیۆنی کوردستانی دژ بەو داواکارییەوەستانەوە.سەرۆکایەتی پەرلەمانیش پێشتر پێشنیازی هەموارکردنی چەند مادەیەکی ئامادە کردبوو، بەمەبەستی زیادکردنی چەند لیژنەیەک بۆ سەر لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان، کە ئەمە خرایە دەستووری کارەوە.

پەرلەمانی کوردستان لە سەرەتای ئەم خولەیدا پێویستبوو لەسەر دوو خاڵی گرنگ قسە بکات: مەسەلەی پێکهێنانی کابینەی نوێ، هەموارکردنی سەرجەم پەیڕەوی ناوخۆ، بۆ ئەوەی لەگەڵ جێگەو ڕێگەو گرنگی پەرلەمان‌و بوونی فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن بگونجێت، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەم دوو بڕگە گرنگەی فەرامۆشکردو پەرلەمانی سەرقاڵکرد بە گۆڕانێکی لاوەکییەوە لە پێکهاتەی لیژنەکان، کە دەکرا ماوەیەکی دیکە ئەنجام بدرێت. لادانی دووەم لە پەیڕەوی ناوخۆ لە مەسەلەی دانانی لیژنەی کاتیی پێداچوونەوە بە دروستیی ئەندامانە، کە بە گوێرەی مادەی (٢٤)ی ئەو پەیڕەوە دەبوایە پەرلەمان لە دووەم دانیشتنی خۆیدا ئەو لیژنەیەی پێکبهێنایە بۆ لیکۆڵینەوە لەو تانانەی لەسەر ئەندامانی پەرلەمان دەدرێت.

## باڵەخانەی پەرلەمان

باڵەخانەی پەرلەمان رەنگدانەوەی ئەو بۆچوونانەیە کە ساڵانێکە لەسەر رۆڵ‌و کاریگەریی پەرلەمان هەیەو زۆر چاودێر بە دیکۆرێکی دیموکراتی سەیری دەکەن نەک وەکو دەزگایەکی راستەقینەی تەشریعی لە هەرێمدا، بە نیگایەک‌و سەیرکردنێکی خێرا هەست بەوەدەکرێت کۆشکی پەرلەمان بۆ میوان‌و چاودێرانی دەرەوەی خۆی کراوە نەک بۆ ئەندامانی! دیکۆری دەرەوە شوێن‌و راڕەو و هۆڵەکان‌و بەردەرکەی پەرلەمان نیشانەی هەیبەتی پەرلەمانە، تەنیا هۆڵی کۆبوونەوەکان نەبێت! ئەو هۆڵەی کە بڕیارە چارەنووسسازەکانی لێوە دەردەچێت‌و هەمو میللەت چاوەڕێی فەرمایشتەکانی ئەوە. ئەندامێکی کۆنتری پەرلەمان ئاماژەی بەوەدا، کە پێکهاتەی پەرلەمان رێک ئەو تێگەشتنەی دەسەڵاتی کوردی نیشاندەدات بۆ ئەم دەسەڵاتە گرنگە: «لە دەرەوە ئاوەدان‌و لە ناوەوە کەلاوە». بە رای ئەو ئەندامە، هۆڵی ئێستای پەرلەمان تەنانەت لە ئاستی هۆڵێکی وانەخوێندنی زانکۆکانیشدا نییە، مەبەستی ئەو ئەندامە کە من هاوڕام لەگەڵیدا ئەوەیە، کە دەسەڵاتی کوردی حەز دەکات پەرلەمانێکی شکڵیی هەبێت‌و باشترین باڵەخانەو ئیمتیازی هەبێت، بەڵام ئەو دەسەڵاتە تەشریعییە راستەقینەیە نەبێت کە لە وڵاتە دیموکراتەکاندا هەیە. بە کورتی هۆڵی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان لە ئاست ئەو قەرەباڵغی‌و ئەو دانیشتنە گەرماوگەرمانەدا نییە کە هەمووومان چاوەڕێین.



## پێشمەرگەو پەیوەندییەکان

لەوانەیە ئەم دوو بابەتە دەروازەیەکی باش بێت بۆ خوێندنەوەی ستراکچەری بیرکردنەوەو شێوازی کارکردن‌و شێوەی تێڕوانینی لیستی کوردستانی‌و لیستی گۆڕان بۆ مەسەلە هەستیارەکانی کۆمەڵگە. شێوەی قسەکردن‌و خستنەڕوو و پاشان دەنگدان لەسەر ئەم دوو بابەتە ئاماژەکانی پشت هەڵوێستی هەردوولامان بۆ روونەدەکەنەوەو دەکرێت بەجۆرێک لە تێگەیشتنێکی سەرەتایی بزانرێت بۆ کێشمەکێشەکانی ئایندە.

## پێشمەرگە

لە ژمارەکانی کوردستانی نوێداو بەتایبەت لە ژمارەی (٤٩٧٣) رۆژی (٩/١٠) لە لاپەڕە (٣)دا وەک بەشێک لە پیشەی نوێی ئەم رۆژنامەیە، لەسەر زاری پەرلەمانتارێک چەند بوختانێکی ناڕاست دژ بە لیستی گۆڕان کراوە، دیارە ئەمجۆرە لە میدیا ئیتر باکی سەر راستیی‌و میسداقیەتی نییەو گوێ بەوە نادات هەزاران کەس‌و دەیان رۆژنامەنووس سەیری کۆبوونەوەکان دەکەن‌و کۆنووسی کۆبوونەوەکانیش دواتر بڵاودەکرێتەوە. بۆ نموونە لەسەر زاری ئەو پەرلەمانتارە باس لەوە دەکات، فراکسیۆنی گۆڕان ویستوویەتی لیژنەی ئەوقاف‌و کاروباری ئایینی بگۆڕدرێت‌و بنووسرێت کاروباری ئایینی! کە ئەمەش سەرتاپا ناڕاستە، چونکە ئەوەی ئەم پێشنیازەی کرد دوو ئەندامی لیستی کوردستانی بوون (بەڕێزان د.بەشیر حەدادو د.رەفیق سابیر) ئەندامێکی گۆڕانیش پشتگیریی کردن، بەڵام زۆرینەی پەرلەمان بە فراکسیۆنی گۆڕانیشەوە لەگەڵ مانەوەی ناوەکە بوون وەک خۆی. ئەمە دەریدەخات کە ئەمجۆرە لە میدیا تا چ ئاستێک ئامادەیە لەسەر ساختەکاریی‌و درۆکردن‌و بوختان دروستکردن بڕوات.

لە مەسەلەی پێشمەرگەشدا بە هەمانشێوە هەوڵدەدرێت هەڵوێستی لیستی گۆڕان بشێوێنرێت.

فراکسیۆنی گۆڕان لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بڕگەیە ئاماژەیان بەوەدا، کە ئەم لیژنەیە زۆرگرنگە، چونکە چوارچێوەیەکی فراوانی هەیەو پەیوەستە بە سەرجەم هێزی چەکدارەوە لە کوردستان، ناکرێت لە کوردستاندا چەند هێزێکی چەکدار لەژێر ناوی جیاوازدا هەبێت، بەڵکو پێویستە سەرجەم ئەو هێزانە لە ژێر یەک مەرجەعییەتدا کۆبکرێنەوە لەژێر چاودێریی‌و کۆنترۆڵی پەرلەماندا. ئەندامێکی لیستی گۆڕان بەرامبەر ئەو قسە سۆزدارییانەی لەسەر شەهیدان‌و کەسوکاری پێشمەرگە کرا، وتی: ئەم لیژنەیە پەیوەستە بە رێکخستنی هێزی بەرگریی کوردستان‌ولەهەموو پەرلەمانێکی جیهاندا لیژنەی تایبەت هەیە بە کاروباری عەسکەریی یان بەرگریی نیشتمانیی، مەسەلەکانی پەیوەست بە لایەنی ئینسانیی پێشمەرگەو شەهیدان دەکرێت یان لیژنەی دیکەی بۆ دروستبکرێت یان بخرێتە سەر لیژنەکانی دیکەو ئەم لیژنەیە دەبێت تایبەتمەند بێت بە کاروباری عەسکەریی‌و هێزی چەکدارەوە (وەک پەرلەمانەکانی دیکە)، جا ئیتر وشەی پێشمەرگە دەمێنێتەوە یان دەخرێتە کەوانەوە، ئەوە مەسەلەیەکی شکڵییەو گرنگ ناوەرۆکەکەیە.

فراکسیۆنی گۆڕان دەیەوێت سەرجەم هێزی چەکدار لە کوردستاندا لە ژێر یەک مەرجەعییەت کۆبکاتەوە، میلیشیاو هێزی دەرەوەی یاسا نەهێڵێت، جموجۆڵ‌و کۆنترۆڵی هێزی چەکدار لەژێر سایەی پەرلەماندا بێت، لەپێناو رێزگرتنیش لە ناوی پێشمەرگەو سەروەرییەکانی پێشمەرگە، فراکسیۆنی گۆڕان لەکاتی دەنگداندا داوایکرد کە ناوەکە وەک خۆی بمێنێت‌و لە کەوانەیەکدا باس لە هێزە سەربازییەکانی دیکە بکرێت، ئەمەش خرایە دەنگدانەوە (رێک بە پێچەوانەی ئەوەی میدیای یەکێتی بڵاویدەکاتەوە!). لێرەدا فراکسیۆنی گۆڕان دەیویست ئەرکی راستەقینەی ئەو لیژنەیە دیاریبکرێت‌و دووربخرێتەوە لە ئەرکی لابەلا، بە پێچەوانەوە فراکسیۆنی کوردستانی لە پەنای هەندێک دەستەواژەی عاتفیدا، ئەرکە سەرەکییەکانی لیژنەکەیان لە ناوەرۆکی راستەقینەی خۆی خاڵی کردەوەو نزیکیانکردەوە لە لیژنەیەکی ئینسانیی بۆ هەندێک پێداویستیی مرۆڤانە، مەبەست لەم هەوڵەش دوورخستنەوەی هێزە چەکدارەکانە لە چاودێریی‌و مەرجەعییەتی پەرلەمان‌و هێشتنەوەیەتی لەم دۆخە نالەبارو پەرتەوازییەی ئێستای کە ناتوانین ناوی بنێین هێزی پاراستنی هەرێم. هێزە چەکدارەکانی کوردستان تا ئەم ساتەوەختە هێزی حیزبین‌و بڕیارەکانی حیزب جێبەجێ دەکەن‌و دوورن لە هەر رەقابەیەکی پەرلەمان، ئەم حاڵەتەش دەبێت بە زووترین کات کۆتایی پێبهێنرێت‌و هێزێکی چەکداری نیشتمانیی دروستبکرێت دوور لە دەستێوەردان‌و نفوزی حیزبیی.

لیستی کوردستانی بێ هیچ گوێدانە ئەو ئەرکو ئەجێندایەی کە پێویستە لیژنەی پێشمەرگە پێی هەستێت، بەسوودوەرگرتن لە رێژەی دەنگەکانی، ئەو لیژنەیەی تێکەڵ بە کۆمەڵێک ئەرکی دیکە کرد، ئەم هەوڵە لەژێر چەتری کۆمەڵێک دروشمی نیشتمانی‌و سۆزبەخش بەڕێوەچوو، کە هەق وانییە هۆڵی پەرلەمان بکرێتە شوێنێک بۆ ئەو جۆرە موزایەدە نەزۆکانە. پەرلەمان دەسەڵاتی یاسادانانەو پێویستە بە وردیی خاڵ بخاتە سەر پیتەکان، نەوەک لەژێر هاتوهاوارێکی سۆزدارداو بە بیانووی دیکەوە ناوەرۆکی لیژنەکان لە ئەرکە سەرەکییەکانیان خاڵیبکرێتەوە. دیارە پێداویستییە ئینسانییەکانی پێشمەرگەو کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان زۆر پێویستن‌و جێگەی مشتومڕ نین، بەڵام ئەوەش شوێن‌و لیژنەی دیکە هەیە کە خەمخۆری بێت‌و بە گوێرەی پێویست کار لەسەر داخوازییەکانیان بکات.

## پەیوەندییەکان

لە ئێستای کوردستاندا تەنیا جێگەیەک کە ئاگای لە جۆرو ناوەرۆکو شکڵی پەیوەندییەکانی کوردو هەرێمی نەبێت لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، پەرلەمانی کوردستانە، پەرلەمان ئاگای لە نوێنەرەکانی هەرێم لە وڵاتانی جیهاندا نییە، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ناکات، فەرمانبەرە دیبلۆماسییەکان لە سەفارەتەکانی عێراق لەلایەن پەرلەمانەوە دادەنرێت‌و ئاگای لێ نییە، تائێستا لەسەر پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی کورد لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا ئەم پەرلەمانە هیچ لێکۆڵینەوەو لێپێچینەوەیەکی نەکردووە، کەس بانگ نەکراوە.

فراکسیۆنی گۆڕان لەبەرئەوەی بە پێویستی دەزانێت ئەم پەرلەمانە ئاگاداری سەرجەم ئەو بوارانە بێت کە پەیوەستن بە ژیان‌و چارەنووسی هەرێمەوە، لەبەر گرنگی‌و چارەنووسسازیی ئەم پرسە، داوای ئەوەی کرد کە لیژنەیەکی تایبەت هەبێت بۆ پەیوەندییەکان‌و جیابکرێتەوە لەو بەشانەی دیکە کە پێوەی نوسێنراوە (رۆشنبیریی، راگەیاندن)، ئێمە داوامانکرد لیژنەی پەیوەندییەکان سەرپەرشتی‌و چاودێریی سەرجەم پەیوەندییەکانی هەرێم بکات‌و هەڵی بسەنگێنێت. کارمەندانی کەرتی دیبلۆماسی لە پەرلەمانەوە رەزامەندییان لەسەر بدرێت، پەرلەمان ئاگاداری پەیماننامەو رێکەوتنەکان‌و دانیشتن‌و کۆبوونەوەکانی هەرێم بێت لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، نوێنەرەکانی هەرێم لە دەرەوە دەبێت لە پەرلەمان متمانە وەربگرن‌و پەرلەمانیش چاودێریی‌و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات. لەبەرامبەر ئەم لۆجیکەدا کە دەیەوێت پەرلەمان لە مەسەلە گرنگو هەستیارەکاندا چالاکو بەئاگا بکات، لیستی کوردستانی‌و بە زۆرینەی دەنگ ئەو پێشنیازەشیان مراند.

لە کۆتاییدا دەبێت بپرسین بۆ چ مەبەست‌و لەپێناو چیدا ئەو دوو پێشنیازە کپکرانەوە؟ کێ لەوە قازانج دەکات؟ ئایا ئەوە سەرکەوتنەو پێویستە بزەی خۆشیی بۆ پەخشبکرێت، یان کوێلەکردنی ئیرادەو دەسەڵاتی پەرلەمانە؟، بەڵام پرسیاری گرنگتر ئەوەیە: ئایا لەم دوو نموونەیە سەرەداوی نییەت‌و روئیای‌و تێگەشتنی لایەنەکان‌و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بۆ مەسەلە چارەنووسسازەکان دەرنەکەوتوون؟ ئایا ئەوە دەرنەکەوتووە کێن دەیانەوێت تەکانێک بە پەرلەمان بدەن‌و کێن ئەوانەی دەیانەوێت پەرلەمان هەمان جەستە مردوو و بینا جوانە بێکەسەکە بێت؟

# ...یی دەسەڵاتە

دەدات بە مونەزەمەی شەفافیەتی عالەمی بێت تەماشای ئەمانە بکات، خۆی چەندین کۆمپانیای لێکۆڵینەوەی مالییان لە ئەمریکاو لە شوێنەکانی دیکەوە بانگ کردووە، چ عەیبێکی تیایە ئەگەر دەستەی نەزاهەی ئێمە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ژێر دەسەڵاتی فیدرالیدابێت، من نموونەیەکی بچووکت بۆ باسکەم لەم هەڵبژاردنەی دواییدا تۆ وەک دەنگدەرێکی کورد یا هەر دەنگدەرێکی کورد من لە ویژدانی دەنگدەرێکی کورد دەپرسم، ئەو پێیوابوو مووچەخۆرێکی حیزبی کە پشتیوانی لە حیزبێک دەکات لەسەر سندوقەکە دابنیشێت بۆ موراقبە یاخود عێراقییەکی بێ لایەن بێنی لە شارەکانی دیکەی عێراقەوە سەرپەرشتی سندوقەکە بکات بەبێ لایەنی بەبێ ئەوەی کە پشتیوانی لە هیچ حیزبێک بکات، کامیان باشترە؟ بێگومان دەڵێیت بێ لایەنەکە باشترە لەبەر ئەوە لە حاڵەتێکی واشدا پەنا بردن بۆ هەیئەتێکی نەزاهەی بێ لایەن باشترە لەوەی کە هەیئەتێکی نەزاهەی لایەندارت هەبێت لە کوردستاندا.

*** زۆرجار نەیارەکانت بۆ ئەمە تۆمەتبارت دەکەن، کە ئێوە پەنا دەبەن بۆ عێراقی عەرەبیو زۆرجاریش بە تایبەت باس لە کۆنە بەعسییەکان یا شۆڤینیەتی عەرەبی دەکرێت لە بەرامبەردا؟**

_ پێموایە ئەوە بەشێکی بوختانە، قسەیەکی راست نییە کە ئێمە پەنامان بۆ شۆڤینیەتی عەرەبی بردووە، وابزانم کەسیش ناتوانێت موزایەدە بەسەر ئێمەدا بکات، هەرچی ئێمە بناسێت دەزانێت ئێمە دەیان ساڵ لە ململانێدا بووین لەگەڵ شۆڤینیزمی عەرەبی لەپێناوی مافە نەتەوەیەتییەکانی گەلی کوردا، من نەبووم ئەو کەسەی کە دەستم تێکەڵاوکردووە لەگەڵ بەعسدا، ئێمە شەڕی بەعسمان کردووە شەڕی شۆڤینیزممان کردووەو لە هەموو قۆناغەکانی کە ئێمە بەشداریمان کردووە لە ژیانی سیاسیی کوردستانو عێراقدا ئەوەندەی توانیومانە هەوڵمانداوە کە مافەکانی گەلی کورد جێبەجێ بکرێت، من پێشموایە کە دەوڵەتی عێراق دوژمنی ئێمە نییە نابێت بە چاوی دوژمنەوە سەیری دەوڵەتی عێراق بکەین دەوڵەتی عێراق سەرۆکی کۆماری کوردە، جێگری سەرۆک وەزیرانی کوردە، وەزیری دەرەوەی کوردە، وەزیری سەرچاوەکانی ئاو کوردە، وەزیری پیشەسازی کوردە، وەزیری ژینگە کوردە، سەرۆکی ئەرکانی جەیش کوردە جیاواز لە پەرلەمان، کە (٥٨) نوێنەری کورد لە پەرلەمانی عێراقی هەیە من بە چاوی دوژمن تەماشای پایتەختی عێراق ناکەم تەماشای دەوڵەتی عێراق ناکەم، بەڵکو وەکو بەشدار وەکو هاوبەش چاو لە دەوڵەتی عێراق دەکەم بۆ ئەوەش هیچی تیانییە ئێمە لە هەندێ حاڵەتدا پەنا بەرینەبەر مەرکەز بەتایبەت ئەو مەرکەزەی کە ئێمە خۆمان شەریکین تیایدا.

*** ئەمە دژاو دژییەکی تیایە لەگەڵ دەستووردا یا پێچەوانەی دەستووری عێراقی دەبێتەوە، کە لەم حاڵەتانەدا هەرێم پەنابەرێتە بەر دەستە قانونییەکانی مەرکەز؟**

_ بە گوێرەی جۆرەی تێگەیشتنی من نەک پێچەوانە نییە، بەڵکو دەقاودەق لەگەڵ دەستووردا دەگونجێت.

*** با بگەڕێینەوە سەر دۆخە ناوخۆییەکەی گەندڵیی، پێتوایە کە ئەو کادیرانە یاخود ئەو کۆمەڵگەیەی کە نیزامێکی گەندەڵ یاخود گەندەڵکەر کاری تێدا کردبێت یەعنی کادیرە کۆنەکان دەتوانن سەر لەنوێ لە سیستمێکی رێکوپێکدا رێکبخەینەوە بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا ئاراستە بکرێن؟**

> **بە شانازییەکی گەورەوە دەڵێم بەشێکی هەرە زۆری هاوڕێ ناسراوەکانی ئێمە ئەوانەی کە لەم جوڵانەوەیەدا هاوکاری من بوونو تەنانەت ئەوانەی کە دەرچوون بۆ پەرلەمانی کوردستان لەوانە نین، کە بە هیچ جۆرێک لە گەندەڵیی تێوەگلابن**

_ لەپێشەوە حەز دەکەم ئەوە بڵێم؛ بە شانازییەکی گەورەوە دەڵێم بەشێکی هەرە زۆری هاورێ ناسراوەکانی ئێمە ئەوانەی کە لەم جوڵانەوەیەدا هاوکاری من بوونو تەنانەت ئەوانەی کە دەرچوون بۆ پەرلەمانی کوردستان لەوانە نین، کە بە هیچ جۆرێک لە گەندەڵیی تێوەگلابن، من شانازی دەکەم لە لایەکەوە بەوان لە لایەکی دیکەیش ئەوەیە، کە ئەو کادیرانەی کە لە حیزبەکاندا بوون یەکێتیی سۆڤیەت کێ راستی کردەوە هەر کادیرەکانی حیزبی شیوعی سۆڤیەتی پۆڵۆنیاو بولغاریاو هەنگاریاو چیکۆسۆلفاکیاو ئەڵمانیای شەرقیو ئەمانە بوون رۆمانیا کێ گۆڕینی بنەڕەتی سیاسیی کرد لە وڵاتدا هەر کادیرو ئەندامانی ئەو حیزبانەی کە لە حکومەتدابوون یەعنی چ عەیبێکی تیایە ئەگەر کادیری حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان پاش ئەوەی کە نائومێد دەبن لەوەی کە گۆڕان لەناوخۆی حیزبەکاندا ناکرێت لە رێگەی گۆڕینی حیزبەوە ناتوانن گۆڕین لە پەیکەرەی دەوڵەتو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکەن، چ عەیبێکی تیایە ئەگەر بێن لە جوڵانەوەیەکی وەکو گۆڕاندا بەشداریی بکەن بۆ ئەوەی کە بەشداربن لە گۆڕینو لە چاککردنی باری سیاسیی وڵاتەکەو سیستمی سیاسیی وڵاتەکە، پێموایە هیچ عەیبێکی تیانییە بە تەجروبەی میللەتان بە عەکسەوە دەوڵەمەندە بەوە.

*** یەعنی ئەمخیتابەی تۆ بۆ دەرەوەی ئەو کەسانەشە، کە لە دەرەوەی بزووتنەوەکەی ئێوەن کە گۆڕانە؟، مەبەستم ئەوەیە کە زۆرجار لەلایەن دەسەڵاتەوە دنیا بە رەشو سپی دەبیندرێت ئێوە بە زەرورەت دنیا بە رەشو سپی نابینن؟**

_ من حەز دەکەم لێرەدا یەک خاڵ روون بکەمەوە ئەویش ئەوەیە: ئێمە ئەم بزووتنەوەیەی ئێمە بزووتنەوەی گۆڕان خۆمان بە جێگرەوەی یەکێتیی یان بە جێگرەوەی پارتیی نازانین، ئێمە پێمانوایە پارتیی وەکو حیزبێک مێژوویی هەیەو دەمێنێتو یەکێتیش وەکو حیزبێکی مێژوویی هەیەو دەمێنێت، ئێمە بزووتنەوەیەکی تازەین دەنگێکی تازەین رێبازێکی تازەین بە شێوەیەکی ئیشکردنی تازە هاتووینەتە مەیدانو لە تەنیشت ئەوانەوە دانیشتووین ئێمە خۆمان بە بەدیلێکی ئەوان نازانین ئێمە بەشی خۆمان هەیە لەو وڵاتە دەتوانین کاری تیابکەینو ئیشی تیابکەین ئەوانیش مەجالی ئیشکردنیان هەیەو ئێمەش مەجالی ئیشکردنمان هەیە، ئێستا بۆچوونی سیاسیمان بۆ جۆری بەڕێوەبردنی وڵاتەکە جیاوازە ئێمە بەو رێگەیە دەیکەینو بێگومان ئەوەی کە دێت لە بزووتنەوەی گۆڕاندا بەشداریی بکات هەندێک لەوانەن، کە وەختی خۆی لە حیزبەکاندا بەشدارییان کردووەو بەڵام بەشێکیشی لەوانەن، کە هەرگیز حیزبایەتیان نەکردووەو خەڵکی بێ لایەنن خەڵکی ئەوانەن کە قازانجیان هەیە لە چاککردنی باری ژیانی سیاسیی ئێستای کوردستانی عێراقدا.

*** تۆ پێشتر لەناو حیزبداو دواتر کە وازتهێناوە، ئێستا کە گۆڕان سەرکەوتووە لە خیتابی خۆتدا زۆر دژایەتی گەندڵیت راگەیاندووە، ئێستا کە بوونەتە قەوارەیەکی بەهێز یاخود کوتلەیەکی پەرلەمانیی لە پەرلەمانی کوردستاندا بە هەمان ئاراستەو بە هەمان حەماس درێژە دەدەن بە دژایەتی کردنی گەندڵیی؟**

_ بەڵێ، بێگومان.




## سەعید قەزازی نەمر

لە مانگی تەمووزی (١٩٥٨) حوکمی پاشایەتی لە عێراق کۆتاییهات، لە ئەنجامی کودەتایەکی بەربەریانەی عەبدولکەریم قاسم. عێراقی لە پاشایەتییەوە گواستەوە بۆ کۆماریی. عەبدولکەریم قاسم بە شێوەیەکی دەستوری دانی بە بونی کورد لە پاڵ عەرەبدا لە عێراقدا نا. بەڵام بە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی کۆماری بە شێوەیەکی دڕندانە مامەڵەیان لەگەڵ کوردا کردوە. لەسەردەمی کۆماریدا کورد رووبەروی بەعەرەبکردنو کوشتن و ئەنفال و بێسەروشوێنکردنی بارزانیەکانو کیمیابارنی هەڵەبجە بویەوە.

یەکێک لەکەسایەتیە کوردییە بەڕێزەکانی حکومەت لە سەردەمی پاشایەتی سەعید قەزاز بوو،کە تەمەنی خۆی بۆ حوکمی قانوون تەرخانکردبوو.ئەو کەسایەتیەکی تەکنۆکراتو پیاوی دەوڵەت بوو کە زۆر بە شێوەیەکی بێگەرد خزمەتی خەڵکەکەی دەکرد. لە زۆر پۆستە ئیدارییەکاندا رۆڵی بینیوە لەوانە بۆ ماوەیەک سەرۆکی شارەوانی زاخۆ و هەڵەبجە و دواتر وەک موتەسەریفی(پارێزگا) هەولێر و کەرکوک و موسڵ و کوت خزمەتی کردوە. لە (١٩٥٢) وەک وەزیری ناوخۆ دەستنیشانکرا و تا کودەتا خوێناوییە لەو پۆستەدا بەردەوام بوو.

سەعید قەزاز خەڵکی سلێمانی بوو، کەسێکی بوێر و خاوەن بنەما بوو. هەروەها کەسایەتییەکی مۆدێرن و کراوە بوو کە لە نوخبە کوردە مۆدێرنەکانی ئەو کاتەبوو. هەر ئەو کاتە ئەو دژی بوونی کۆمۆنیستو بیرە رووخێنەرکانیان بوو. هەمیشە لەپشتی هەژارانو لێقەوماوان بوو. کەس ئەو رووداوانەی بیرناچێتەوە کە قەزاز چۆن رووبەروی ئاغاکان و سیستەمی فیودالی دەبویەوە بە تایبەتی لەموسڵ کە هەمویانی دایە دادگا.

لەکۆتاییەکانی سەردەمی پاشایەتیدا قەزاز نوێنەرایەتی خاڵە پۆسەتیڤو نێگەتیڤیەکانی ئەو سیستەمەی دەکرد. کپکردنی راپەرینی بارزانی ساڵی (١٩٤٤) کە موتەسەریفی هەولێر بووبوەهۆی لەکەدارکردنی وێنەی قەزاز لەلای نوخبەی ناسیۆنالیستە کوردەکان. بەڵام هەندێک بێئنسافانە رەخنە لەم رۆڵەی قەزاز دەگرن بێئەوەی ئەو راستیە باس بکەن کە ئەو چۆن توانی زەوی زاری بارزانییەکان بگەڕێنێتەوە کاتێک لەدوای رووخانی کۆماری مەهاباد گەرابونەوە شوێنی خۆیان.هەروەها دواتریش کە وەزیر بوو لیخۆشیبونی بۆ دەرکردن.

بەداخەوە سەعید قەزاز لەدوای کودەتاکەی ١٩٥٨خرایەوە نێو دادگایەکی ناشەرعیوەوە کە لەلایەن کورەزاکەی قاسمەوە لیوا فازڵ مەهداوییەوە بەڕێوەدەبرا. ئەو زۆر ئازایانە لەبەردەم دادگا وەستاو ئیدانەی سەربەخۆنەبونی ئەو دادگا و سیستەمی کۆمۆنیزمی کرد, دەیزانی کە چارەنوسی مەرگە. قەزاز وتەیەکی بەناوبانگی هەیە لەو دادگایە کە دەڵێت:» من ئێستا وەستاومو مردن نزیکە لێم ،من ناترسم کاتێک هەڵمدەواسن بۆ مردن، چونکە زۆرێک دەبینم لە ژێر قاچمەوە کە شایەنی ژیان نین«. پەنجا ساڵ لەمەوبەرو لە (٢٠)ی ئەیلولی (١٩٥٩) قەزاز لەسێدارەدرا لەلایەن حکومەتەکەی قاسمەوە. لەراستیدا ئەو مردو چەندین کەسی لە ژێر پێی خۆیدا بینی کە شایەنی ژیان نین.

سلێمانی خاوەنی کەڵە پیاوی لەو شێوەیەبوو، بۆیە جێگای خۆیەتی یادی بکرێتەوەو نەوەی تازە لەبارەیەوە بزانن.

butan.amedi@columnist.com

# پەرلەمان دەرگا بە رووی تەلەفزیۆنەکاندا دادەخات

بەرهەم خالید

هەفتەی رابردوو لە کاتی بەڕێوەچوونی یەکەم دانیشتنی ئاسایی خۆیدا، سەرۆکایەتی پەرلەمان رۆژنامەنووسانی تووشی شۆک کرد کاتێک بڕیاریدا تەنیا نیو سەعات رێگە بە رۆژنامەنووسان بدرێت رووماڵی دانیشتنەکانی بکەنو بەپێی هەمان بڕیار لەمەوا تەنیا سەتەلایتی نەورۆز بۆی هەیە راستەوخۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان بگوازێتەوە، ئەندامێکی پەرلەمانیش دەڵێت: پێویستە رێگە بە هەموو کەناڵەکان بدرێت هاوشانی نەورۆز دانیشتنەکان بگوازنەوە، چونکە هیچ پاساوێک نییە بۆ رێگەگرتن لەوە.

رۆژی (٢٠٠٩/٩/٨) لەکاتی بەڕێوەچوونی یەکەم دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەماندا، سەرۆکایەتی پەرلەمان لە رێگەی راگەیاندنی پەرلەمانەوە رایگەیاند؛ کە بڕیاردراوە سیستمێک دابنرێت کە ناوەڕۆکی دانیشتنەکانی پەرلەمان بەشێوەی ئامادەکراوی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن بنێردرێنو لەمەودوا رۆژنامەنووسان ناتوانن وەک خولی دووەم ئامادەی تەواوی دانیشتنەکان بنو تەنیا ماوەی نیو سەعات رێگەیان پێدەدرێت رووماڵی دانیشتنەکە بکەن.

تاریق جەوهەر سارمەمی راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هۆکاری ئەو بڕیارە بۆ بچوکی هۆڵی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەگەڕێنێتەوەو ئاماژەی بەوەشدا، کە ئەمە بە واتای ئەوە نایەت، کە رۆژنامەنووسان بۆیان نییە بچنە هۆڵی پەرلەمانەوە، بەڵکو لە جاران زیاتر دەتوانن بچن، بەڵام بە وتەی ئەو سیستمە نوێیەکە لە قازانجی کەناڵەکانی راگەیاندنو بەڕێوەچوونی دانیشتنەکاندایە، لەبەر ئەوەی لەدوای خستنەکاری بەرنامەکە ناوەڕۆکی دانیشتنەکان دەگاتە دەست سەرجەم دەزگاکان.

بەپێی مادە (٥٢)ی یاسای هەموارکراوی ژمارەی (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، (دەبێ کۆبوونەوەی پەرلەمان ئاشکرا بێت، بەڵام دەکرێت لەسەر داوای سەرۆکی پەرلەمان، یان یەک لەسەر چواری ئەندامانی پەرلەمان، بکرێتە نهێنی بەمەرجێ زۆرینەی ئامادەبووانی کۆبوونەوە، پاش تەواوبوونی رێژەی قانونیی کۆبوونەوە، پەسەندی بکەن)، بەڵام ئەم بڕیارە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دەرچووەو تەنیا رێگە بە کەناڵی نەورۆز دەدرێت راستەوخۆ دانیشتنەکان بگوازێتەوە.

عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان هیچ بیانوویەک نابینێت بۆ رێگەگرتن لە کەناڵەکانی دیکەو بە باشی دەزانێت، کە رێگە بە کەناڵەکانی دیکەش بدرێت ئەوەی توانای هەیە دانیشتنەکان بۆ خەڵکی بگوازنەوە، لەبەر ئەوەی هاوڵاتیان مافی خۆیانە ئاگایان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان بێت لەو کەناڵەی خۆیان دەیانەوێتو وتیشی: «نابێت جیاکاریی بکرێت لەنێو کەناڵەکاندا، بۆیە هەر کەناڵێک توانای هونەریی هەبێت مافی خۆیەتی دانیشتنەکان بگوازێتەوە».

لە دانیشتنەکانی خولی دووەمی پەرلەماندا زۆربەی کەناڵە ئاسمانییەکان بەڕێوەچوونی دانیشتنەکانیان راستەوخۆ دەگواستەوە ئەوەش پەیوەندییەکی بەهێزی لەنێوان هاوڵاتیانو پەرلەماندا دروستکردبوو بە جۆرێک رۆژنامەنووسانو هاوڵاتیان ئاگاداربوون لە ناو هۆڵی پەرلەماندا چی دەگوزەرێت، بەڵام ئەم بڕیارە ترسی لای زۆرێک لە هاوڵاتیان دروستکردووە، کە نەتوانن ئاگاداری وتووێژی نوێنەراکانیان بن لە پەرلەمان.

ئاسۆ کەریم، وتەبێژی رەسمیی لیستی کوردستانی بڕیارەکەی پەرلەمان بە راست دەزانێت، چونکە بە بڕوای ئەو «ئەوە رێوشوێنێکی تەنزیمییەو بۆ رێکوپێکردنی کارەکان، هەروەها بوونی کامێرامانو رۆژنامەنووسەکان لەناو هۆڵی پەرلەماندا. لە کاتێکدا، دوو کامێرامانی فەرمانگەی راگەیاندنی پەرلەمان خۆیان تا کۆتایی کۆبوونەوەکە لەناو هۆڵەکەدا دەمێننەوە بۆ تۆمارکردنی سەرجەمی وتووێژەکان، کە دەکرێ دواتر ئەو کەناڵانەی بەنیازن، کۆبوونەوەکە پەخش بکەن، سی دی کۆبوونەوەکە لە فەرمانگەی ئیعلامی وەربگرنو بڵاوی بکەنەوە. لە دەرەوەی هۆڵەکەشدا، ئەوا دەکرێت دیمانە لەگەڵ پەرلەمانتاران بکرێ سەبارەت بەکاری ئەو رۆژەی پەرلەمانو وتیشی: «بڕیارەکە بۆ رێگرتن نییە لە ئاشکراییو ئاواڵایی کۆبوونەوەکان، یان بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رۆژنامەگەریو شاردنەوەی زانیارییەکان».

## نەوشیروان مستەفا: خۆمان بە جێگرەوەی یەکێتیو پارتی نازانین

# گەندەڵیی بەرهەمی شێوەی حوکمڕانە

ڕۆژنامە

نەوشیروان مستەفا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە دیاردەی گەندەڵیی بەرهەمی جۆری حوکمڕانیی دەسەڵاتی سیاسییە لە کوردستان نەک دیاردەیەکی کەسیی بێت.
ئەم وتانەش وەک بۆچوونێک لە بەرامبەر ئەو هەوڵانەی کە ماوەیەکە دەسەڵات لە کوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە، کە لێپێچینەوە لە چەند کەسێک بە تۆمەتی گەندەڵیی وەک موزایەدەی سیاسیی بەکاردێنێت.
لەم چاوپێکەوتنەدا، کە کەناڵی knn لەگەڵ نەوشیروان مستەفا سازیداوە، ناوبراو لەسەر چەند پرسێکی دیکە دەدوێت.

*** ماوەیەکە ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵاتو بەتایبەت ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) خۆیان وەکو هێزێک دەردەخەن، کە ئەوان دژایەتی گەندەڵیی دەکەن، زۆرجار باس لەوە دەکەن، کە هۆکاری گەندەڵیی ئەو کادیرانە بوون، کە ئێستا لە لیستی گۆڕان دانو ئەوان بوونەتە هۆکاری گەندەڵیی لە کوردستاندا؟**

_ من وەڵامی پرسیارەکەت بە پرسیارێکی بەرامبەر دەدەمەوەو هەر خۆشم وەڵامی پرسیارەکە دەدەمەوە، ئەویش ئەوەیە؛ ئایا گەندەڵیی دیاردەیە؟ گەندەڵیی شتێکە هی تاکە یاخود گەندەڵیی شتێکی سیستماتیکەو بەرهەمی شێوەی بەڕێوەبردنو جۆری حوکمڕانییە.

ئەو کەسانەی کە ئێستا ئەو فایلەیان هێناوەتە پێشەوەو بێگومان هەرکاتێک بەرەنگاریی و ڕووبەڕووبوونەوەو بەگژاچوونەوەی گەندەڵیی هەبێت باشەو لەسەر هەر ئاستێک بکرێت کارێکی باشە، بەڵام ئەوان دەیانەوێت دیاردەی گەندەڵیی لە کوردستاندا وەکو دیاردە نیشان نەدەن، بەڵکو بیکەن بە دیاردەیەکی کەسیی، یانی شەخسەنەی کارەکە بکەن، بەڵام ئێمە بە پێچەوانەی ئەوەوە پێمانوایە؛ لە کوردستاندا شێوەی بەڕێوەبردنی سیستمی سیاسیی لە کوردستاندا سیستمی ئیدارییو سیستمی مالیی، ئەمە ژینگەیەکی دروست کردووە بۆ لە دایکبوونو خوڵقاندنی دیاردەی گەندەڵیی، من هەرگیز باسی ئەوە ناکەم ئەو کەسانەی کە لای ئێمە کۆبوونەتەوە هەمووی فریشتەیەو هەرچی لە لاکانی دیکەیە شەیتانە، بێگومان لە هەموو لاکاندا خەڵکی تیادایە، کە ئینسانی کامڵ نینو کەموکوڕییان تێدایە لەلای ئێمە ئینسانی باشی تیایەو لە لاکانی دیکەیش ئینسانی باشی تێدایە، ڕەنگە کەسانێک هەبووبن لەلای ئێمە لە جارێک لە جارەکاندا لە گەندەڵیی تێوەگلابن، بەڵام بەداخەوە شێوەی بەڕێوەبردنی حوکم لەم وڵاتەی ئێمە سیستمی سیاسیی سیستمی ئیدارییو سیستمی مالیی لەم وڵاتە کارێکی وایکردووە، کە گەندەڵیی بووەتە بەشێک لەو سیستمە، سیستمەکە خۆی بووە بە ژینگەیەکی لەبار بۆ هەڵهاتنی گەرای گەندەڵییو ئەمانەش بەجۆرێک گەندەڵییان باراندووە بەسەر وڵاتەکەدا وەکو خۆڵبارانی لێهاتووە، چۆن تۆ بە هیچ جۆرێک پێتخۆش نییە کە خۆڵ هەڵبمژیت، بەڵام مەجبوریشی کە ئەگەر خۆڵباران بێت خۆڵ هەڵدەمژیت هەر بەو جۆرەش گەندەڵیش لەو وڵاتە وای لێهاتووە ئەگەر پێتخۆش بێتو نەبێت بە جۆرێک لە جۆرەکان تێوەی دەگلێیت.

*** ئایا پێتوایە، کە کۆمەڵە کەسانێک کە ئەگەر جۆرێک تێوەگلانیان هەبێت ئیتر مانای ئەوەیە، کە دەخرێنە دەرەوەی کۆمەڵگەوە جارێکی دیکە ناکرێت ئەوانە بخرێنە پرۆسەیەکەوە کە کادیرێکی باشیان لێ دەربچێت؟**

_ بەڵێ بێگومان، بە بۆچوونی ئێمە پێمانوایە سیستمێکی بەڕێوەبردنی باش لەناو ئەو سیستمەدا ئینسانی خراپی تیادابێت یان جێی نابێتەوە یان چاک دەبێت، یان دەچێتە زیندانەوە یان بەشێک دەبێت لە سیستمە باشەکە، لە سیستمێکدا کە گەندەڵیی تیا ببێت بە سیستمێکی سیستماتێک پیاوی باشیشی تیادا بێت یان دەبێت لەگەڵ شەپۆلی گەندەڵییەکە بڕوات یان دەچێتە دەرەوەی سیستمەکە لەبەر ئەوەی کاتێک کە سیستمی سیاسیی ژینگەی گەندەڵیی دروست دەکات شتێکی ئیعتیادییە.

*** زۆرباشە لەسەر ژینگەکە دەمەوێت تۆزێک ڕوونکردنەوەی زیاترم پێبدەیت کاتێک دەڵێیت ژینگەکە یاخود تاکەکانیش بە شێوەیەکی گشتیی یا بە ناچاریی گەندەڵ دەکات ئێمە خاوەنیی ژینگەیەک بین، کە تاکەکان بە ناچاریی گەندەڵ ببن ئەمە تاکەکانن یاخود سیستمەکەیە؟**

_ بەڵێ، تۆ لە وڵاتێکدا کاتێک بتەوێت تەعین بیت پێویستی بەوە بێت کە واسیتەیەک بکەیت یا ئەوەی کە پشتگیریی حیزبیت پێبێت بتەوێت خانوو بکەیت، بۆ قەرز وەرگرتنو زەوی وەرگرتن پێویستیت بە واسیتەبێت، بتەوێت پەساپۆرتو جنسیەی عێراقی دەربێنی پێویستی بە واسیتە هەبێت، بتەوێت لە جامیعەو خوێندنی باڵا بخوێنیت پێویستی بە واسیتە هەبێت، بێگومان ئەمە بەشێکە لە گەندەڵیی ئەمەش سیستمەکە وای لێکردووە ئەگەر ئەو سیستمە قانون سەروەر بووایەو دەزگای لێپرسینەوە هەبووبایە بۆ ئەمجۆرە کارانەو ئەگەر شانبەشانی هەبوونی گەندەڵییەک لێپرسینەوەش بووبایە، بێگومان ئەو تەشەنەی نەدەکرد لە وڵاتێکدا کە لێپرسینەوە نەبووبێت لە وڵاتێکدا کە سەرچاوەکانی دارایی هەمووی بەدەست حیزبەوە بێت، یان بەدەست حکومەتەوە بێت کەس نەزانێت کە چۆن پارە پەیدا دەکرێتو چۆن سەرف دەکرێت لە وڵاتێکدا کە هێزە چەکدارەکان هەمووی بەدەست خۆتەو بە ئارەزووی خۆت بە قازانجی خۆت بەکاری بێنیت لە وڵاتێکدا، کە هەموو سەرچاوەکانو زانیاری لەسەر گەندەڵییو لەسەر داهاتو لەسەر خەرجو لەسەر جۆری تەعینبوونی کاربەدەستە گەورەکان بەدەست حیزبەکانەوە بێت، لە وڵاتێکدا کە نارۆشنیی هەبێت لە وڵاتێکدا کە تاریکی هەبێت لە دابەشکردنی سامانی وڵاتو لە دابەشکردنی دەسەڵاتو لە تەعیناتو لە هەموو ئەو شتانە، بێگومان ئەوە ژینگەیەکی لەبارە بۆ لەدایکبوونی گەندەڵیی.

*** باشە ئەمە وایکردووە کە ئەم ژینگەیە فاسدکەر یاخود ژینگەیەک بێت، کە وایکردووە زۆرێک لە تاکەکان فاسد بن بەتایبەت قسەیەک هەیە لەسەر ئەوەی، کە هەتا لەسەر ئاستی تاکەکان بۆ ئەوەی کە زۆر جار ئەو ئیجرائاتانەی کە کراوە لە کوردستاندا تا ڕادەیەک هەمان ئەو گوزارشتە بووە، کە وەکو تۆڕێکی ماسی ماسییە گەورەکانی لێ ڕزگار بوونو بچوکەکانی گرتووە، ڕای بەڕێزت؟**

_ من خۆم لەو باوەڕەدا نیم، کە گەندەڵیی بەو شکڵە هەموو کۆمەڵگەی کوردی گرتبێتەوە هەموو تاکەکانی گرتبێتەوەو ئێستاش باوەڕم وایە کە بەشی هەرەزۆری تاکەکانی کورد کەسانێکی پاکن دژی گەندەڵین ئەوانەی، کە لە گەندەڵیی تێوەگلاون ژمارەیەکی زۆر کەمن ئەوانەن، کە دەتوانین بڵێین لە ریزی یەکەمی دەسەڵاتو لە ڕیزی دووەمدانو گەرنا خەڵکەکەی دیکە خەڵکی پاکنو دژی گەندەڵین.

**• ئەم مەسەلەیە زۆرجار وەکو دیاردە دەبەسترێتەوە بە وەلائی سیاسییەوە، کەسێک کە وەلائێکی سیاسیی دیاریکراوی هەبێت ئیتیهام دەکرێت، کەسێک کە وەلائی سیاسیی هەبێت، ئەگەر بۆ دەسەڵات بێت پەردەپۆش دەکرێت.**

_ بەڵێ دەقاودەق وایە، هەتا ئەو زەمانەی تۆ لەگەڵیانبیتو هەرچییەک بکەیت بەو شەرتەی دڵسۆز بیت لە ڕووی سیاسییەوە بۆ ئەوان بیتو وەلائی سیاسیت بۆ ئەوان هەبێتو ئیتاعەتت هەبێت بۆ ئەوانو گوێڕایەڵ بیت، بەڵێ هەمووت بۆ پەردەپۆش دەکەن، کاتێک کە تۆ لەوان جیا دەبیتەوەو لەوان دادەبڕێیت، ئینجا وەکو چەکێکی سیاسیی بەکاردەهێنرێیت بۆ مەرامێکی سیاسییو بۆ شکاندنو ناو زڕاندنی ئەو کەسانە.

*** مەبەستت ئەوەیە، کە مەلەفەکانی گەندەڵیی دەشارنەوە؟**

_ بەڵێ، بێگومان دەیشارنەوە.

*** قسەیەک لەسەر تۆ هەیە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی باس لەوە دەکرێت، کە تۆ بایی ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی پێ بڕوخێت دیکۆمێنتت لایە، بەڵام کەشفت نەکردووە بۆ؟**

_ جارێ یەکەم سەرچاوەی ئەو هەواڵە من نیم، حەز دەکەم دڵنیابن لەوە، ئەوەش بۆ پاکانە نایڵێم، بەڵام من نەبووم، من کابرایەکم پێموایە هەموو میهنەیەک پێویستی بەوەیە جۆرێک لە ئەخلاقو ئیتیکی خۆی هەبێت.

بە نموونە باسی بکەین کابرایەک سەرتاشە، یان ژنێک سالۆنی حەلاقەی هەیە، ژنێک دەچێتە لای ئەو سەری چاک بکات، کاتێک دەبینێت کە سەری کەچەڵە یا سەری پڕە لە برین، ئەو کەسەی کە سەری ئەو کەسە چاک دەکات ئەخلاقی میهنەکەی وایلێدەکات کە نابێت بڕوات لەملاولا باسی ئەوە بکات ئەها فلان کەس فلان عەیبی هەیە، منیش بە حوکمی ئەوەی کە لە مەوقیعێکی مەسئولیەتێکی بەرزدابووم بە سەدان مەلەفی جیاجیا نەک هەر مەلەفی گەندەڵیی، مەلەفی ئەخلاقیی زۆرەها خێزان کەوتووەتە بەردەستم هی ژن هی پیاو هی کوڕ هی کچ، مەلەفی دزی کەوتووەتە بەردەستم مەلەفی جاسوسیی کەوتووەتە بەردەستم مەلەفی شتی خراپ کەوتووەتە بەردەستم، بەڵام ئەخلاقی سیاسیی من ڕێگەی بە من نەداوە، کە تەشهیر بە هیچ کەسێک بکەمو ناوی هیچ کەسێک بەرم، لە کاتی پێویستدا ئەگەر پێویستی کردبێت باسمان کردووە، کە فلان کەس شتی لەسەرەو لە هەندێک مناسەبەتدا باسمان کردووە، بەڵام من ئەو جیهەتە نەبووم، کە بە تایبەتی ئێمە ئەو دەسەڵاتە نەبووین کە بتوانین هەموو ئەوانەی کە لە گەندەڵییەوە گلاون بدەین بە دادگا، من کابرایەکی سیاسیم وەکو سیاسیی هاتووەتە بەردەستم دەمتوانی بەکاری بێنم وەکو چەکی سیاسیی بۆ تەشهیرو ناوزڕاندن، بەڵام ئەخلاقی سیاسیم ڕێگەی بەوە نەداوە.

**به حوکمی ئەوەی کە لە مەوقیعێکی مەسئولیەتێکی بەرزدابووم بە سەدان مەلەفی جیاجیا نەک هەر مەلەفی گەندەڵیی، مەلەفی ئەخلاقیی زۆرەها خێزان کەوتووەتە بەردەستم هی ژن هی پیاو هی کوڕ هی کچ، مەلەفی دزی کەوتووەتە بەردەستم مەلەفی جاسوسیی کەوتووەتە بەردەستم مەلەفی شتی خراپ کەوتووەتە بەردەستم، بەڵام ئەخلاقی سیاسیی من ڕێگەی بە من نەداوە، کە تەشهیر بە هیچ کەسێک بکەمو ناوی هیچ کەسێک بەرم**

*** کاک نەوشیروان ئەوەی کە سەرنجی لە گوزارشتە یاخود لە وتاری تۆ دابێت هەمیشە کە باس لە گەندەڵیی یا کۆمەڵێک چەمکی دیکەیش دەکرێت لە شەخسەنە لای دەبەیت، دەیخەیتە سەر سیستمەکە دەتوانیت پێم بڵێیت کاتێک دەڵێیت پێویستە ئەم سیستمە بگۆڕێت بۆ ئەوەی کە دژایەتی گەندەڵیی ڕاستەقینە بکرێت مەبەستت کام سیستمی حوکمەیە؟**

_ بەڵێ، لە سیستمێکدا کە بودجەی گشتیی ئاشکرابێت چۆن سەرف دەکرێتو چۆن بێت، لە سیستمێکدا، کە یاسا سەروەر بێت ئەگەر یەکێک کەموکوڕیی هەبوو مخالەفەی هەبوو بەبێ جیاوازی پلەو پایەی سیاسییو کۆمەڵایەتیو دەسەڵاتەکانەوە بدرێت بە دادگا، لە سیستمێکدا، کە سەرچاوەکانی زانیاری تا ئەندازەی ئەوەی کە هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەکەت نەکات لە بەردەستی ڕۆژنامەنووسو لە بەردەستی ئیدیعای گشتییو لە بەردەستی ئەوانەدا بێت، لەو سیستمە گەندەڵیی کەم دەبێتەوەو ئەگەریش ببێت گەندەڵیی دەبێتە زاهیرەیەکی فەردیی نابێتە زاهیرەیەکی نیزامیی، بۆ نموونە فەرقی بەینی بەغداو کوردستان بکە، لە کوردستاندا تەنیا یەک دەزگا هەیە پێیدەوترێت دیوانی چاودێری دارایی، ئێستا حاڵی حازر دوو دیوانی چاودێری هەیە یەکێکیان لە هەولێرو یەکێکیان لە سلێمانی، یەکێکیان یەکێتیی دایناوەو یەکێکیشیان پارتیی دایناوە لە هەمان کاتدا لە بەغدا چەندین دەزگا هەیە بۆ لێپێچینەوەی دیاردەی گەندەڵیی لە سەرووی هەموویانەوە هەیئەتی نەزاهە هەیە، کە هەیئەتێکی سەربەخۆیە لەلایەن پەرلەمانی عێراقییەوە دیاری دەکرێتو باوەڕیان پێ دەدرێت، لە پەنای ئەواندا دیوانی چاودێری دارایی هەیە لە پەنای ئەواندا موفەتیشیەتی عام لە هەموو وەزارەتێکدا هەیە، کە ئەویش دیسان ئیشەکەی لێپێچینەوەیە، لە پەنای ئەواندا بە تەنیشت ئەوانەوە لیژنەیەک هەیە بۆ نەزاهەت لە پەرلەمانی عێراقیدا، کە تەعقیبی هەموو ئەو شتانە دەکاتو دەتوانێت هەر وەزیرێکو هەر کەسێکی بوێت بانگی کات بۆ لێپرسینەوە لە کوردستانەکەی ئێمەدا تەنیا یەک دەزگا هەیە، ئەو دەزگایەش لەژێر کۆنترۆڵی حیزبدایە.

*** پێتوانییە دروستکردنی دەستەیەکی نەزاهە لە کوردستانو لە شێوەی ئەوەی بەغدا بەشێک لەو کێشانە چارەسەر دەکات، کە ئێستا بەڕێزت باست کرد؟**

_ نەخێر من پێموانییە، لەبەر ئەوەی کە تائێستا هەموو دامودەزگاکانی حکومەت هەموو ئەو دەزگایانەی کە لە کوردستاندا دروست دەکرێت، هەمووی لەژێر دەسەڵاتی حیزبدایە لە ڕێگەی حیزبەوە دروست دەکرێن بە تەزکییەی حیزب دروست دەکرێن، لەبەر ئەوەی ئەو دەزگایانە بێ لایەن نین، دەزگای نەزاهە یان دەزگای دیوانی چاودێری دارایی پێویستە لەسەر بنچینەی پیشەیی لەسەر بنچینەی عەدالەت لەسەر بنچینەی جۆرێک لە بێ لایەنی لە کاروبارەکانی وڵاتدا دروست بکرێت، من گومانم هەیە لەوەی کە ئێستا حاڵی حازر هەرچی دەستەیەکی نەزاهە لە کوردستاندا دروست بکرێت بتوانێت بێ لایەنی خۆی بپارێزێت بتوانێت لە هەیمەنەی حیزب لە دەسەڵاتی حیزب لە ئامۆژگاری حیزب لە فەرمانی حیزب دەرچێتە دەرەوە.

*** باشە لەو کاتەدا دەبێت پەنابەرێت بۆ نەزاهەی عێراقی یەعنی تۆ پەنابردن بۆ نەزاهەی عێراقی چۆن دەبینیت؟**

_ من پێموایە پەنابردن بۆ هەیئەتی نەزاهەی عێراقی یان هەر دەزگایەکی دیکەی فیدراڵی لە کوردستاندا عەیب نییە، ئێمە بە گوێرەی دەستووری عێراقی تائێستا بەشێکین لە عێراق، میزانییەی ئێمە بودجەی ئێمە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بەغداوە دێت ئازووقەی هەرێمی کوردستان لە بەغداوە دێت سووتەمەنی هەرێمی کوردستان لە بەغداوە دێت، تەنانەت داوو دەرمانیش بەشێکی زۆری لە بەغداوە دێت، لەبەر ئەوەش عەیبێکی تیانییە دوای ئەوە بە گوێرەی دەستووری عێراقی بەرەو ژووری (١٠) هەیئەتی موستەقیل هەیە بۆ بەڕێوەبردنی هەندێک لەو جومگە گرنگانەی دەوڵەت، کە لە عێراقدا هەیە لەوانە بۆ نموونە، کومسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەوانە هەیئەتی نەزاهە کۆمەڵێک دامودەزگای دیکە هەیە، کە ئەمانە دەزگای فیدراڵین هیچ عەیبێکی تیانییە، کە ئەمانە بێن بۆ کوردستان لە کاتێکدا تۆ ڕێگە دەدەیت بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، عێراق ڕێگە



## ئۆپۆزسیۆن هەڵبژاردنەکە گەرمدەکات

# ئەگەری پێکهێنانی لیستی هاوبەش لەناو نەتەوەکانی کەرکوکدا لاوازە

**ئارام جەمال**

لە سەروبەندی ئامادەکارییەکان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە گشتییەکانو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لایەنە سیاسییەکان لەسەرجەم نەتەوەو پێکهاتەکانی کەرکوک لە هەوڵی پێکهێنانی لیستی هاوبەشی تایبەت بە نەتەوەکانی خۆیانو چاودێرێکی سیاسیش ئەو هەوڵانە بە بێ ئاکامو ئەگەرێکی لاواز وەسفدەکات، بەهۆی جیاوازیی بۆچوونو جیاوازیی مەزهەبیی لەنێو نەتەوەکاندا.

محەمەد کەمال، جێگری بەرپرسی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستانو سەرۆکی لیستی برایەتی کەرکوک، بەپێویستی دەزانێت تاکو دەربازکردنی کەرکوک لەم دۆخەی ئێستا کورد بەیەک لیست بەشداریی لەو هەڵبژاردنانەدا بکاتو لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەئێستادا خەمی گەورەی پارتە بەشداربووەکانی ناو لیستی برایەتی کەرکوک پێکهێنانی لیستێکی هاوبەشی کوردییە بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، کە هێشتا وادەکەی دیارینەکراوە». لەبارەی هەوڵی پێکهێنانی لیستێکی هاوبەشی کوردییەوە، محەمەد کەمال رایگەیاند: «هەوڵ لەئارادایەو دەزانین بۆچوونی جیاوازیش هەیە بۆ پێکهێنانی لیستی جیاواز، بەڵام ئێمە لە هەوڵەکان بەردەوام دەبینو وەک پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەرگای گفتوگۆ بە رووی سەرجەم لایەنو هێزەکاندا دەکەینەوەو بۆ برادەرانی لیستی گۆڕانیش پێمانوایە هێزێکی ئامادەی گۆڕەپانەکەنو مەبەستمانە لە گەڵ ئەوانیش لە لیستێکی هاوبەشدا پێکەوە کۆببینەوە».

هاوکات لایەنی عەرەبی لە هەوڵی پێکهێنانی لیستێکی هاوبەشدانو بەهۆی جیاوازییەکانیانەوە تائێستا ئەو لیستە پێکنەهێنراوە.

لەوبارەیەوە محەمەد خەلیل جبوری، سەرۆکی لیستی گردبوونەوەی کۆماری عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە ئێستادا چەند ئاراستەیەک لەناو هێزی عەرەبدا هەیە بۆ دروستکردنی لیستی جیاواز بەهۆی جیاوازیی بۆچوونەکانو ئەو گۆڕانکارییو لیستە نوێیانەی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا دێنە ئاراوە، بەڵام بە گشتیی هەموو لایەنەکان خوازیاری کۆکردنەوەی سەنگو قورسایی نەتەوەی عەرەبنو لە هەوڵی بەردەوامیشداین بۆ دروستکردنی لیستێکی هاوبەش، کە بە هیواین بگەینە ئەو ئامانجە».

تورکمانەکانیش بە هەمان مەسەلەوە سەرقاڵن، نەجات حسێن، بەرپرسی لقی کەرکوکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییو ئەندامی کوتلەی تورکمان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەهۆی جیاوازیی بۆچوونو دابەشبوونی مەزهەبییەوە، لایەنەکانی تورکمان بەسەر چەند هێڵێکدا دابەشبوونو هەوڵی لێرەو لەوێش بۆ پێکهێنانی لیستی هاوبەش لە ئارادایە، «بەڵام ئەوانەی بانگەشەی لیستی هاوبەش دەکەن بۆ تورکمان خاوەن بڕیار نینو لەو بڕوایەدا نیم بتوانین ئەوە بکەین».

لەبەرامبەردا دانا عەسکەر، چاودێری سیاسیی، پێیوایە بەهۆی جیاوازیی بۆچوونو دابەشبوونی مەزهەبیو نەتەوەیی لایەنەکانی ناو خودی نەتەوەکان، دروستکردنی لیستی هاوبەش بۆ هەر نەتەوەیەک ئەگەرێکی لاوازە، «ئەستەمە هیچکام لە نەتەوەکانی کەرکوک بتوانن یەک لیستی هاوبەش پێکبهێنن، کە بۆ نموونە لەناو کوردا ئێستا ئۆپۆزسیۆن لە گۆڕەپانەکەدا هەیەو لەناو نەتەوەکانی تورکمانو عەرەبیشدا جیاوازیی مەزهەبیو نەتەوەیی رەنگدانەوەی کاریگەرەو ئەو ئەگەرە زۆر لاوازە هەر نەتەوەیەک بتوانێت لیستی هاوبەشی لایەنەکانی نەتەوەکەی پێکبهێنێت».

لەبارەی ئەزموونی لیستی جیاوازەوە بەتایبەت لەناو کوردا، عەسکەر وتی: دروستکردنی لیستی جیاواز لەناو کوردا ئەزمونێکی نوێیەو قبوولکردنی بەشێوەیەکی تەندروست لەلایەن هێزە دەسەڵاتدارەکانەوە کارێکی قورسە، چونکە پێشتر لەناو هێزەکانی کوردستاندا ئۆپۆزسیۆن نەبووە، بەڵام «ئەو نموونە خراپەی کە دەسەڵاتی کوردی لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە لە کەرکوک پەیڕەوی کردووە، بەتایبەت گەڕانەوەی کەرکوکی بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئاڵۆزکردووە». بە بڕوای دانا ئەمە وایکردووە بوونی ئۆپۆزسیۆن زەرووربێت، «ئەگەر ئۆپۆزسیۆنو لیستی جیاواز نەبێت، خەڵک وەک هەڵبژاردنەکانی دیکە بەدەنگ پرۆسەکەوە ناچێتو سەرەنجام کورد لە هەمووان زیاتر زیانی بەردەکەوێت».



نەجات حسێن



محەمەد خەلیل



محەمەد کەمال

**ئەستەمە هیچکام لە نەتەوەکانی کەرکوک بتوانن یەک لیستی هاوبەشی نەتەوەیی پێکبهێنن، لەناو کوردا ئێستا ئۆپۆزسیۆن لەگۆڕەپانەکەدا هەیەو لەناو نەتەوەکانی تورکمانو عەرەبیشدا جیاوازیی مەزهەبیی کاریگەری هەیە**

# کەرکوک دابەش دەکرێت

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

بەپێی چەند زانیارییەکی رۆژنامە بەرپرسانی کوردو عێراق رێککەوتوون لەسەر پێکهێنانی هێزی هاوبەش لە کەرکوک بەشێوەیەک کە پارێزگاکە بەسەر دوو ناوچەی ئەمنیدا لە نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراقدا دابەشدەکرێت.لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتەکانی کەرکوک لەسەر ئەو مەسەلەیە رای جیاوازیان هەیە.

دوای ئەوەی لە ماوەی رابردوودا ژەنەراڵ رایمۆند ئۆدێرنۆ، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی فرەڕەگەز لەعێراق پێشنیازی پێکهێنانی هێزێکی هاوبەشی لەنێوان (هێزی پێشمەرگە، سوپای عێراق، سوپای ئەمریکا) کردو دواتریش لیژنەیەک لەنێوان سەرۆکایەتی هەرێمو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقو هێزەکانی فرەڕەگەز پێکهێنرا، ماوەی چەند هەفتەیەکیشە بەرپرسانی سەربازیی کوردو عێراقو هێزەکانی فرەڕەگەز کەوتوونەتە گفتوگۆ بەمەبەستی پێکهێنانی هێزی هاوبەشی (پێشمەرگە، سوپای عێراق، سوپای ئەمریکا) لە پارێزگای کەرکوک، هەر سێ لایەن رێککەوتوون لەسەر پێکهێنانی ئەو هێزە هاوبەشە لە کەرکوک. هەر بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە کە لەسەرچاوەیەکی سەربازییەوە دەستیکەوتوون، ناوچەکانی (پردێ، شوان، لەیلان، قادرەکەرەم، قەرەهەنجیر، جەباری) بە لیوای (١٠)ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە سەر بە یەکێتییە، دەسپێررێتو لە هەمانکاتدا وا بڕیارە پارتی لیوایەک رەوانەی ئەوناوچانانەبکات، ناوچەکانی (قەزاکانی حەویجەو داقوقو دوبز، ناحییەکانی یایچی، تازەو سەرگەران) کە سنوورێکی فراوانی پارێزگاکە پێکدەهێنت، بە فیرقەی (١٢)ی سوپای عێراق دەسپێررێت، هەروەها ناوشاری کەرکوکو ناوچە نزیکەکانی (ریاز، رەشاد، تازە) دەسپێردرێت بە هێزی هاوبەشی هەر سێ لایەن.

دانیشتوانی کەرکوک لەگەڵ پێکهێنانی هێزی هاوبەشدان، بەڵام دابەشکردنی کەرکوک بە کارێکی مەترسیدار وەسفدەکەن.

سەرچاوە سەربازییەکەی رۆژنامە پێیوایە «ئەو ناوچانەی فیرقەی(١٢) سەرپەرشتییان دەکات ناوچەیەکی زۆر فراوانو دابەشکردنی کەرکوکیش بەوشێوەیە مەترسییەکی زۆری هەیە، چونکە ئەوە واتای پاشەکشەکردنی پێشمەرگە دەگەیەنێت لە چەند ناوچەیەکی سنوورەکە».

بە بۆچوونی لەتیف فاتیح، رۆژنامەنووسی کەرکوک «دابەشکردنی کەرکوک لەهەر روویەکەوە بێت کارێکی خراپەو مەترسی بۆ سەر ئایندەی شارەکە دروستدەکات». بەپێویستیشی دەزانێت دەزگایەکی ئەمنی لە خەڵکی شارەکە پێکبهێنرێتو ئەو دەزگایە پاراستنی ئەمنیەتی پارێزگاکە لەئەستۆبگرێت.

سەرەڕای ئەوەی هەرێمو بەغدا رەزامەندییان پیشاندا لەسەر پێکهێنانی هێزی هاوبەش لە ناوچە جێناکۆکەکان، بەڵام پێکهاتەکانی نێو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەگەڵ یەک ناکۆکن.

محەمەد کەمال، ئەندامی لیژنەی ئەمنیی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە رۆژنامەی راگەیاند: بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەی پێکهێنانی هێزی هاوبەش لە کەرکوک، هەفتەی رابردوو ئێمە لە لیژنەی ئەمنی لەگەڵ فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکاو کونسوڵی ئەمریکی لەکەرکوک کۆبووینەوەو بەپێی پێشنیازەکەی ئۆدێرنۆ، کەرکوک دەکرێتە سێ بەشەوە، ئێمە وەکو نوێنەری کورد پێشوازیمان لەو پلانە ئەمنییە کرد، بەڵام بەرەی تورکمانیو گردبوونەوەی کۆماری بەو پلانە رازینەبوونو هەردوولا رەتیانکردەوە، بەتایبەت عەرەبەکان بڕیارياندا بایکۆتی دانیشتەکانی ئەنجومەنی پارێزگا بکەن.

دژ بەپێکهێنانی هێزی هاوبەش لە هەفتەی رابردوودا ئەنجومەنی قەزای حەویجە خۆپیشاندانێکیان سازکرد، هاوکات بەرەی تورکمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە رێگەی بەیاننامەیەکەوە دژایەتیی خۆیان بۆ ئەو هەنگاوە دەربڕی.

حەسەن تۆران، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە لیستی تورکمانی ئەو پێشنیازەی ئەمریکای سەبارەت بە هێزی سێ لایەنە لەناوچە جێناکۆکەکان رەتکردەوە، چونکە وەک ئەو وتی «ئەوە پێچەوانەی دەستوورەو بەپێی دەستووریش ئەرکی پێشمەرگە پاراستنی سنوورەکانی هەرێمەو ئەرکی ئەوان لە ناوچە جێناکۆکەکان نییەو ئەو ناوچانە لە دەرەوەی سنووری هەرێمن.

رۆژنامە پەیوەندیکرد بە چەند بەرپرسێکی سەربازیی هەرێمەوە، بەڵام نەتوانرا لێدوانیان لێ وەربگیرێت.

**ناوچەکانی (پردێ، شوان، لەیلان، قادرەکەرەم، قەرەهەنجیر، جەباری) بە لیوای (١٠)ی هێزی پێشمەرگە دەسپێردرێت، کە سەر بە یەکێتییە، لە هەمانکاتدا بڕیارە پارتیش لیوایەک رەوانەی ئەو ناوچانە بکات**

# تۆپی هەڵبژاردنی کەرکوک دەکەوێتە گۆڕەپانی سەرۆکایەتییەوە

**بەهادین یوسف**

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەدەستی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەردەچێتو بەپێی ڕێکەوتنو ڕاسپاردەی هەرسێ سەرۆکایەتی کۆمارو ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەکرێت، بە هاوکاری نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێوشوێنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە دیاریدەکرێت.

سیروان کاکەیی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەهۆی ڕێکنەکەوتنی ئەندامانی لیژنەی مادەی (٢٣)ەوە قۆناغی یەکەمی ئەو کێشەیە بەسەرچوو، ئێستا دوو قۆناغی دیکە لەو مەسەلەیە ماوە، ئەگەر هاتو ئەو لیژنەیە لە کارەکانیدا سەرکەوتوونەبوو، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی یاسایەکی تایبەت دەردەکات بۆ هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکوک، ئەگەر پەرلەمان سەرکەوتوونەبوو ئەو کاتە دەبێت هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق ڕێوشوێنی گونجاو دابنێن بۆ ئەو مەبەستە.

بەپێی بڕگەی حەوتەم لە مادەی (٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان: «بەپێی ئەو ڕاسپاردانەی لیژنەکە بەرزیدەکاتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانو بەپێی ئەو ئەنجامەش یاسایەکی تایبەت بۆ یەک خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەردەچێت، ئەگەر لیژنەکەش نەگەیشتنە ئەنجام ئەوکاتە، هەرسێ (سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆکایەتی وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران) بە هاوکاری نێودەوڵەتی لەڕێی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە مەرجی گونجاو دادەنێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکوک».

بە وتەی کاکەیی، کە ئەندامی لیژنەی مادەی (٢٣) بوو: «بە لێکدانەوەی ئەو بارودۆخەی کە هەیەو پێشتریش کارمان لەسەر ئەو مادەیە کردووە، پێناچێت پەرلەمان بتوانێت ئەو یاسا تایبەتییە دەربکات بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو ئەو مشتومڕو بارودۆخە وەکخۆی ماوەتەوە بۆیە زیاتر وا پێدەچێت بابەتەکە بڕوات بۆ قۆناغی سێیەمو هەرسێ سەرۆکایەتییەکە ڕێوشوێنی گونجاو دابنێن بۆ هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک».

سەبارەت بە وادەی هەڵبژاردنەکەش کە بەپێی یاسا دەبێت بەر لە کۆتایی ئەمساڵ ئەنجامبدرێت سیروان کاکەیی وتی: «کاتەکەی پەیوەندیدارە بەو دوو قۆناغەوە دەبێت بەر لە کۆتایی ئەمساڵ هەڵبژاردنەکە بکرێت ئەگەر لەحاڵەتێکدا نەکرا ئەوکاتە واباشە لەگەڵ هەڵبژاردنی عێراقدا هەڵبژاردنی کەرکوک بکرێت ئەویش پێویستی بە بڕیارێکی دیکەی پەرلەمانە».

دەربارەی ئەگەری ڕێکنەوتنی سەرجەم لایەنەکانو سێ سەرۆکایەتیپەکە لە دەرکردنی یاسا یان ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، سیروان کاکەیی وتی: «ناکرێت کەرکوک دابڕێت لە عێراقو دەبێت بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکات ئەگەر ڕێکەوتن نەکرا لەسەر هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک، ئەوکاتە دەبێت ئەنجومەنو ئیدارەی ئێستای پارێزگای کەرکوک بەو بارودۆخە بمێنێتەوە تا ڕێگە چارەیەکی دیکە بۆ ئەو مەسەلەیە دەدۆزرێتەوە».

ڕۆژی (٢٠٠٩/١/٣١) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، جگە لە کەرکوکو سێ پارێزگاکەی هەرێم بەڕێوەچوو بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش لیژنەیەکی حەوت کەسی (لیژنەی مادەی ٢٣) پێکهاتو دەبوو تا (٢٠٠٩/٣/٣١) بە تۆماری دەنگدەرانو ڕەگەزنامەو زیادەڕەوییەکاندا بچنەوەو بەپێی ڕاسپاردەکان ئەو لیژنەیە یاسایەکی تایبەت بۆ کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی دەربکرێت، بەڵام ڕۆژی (٢٠٠٩/٥/٢٤)و دوای دوو مانگ درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنیان لیژنەی پەرلەمانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ڕاستییەکانی کەرکوک شکستهێنانو ڕێکنەکەوتنی خۆی ڕاگەیاندو بەو پێیەش چارەسەرکردنی کێشەی هەڵبژاردنی کەرکوک سپێردرا بە پەرلەمانو سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق.

# زۆرینەی سەردانەکانی بۆ کێشەی حیزبەکەی بوون

# هەرکاتێک تاڵەبانی سەردانی کەرکوکی کردبێت زەرەری لەکورد داوە

**هیوا جەمال**

لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقو سەرۆکی نوێنەرایەتی کورد لە بەغداو سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی چەند جارێک سەردانی کەرکوکی کردووە، بەڵام زۆربەی جارەکان وەک سکرتێری یەکێتیو بۆ کێشەی حیزبەکەو کۆبوونەوەی حیزبیو بەرژەوەندیی حیزبایەتی سەردانیکردووە، وەک لە دوای شکستی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە سلێمانی، سەردانی کرد، دوایین سەردانیشی بۆ هەڵبژاردنی داهاتووە.

## سەردانەکان

لە ماوەی تەمەنی سەرۆکایەتیدا تاڵەبانی زیاتر لە پێنج جار سەردانی کەرکوکی کردووە.

دوایین سەردانی ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو (٢٠٠٩/٩/٧) بە «ئامادەبوونی تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتی، کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی لە کەرکوک ڕێکخرا»، کە خۆئامادەکردنی ئەو حیزبەیە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو.

لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێمیشەوە سەردانی ئەو شارەی کردو لەگەڵ لقو مەڵبەندی پارتیو یەکێتی کۆبووەوە.

ئەوە جگە لەوەی لە سەرەتای ئەمساڵیشدا سەردانێکی دیکەی کردو بەر لە کۆتایی ساڵی ڕابردووش لەگەڵ ژمارەیەک لە تورکمانەکاندا کۆبووەوەو چەندین بەڵێنی حیزبیی بە تورکمانو عەرەبەکاندا، بەڵام تائێستا هیچ کام لە بەڵێنەکان جێبەجێ نەکراون.

## ئەجێندای کۆبوونەوەکان

کۆبوونەوەکانی کەرکوک لە سەردانەکانی تاڵەبانیدا پڕبوون لە باسکردنو ئەجێنداکانی قەرەباڵغ بوون، بەڵام باسەکانی ڕێکخستنو خۆڕێکخستنەوە لەو شارەداو دابەشکردنی ئەرکە حیزبییەکان پشکی شێرییان بەرکەوتووە، وەک هەر کۆبوونەوەیەکی دیکە باسی کەرکوک پەراوێزی باسەکان بووە.

بە وتەی مەلا بەختیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، ئەجێندای کۆبوونەوەی دووشەممەی ڕابردوو بریتیبوو لە باسکردنی پێکهێنانی حکومەتی ئیئتیلافی بەتایبەت لەگەڵ چاکسازیو چۆنێتی پێکهێنانی لیژنەکانی هەڵبژاردنو ئاڵوگۆڕی پۆستەکانو پرسە ئیدارییەکانو پەیوەندی ستراتیژیی نێوان یەکێتیو پارتیو دابەشکردنی ئەرکەکان بەسەر ئەندامانی مەکتەبی سیاسییو سەرکردایەتییدا.

لەکۆبوونەوەکەی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا باسی کێشەکانی کەرکوک نەکراوە، ئەوەش لە وەڵامی پرسیارێکدا دەردەکەوێت، کە مەلا بەختیار بە کوردستانی نوێ ناڵێت باسی کێشەی کەرکوک کراوە بەڵکو دەڵێت: ئەوەی لەڕووی مادەی (١٤٠) بۆ کەرکوک کراوە لە مێژووی کوردستانو عێراقدا لە سەردەمی پەیمانی سیڤەرەوە تائێستا نموونەی نییە.

لە وەڵامی ڕزگار عەلی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیدا ڕوونتردەبێتەوە، کە دەڵێت: مام جەلال پێی باشبوو وەکو لایەنی مەعنەویی کۆبوونەوەیەکیش لە کەرکوک بکرێت.

ڕزگار عەلی بڕوای وایە لە هەموو کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتییدا باسی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان کراوە.

ڕزگار عەلی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: مەرج نییە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە یەک شوێن بکرێت، ئەوە مەسەلەیەکی ئاساییە، ئەگەر سەیری سەردانەکانی ڕابردووی تاڵەبانی بکەیت زیاتر لەگەڵ عەرەبو تورکمانەکان کراوەو کوردیش نەتەوەیەکە.

تەئکیدی لەوەشکردەوە، «چەندینجار بۆ مەسەلەی کەرکوک سەردانی ئەو شارەی کردووە».

بەرپرسێکی پێشووی باڵا لەو شارە بەرۆژنامەی وت: «هاتنەکانی مام جەلال بۆ کەرکوک جگە لەزەرەر هیچی تری بۆ کورد تێدا نەبووە».

بەرپرسەکە یەکێک لە نموونەکانی زەرەردانی لەکورد بەوە هێنایەوە کە لەدوای خۆپیشاندانەکەی ٢٨ی تەمووزی ٢٠٠٨ کە نزیکەی لە ١٣٠ کوژراوو بریندناری تێدابوو تاڵەبانی یەک ملیۆن دۆلاری بۆ بەرەی تورکمانی خەرجکرد چونکە زیانێکی کەم بە دوو بارەگایان کەتبوو، بەڵام قەرەبووی تەواوی کوردەکان نەکرایەوەو دواتر کێشەکە بە سوڵحی عەشایەریی چارەسەرکراو ئەمەش نارەزایی لای کوردەکانی ئەو شارە لێکەوتەوە.

بە وتەی بەرپرسەکە، سوککردن خراپترین چارەسەرکردن بووە، «چونکە ئەوە مەسەلەیەکی سیاسیی بووە نەک عەشایەریی».

چاودێرێکی سیاسیی خەڵکی کەرکوک بڕوای وایە، «تاڵەبانی بە ئەعقلییەتی سکرتێری حیزبەوە مامەڵە دەکاتو تائێستا وەک سەرۆک کۆمار هەوڵینەداوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک». وتیشی: «تاڵەبانی لە ئێستادا ئەوەندەی دەیەوێت کۆمیتەیەکی حیزبەکەی نەدۆڕێنێت، ئەوەندە غەمی نییە دۆسییەی کەرکوک نەدۆڕێنێت».

## ڕاگەیاندنی بێ کردار

بەپێی ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی «کاری زۆر بۆ کەرکوکو کەرکوکییەکان کراوە»و وەک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبەش کارکردنەکە بە «بێ وێنە» دەزانێت، بەڵام جێبەجێنەکردنی بڕگە یاساییەکان دەگەڕێننەوە بۆ لایەنی عەرەبیو دەسەڵاتدارەکانی بەغدا.

ئەوە لە کاتێکدایە، کە جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠) خراوەتە ئەستۆی سەرۆکایەتی کۆمار، وەک د. عەلی بەلو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بە ڕۆژنامەی وت: «جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) پێویستی بە بڕیارێکی دەستەی سەرۆکایەتی کۆمارە بەگێڕانەوەی قەزاو ناحیە دابڕێنراوەکان لە کەرکوک بۆ سەر ئەو پارێزگایەو ئەو بڕیارەش بە کۆدەنگی دەدرێت، بەڵام تائێستا دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار نەیتوانیوە بڕیار لەو بارەیەوە بدات».

ئەوەی بە فیعلی نەکراوە ئیشکردنە بە دەستوور لەڕووی مادەی (١٤٠)، چونکە وەک ئیبراهیم جەعفەری سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق، لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە قەڵاچوالان وتبووی؛ لە ماوەی سەرۆک وەزیرانیدا هیچ کام لە نوێنەرەکانی کورد پرسی دۆسییەی کەرکوکیان نەبردووەتە لایو لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا باسیان نەکردووە، ئەمە بۆ سەردەمی عەلاویش ڕاستە کە ئەوکاتە مادەی ٥٨ بوو.

## سەردانی بەرپرسان بۆ هاوینەهەوار

بەرپرسانی بەغدا لە ماوەی تەمەنی سەرۆک کۆماریی تاڵەبانیدا چەندین جار بەڕەسمیی سەردانی بەرپرسانی کوردیان کردووەو زۆرینەی جارەکان لە هاوینەهەواری دوکان پشوویان داوەو کۆبوونەتەوە، بەڵام تەنیا یەک کۆبوونەوەی سەرانی کوردو بەغدا لە کەرکوک سازنەکراوەو ئەوەی زانراویشە هیچ پێشنیازێکی لەو شێوەیە نەگەیەنراوەتە بەرپرسانی بەغدا.





کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی لە کەرکوک    فۆتۆ: pukmedia



## د. عەلی بەلوو، سەرۆکی لیژنەی نەوت لە پەرلەمانی عێراق:

# ٨٣٪ی داهاتی نەوتی کوردستان بۆ کوردستان نییە

**هەستیار قادر**

**د.عەلی بەلوو، سەرۆکی لیژنەی نەوتو گاز لە پەرلەمانی عێراق ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە بەغدا نەوتی پێش مادەی (١٤٠) خستبێتو دەڵێت: «جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) پێویستی بە بڕیارێکی دەستەی سەرۆکایەتی کۆمارە بۆ گەڕاندنەوەی قەزاو ناحیە دابڕێنراوەکان لە کەرکوک بۆ سەر ئەو پارێزگایەو ئەو بڕیارەش بە کۆدەنگی دەدرێت، بەڵام تائێستا دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار نەیتوانیوە بڕیار لەو بارەیەوە بدات».**

**بەلوو ئەوەش ڕەتدەکاتەوە، کە هەرێم نەوت بەشێوەی قاچاغ بفرۆشێتو ئاماژە بەوەش دەکات، کە وەزیری سامانە سروشتییەکان لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمانی عێراقدا وردەکاریی گرێبەستەکانی نەوتی هەرێمی کوردستانی خستووەتەڕوو».**

یەکێک لە کێشە هەرە هەستیارەکانی نێوان هەرێمو بەغدا لە ئێستادا کێشەی نەوتو گازە، کە خۆی لە دەرنەچوونی یاسای نەوتو گاز لە پەرلەمانی عێراقو ناقایلی وەزارەتی نەوت بە گرێبەستەکانی نەوتی هەرێمدا دەبینێتەوە، بەڵام پرسیارێک کە لێرەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە، کە هەرێم لە ماوەی ڕابردوودا بە پاڵنەری لایەنی ئابووری کەیسی نەوتی پێش کەرکوکو مادەی (١٤٠) خستووە؟ د.عەلی بەلوو، سەرۆکی لیژنەی نەوتو گازی پەرلەمانی عێراق، پێیوایە هاوتا بوونێک نییە لە نێوان مادەی (١٤٠)و نەوتو گازدا لە ڕووی شێوازی چارەسەرکردنی ئەو دوو کێشەیەوە بەو پێیەی ناوچە جێناکۆکەکان لە ژێر میکانیزمێکی ڕوونو ئاشکرادایە، بەڵام یاسای نەوتو گازو شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم دۆسییەیە لە عێراقی فیدراڵدا شرۆڤەی جیا بۆ مادەکانی (١٢١،١١٥،١١٢،١١١)ی دەستوور دەکرێت، کە پەیوەندیدارە بە کێشەی نەوتو گازەوە وتیشی: «جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) پێویستی بە بڕیارێکی دەستەی سەرۆکایەتی کۆمارە بۆ گەڕاندنەوەی قەزاو ناحیە دابڕێنراوەکان لە کەرکوک بۆ سەر ئەو پارێزگایەو ئەو بڕیارەش بە کۆدەنگیی دەدرێت، بەڵام تائێستا دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار نەیتوانیوە بڕیار لەو بارەیەوە بدات جگەلەوەش لیستی کوردستانی ئەولەویەتی داوە بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە کێشەکانی دیکە پشتگوێ بخرێت.

ئەگەرچی سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەموو ئۆباڵی پەککەوتنی پرۆسەی وەبەرهێنانی نەوتی عێراق دەخەنە ئەستۆی وەزارەتی نەوتی عێراقو هەندێکجاریش خودی حسێن شەهرستانی وەزیری نەوت بە هۆکاری ئەو کێشەیە دەزانن لە بەرامبەریشدا وەزیرو وەزارەتی نەوتو هەندێک لایەنی عەربی، کورد بە کۆسپ لەبەردەم وەربەرهێنانی نەوت لە قەڵەمدەدەن، بەڵام د.عەلی بەلوو شرۆڤەیەکی دیکەی بۆ ئەو کێشەیە هەیەو ئاماژە بەوە دەکات کە وەزیری نەوتو تەنانەت خودی نوری مالیکیش پێیانوایە؛ وەزارەتی نەوت لە وەزارەتە سیادییەکانە کە دەبێت لە ناوەندەوە ئیدارە بکرێنو دەسەڵات نەدرێتە هەرێمو پارێزگا بەرهەمهێنەکانی نەوتو ئەوەش بەپێچەوانەی ڕۆحی دەستوور دەزانێتو ڕایگەیاند: «حکومەتی عێراقیو هەندێک لایەنی سیاسیی گرەو لەسەر هەموارو گۆڕانکاریی دەستوور دەکەن بەپێی مادەی (١٤٢) بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا بەپێی مادەکانی (١٢١،١١٥،١١٢) هەرێم مافی خۆیەتی مومارەسەی ئەو دەسەڵاتانە بکات»

ڕەخنەیەک کە ئێستا ئاراستەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەکرێت لەلایەن هەندێک لە پەرلەمانتارانی کوردی بەغداوە ئەوەیە، کە کاتێک وەک شاند سەردانی بەغدا دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەمەڕ کێشەی نەوت لەگەڵ بەرپرسانی بەغدا نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان لە وردەکاریی دانیشتنەکانو سروشتی گرێبەستەکانی هەرێمیش ئاگادار ناکاتەوەو سەرۆکی لیژنەی نەوتو گاز ئەوە بە تۆمەت دەزانێتو ڕەتی دەکاتەوە دەڵێت: «بۆ مێژوو دەیلێم کە وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم لەبەردەم ئەندامانی کوردی پەرلەمانی عێراقدا وردەکاریی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانی خستووەتە ڕوو».

کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا لەسەر دۆسییەی نەوت هەندێکجار بەرەو ئاقاری کەساندن دەبرێتو باس لەوە دەکرێت، کە حسێن شەهرستانی قایل نابێت ئەندامانی شاندی هەرێم لە بەغدا ببینێتو کەسانی خوار پلەی خۆی بۆ ئەو گفتوگۆیانە دەنێرێت، لەو چوارچێوەیەشدا د.عەلی بەلوو ئاماژە بەوە دەکات، کە وەزیری نەوت زۆر لایەنگری تێپەڕاندنی یاسای نەوتو گاز نییە بەوپێیەی بە دەرچوونی ئەو یاسایە زۆربەی دەسەڵاتەکانی وەزیری نەوت دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی فیدراڵی نەوتو گازو کۆمپانیای نیشتمانی عێراقی بواری مۆرکردنی گرێبەست، کە تیایدا دەنگی وەزیری نەوت بەرامبەر بە دەنگی وەزیری سامانە سروشتییەکان دەبێتو وتیشی: «گفتوگۆکان بەردەوامە لە نێوان ناوەندو هەرێمدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەوتو ئەو گفتوگۆیانەش لەسەر ئاستی وەزیرانی هەردوولایە».

پرۆسەی ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم لە (٢٠٠٩/٦/١)دا لە ڕێگەی کۆمپانیای بازارگەریی نەوتی عێراقیو (سۆما)و هێڵەکانی گواستنەوەی نەوتی عێراقی گەلێک پرسیار لەسەر سوودمەندیی کورد لە پرۆسەی وەبەرهێنانی نەوت دروستکرد، بەتایبەت، کە بەغدا پارەی کۆمپانیا بیانییە وەبەرهێنەکانی نەوتی هەرێم نادات، کە دوور نییە ئەو دۆسییەیە ببرێتە دادگا نێودەوڵەتییەکان، سەرۆکی لیژنەی نەوتو گازی پەرلەمان ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم بەسەرکەوتنی سیاسییو ئابووری دەزانێتو لە ڕێگەی بەشداریی هەرێمەوە لە بودجەی ساڵانەی عێراقداو سەبارەت بە کێشەی پارەی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوتی کوردستانیش د.عەلی بەلوو وتی: «قەرەبوو کردنەوەی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوتیش کێشەیەکی ئەوەندە ئاڵۆز نییە، کە هەندێک وا لێکی دەدەنەوە».

## سوودبینینی کورد لە دەرهێنانی نەوتەکەی چی بوو، ئەگەر داهاتەکەی بگەڕێتەوە خەزێنەی عێراق؟

گەڕاندنەوەی داهاتی نەوتی هەرێم بۆ خەزێنەی بەغداو بەشدارینەکردنی حکومەتی هەرێم لە فرۆشتنی نەوتەکەیدا گومانێکی دیکەیە، کە لەلای هاوڵاتییانو سیاسیەتمەداران دروست بووە، کە سوود بینینی کورد لە دەرهێنانی ئەو نەوتە چی بووە، ئەگەر داهاتەکەی بگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەتی ناوەندی؟، د.عەلی بەلوو ڕایگەیاند: «هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراقو بەپێی مادەی (١١١)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق هەموو داهاتەکانی نەوتو گاز بۆ حکومەتی فیدراڵی دەگەڕێتەوەو بەشی هەرێمیش لەو داهاتە بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی دەدرێت، کە ساڵانە (١٧٪)ی بودجەی گشتیی عێراقە.

دەنگۆی ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم بەشێوەیەکی نا شەرعیو لە ڕێگەی تەنکەرەوە یەکێکە لەو گرێیانەی دیکە، کە لە نێوان هەرێمو بەغدادا بەتایبەت وەزارەتی نەوت هەمیشە کۆسپ بووە لە بەردەم چارەسەرکردنی کێشەکانی هەردوولاداو سەرۆکی لیژنەی نەوتو گاز نکووڵی لە بوونی دیاردەیەکی لەو جۆرە دەکات لە هەرێمی کوردستانداو دەڵێت: «لەبەر ڕۆشنایی ئەو تۆمەتانە، لیژنەی نەوتو گاز بە سەرجەم ئەندامەکانییەوە جگە لە عەبدولهادی حەسانی ئەندامی حیزبی دەعوە بۆ ماوەی یەک هەفتە سەردانی هەرێمی کوردستانمان کردو زۆبەی وێستگەکانی نەوتمان بەسەرکردەوەو دانیشتێکیشمان لەگەڵ وەزیری سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمدا سازداو دواتریش ڕاپۆرتێکمان ڕادەستی پەرلەمانی عێراق کرد بە ئیمزای سەرجەم ئەندامانی لیژنەی نەوتو گاز، کە ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکەنەوە».

بەلوو ئاماژەی بەوەشدا، کە یەکێک لە سەرچاوەکانی ئەو تۆمەتە ئامادەکراوانە لە عەبدولهادی حەسانییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بەشداریی لەو شاندەی لیژنەی نەوتو گازدا نەکرد بۆ هەرێمی کوردستان.



د. عەلی بەلوو

## «پێشبنی دەکەین پارتیو یەکێتی لیستی مەسیحی بۆ پەرلەمانی عێراق دروستبکەن»

# مەسیحییەکان لە زەوتکردنی کورسییەکانیان دەترسن

**بەهادین یوسف**

سەرۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، ترسی خۆی نیشاندا لەوەی کورسی کۆتای مەسیحییەکان بە هەمانشێوەی کوردستان لەلایەن حیزبە باڵادەستەکانی عێراقەوە قۆرغبکرێتو بۆ بەرژەوەندیی خۆیان هانی خەڵکی غەیرە مەسیحیی بدەن دەنگ بە لیستێکی دیاریکراو بدرێت.

ئەم لێدوانەی یونادم یوسف کەننا لەکاتێکدایە کە ئێستا (مەسیحی) کریستیانەکانی عێراق داوادەکەن لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بە سیستمی کۆتا (کورسی کەمینەکان) لانیکەم پێنج کورسییان بۆ تەرخانبکرێت.

یونادم کەننا، کە هاوکات سەرۆکی لیستی ڕافیدەینیشە، لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەگەر بەپێی ڕێژەی مەسیحی لە عێراقو کوردستان بێت، پێنج پارێزگا ڕێژەیەکی گەورە لە کلدۆئاشوورییەکان (مەسیحی)هەیەو داوامانکردووە لایەنیکەم پێنج کورسیمان بە سیستمی کۆتا هەبێت.

لە ئێستادا کلدۆئاشوورییەکان لە سەرتاسەری عێراقدا ژمارەیان نزیکەی (٧٠٠) هەزار کەسەو کە نەتەوەیان کریستیانەو بە ئایین مەسیحین لە پێنج پارێزگای گەورەی عێراقدا هەن لە بەغداو موسڵو دهۆکو هەولێرو کەرکوکو بەسرە، بە وتەی کەننا: «تائێستا ئامارێکی ورد نییە سەبارەت بە ڕێژەمانو ژمارەیەکی زۆریش ئاوارەبوونو کۆچیان کردووە، لە سلێمانیو پارێزگاکانی دیکەش دانیشتووانمان هەیە، بەڵام ئەو ڕێژەیە نییە بڵێین پەرلەمانتار یان نوێنەرمان هەیە، بەڵام لەو شەش پارێزگایەی دیکە تەجەموعاتی کلدانی ئاشووریمان هەیە».

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بە سیستمی کۆتا پێنج کورسی درا بە مەسیحییەکان، کە ڕێژەیان نزیکەی (٨ هەزار) کەس دەبێت لە هەرێم، بەڵام لیستە مەسحییەکان ڕەخنەی ئەوەیان لە پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان گرت، کە لیستیان بۆ کۆتای مەسیحییەکان دروستکردووەو خەڵکی نا مەسیحییان هانداوە کە دەنگ بەو لیستانە بدەنو بەهۆیەوە زیاتر لە (٢٠) هەزار دەنگ بۆ کورسی مەسیحییەکان دراوە، بەو هۆیەشەوە پێیانوایە کە ئەو کورسیانە گوزارشت لە ڕای زۆرینەی مەسیحییەکان ناکات.

لەوبارەیەوە سەرۆکی بزووتنەوەی ئاشووری وتی: «پێشبینی دەکەین ئەو حاڵەتەی کوردستان دووبارە ببێتەوەو حیزبە باڵادەستەکان لیست دروستبکەن، ئەو مافەی لە دەرگاوە پێماندرا لە پەنجەرەوە لێمان سەندرایەوە، بەڵام هەوڵدەدەین کۆمەڵی خۆمان نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت، لقێک یان عەشرەتێک خەڵک ئاراستە نەکاتو ڕێوشوێن بۆ ئەو مەبەستە هەبێت ڕێگە نەدرێت چەند لیستێکی عەرەبیو کوردی لیست بۆ مەسیحییەکان دروستبکەن، ئەگەر وابێت کورسی کۆتامان ناوێتو باشترە بچینە هاوپەمانێتییە نیشتمانییەکانەوە».





## سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو:

# دوودڵیی لە هەڵوێستو سیاسەتماندا هەیە

**سازدانی: هەستیار قادر**

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی ئاماژە بەوەدەکات، کە سەرکردایەتی حیزبەکەی بڕیاریداوە بۆ قۆناغی داهاتوو لە خەندەکی ئۆپۆزسیۆندا بێتو دانیش بەوەدا دەنێت کە دوودڵیی بە هەڵوێست و سیاسەتیانەوە دیارە

دیندار نەجمان دۆسکیی لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەدا دەڵێ: «سەرکردایەتی سیاسیی کورد بە ڕۆڵی پێویستی خۆی هەڵنەستاوە بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)»، هەروەها «یەکێتیو پارتی بەوە تۆمەتبار دەکات «سەرجەم ئیمتیازاتەکانی بەغدایان بۆ خۆیان کۆنترۆڵ کردووە».

**ڕۆژنامە: پارتە سیاسییەکان بۆ پارتی دەسەڵاتو پێکهێنەری حکومەتو ئۆپۆزسیۆن دابەشدەبن، ئێوە وەک یەکگرتوو کام لەم دوو ئەگەرە هەڵدەبژێرن، لەکاتێکدا پێشتر ڕەخنەی ئەوەتان لێدەگیرا کە لە حکومەتدا بەشداربوونو لەپەرلەمانیشدا وەک ئۆپۆزسیۆن مامەڵەتان دەکرد؟**

* گرنگترین تایبەتمەندییەکانی سیستمی دیموکراسی لە جیهاندا فرەحیزبیوبوونی حیزبی حوکمکەرو ئۆپۆزسیۆنە، کە ئەو ئۆپۆزسیۆنە لە ناو یان لە دەرەوەی پەرلەمان بێت، یەکگرتووی ئیسلامیی پێشەنگی ئۆپۆزسیۆن بووە لە هەرێمداو بەشداریی لە چەند کابینەیەکی حکومەتی هەرێمدا کردووە، کە بارودۆخی تایبەتی سیاسیی هەرێم پاڵی پێوەناوە بەشداریی بکات، لەوانە شەڕی ناوخۆی یەکێتیو پارتیو یەکپێگرتنەوەی دووئیدارەکەی هەرێمو، هۆکاری ئەو بەشداریکردنەش نیشتمانیو نەتەوەیی بووە کە ئامانج لێی پارێزگاریکردنی سیاسییو ئاسایشی هەرێم بوو لەو قۆناغەی هەرێمدا، کە دەرفەت نەڕەخسابوو بۆ مومارەسەکردنی ژیانی دیموکراسی، سەرەڕای ئەوەش یەکگرتوو وەک ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵی بینیوەو ڕەخنەی لە ئەدای حکومەتی هەرێم گرتووە، ڕۆڵیشی بینیوە لە ئاراستەکردنی چەند حیزبێکی تری کوردستانی بۆ بەشداریکردن لە هەمان ڕۆڵدا، کە پێشکەشکردنی دوو یاداشتنامەی لێکەوتەوە بۆ هەریەک لە سەرۆکایەتیی هەرێمو پەرلەمانو حکومەتو ڕای گشتی، ئەوەش بووە هۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دوو حیزبی دەسەڵاتداراداو وایکرد دوو حیزبەکە گلەیی ئەوەمان لێبکەن کە سەرەڕای بەشداریکردنمان لە حکومەتدا بەرهەڵستکاریی دەکەین، بەڵام پێدەچێت شێوازمان لە ئۆپۆزسیۆنبوونماندا جیاواز بێت لەو شێوازەی کە چەمکی ئۆپۆزسیۆنی پێ ناسراوە، ئەوەش پەیوەندیی بە مەرجەعییەتی ئیسلامیمانەوە هەیە، بۆ ئەو قۆناغەش سەرکردایەتی یەکگرتوو بڕیاریانداوە بچنە خەندەکی ئۆپۆزسیۆنەوە، بەوپێیەی ئێمە بەشێکین لە لیستی چاکسازیوخزمەتگوزاری کە چەند حیزبێکی تری تێدایەو پێویستە لەگەڵیاندا ڕێکبکەوین بۆ بینینی ئەو ڕۆڵە.

**ڕۆژنامە: لەپەرلەماندا دەنگتان بە دەستووری هەرێمدا، ئایا لەسەر ئەو هەڵوێستەتان بەردەوامن بۆ تێپەڕاندنی دەستوور، یان بەو شێوازەی ئێستای لیستی گۆڕان لە دژی دەوەستنەوە؟ باس لەوە دەکرێت کە لە نێو یەکگرتوودا دوو تێڕوانین قایلو ناقایل هەبووە سەبارەت بە تێپەڕاندنی دەستوور، بەتایبەت هەندێک لە پەرلەمانتارانی یەکگرتوو باوەڕیان بەشەرعیەتی ئەو کاتەی پەرلەمان نەمابوو کە دەستووری تێدا تێپەڕێندرا؟**

* ئێمە تێبینی زۆرمان لەسەر ڕەشنووسی دەستووری هەرێم هەبوو کە هەندێکیان چارەسەرکرانو هەندێکیشیان مانەوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمەوە هەیە، ئێمەش لەدژی تێپەڕاندنی دەستوور وەستاین لەو درەنگکاتەی تەمەنی پەرلەماندا کە خولەکەی کۆتاییهاتبوو، بەڵام بەوپێیەی یەکێتیو پارتی زۆرینەی کورسییەکانی خولی پێشووی پەرلەمانیان پێکدەهێنا، پرۆسەی تێپەڕاندنی دەستوور لە ڕووی یاساییەوە تەنیا پێویستی بەو زۆرینەیەی ئەوانە تا بکرێتە پرۆژەیەک بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی لەسەری، ئەوکات هەڵوێستمان هەرچۆنێک بوایە کاریگەریی نەدەبوو لەسەر تێپەڕاندنی دەستوورەکە، سەرەڕای ئەوەی من لە وردەکاریی تێبینییەکانی لیستی گۆڕان ئاگادارنیم لەسەر دەستووری هەرێم، بەڵام بوونی دەستوورێکی باشترمان لە بێدەستووریی پێ باشترە کە هاوڵاتییانو ئێمەش وەک حیزبە سیاسییەکان دەتوانین بەپێی مادەکانی ئەو دەستوورە چاودێری دەسەڵاتەکانی هەرێم بکەینو لێی بکۆڵینەوە، جگەلەوەش دەنگدانمان وەک یەکگرتوو لەسەر دەستوور لە لایەن لیستی گۆڕانەوە تەوزیفکرا بۆ دروستکردنی کاریگەریی لەسەر لایەنگرانو دەنگەکانمان. بوونی ڕای جیاوازیش لەناو یەکگرتوودا سەبارەت بەو دەستوورە دیاردەیەکی ئاساییەو نامۆنییەو پێویستیش نییە یەک هەڵوێستمان هەبێت بەرامبەر بە دەستوور، بەڵام بڕیاری کۆتایی لەناو مەکتەبی سیاسیدا دیموکراسییانەیو بە ڕای زۆرینە وەرگیرا.

**ڕۆژنامە: نەگەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە وەک حیزبە ئیخوانییەکانی تری دەرەوە کار بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتو توندکردنی گوتاری سیاسیتان بکەن لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئێستادا؟ ئێوە تووشی دوودڵی نەبوون لە نێوان ڕاگرتنی واقیعی ئێستای هەرێمو ڕۆحی پێکهێنەری حیزبەکەتەکان کە ئایینی ئیسلامەو تیایدا بێهێزترین ئیمان بێدەنگییە؟**

* ئێمە لە ڕووی سیاسییەوە حیزبێکی کوردستانی سەربەخۆین کە بڕیارو وێنای سیاسیی بەو جۆرە دەکات کە بگونجێت لەگەڵ واقیعی سیاسیو هەمئاهەنگ بێت لەگەڵ مەرجەعییەتی ئیسلامیدا دوور لە کاریگەری هیچ ئاڕاستەیەک یان گروپێکی تری دەرەوەی هەرێم، ئاساییو لۆژیکییە ئێمە کار بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات بکەین بە شێوەی ئاشتییانەو دیموکراسییانە، ئەوەش ئامانجمانە، ئەگەرنا لە بنەڕەتدا مانایەک بۆ بوونمان وەک حیزبێکی سیاسیی نامێنێتەوە، ئەوەی بەدواداچوونی بۆ گوتاری سیاسیمان کردبێت هەست بەوە دەکات کە گوتارمان توند نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوەکانی هەرێم، یان وەک چۆن خۆت دەڵێیت دوودڵیی لە سیاسەتو هەڵوێستەکانماندا هەیە کە ئەوەش چەندین هۆکاری هەیە، لەوانە بارودۆخی سیاسیی هەرێم لە ڕووی ئەزموونو کلتووری نوێی دیموکراسیو سروشتی حیزبەکانی کە چەکیان بەدەستەوەیەو لە یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکاندا بەکاریدەهێنن، ئەوەش ناشارڕێتەوە کە شەڕی ناوخۆی نێوان حیزبە کوردستانییەکانو ئەو ڕووداوەی لە ٢٠٠٥/١٢/٦ لە بادینان بەسەرماندا هات بە هۆی بەشداریکردنمان لە هەڵبژارندا بە لیستی جیاو بارودۆخی عێراقو هەرێم بەر لە ڕووخاندنی بەعسو دوای ڕووخاندنیو پێویستی ئەو قۆناغە بە حیکمەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی گشتیدا بۆ نەگەڕانەوەی ئەو هەڵوێستانە، زیانی لە بەرژەوەندی باڵای هەرێمو دۆسییە نەتەوەییەکەمان داوە، ئێمە حیزبێکی مەدەنینو باوەڕمان بە کاری سیاسی هەیە لە ڕێگەی ئاشتیو دیموکراسییەوەو میلیشیای چەکداریشمان نییەو بە هۆی ناسکیو بێهێزی بارودۆخی سیاسیو یاسایی هەرێمەوە گوتاری سیاسیمان بە هێمنکردنەوەو بە لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی نێوان لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم جیا دەکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستەکانمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاشکاوانە بەدوورنەبووە لەدژی ئەو بارودۆخانەی کە پێمانوا بووە لە خزمەتی هەرێمدا نینو بەجیا دابەزینیشمان لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ی پەرلەمانی عێراقدا لەو قەناعەتەمانەوە سەرچاوەی گرتبوو کە یەکێتیو پارتی دەیانویست حیزبەکانی تر پەراوێز بخەن.

**ڕۆژنامە: وەک ئەندامێکی پێشووی (کۆمەڵەی نیشتمانی) عێراق، ئایا ئەو کات سەرکردایەتی سیاسیی کورد نەیدەتوانی گوشار دروست بکات بۆ جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠)؟**

* حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا جدیی نەبوون لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)دا، هەوڵێستی ئەمریکاو(UN)یش نارۆشنە بەرامبەر ئەو مەسەلەیەو سەرکردایەتی سیاسیی کوردیش بە ڕۆڵی پێویستی خۆی هەڵنەستاوە بۆ گوشار خستنەسەر لایەنی بەرامبەر بۆ جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠)و ناشزانین، لەوانەیە بارودۆخێک هەبێت بێئاگابین لێی کە لە پشت ئەو هەڵوێستەی سەرکردایەتی کوردەوە دەوەستێتەوە، وەک هەوڵێستی نێودەوڵەتیو وڵاتانی هەرێمی بەرامبەر بە جێبەجێکردنی ئەو مادەیە.



«لە بەشداریکردنمان لەگەڵ یەکێتیی و پارتی لە هەڵبژاردنی ئەمجارە ئەنجومەنی پارێزگاکان توشی غوبنی زۆربووین لە لایەن ئەو دوو حیزبەوە»

**ڕۆژنامە: دەوترێت یەکگرتوو نیگەرانە لەوەی یەکێتیو پارتی لە بەغدا وەک پێویست پۆستیان لە بەشی کورد پێنەداوەو یەکێتیو پارتی کۆنترۆڵی پۆستە گرنگەکانیان کردووەو تەنهالەکاتی هەڵوێستوەرگرتندا پەرلەمانتارانی یەکگرتوویان بیردەکەوێتەوە؟ ئەگەر وایە بۆ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا بوونەوە بە هاوپەیمانیان؟**

* یەکێتیو پارتی سەرجەم پێگەو ئیمتیازاتەکانیان لە بەغدا کۆنترۆڵو دەستبەسەردا گرتووە، ئەمەش دەرهاویشتەی ڕێککەوتنی ئەو دوو لایەنەیە لەگەڵ لیستەکانی تری وەک ئیئتیلافو تەوافوق، کاتێک حکومەتی فیدراڵی پێکهێنرا ئێمە تەنها یەک وەزارەتی دەوڵەتیان پێداین، ئەو هەڵوێستانەشمان کە وەک پەرلەمانتارانی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراقدا هەمانە گوزارشت لە حەقیقەتی هەڵوێستی خۆمان دەکاتو پەیوەندیی بە سروشتی پەیوەندییەکانمانەوە لەگەڵ یەکێتیو پارتی یان بە دابەشکردنی پۆستەکانەوە نییە، لەو کێشانەدا کە لەپەرلەماندا دەورووژێنرێنو پەیوەندی بە بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردەوە هەیە لەگەڵ یەکێتیو پارتی هاوڕاین، ئەمەش وای لێکردین لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا لەگەڵ یەکێتیو پارتی پێکەوە بەشداری بکەین، بەڵام تووشی غوبنی زۆریش بووین لەلایەن ئەوانەوە لەو ناوچانە.

**ڕۆژنامە: بڕیار بوو وەزارەتی دادی عێراق بدرێت بە بەڕێزت، بەڵام ئەو پۆستەت پێنەدرا، ئایا مالیکی لە خەلفیەتی سوننی —ئیسلامی ئێوە ترسا، یان لیستی هاوپەیمانی کاریان بۆ ئەوە کردووە کە ئەو پۆستە بەر یەکگرتوو نەکەوێت؟**

* بەهۆی ڕەهەندی سوننی بوونو پەیوەندیمان بە حیزبی ئیسلامییەوە مالیکی پاڵاوتنی منی بۆ ئەو وەزارەتە ڕەتکردەوە، بەتایبەت تاریق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆمار کە منی پاڵاوت بۆ ئەو پۆستەو پەیوەندییەکانی لەگەڵ مالیکیدا باش نەبوو، جگەلەوە پێموایە گوشار دروست نەکردن لەلایەن لیستی هاوپەیمانییەوە لەسەر مالیکی بۆ پەسەندکردنم وەک وەزیری داد دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی گوڕوتینی هاوپەیمانی بۆ پێدانی ئەو پۆستە بە یەکگرتوو.

**ڕۆژنامە: ڕەخنەی بێهێزیی ئەدا لە نوێنەرانی کورد لە بەغدا بە قەبارەیەک کە بووەتە هۆکاری هێشتنەوەی ئەو کێشانە بە هەڵپەسێردراویی؟ بڕوات بەو ڕەخنەیە هەیە؟ یەکگرتوو وەزیرێکی لە حکومەتی بەغدا هەیە، ئایا ڕۆڵی ئەو لەدەرەوەی چوارچێوەی کێشەکانی کوردو بەغدا بووە یان ڕێی پێنەدراوە قسەی خۆی لەو مەسەلەیەدا بکات؟**

* پێموانییە بەتەنیا نوێنەرانی ئێمە لە بەغدا جا لە حکومەتدا بن یان پەرلەمان، بتوانن کێشەو ناکۆکییە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان کوردو ناوەند یەکلایی بکەنەوە، پێویستە سەرۆکایەتیو حکومەتی هەرێم ڕووبەڕووی ئەو کێشانە ببنەوەو نوێنەرانی ئێمە لە بەغدا ڕابسپێرن بۆ بینینی ڕۆڵیان، من نکوڵی لەوە ناکەم کە نەرمی نواندن لەو دۆسیەیەدا هەبووە، بەڵام پێویستە شتەکان وەک ئاڕاستەی خۆی وەربگرینو هەر نەرمینواندنێک لە ئەدای نوێنەرانماندا هەبوو بێت لە بەغدا، بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە سەرشانی هەموومان لە هەرێم.

**ڕۆژنامە: پێشتر گلەیی ئەوە لە یەکگرتوو دەکرا کە هەوڵی نزکبوونەوە دەدات لە حیزبە عەرەبییەکان بە سوننەو شیعەوە، بەتایبەت بەشداریکردنتان لەکۆنگرەکەی قاهیرە کە بۆ چەند لایەنێکی عێراقی ئەنجامدرا، ئەو کات ئێوە لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە بە (خائین) وەسفکران، بەڵام بەم دواییە هەست دەکرێت دوو حیزبەکە کار دەکەن بۆ بەشداریکردنی لایەنی عەرەبی بۆ ناو لیستەکەیان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق، ئایا ئەوە وەک عەرەب دەڵێت «الکیل بمکیالین» نییە؟**

* کارێکی ئاساییە ئەگەر پەیوەندیمان لەگەڵ حیزبە عێراقییە سوننیو شیعییەکاندا هەبێتو پێویستیشە ئەو پەیوەندییەمان هەبێت، چونکە هاوڵاتییانی ئەم وڵاتەینو بەشدارین لە بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەدا، بەڵکو ئەوە ناسروشتییە کە پەیوەندییمان لەگەڵ ئەو لایەنانەدا نەبێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستەکانیان لە بەرامبەرمان، سەرجەم حیزبەکانی هەرێمیش بەتایبەت دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە پەیوەندیی بەهێزتریان هەیە لە ئێمە لەگەڵ ئەو حیزبە عێراقییانەدا هەیە، کۆنگرەکەی قاهیرەش وەک چەکێکی سیاسیی لە دژمان بەکارهێنراو حەقیقەتەکە ئەوەیە کە ئامانجی کۆنگرەکە بۆ چاکسازی بارودۆخی سیاسیی عێراقو ڕووبەڕووبوونەوەی تاکڕەوییو کونترۆڵکردنی بڕیارەکانی حکومەتی فیدراڵی بوو لەلایەن حیزبو لایەنێکەوە، کۆنگرەکە لە دژی گەلی کوردو دەستکەوتەکانیو پرۆسە سیاسییەکەی نەبوو، بەشداربووانی کۆنگرەکەی قاهیرەش تائێستا پەیوەندییان لەگەڵ یەکێتیو پارتیدا هەیە، لە وانە ئەیاد عەلاویو حیزبی ئیسلامیی، سەبارەت بە هاوپەیمانێتییەکانی یەکێتیو پارتیش لەگەڵ لایەنە عەرەبییەکاندا ئەوە پەیوەندیی بە خۆیانەوە هەیە، بەڵام پێویستە بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستانو گەلەکەی تێدا بپارێزرێت.

**ئێمەش لەدژی تێپەڕاندنی دەستوور وەستاین لەو درەنگکاتەی تەمەنی پەرلەماندا کە خولەکەی کۆتاییهاتبوو**

# بەغدا بە لیستی رەش هەڕەشە لە نەوتی هەرێم دەکات

هەستیار قادر

وەزارەتی نەوتی عێراق هەموو ئەو کۆمپانیایانە دەخاتە لیستی رەشەوە کە وەبەرهێنانیان دەکەن لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان ئەندامێکی لیژنەی نەوت‌و گازی پەرلەمانی عێراقیش ئەو کارە بە مەرامی سیاسییەوە دەبەستێتەوە.

وەزارەتـــی نـەوتـی عـێـراق هـۆشـداری دایـه کۆمپانیای CNOC کـۆری، لـەوەی گـەر گرێبەستی وەبەرهێنان لە بواری نـەوت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئیمزا بکات لەلایەن ئەو وەزارەتـەوە دەخرێتە لیستی رەشەوە، لەو بارەیەشەوە سەباح ساعدی بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی‌و بازرگانیی وەزارەتـی نەوت بە ئاژانسی ئەسوات عێراقی راگەیاند: «ئەگەر ئـەو کۆمپانیا کۆرییە کەلوپەلی کۆمپانیای (ئاداکسی) بکڕێت‌و گرێبەست لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا ئیمزا بکات، ئەوا ئەو کۆمپانیایە لەلایەن وەزارەتی نەوتەوە دەخرێتە لیستی رەشەوەو لە پێدانی مۆڵەتی خولی دووەمـی کەرتی نەوتی عێراقی بێبەش دەکرێت.

لەوبارەیەشەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتـی نەوتەوە، کە نەیویست ناوی ببرێت بە رۆژنامەی راگەیاند: «وەزارەتی نەوتی عێراقی سەرجەم ئەو کۆمپانیایانە دەخاتە لیستی رەشـــەوە، کە گرێبەستی وەبەرهێنانی کەرتی نەوت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئیمزا دەکەن‌و نزیکەی (٢) ساڵیش دەبێت وەزارەتی نەوت دەستی بەو کارە کردووە».



حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بە پشت بەستن بە یاسای نەوت‌و گازی خۆی زیاد لە (٢٥) گرێبەستی جوراوجۆری وەبەرهێنانی نەوتی لەگەڵ نزیکەی (٣٤) کۆمپانیای (١٨) وڵاتـی بیانی ئەنجامداوەو یەکێک لە کێشەکانی نێوان بەغداو هەرێمیش شێوازی ئەنجامدانی ئەو گرێبەستانەیە، کە وەزارەتی نەوتی بەغدا دانیان پێدانانێت‌و داوا دەکات لە بەغداوە پەسەند بکرێت.

د.ئەحمەد ئـەنـوەر، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ رۆژنامەی روونـکـردەوە، کە ئـەو بڕیارەی وەزارەتـــی نـــەوت نایاساییەو وەزارەتی ناوبراو بە یاسا کۆنەکەی کاردەکات‌و کێشەکان پەیوەندیی دەسەڵاتەکانەوە هەیەو وتیشی: «ئـەو بڕیارەی وەزارەتـــی نەوت پێویستی بە بوونی یاسایەکە»

هەندێکی دیکەیش پەنا بردنە بەر بەکارهێنانی لیستی رەش بەرامبەر بە کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوتی هـەرێـم بە گـوشـاری سیاسیی‌و هەڕەشەی راگەیاندن لە قەڵەمدەدەن بۆ ترساندنی کۆمپانیا بیانییەکان‌و رێگرتن لێیان لە وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت‌و گازی هەرێمدا.

د.بایەزید حەسـەن ئەندامی لیژنی نـەوت‌و گازی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێیوایە؛ ئەو هەنگاوەی وەزارەتی نەوتی بەغدا مەرامی سیاسیی لە پشتەوەیەو بۆ ترساندنی کۆمپانیا بیانییەکانەو وتـیـشـی: «حـکـومـەتـی هـەرێـم بـەپـێـی یـاسـای نــەوت‌و گــازی خۆی گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان سازداوەو گەر یاسایی نەوت و گازی فیدراڵی دەربچێت ئەو کێشانە لە نێوان هەرێم‌و بەغدا چارەسـەر دەکەن».

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار بۆ رۆژنامەی ئاشکرا کرد، کە حکومەتی هەرێم (٤٩) بلۆکی لە سنووری هەرێمدا دیاریکردووە بۆ گەڕان‌و وەبەرهێنانی نەوت‌و گازو لەو (٤٩) بلۆکەش (٣٤)یان دراونەتە کۆمپانیا بیانییەکان بە مەبەستی کارکردن تیایاندا.

ئـەو سـەرچـاوەیـە ئـامـاژەی بەوەشدا، کە پەلەکردنی حکومەتی هـەرێـم لـە زوو ئەنجامدانی گرێبەستی نـەوتـی لـەگـەڵ ئەو کۆمپانیایانەدا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەگەر یاسای نەوت‌و گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەربچێت ئەو بلۆکانەی دیکە، کە مـاون لەلایەن وەزارەتـــی نەوتی بەغداوە کاری وەبەرهێنانی تیا ئەنجامدەدرێت، ئەگەری ئەوە هەیە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا دەربچن.

---



لیژنەی داراییەوە نەکردووە لەوەش روونتر ئەوەیە، کە لە ماوەی چوار ساڵی رابـردوودا وەزارەتـی دارایی هەرێم تەنیا یەک جار لەگەڵ لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبوونەتەوە.

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی نێوان هەرێم‌و حکومەتی ناوەندیی کە ساڵانە لە کاتی پێشکەشکردنی بودجەدا سەرهەڵدەداتەوە کێشەی بودجەی هەرێمە، کە تائێستا بەشێوەی رێکەوتنی سیاسیی لەسەری رێککەوتوون‌و ژمارەیەکیش لە بەرپرسانی حکومەتی ناوەندیی پێیانوایە، ١٧٪ بۆ بودجەی هـەرێـم لـە رێـــژەی دانیشتووانی هەرێمەکە زیاترە.

دەربارەی ئەوەش، کە ئایا تا چەند وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێگەڕانەوەو راوێژکردن بە بەرپرسە کوردەکانی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کێشەکانی بودجەو داراییان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا چارەسەر کردووە؟

سامی ئەتروشی، باسی لەوە کرد ساڵانە لە کاتی پەسەندکردنی بودجەدا کێشەکانی نێوان هەرێم‌و بەغدا وەک رێـــژەی (١٧٪)و بـودجـەی مـادەی (١٤٠)و چەندین کێشەی دیکە سەر هەڵدەدەنەوەو دواجار رووبەڕووی ئەوان دەکرێتەوە.

وتـیـشـی: بـەهـۆی ئـەوەی هەماهەنگی لە نێوان لیژنەی دارایی‌و وەزارەتی دارایی هەرێمدا نییە زۆرجار لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر بودجە (تناقظ) جیاوازی لە قسەکانی ئێمەدا روویداوە، ئەوەشی بە نموونە هێنایەوە لە بودجەی تەواوکاریدا رێژەی پارەی تەرخانکراو بۆ کوردستان (٦,٩٪) دەکات، بەڵام کاتێک بودجەی (سیادی) سەروەریی یان بودجەی پارێزگاکان زیاد دەکرێت، ئەوا ئەو پارەیەی بۆ ئەو بوارانە تەرخاندەکرێت بۆ کورد نابێت‌و ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە (١٧٪)ەکەی کوردستان کەمتر دەکات، بـەڵام کاتێک لە پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەین، کە رێژەی (١٧٪) نـەدراوە بە کـورد بەهۆی نەبوونی هەماهەنگییەوە لایەنێکی دیکەی کـورد رایدەگەیەنێت، کە (١٧٪) بە تەواوەتی دراوە بە کوردستان هەر بۆیە هەرچییەک بکەین لە کارەکانماندا سەرکەوتوو نابین.

دەربارەی ئەوەش، کە بۆچی ئێستا وەزارەتـی دارایی باس لەوە دەکات، کە داهاتە هەرێمی‌و فیدراڵییەکان لێک جیانەکراوەتەوە؟

ئـەتـروشـی پـێـیـوابـوو؛ «چاوەڕواندەکرێت پەرلەمانی نوێی هەرێمی کوردستان پێداگیریی بکات لەوەی،کەدەبێت پارەیەکی زیاترتەرخان بکرێت بۆ پڕۆژەخزمەتگوزارییەکان‌و حکومەتیش دەیـەوێـت ئـەوە نیشان بدات، کە زۆربەی بودجەی هەرێم بۆ مووچە تەرخان دەکات».

هیوا میرزا، ئەندامی لیژنەی دارایی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوە کرد کۆمەڵێک کێشەی دارایـی لە نێوان هەرێم‌و بەغدا بە چارەسەر نەکراوی ماونەتەوە کە ئومێدەوارە پەرلەمانی خولی سێیەم چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوەو یەکلاییان بکاتەوە.

وتیشی: یەکێک لەو مەسەلانەی لە کابینەی حکومەتی هەرێم‌و خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستاندا، کە ناشەفافی‌و تاریک‌و لێڵیی پێوە دیاربوو بەهۆی نەبوونی فشارو هێزێکی ئۆپۆزسیۆنەوە بـوو، کە لە خولی پێشوودا بوونی نەبوو.

هیوا میرزا سابیر، پێیوابوو راپـەڕانـدن‌و بـەڕێـوەچـوونـی ئیشوکارەکانی رۆژانـەی وەزارەتـی دارایی‌و یەکلایکردنەوەی کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی ئەرکی وەزارەتـــی دارایـــی خۆیەتی، نەک پەرلەمانی کوردستان.

لەلایەکیترەوە بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی هەرێمی کوردستان بە وەکالەت ئەوەی بە رۆژنامە راگەیاند: کە تائێستا پەرلەمانی کوردستان بڕیارێکی دەرنەکردووە، کە چ جۆرە داهاتێک بدرێـتـەوە بە حکومەتی ناوەندیی.

وتـیـشـی: هـەرچـەنـدە دیـوانـی چاودێری دارایی عێراق پێیوایە، دەبێت سەرجەم داهاتەکان بچنەوە خەزێنەی حکومەتی فیدراڵیی، بـەڵام تائێستا حکومەتی ناوەندیی بە روونی ئەوەی رانەگەیاندووە، کە ئاخۆ چ جۆرە داهاتێک بچێتەوە مەرکەز.

---

## سلێمانی هەفتە بازاڕی دەبێت

بەرهەم خالید

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پڕۆژەیەک بۆ دروستکردنی هەفتە بازاڕێک لە سلێمانی ئاراستەی سەرۆکایەتی شارەوانی دەکات، سەرۆکی لیژنەی ئابووری ئەنجومەنیش دەڵـێـت: «ئامانجمان لەو پڕۆژەیە خزمەتکردنی خەڵکی سلێمانییە».

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: دوای ئەوەی لیژنەی ئابووری دیزاینی پڕۆژەکەیان تـەواوکـردووەو لە رێگای پارێزگارەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی کراوە بۆ ئەوەی زەوییان بۆ دابین بکات‌و پێشنیازیشیان کردووە بازاڕەکە لە تاسڵوجە یان گەڕەکی حاجیاوا بێت.

ئەحمەد حاجی رەشید، سەرۆکی لیژنەی ئابووری لە ئەنجومەنی پارێزگا رایگەیاند: بیرۆکەی ئەو پڕۆژەیەیان لە وڵاتانی دراوسـێ‌وە وەرگرتووەو پـڕۆپـۆزەڵـەکـەیـان ئـامـادەکـردووەو داویانەتە سەرۆکایەتی ئەنجومەن‌و ئامانجیان لەو پڕۆژەیەش ئەوەیە کە خەڵکی سلێمانی بە نرخی هەرزان کاڵاو کەلوپەلیان دەستبکەوێت ئەوەش لە بەرژەوەندیی خەڵکدایە، هەروەها باسی لەوەشکرد کە کێشەی دابینکردنی زەوییان هەیە، بەڵام ئەگەر شارەوانیش نەتوانێت زەوییان بۆ دابین بکات ئەوا بیر لەوە دەکـەنـەوە لەرێگەی کەرتی تایبەتەوە پڕۆژەکە جێبەجێبکەن.

## پێدانی قەرز بە فەرمانبەران، هێشتا بیرۆکەیە

محەمەد ساڵح حەمەلاو

بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق رایدەگەیەنێت ئەو قەرزەی بەغدا دەیدات بە فەرمانبەران، هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوەو بەڕێوەبەری بانکی هەرێمیش ئاماژە بەوە دەکـات؛ پێدانی ئەو قەرزە تائێستا بیرۆکەیەو نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

د.فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتـی دارایی عێراق لە لێدوانێکیدا ئاماژە بەوە دەکات ئەو قەرزەی کە حکومەتی ناوەندی دەیدات بە فەرمانبەران‌و برەکەی لە نێوان (٢٥ بۆ ٦٠) ملیۆن دینارەو فەرمانبەرانی هەرێمیش دەگرێتەوە.

بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی هەرێم بە وەکالەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «تائێستا هیچ نووسراوێکی رەسمیمان لەو بارەیەوە بەدەست نەگەیشتووەو وەزارەتـی دارایی هەرێمیش هیچ پڕۆژەیەکی لەو بارەیەوە نییە».

عەلی محەمەد، بەڕێوەبەری بانکی هەرێم لە سلێمانی ئاماژەی بەوە کرد؛ «ئەوەی کە باسکراوە تائێستا بیرۆکەیەو نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام لە حاڵەتێکدا ئەگەر حکومەتی ناوەندی بیەوێت ئەو قەرزە بدات بە فەرمانبەرانی هەرێم، ئەوا بانکی هەرێم نوێنەری خۆی رەوانـەی بەغدا دەکـات‌و هـەوڵـدەدات لە رێگەی هـەردوو بانکی مەرکەزی هەولێرو سلێمانییەوە کارئاسانی بۆ فەرمانبەرانی هەرێم بکرێت.

## روونکردنەوەیەک لە کۆمپانیای دانە غازەوە

دەربـارەی ئەو زانیارییانەی لەسەر کۆمپانیای دانە غاز لە ژمـــارە (٥٤٥) لـــە (١ / ٩ / ٢٠٠٩)ی رۆژنامەی رۆژنامەدا نووسرابوو، کۆمپانیای دانە غـــاز هیچ پەیوەندییەکی نییە بە پڕۆژەی راکێشانی هێڵی غاز بۆ ماڵان، لەبەرئەوەی ئەوە ئیشی کۆمپانیای دانە غـــاز نییە.

کۆمپانیاکەمان کار لە پەرەپێدانی وەبەرهێنانی گازی سروشتی دەکات لە کوردستان‌و جیهاندا، ئێستا دانە غـــاز رۆژانە (١٠٠) ملیۆن پێ سێ جا گازی سروشتی وەبەردەهێنێ‌و لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم ژمارەیە دوو جار دەبێتەوە.

کۆمپانیای دانـە غـــاز کار لە بـواری گازدا دەکات، نەوەک دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون، بە سەرسووڕمانەوە نووسەری ئەم بابەتە جیاوازی ناکات لە نێوان کۆمپانیای بەڵێندەری بیناسازیی‌و کۆمپانیای نەوت‌و گـــاز.

# داهاتەکانی نەوت بۆ کوێ دەچن؟

ستاره عارف

**ڕۆژی (٢٠٠٩/٦/١) لە هەردوو کێڵگەی تاوگیو تەقتەق دەستکرا بە ناردنە دەرەوەی نەوت، کە ڕۆژانە لە توانایاندا هەیە (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی دەرەوە بکەن.**

**داهاتی ئەو نەوتەی کە لەو کێڵگانەوە هەناردە دەکرێن، دەچێتەوە خەزێنەی حکومەتی عێراقو لەو ڕێژەیەش (١٢٪)ی بۆ هەرێمی کوردستانە، دەرهێنانی نەوت لەو کێڵگانە لەلایەن سێ کۆمپانیاوە بوو، کە ماوەی (٧) ساڵ لە هەرێمی کوردستاندا سەرگەرمی دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت بوون.**


مەراسیمی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم

دەرهێنانی نـەوت لەو ناوچانەدا لە کاتێکدایە، کە تائێستاش یاسای نەوتو گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەرنەچووەو هیچ وردەکارییەک لە بارەی گرێبەستەکانی نەوتەوە نازانرێت.

بە گوێرەی زانیارییەکان بەشە پشکی کۆمپانیاکان (١٢-٢٠٪)ەو لە بەشی (١٧٪) کەی کوردستان دەدرێـتو ڕایەکیش هەیە دەڵێت؛ کە حکومەتی فیدراڵی خۆی بەشی کۆمپانیاکان دەداتو ئـەوەش تائێستا لە گفتوگۆدایەو بەشێکە لە کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا.

بەڵام حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق، ماوەیەک لەمەوپێش ڕایگەیاند: ئەوان نەوتەکە دەفرۆشنو داهاتەکەشی وەردەگرنو پارەی کۆمپانیاکانیش دەبێت هەرێم بیدات.

هەرسێ کۆمپانیاش ڕایانگەیاند: تا ئەو بەشەیان، کە لە گرێبەستەکەدا هاتووە وەرنەگرن هەنگاوی دیکە نانێن.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەک، کە وەزارەتی نەوتی عێراق کردوویەتی، حکومەتی هەرێم ڕێـژەی (١١٪ بۆ ٢٨٪) قازانج دەدات بەو کۆمپانیایانە.

پرۆفیسۆر د.محەمەد ڕەئوف مامۆستای زانکۆی سلێمانی پێیوایە؛ ئەو پرسەی کە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم دەستیان بۆ برد مەترسیدار بوو، چونکە کێشەی زۆری دروستکرد لەسەر ئاستی عێراقو جیهانیشدا، لەبەر ئەوەی کەس نازانێت ئەو گرێبەستانە چۆن کراون.

بەپێی مادەکانی «١١١و١١٢و١٤١» لە دەستووری عێراقدا، بەغدا ڕێگە بە هەولێر دەدات مامەڵە بە نەوتەوە بکات، بە مەرجێک داهاتەکەی بۆ خەزێنەی ناوەند بگەڕێتەوەو حکومەتی هەرێمیش لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وەو تائێستا (٢٨) گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان ئیمزا کردووە.

بـەڕای زمناکۆ سەعید، شـارەزاو ئەندازیاری بواری نەوت، گرێبەستەکانی نەوت کە لە ئاستی کوردستاندا کراون، پاش ئەوە هات کە، نەتوانرا لە ئاستی عێراقدا یاسای نەوتو گاز بەرهەم بێت، گرێبەستی نەوتو گازیش پاش ئەوە بوو، کە لە هەرێمدا یاسای نەوتو گاز دەرچوو، بۆیە بە بڕوای ئەو شارەزایە ئەم یاسایە وەک فشارێکە لەسەر عێراق، کە ئەگەر یاسای نەوتو گاز دەرنەکەن، ئەوا هەرێم سەربەخۆ یاسا دەردەکـاتو بەپێی دەستووری عێراقیش ئەگەر یاساکە لە بەرژەوەندیی هەرێمدا نەبێت، ئەوا سەروەریی بۆ یاسای هەرێمە.

زمناکۆ سەعید وتیشی: «گرێبەستەکانی نەوت فشارێکە لەسەر ناوەند، بۆیە ئەگەر حکومەتی عێراق یاساکە پەسەند نەکات، هەرێم خۆی سەربەخۆ هەڵدەستێت بە هەناردەکردنی نەوت».

هەرچەندە وەزارەتـی نەوتی عێراق ڕازی نەبووە بە گرێبەستەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی وەزارەتی دارایی عێراقی پێویستی بە داهـات هەیە، بۆیە حکومەتی عێراق ڕەزامەندیی لەسەر هەناردەکردنی نەوتی هەرێم دەربڕی.

بـەپێـی لـێدوانـێکـی پێشووتری ئاشتی هـەورامـی وەزیــری سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێم، بڕی هەناردەی نەوت لە هەردوو کێڵگەی تاوگیو تەقتەق ڕۆژانـە بۆ (٢٥٠) هـەزار بەرمیل بەرز دەبێتەوەو بەوپێیە هەرێم ساڵانە (٢) ملیار دۆلار بۆ خەزێنەی عێراق دەگەڕێنێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە پرۆفیسۆر د.محەمەد ڕەئوف، ئاماژەی بەوەدا کە دەسەڵاتدارانی هەرێم ویستیان دەریبخەن، کە نیەتی خراپیان لە هەناردەکردنی نەوتدا نییەو مەبەستیانە گەشە بە وەبەرهێنان بدەن لە ئاستی عێراقداو نیازپاکی خۆیان بۆ حکومەتی ناوەند دەربڕی، بەتایبەت کاتێک، کە بەپێی دەستوور «نەوت موڵکی هەموو تاکێکی عێراقییە».

ئەو شـــارەزا ئابوورییە باس لەوە دەکات، کە ناردنە دەرەوەی نەوت جۆرێک لە بێبەرنامەیی پێوە دیارە، کە کەس نازانێت بە چ شێوازێکە، چونکە نازانرێت ئەو نەوتەی دەردەهێنرێت چەندی لە ڕێگەی بۆرییەوەیەو چەندی لە ڕێگەی خاڵە سنوورییەکانەوە دەنێردرێتە دەرەوە.

بە بـڕوای د.محەمەد ڕەئـوف، هەر ئەوەشە وایکردووە، کە حکومەتی عێراق نزیکەی (٨٠٠) ملیۆن دۆلاری لە بودجەی هەرێم بڕیوە، بۆیە دەپرسێت ئایا ئەو پارەیەی کە بڕاوەو ئەوەی بە قاچاخ دەچێتە دەرەوەو ئەو پارەیەی، کە دەستکەوتووە لە ڕێگەی ناردنی ئەو نەوتەوە گەڕاوەتەوە بودجەی هەرێمو سوودی لێ بینراوە وەک داهاتی گشتیی؟

د.مـــحـــەمـــەد ڕەئـــوف دەڵـــێ: «هەناردەکردنی نەوت سیناریۆیەک بوو بۆ دەرخستنی نیازپاکی ئەو کەسانەی هەستاون بە دەرهێنانی نەوتەکە»، لەگەڵ ئـەوەدا حکومەتی عێراقیش پەسەندی کردووەو ڕەزامەند بووە، چونکە قازانج دەکاتو نەوتەکە دەفرۆشێتو دەچێتەوە خەزێنەی عێراقەوە، بەڵام ئەگەر کۆی بکەیتەوەو دابەشی بکەیت دەکاتە (١٢٪)، چونکە خەرجییە سیادییەکان ناخرێتە ناو (١٧٪) کـەوە، واتە ئەو نەوتەی کە سامانی نەوەکانەو داهاتی کوردستانە بـەو شێوەیەی کە کـەس سـوودی لێ وەرنەگرێتو ئەو بەشەشی کە بە قاچاخی دەفرۆشرێت، کەس نازانێت پارەکەی بۆ کێیە، کە دەچێتەوە خەزێنەی عێراقیشەوە بەشێکی کەمی بۆ کوردستانەو ئەگەر ئەم هەناردەکردنەش نەبوایە هەرێم لەبەشە نەوتی عێراقی بڕە بەشی خۆی هەبوو (١٧٪) کەش هەر دەهات بۆیە ئەمە حاڵەتێکە خەڵک زۆر گومانی لێدەکات، هەتا پسپۆڕەکانی بواری ئابووریش نازانن چۆنەو بەچ شێوەیەکە.

کەمال تەها، بەڕێوەبەری پاڵاوگەی نەوتی سلێمانی پێیوایە؛ هێشتا کێشەی گرێبەستەکان لەگەڵ عێراقدا یەکلایی نەبووەتەوەو ئەو کۆمپانیانەش کە لە هەرێمی کوردستاندا گرێبەستیان کردووە گرێبەستی هاوبەشن، لەو نەوتەش کە هەناردەی دەرەوەی دەکەن بەشی ئەو کۆمپانیایانەشی تێدایە.

کەمال تەها، باس لـەوە دەکـات کە ئاگاداری ئەو گرێبەستانە نین کە هەرێم لەگەڵ ناوەندا کێشەی هەیە لە سەریان، تەنانەت ئەندام پەرلەمانەکانیش ئاگاداری نینو پێویستە حکومەتی هەرێم یان بەغدا، کە گرێبەست دەکەن پێویستە گەلی عێراق ئاگاداری بن.

لە عێراقدا هەرچی گرێبەسێک کرابێت گەڕاوەتەوە بۆ پەرلەمانی وڵاتەکە، بە وتەی ئەو بەرپرسە لە ساڵی (٥٠) کانەوە گرێبەستی هاوبەش نەماوەو کۆمەڵێک گرێبەستی تایبەتی وەک گرێبەستی خزمەتگوزارییو هـونـەریـی هەیەو گرێبەستی هاوبەش ئێستا هیچ وڵاتێک پیادەی ناکات، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا ئەو گرێبەستانەی کە کراون هاوبەشن.

بـەڕێـوەبـەری پـاڵاوگـەی نەوتی سلێمانی، وتیشی: لە هەناردەکردنی نەوتدا تائێستا نەک ئێمە، پەرلەمانیش ئاگادار نییە کە چەندی بەشی کۆمپانیاکانەو چەندی بەشی میللەتە، بۆیە پێیوایە، کە ئەمەش ئەرکی پەرلەمانی نوێیە لە سامانە سروشتییەکان بپرسێتەوەو بەدوایدا بچێت، کە گرێبەستەکان چۆن کراونو چەندی پشکی کۆمپانیاکانەو چەندی بۆ میللەتە.

# تائێستاش یەکلایی نەکراوەتەوە

# داهات، سەرچاوەی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدایە



محەمەد ساڵح حەمەلاو

**بریکاری وەزارەتی دارایی هەرێم ڕایدەگەیەنێت؛ تائێستا پەرلەمانی هەرێمو عێراق کێشەی داهاتی هەرێمیو داهاتی فیدراڵییان یەکلایی نەکردووەتەوەو ئەندامێکی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش ئاماژە بەوە دەکات؛ وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم متمانەی بە بەرپرسە کوردەکانی بەغدا نییە.**

**یەکێک لە کێشە داراییەکانی نێوان هەرێمو بەغدا ئەوەیە، کە پەرلەمانی کوردستان باج بە داهاتی هەرێمیی ناو دەبات، بەڵام ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق باج بە داهاتێکی فیدراڵی دادەنێتو لەو کاتەی بودجەی هەرێمی کوردستان بە بودجەی عێراقەوە پەیوەست کراوە، هەرچی داهاتی هەرێمی کوردستانە لەبەشە بودجەی هەرێم دەبڕێت.**

ڕەشید تاهیر، بریکاری وەزارەتی دارایی هەرێم ڕایگەیاند: تائێستا داهاتی هەرێم لە داهاتی حکومەتی فیدراڵ جیانەکراوەتەوە، کە ئەرکی هەریەک لە پەرلەمانی عێراقو هەرێمی کوردستانە ئەو کێشەیەیان یەکلایی بکردایەتەوە.

وتیشی: جیانەکردنەوەی داهاتی هەرێم یەکێکە لە کێشە داراییەکانی نێوان هەولێرو بەغداو بەپێی دەستووریش حکومەتی عێراق دەبێت تەنیا ئەو داهاتانە لە بودجەی هەرێم ببڕێت کە بە «داهاتی فیدراڵی» ناو دەبرێن.

بە وتــەی ڕەشید تاهیر، ئەگەر ئەو کێشەیە یەکلایی بکرایەتەوە بڕێکی زۆر لە داهاتی کوردستان بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێم دەگەڕایەوەو دەتوانرا کارو پرۆژەی زیاتری پێ ئەنجامبدرێت.

بەپێی یاساکانی عێراق دەبێت سەرجەم داهــاتو باجەکان بگەڕێنەوە خەزێنەی حکومەتی ناوەندی، ئەوە لە کاتێکدایە کە لە دەستووری نوێی عێراقیشدا تائێستا مەسەلەی باجو داهاتو کۆمەڵێک شتی دیکە بە ڕوونی دیاری نەکراوە.

سامی ئەتروشی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەوەی بە ڕۆژنامە ڕاگەیاند: تائێستا یاسای عێراقی بە ڕوونی ئەوەی دیارینەکردووە، کە چۆن هەڵسووکەوت لەگەڵ هەرێمدا بکرێتو تائێستاش دەبێت هەرچی گومرکو داهاتو باجو ڕسوماتە بە هەرێمی کوردستانیشەوە بگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەتی ناوەندی.

لە زۆربەی وڵاتانی فیدراڵدا هەندێک داهاتی وەک فرۆشتنی کاڵاو ڕسوماتو داهاتی خزمەتگوزاریی بۆ هەرێمەکان خۆیان دەبنو لە بوارەکانی خزمەتگوزاریدا خەرج دەکرێنەوە.

ئەتروشی، پێیوابوو؛ «یاساکانی عێراقی کۆننو پێویستە پێداچوونەوە بە دەستووری عێراقیشدا بکرێتو هەندێک مادەو بڕگەی هەموار بکرێت».

بەپێی دەستوور لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆی هەیە یاسا پێشنیاز بکات بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی وەزیرانیش دەتوانێت پرۆژەیاسا بـەرز بکاتەوە بۆ سەرۆکایەتی کۆمارو دواتریش بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانو پەسەند بکرێت.

ئەندامەکەی لیژنەی دارایـی ئەوەشی نەشاردەوە، کە «زۆرجار ئەندامانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێویستیان بەو زانیارییانەبووە، کە بزانن هەڵسوکەوتی حکومەتی ناوەندی لە بەرامبەر حکومەتی هەرێم چۆنە، بەڵام بە وتەی ئەتروشی ئەوان زانیارییان لانەبووەو کاتێکیش پەیوەندییان بە وەزارەتـی دارایی حکومەتی هەرێمەوە کردووە لەجیاتی ئەوەی زانیارییان بدەنێ بابەتەکانیان بۆ ڕوونبکەنەوەو هاوکارییان بکەن، بە پێچەوانەوە ڕووبـەڕوویـان وەستاونەتەوەو ئەوەیان پێڕاگەیاندوون، کە گوایە داهاتێکی ئەوتۆ لە بەغداوە نەگەڕاوەتەوە بۆ هەرێمو بەغدا داهاتەکانی لای خۆی گلداوەتەوە».

جگە لە پۆستی سەرۆک کۆمارو جێگری سـەرۆک وەزیـرانو جێگری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کورد (٥٨) کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەیە، ئەوە سەرباری ئـەوەی کە جێگری سەرۆکی لیژنەی داراییو بریکاری وەزارەتی داراییو دەیـان پۆستی گرنگی دیکەیش بەدەست کـوردەوەن، هەربۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە لە ڕێگەی وەزارەتی دارایی یاخود ئەنجومەنی وەزیران یان پەرلەمان دیراسەی بودجە بکات، چونکە لە هەریەک لەو شوێنانە ئەندامی کوردی تێدایە.

ئەتروشی وتــی: «ساڵانە لە کاتێکدا بودجەی گشتیی پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێت، هیچ هەماهەنگیو پەیوەندییەک لـە نـێوان لیژنەی دارایـی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستاندا نییە ئەگەر هەشبێت پەیوەندییەکە زۆر لاوازە».

ئـەتـروشـی، پـێـیـوابـوو: «دەبـێـت حکومەتی هەرێم هەنگاوی یەکەم بنێت بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە داراییەکانی لەگەڵ بەغدا، چونکە لەو مەسەلەیەدا حکومەتی هەرێم خاوەن بەرژەوەندییە نەک بەغدا»

ئەتروشی، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە پێدەچێت بەرپرسانی هەرێم وابیربکەنەوە، کـە متمانەیان بـە ئێمە نەبێت یاخود پێویستیان بە ئێمە نییە، ئەوەشی بە نموونە هێنایەوە کە زۆر جار بەرپرسانی وەزارەتی دارایی هەرێم سەردانی بەغدایان کردووەو ماوەی مانگێکیش لەوێ ماونەتەوە، بەڵام لـەو مـاوەیـەدا هیچ پەیوەندییەکیان بە

## ئەزموونی شەڕی پێشمەرگە دەگوازرێتەوە بۆ یەمەن

# جەنگی لەبری سعودیەو ئێران دەستی پێکردووە

**هەستیار قادر**

«یـەمـەن لەڕێگەی چەند ئەفسەرێکی پێشووی بەعسەوە ئەزمونی شەڕی پێشمەرگە دەگوازێتەوە بۆ بنەبڕکردنی حوسییەکانی وڵاتەکەی‌و چەند پسپۆڕێکی سیاسیش ئاماژە بەوە دەکـەن کە شەڕی حکومەتی سەنعاو بەرهەڵستکارە حوسییەکان جەنگی لەبری نێوان عەرەبستانی سعودیەو کۆماری ئیسلامی ئێرانە».

بەپێی ڕاپۆرتە هەواڵێک کە سایتی هەواڵنێری ئیلاف بڵاویکردووەتەوە، حکومەتی یەمەن ئەزمونی شەڕی پێشمەرگەی گواستووەتەوە بۆ وڵاتەکەی بەمەبەستی لێدانی چەکدارە حوسییە یاخیبووەکان کە لە شاخەکانی باکوری ئەووڵاتەدا خۆیان جێگیرکردووەو حکومەتی سەنعاش ئەم کارەی لەڕێگەی سوودوەرگرتن لەو ئەفسەرانەی پێشووی بەعسەوە وەرگرتووە کە وەک ڕاوێژکاری سەربازی لەو شەڕەیدا لەگەڵ حوسییەکان کاردەکەن.

د.بـوخـاری عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بێئاگایی لیژنەکەی لە زانیارییەکی وردی لەو جۆرە نیشاندا، بەڵام بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «لەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسەوە ئەفسەرانی سوپای پێشووی عێراق ڕویانکردووەتە وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەت وڵاتی یەمەن کە بەشێک لە ڕێکخراوەکانی حیزبی بەعس‌و ئەفسەرە پلەدارەکانی لە وڵاتی یەمەن کۆبوونەوتەوە».



شەڕی سوپای یەمەن لەگەڵ چەکدارە حوسییە شیعە مەزهەبەکان کە سەنعا بە کەمینەی ١٥٪ی دانیشتوانە (١٩) ملیۆنیەکەی لەقەڵەم دەدات، بەلای هەندێک لە چاودێرانی سیاسییەوە ڕەهەندی سیاسی‌و سەبازی تری هەیەو ناکرێت ئەو شەڕە تەنها لە نێوان حکومەتی یەمەن‌و حوسییەکان حیساب بکرێت کە داوای گەڕانەوەی حوکمی زەیدییەکان دەکـەن کە لە ساڵی ١٩٦٢دا بە کودەتای سـەبـازی لە دەسـەڵات دەرکـران، بەڵکو ئەو شـەڕە بەجەنگی لەبری عەرەبستانی سعودیەی سوننە مەزهەب‌و ئێرانی شیعە مەزهەبدایە، بەتایبەت کە بەرپرسانی یەمەن لە میانەی شەڕیاندا لەگەڵ چەکدارە یاخیبووە حوسییەکاندا ئاماژەیان بە پشتگیریکردنی دارایی‌و سەربازی حوسییەکان کرد لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوەو لەبەرامبەریشدا حکومەتی تـاران، عەرەبستانی سعودیەی تۆمەتبار کرد بە پشتگیریکردنی سوپای یەمەنی لە سەرکوتکردنی حوسییەکاندا.

لە دوایین ژمـارەیـدا گۆڤاری (فۆرین بولیسی) ئەمەریکی ئاماژە بەوە دەکات کە جەنگی ساردی نێوان ئێران‌و عەرەبستانی سعودییە دەستی پێکردووە کە بە جەنگی لەبری ناو دەبرێت، ئەو شەڕەش کە لە ناوچەی (سەعدا)ی باکوری یەمەن ڕوویدا بەشێکە لەو ململانێیەی نێوان تاران‌و ڕیاز.

هـاوکـات، سایتی ئیلاف لەسەر زاری د.سـامـح خـەلـیـل، پـسـپـۆڕی کـاروبـاری ستراتیژییەوە بڵاوی کردووەتەوە کە ئێران دەیەوێت گەمارۆی عەرەبستانی سعودییە بدات بەشێوەیەک کە سنووری سـەرەوەی عێراقی لێبگرێت‌و لەباشوریشەوە یەمەن‌و لە خۆرئاواوە قەتەرو لە خۆرهەڵاتیشەوە کوەیت‌و بەحرەینی لێبتەنێت.

لـەلای خۆشیەوە د.بوخاری عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژەی بەوەدا کە شەڕی نێوان حوسییەکان‌و حکومەتی یەمەن پەیوەندی بە ململانێ هەرێمییەکانەوە هەیە، تەنانەت ئەگەر هەیە هەندێک لایەنی دەرەکیش دەستیان لەو ململانێیەدا هەبێت.

**حوسییەکان**

* سەر بە تایفەی شیعەی زەیدین.
* نزیکەی (١٩٪)ی دانیشتووانی یەمەن پێکدەهێنن.
* لە ناوچە شاخاوییەکانی شاری سەعدای باکووری یەمەن‌و هاو سنووری عەرەبستانی سعودییە دەژین.
* سیستمی حوکمڕانی ئێستای یەمەن ڕەتدەکەنەوەو داوای گەڕاندنەوەی حوکمی ئیمامە زەیدییەکان دەکەن.
* یەکەم ڕابەری بەرهەڵستکاری چەکدارییان حسێن بەدرەدین حوسی بوو، کە پێشتر ئەندامی پەرلەمانی یەمەن بوو.

ئێستا چەکدارە بەرهەڵستکارە حوسییەکان لەلایەن عەبدولمەلیک حوسییەوە سەرکردایەتی دەکرێن.

## تورکیا داوای ماف بۆ کوردەکانی سوریا دەکات

# «حیزبە کوردییەکانی سوریا پارچەپارچەن»

**هۆزان عفرینی**

هەرکاتێک کـوڕە کوردەکانی کوردستانی سوریا لە شار دەچنە دەرەوە دوو ئەگەر چاوەڕێیان دەکات، یان ئەوەتا جارێکی دیکەو بەشێوەیەی دیکە دەیانبیننەوە یان هەواڵی شەهیدبوونی بۆدێننەوە.

بۆ باوکی شەهید سەبری ئەگەری دووەمیان بـوو، دوای ئـەوەی لە ساڵی (١٩٨٩) لە شاری قامیشلوی کوردنشین باوکی بەجێهێشت، لە ساڵی (١٩٩٠) لە ناوچەی بێت ئەلشەباب سەر بە هەرێمی بوتان شەهیدبووە.

بـاوکـی شەهید سـەبـری بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەمڕۆ ڕەوشی ژیـانـی گەلی کـــوردو نەبوونی ئازادیی‌و سووربوونی حکومەتی بەعس لەسەر کردەوەکانی منی هاندا بە کوڕەکەی خۆم بڵێم پیرۆزبێت ئەو ڕێبازەی کە هەڵتبژاردووە.

سەرۆک کۆماری تورکیا داوای لە حکومەتی سوریا کـرد مافی هاوڵاتییانی کورد بدات‌و ناسنامە بداتە ئەو کوردانەی کە تائێستا بێ ناسنامە ماونەتەوە، کە بەپێی زانیارییەکان (٣٥٠) هەزار هاوڵاتی کـورد لە سوریا ناسنامەیان لێ سەندراوەتەوەو بە بیانیی نووسراون یاخود ناویان تۆمارنەکراوە.

شەلال گەدو، ئەندامی کۆمیتەی نـاوەنـدی پارتی چەپی کـوردی سوریا، وتی: «پشتگیریی خۆمان لەو پرۆسەیە دەکەین کە لە پێناوی پێدانی ناسنامەو ڕەگەزنامە بە کوردو گەڕانەوەی ئەو گەریلایانەی کە لە پێناوی ناسنامەو مافە ڕەواکانی کوردا بە ناچاریی دەستبەرداری کەسوکارەکانی خۆیان بوون».

گـەدو پێیوایە، ئەگەر تورکیا فشار بخاتە سەر سوریا ئەوا ئەو وڵاتە ناچار دەبێت هەنگاوی جدیی بۆ داننان بە مافەکانی کوردا بنێت.

داواکـەی حکومەتی تورکیا لە کاتێکدایە زیاتر لە (٣٠٠٠) گەریلا وەک ئۆپۆزسیۆنی سوریا لەناو پـارتـی کـرێـکـارانـی کوردستان (پەکەکە) لە سنووری تورکیادان‌و ترسی حکومەتی تورکیا لەوەیە لەکاتی لێبووردنی گشتیی ئەو ژمارە گەریلایەی کوردستانی سوریا لە چیاکانی تورکیا دەمێننەوە.

محەمەد بـەشـار، چـالاکـوان‌و ڕۆژنامەنووسی خەڵکی کوردستانی سوریادەڵێت:«سوریاداواکارییەکانی تورکیا سەبارەت بە چارەسەری کێشەی ئەو گەریلایانەی کە لە چیاکانی کوردستانن پەسەند ناکات‌و تورکیاش هەوڵی دروستکردنی قاسمی هاوبەش دەدات، کە لەنێوان وڵاتانی دەرو دراوسێی کوردستاندا بـۆ چـارەسـەرێـکـی گونجاو بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان».

هـەر بەپێی ئـامـاری لیژنەی مافی مرۆڤ لە سوریا (مـاف) لە ماوەی (٢) ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە (٢٧) لاوی کورد لەناو ڕیزەکانی سوپای سوریادا بە بیانووی نادیار کـوژراون، مانگی ڕابـردووش (٥) هاوڵاتی کورد لەلایەن حکومەتی سوریاوە دەستگیرکران‌و بە (٨) ساڵ زیندانیی حوکمدران.

میدیا عەلی، ئەندامی کۆمەڵەی کـەنـدی_کـوردی بـۆ مافەکانی مرۆڤ، سەبارەت بە جیاوازییەکان لەنێوان ڕەوشی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیاو سوریا دەڵـێـت: «هەرچەندە کاریگەریی حکومەتەکەی ئەردۆغان لەسەر سوریا هەیە، بەڵام پێناچێت سوریا ئەو داواکارییەی تورکیا بە ئاسانیی پەسەندبکات، چونکە تورکیاو سوریا جیاوازییان زۆرە».

زیاتر لە (٢٥) ساڵە حیزبە کوردییەکانی تورکیا لەگەڵ حکومەتی وڵاتەکەیان لە جەنگدان زیاتر لە (٤٠) هەزار کەس بەو هۆیەوە کوژراون، هاوکات فشاری یەکێتی ئەوروپای لەسەرە بۆ بە ئەندام وەرگرتنی، لەگەڵ ئەمانەشدا پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (دەتەپە) زیاتر لە (٢٣) ئەندامی لە پەرلەماندا هەیەو خاوەنی (٩٩) شارەوانیە، کە (٨) پارێزگا لەخۆدەگرێت‌و چوارەمین پارتە لەسەر ئاستی تورکیا، لەبەرامبەردا هیچ فشارێکی نێودەوڵەتیی لەسەر سوریا نییە بۆ پێدانی مافی هاوڵاتی کـورد لەو وڵاتـەدا جگە لە چەند پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی کوردیی.

ئەندامەکەی کۆمەڵەی کەنەدی_کـوردی، پێیوایە، ئەگەر سوریا لـەژێـر فشارێکی نێودەوڵەتیدا داواکارییەکانی تورکیا پەسەندبکات، تەنیا لەبەر کێشەی ئەو (٣٠٠٠) گەریلایەیە کە لەناو پەکەکەدان، بەڵام حیزبە کوردییەکانی سوریا گوتاری یەکگرتووی سیاسییان نییەو پارچەپارچەن، ئەوەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ڕۆڵی سوریا.

ژمارەی دانیشتووانی کورد لە سوریا لە (٣) ملیۆن تێپەڕاندووەو (٣٥٠) هەزار هاوڵاتی کورد لە سوریا ناسنامەیان لێ سەندراوەتەوەو بە بیانیی نووسراون، یاخود ناویان تۆمارنەکراوە، حکومەتی سوریا چەندین پێشێلکاریی بەرامبەر کـورد کـردووە، لەو میانەیەشدا لە ساڵی (١٩٦٠) لە شارۆچکەی عامودا سینەمایەک سووتاو نزیکەی (٢٨٣) منداڵی کورد تێیدا سووتاون بێئەوەی حکومەت هیچ کارێکی لێپرسینەوە بکات.

## لە سەوزە فرۆشییەوە بۆ UN

**ئا: شاڵاو فەتاح**



ئاد میڵکێرت

نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق، ئاد میڵکێرت گرنگی بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان‌و بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری‌و نەهێشتنی هەژاری‌و بێکاری دەدات‌و بەتوندی دژی کارکردنی منداڵانەو لەگەڵ گەشەپێدانی پەروەردەیە لە جیهاندا.

میڵکێرت نـاوی تـەواوی ئەدریانوس پیتروس ویلهێلموس (ئاد) میڵکێرتە، لە ١٢ی فەبرایەری ١٩٥٦ لە هۆڵەندا لەدایکبووە، میڵکێرت لە خێزانێکی مامناوەنددا لە گوندی گۆدێراک (باشووری هۆڵەندا) گەورەبوو، باوکی سەرتاش بوو، تا ساڵی ١٩٦٨یـش میڵکێرت لە خوێندنگای سەرەتایی کڵێسای ڕۆمان-کاسۆلیک دەیخوێند، دواتر بوو شاگردی سەوزەفرۆشێک، لە ساڵی ١٩٧٤دا خوێندنی ئامادەیی تەواوکردو دەستیکرد بە خوێندنی زانستەسیاسییەکان لە زانکۆی ئەمستردام، لە زانکۆدا بوو بە چالاکوانێکی مەسیحییەچەپەکانی پارتی سیاسیی ڕادیکاڵ، دواتر بووە ئەندامی بۆردی حیزبەکەو سێیەم کاندیدی حیزبەکە بوو بۆ پەرلەمانی ئەوروپای ساڵی ١٩٧٩، لەساڵی ١٩٨١ ماستەری بەدەستهێناو نامەی ماستەرەکەی خەڵاتی باشترین نامەی ئەو ساڵەی بەدەستهێناو هەر لە ساڵی ١٩٨١دا بووە سکرتێری گشتیی مونتەدای گەنجانی کۆمەڵگەی ئەوروپی (لقێکی ڕێکخراوی یەکێتیی ئەوروپا)، دواتر میڵکرت ژیانی هاوسەری لەگەڵ مۆنیکا لیۆن بۆرکیز پێکهێنا.

بەهۆی کێشەی ناوخۆیی باڵەکانی ناو حیزبی (پی.پی.ئاڕ)ەوە، میڵکێرت پارتەکەی بەجێهێشت‌و دواتر بووە بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆی ڕێکخراوی ئۆکسفام کە پێکهاتبوو لە چەند ڕێکخراوێک بۆ گەشەپێدانی جیهانێکی بێ هەژاری، لە ساڵی ١٩٨٦دا میڵکێرت کتێبێکی نووسی لەبارەی گەشەکردنی جیهان لەژێر ناونیشانی (وەزیری نوێ: گەشەکردنی هاوکاری لە کابینەی ١٩٦٥-١٩؟)

لەساڵی ١٩٨٦ میڵکێرت بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی هۆڵەنداو وتەبێژی حیزبەکەی خۆی (پی.ڤی.دی.ئەی)، لە ساڵی ١٩٩٤ بووە جێگری بەڕێوەبەری کۆمیتەی دارایی پەرلەمان، دواترو هەر لەو ساڵەدا بوو بە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی‌و کارو لە ساڵی ١٩٩٥ پلانێکی پێشکەشکرد بۆ دامەزراندنی ٤٠,٠٠٠ بێکار، کارەکان ناسرابوون بە (ئیشی میڵکێرت)، دواترو لە ساڵی ١٩٩٧دا ئیشی لەسەر چاکسازیی بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە هۆڵەندا کرد. لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٨دا میڵکێرت کاندیدی پێنجەمی حیزبەکەی بوو، لەدوای هەڵبژاردنەکانیش بوو بە سەرۆکی گروپی پەرلەمانیی حیزبەکەی‌و سەرۆکی کۆمیتەی پەرلەمانیی بۆ زانیاری‌و خزمەتگوزاریی ئەمنی. میڵکێرت سیاسییەکی بەربەرەکانێ کارە، ناسرابوو بە «تاجی شا» لە حیزبەکەیدا، لەساڵی ٢٠٠١داو پاش ئەوەی کۆکی سەرۆکی حیزبی «پی.ڤی.دی.ئەی» خانەنشین بوو، ئەو بوو بە سەرۆکی حیزب.

لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢دا کەسی یەکەمی حیزبەکەی بوو، پرسیار لەسەر ئەوەبوو گوایە دەبێتە سەرۆک وەزیران یان نا، بەڵام فۆرتوین وەک کاریزمایەک لە مەیدانی هەڵبژاردنەکاندا پەیدابوو، لەڕێی وروژاندنی کێشەکانی کۆچبەریی‌و تاوانبارکردنی حیزبەکەی میڵکێرتەوە توانی ببێتە سەرۆک وەزیران، لە دیبەیتەکاندا میڵکێرت وەڵامی پلانەکانی فۆرتوینی دەدایـەوە بە (پرۆفیسۆر، ئەوە تەنیا پەراوێزە) بەمانای ئەوەی پلانەکانی رووکەشن، ئەمەش وێنەی میڵکێرتی لەناو جەماوەردا وەک کەسێکی لەخۆبایی ناشرینکرد. شەش ڕۆژ پێش هەڵبژاردن فۆرتوین تیرۆرکرا، ئەمەش ئاژاوەیەکی زۆری دروستکرد، میڵکێرت پاش ئەوەی چەندین هەڕەشەی کوشتنی لێکرا بەخێرایی شارەکەی خۆی بەجێهێشت، حیزبەکەی میڵکێرت نزیکەی نیوەی کورسییەکانی پەرلەمانی لەدەستچوو، تەنیا ٤٥کورسی لەکۆی ١٥٠کورسی بەدەستهێنا، میڵکێرت لەئێوارەی هەڵبژاردنەکەدا دەستی لەکارکێشایەوە وەک سیاسی، بەڵام لە پەرلەماندا مایەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٢دا میڵکێرت بـووە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بانکی نێودەوڵەتی، لە ساڵی ٢٠٠٥دا کاندیدێکی بەهێز بوو بۆ بەڕێوەبەرێتیی پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵام کەمال دەروێش پۆستەکەی بردەوە، لە ساڵی ٢٠٠٦دا لەلایەن کۆفی ئەنانی سکرتێری گشتیی پێشووی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دەستنیشانکرا وەک جێگری بەڕێوەبەری پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوەیەکگرتووەکان. لە ساڵی ٢٠٠٩دا میڵکێرت لـەلایـەن بانکیمۆنی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دەستنیشانکرا بە نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لەعێراق.

# «ئەگەر تورکیا لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا شکست بهێنێت زانکۆکان بەردەوامدەبن لە گەشەپێدانی زمانی کوردی»

ئا: شالاو فەتاح

پێشکەوتن لە دۆخی سیاسیی هاوڵاتییانی کوردی تورکیا زیاتر لە بەکارهێنانی زمانی کوردیدا دەردەکەوێت، ئەم زمانە پێشترو لە ساڵی (١٩٩١)ەوە یاساغکرابوو، دواتر بەهۆی پەخشی تەلەفزیۆنێکی کوردییەوە بەشێوەیەکی لاوەکی دانیپێدانرا، بەڵام ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە ببێتە بەشێک لە خوێندنی تورکیاو زمانی پەروەردەی چەند زانکۆیەکو ئەمەش دوای ئەوەی زانکۆی ئارتوغڵو لە ماردین داوای کردنەوەی بەشی خوێندنی کوردی کرد لە زانکۆکەیاندا و ئەنجومەنی خوێندنی باڵای ئەو وڵاتەش داواکەیانی پەسەند کرد.

## نیۆرک تایمز: هەنگاوەکە بەشێکە لە پلانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد

ڕۆژنامەی نیۆرک تایمزی ئەمریکی ئەم هەنگاوە بە بەشێک لە پڕۆژەی پێدانی مافی کورد لە ڕێی دیموکراتییەوە دادەنێت، ڕۆژنامەکە لە هەواڵێکدا باس لەوە دەکات کە زمانی کوردی دەبێتە بەشێک لە خوێندنی زانکۆ تورکییەکان، ئەمەش لەپاش کۆبوونەوەی ئەنجومەنی خوێندنی باڵای تورکیاو بڕیاردان لەسەر خوێندنی زمانی کوردی لە زانکۆی ئارتوغڵو لە ماردین لە باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا. ئەم پەسەندکردنەی خوێندنی باڵاش بە بەشێک لە هەوڵەکانی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێگەی دیموکراتییانە دادەنرێت.

## بی.بی.سی: تورکیا لەژێر فشاری یەکێتی ئەوروپادا ئەم هەنگاوەی ناوە

سایتی بی.بی.سی لە ڕاپۆرتێکدا دەربارەی هەمان بابەت دەدوێتو پێیوایە هەنگاوەکە لەژێرفشاری یەکێتیی ئەوروپا دانراوە، بی.بی.سی دەنووسێت، زمانی کوردی لەگەڵ هەریەکە لە فارسیو عەرەبیو سریانیدا دەخوێندرێتو لەلایەن دەزگای «زمانە زیندووەکانی تورکیا»وە پەرەی پێدەدرێت. یوسف زیا ئۆزجان، بەرپرسی ئەنجومەنی خوێندنی باڵای تورکیا لەمبارەیەوە دەڵێت، ئامانجی ئەم پڕۆژەیە پێگەیاندنی چەند ئەکادیمییەکە بۆ فێرکردنی زمانی کەمینەکان. دواتر بی.بی.سی ئەم هەوڵەی تورکیا وەک بەشێک لە پڕۆژەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردو لەژێر فشاری ئەوروپادا دەبینێت.

## تودەی زەمان: خوێندنی باڵای تورکیا بەردەوامدەبێت لەگەشەپێدانی زمانی کوردی

سایتی تودەی زەمان لە ڕاپۆرتێکدا بەدرێژیی باس لەو هەنگاوەی حکومەتی تورکیا دەکاتو ڕای لایەنگرو ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا بۆ ئەو هەنگاوە دەخاتەڕوو، سەرەتا ڕۆژنامەکە بە باسکردنی کۆبوونەوەی (٢٧) زانکۆی تورکی لەگەڵ ئەنجومەنی خوێندنی باڵای تورکیا دەستپێدەکاتو دەنووسێت، لە کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی خوێندنی باڵای تورکیا کە نوێنەری (٢٧) زانکۆی تورکیای تێیدا بەشداربوونو لەوێدا یوسف ئۆزجان وتویەتی، «ئەم زمانەی کە لەلایەن (١٢-١٣) ملیۆن هاوڵاتییەوە قسەی پێدەکرێت، ڕاست نییە زانکۆکانمان پشتگوێی بخەن». دواتر باسی لەوە کرد کە لە زانکۆکاندا بەشی زۆر زمانی دیکە کراوەتەوەو زمانی کوردیش دەکرێت یەکێک بێت لەو بەشانە. ئۆزجان لەم کۆبوونەوەیەدا بە ڕاشکاویی باسی لەوە کردووە کە ئەم هەنگاوە بەشێکە لە پڕۆژەی دەستپێشخەرییەکەی حکومەت بۆ چارەسەری کێشەی کورد، بەڵام ئەگەر ئەو پڕۆژەیەش هەرەس بهێنێت «ئێمە بەردەوامدەبین». لەبارەی یارمەتیدانی زانکۆکانی تورکیاوە کە ئەگەر بیانەوێت بەشی خوێندنی کوردی لە زانکۆکانیاندا بکەنەوە ئۆزجان دەڵێت، ئەگەر زانکۆکانی دیکە داوای کردنەوەی ئەو بەشە بکەن، ئەوا مۆڵەتیان دەدەینێ. دواتر ئۆزجان لەبارەی هەڵبژاردنی ئەو (٢٧) زانکۆیەوە بۆ کۆبوونەوەکە کە زانکۆکانی (ئەنقەرە، ئەنادۆڵو ئەتاتورک)ی تێدابوو دەڵێت، بۆیە ئەو زانکۆیانەمان هەڵبژاردووە، چونکە بەشی ئەدەبیاتیان هەیەو پێویستیان بەبەشی کوردی هەیە.

دیارە لە تورکیادا چەند لایەنێک دژایەتی ئەم هەنگاوەو پڕۆژەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەگشتیی دەکەن، لەنێو ئەو لایەنانەدا مەهەپەو جەهەپە لە گەورەترین حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆنن. لەلایەکی دیکەوە خوێندنی ئەم زمانە مانای بوونی نییە بە بەشێک لە زمانی هاوڵاتییانی تورکیاو هەندێک لایەنیش باس لە پێویستبوونی هەموارکردنی دەستووری تورکیا دەکەن بۆ ئەم هەنگاوە، ئەمەش لە قسەکانی حەیاتی یەزجی، وەزیری دەوڵەتی تورکیادا دەردەکەوێت کە دەڵێت: مادام زمانی تورکی زمانی ڕەسمییو پەروەردەی وڵاتە، ئەوا زۆر ئاساییە بۆ هاوڵاتییان بیانەوێت زمانی کوردی فێربن، هەروەک چۆن ئینگلیزیو عەرەبیو فەڕەنسی فێردەبن، «هەر کەسێک بیەوێت هەر زمانێک فێرببێت، دەتوانێت فێرببێت». لەبارەی پێویستبوونی هەموارکردنی دەستوورەوە یەزجی بەپێویستی نەزانیو وتی: «پێموایە پێویست بە هیچ گۆڕانێکی دەستووری ناکات». لە بەرامبەردا دەنیز بایکاڵی سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) وەک نارەزاییەک دەڵێت، ئەگەر خوێندنی کوردی ببێتە بەشێک لە خوێندنی زانکۆ ڕەسمییەکان، ئەوا دەبێت تایتڵی نیشتمانیی لەبەردەم وەزارەتی پەروەردە لاببرێتو ناوی «وەزارەتی پەروەردەی نیشتمانیی» بسڕدرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە (مەهەپە) دژایەتی خۆی بۆ پێشکەوتنەکانی تورکیا لە ڕووی پێدانی مافی زمانەوە دەربڕیو ئۆکتای ڤوراڵ، سەرۆکی گروپە پەرلەمانییەکەی (مەهەپە) ڕایگەیاند: کردنەوەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی کوردی، تورکیا دەکات بە وڵاتێکی فرەزمانو وای لێدەکات کەس لە کەسی دیکە نەگاتو ئەم هەنگاوەی بە هاندەری جیابوونەوە لەقەڵەمدا. ئۆکتای دەڵێت: «ئایا ترافیک لایت بۆ بەکارهێنانی (٣٦) زمان بەکاردەهێنن؟ بێگومان هەنگاوێکی وا دەبێتە هۆی جیابوونەوە».

# بۆچی خوێندن بە زمانی کوردی، تورکیا بەرەو دابەشبوون دەبات؟

نووسینی: ORAL CAISLAR

وەزیری دارایی تورکیا مەهمەت شمشەک لە میانەی سەردانێکدا، کە لەم دواییەدا ڕێکیخست بۆ گوندێکی نزیک شاری باتمان، تیمێکی ڕۆژنامەنووسیش یاوەری ئەم وەزیرە بوون بۆ ئەو گوندە، کە زێدی ڕاستەقینەی باوباپیرانیەتیو تیایدا لەدایک بووەو پەروەردە کراوە.

یەکێک لە سەرنجراکێشترین ساتەوەختی ئەم سەردانە ئەو کاتە بوو، کە مامی بە زمانی کوردی قسەی بۆ مەهمەت شمشەک دەکردو هیچ کام لە ڕۆژنامەنووسەکان نەیاندەتوانی لە وتەکانی مامی ئەم وەزیرە تێبگەن، بۆیە مەهمەت شمشەک بۆخۆی وتەکانی مامی بۆ ڕۆژنامەنووشەکان وەرگێڕا.

زمانی کوردی زمانی ئاخاوتنی ملیۆنەها هاوڵاتی ئەم وڵاتەیە. مەهمەت شمشەک بە ڕۆژنامەنووسەکانی ڕاگەیاند: کە ئەو تەنانەت یەک وشەی تورکیشی نەدەزانی کاتێک لە قوتابخانەی سەرەتایی دەستی کرد بە وانە خوێندن، کە ئەمەش هەمان بەسەرهاتی عوسمان بایدەمیری پارێزگاری دیاربەکرە هەروەک خۆی دەیگێڕێتەوە زمانی تورکی لە سەرەتادا بۆ ئەو زۆر سەخت بووە، کە تووشی جۆرێک لە نەخۆشی دەروونی هاتووە کاتێک کە هەوڵی داوە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ زمانی تورکیدا لە قوتابخانەکەی.

بەشیر ئەتالای وەزیری ناوخۆی تورکیا ڕایگەیاند: کە ئەوان وەک سەرانی دەوڵەتی تورکیا هەست بە مەترسیی جوداخوازیی دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا کە هەندێک قەوارەی سیاسیی لە هەوڵی قۆستنەوەی ئەم دەرفەتەدان بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتە سیاسییەکانیان.

پەروەردەکردن بە زمانی دایک یەکێکە لە بەندەکانی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، لە دونیای ئەمڕۆدا پەروەردەو فێرکردنی ملیۆنەها هاوڵاتی بە زمانی دایک مافی ڕەوای هەموو گەلێکەو لە چوارچێوەی بەندەکانی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤە.

ڕێژەیەکی زۆر لە کوردەکان خوازیاری پاراستنو بەکارهێنانی زمانی کوردین وەک زمانی یەکەم لە ناوچە کوردنشینەکانو دەیانەوێت دەوڵەت پارێزگاریی لەو مافە سەرەتاییەیان بکاتو زمانی کوردی بە فەرمیی بناسێنرێت.

سیستمی پەروەردەو فێرکردن بە زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستانی باشوور بووەتە نموونەیەکی سەرکەوتوو، کە کوردەکانی باکووریش چاویان لەم ئەزموونەی کوردەکانی باشوور بڕیوەو چیتر نایانەوێت زمانی کوردی بەرەو لەناوچوونو فەوتان بچێت، بەڵکو ئەوانیش خوازیارن کە شانبەشانی کوردەکانی باشوور خزمەت بە زمانو کلتووری کوردییان بکەن. لە ئێستادا سەردەمەکە گۆڕاوەو کەشو هەوایەکی سیاسیی سەردەمیانە لە ئارادایە لەم وڵاتە، کە ئەمەش وایکردووە سەرجەم هەوڵو کۆششەکانی کۆمارییەکانی ئەم وڵاتە شکست بێنێت لە بەرامبەر چەوساندنەوەی کوردەکاندا، لەم سەردەمەدا هیچ پێوەرێکی نێودەوڵەتی ڕێگەنادات بە لەناوبردنو سڕینەوەی زمانو کلتووری گەلێک، کە ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاد لە (٢٠) ملیۆن کەس بێت، نەتەوە پەرستەکانیش باش لەو ڕاستییە تێدەگەن، کە دژایەتیکردنی گەلێکی (٢٠) ملیۆن کەسی، جگە لە چەواشەکردنی ڕاستییەکان هیچی دیکەی لێ سەوز نابێت.



کوردەکان جەخت لەسەر پاراستنو بەرەو پێشبردنی زمانی کوردی دەکەنەوە.

یەکێک لە گرنگترین ئەو داواکارییەی دیاربەکر خستیانە ڕوو بریتیی بوو لە خوێندن بە زمانی کوردی.

ئەمە ڕاستییەکە کە پێویستە بە بایەخەوە لێی بڕوانین.

کوردەکان مەبەستیانە گەشە بە زمانو کلتوورو فۆلکلۆریی نەتەوەییان بدەن.

ئەمانە کۆمەڵێک داواکاریی ڕەوان کە ناکرێت ڕێگەیان لێ بگیرێت. گرنگترین شت ئەوەیە، لە کەشو هەوایەکی ئاشتیانەدا تورکەکان ئەم مافانە بە کوردەکان ڕەوا ببینن. ئەو تورکانەی کە لە ئەوروپا دەژین هەموو هەوڵێکی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی منداڵەکانیان زمانی تورکییان لەبیر نەچێتەوە، چونکە پێیانوایە گەر نەتەوەیەک زمانی دایکی لەدەست چوو ئەو ئەو نەتەوەیە بەرەو لەناوچوون هەنگاو دەنێت، ئەمە لەکاتێکدا کە کوردەکانیش ئەم مافە بەخۆیان ڕەوا دەبینن، ڕەنگە ئەمەش هۆکاری سەرەکی بێت، کە کوردەکانیش مەبەستیانە نەتەوەکەیان بە زیندوویی بمێنێتەوەو وەک کورد هەست بە بوونی خۆیان بکەن. پشتگوێخستنی داوا ڕەواکانی کورد جەنگێکی بێمانایە دژ بە ڕاستییەکان، کە سەرەنجام دەبێتە مایەی پەیدابوونەوەی پێکدادانی سەربازییو چیتر کوردەکان متمانەیان بە دەسەڵاتدارانی تورکیا نامێنێت، لە ئێستادا خواستی سەرەکی کوردەکانی ئەنادۆڵ بریتییە لە پێکەوەژیان لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا، کە لە (٩٠٪)ی کوردەکان پشتیوانی لێ دەکەنو خوازیارن، کە دەوڵەت بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە سەبارەت بەو هەڵوێستانەی، کە لە ڕابردوودا لە بەرامبەر کوردەکاندا هەیبوو.

ئایا کوردەکانی تورکیا ئەو مافەیان پێ ڕەوا دەبینرێت، کە هونەرو ئەدەبو موزیکی تایبەت بە خۆیان فێربنو گەشە بە زمانی خۆیان بدەن لە قوتابخانەکاندا بە ڕێگەیەکی زانستیانە، یاخود نا؟ پەروەردەو فێرکردن بە زمانی کوردی نابێتە هۆی جوداخوازییو لێکترازانی ئەم دەوڵەتە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی زیاتر توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکانی کوردو تورکو دەبێتە خاڵێکی بەهێز بۆ ئەم دەوڵەتە.

ئەو سیستمە پەروەردەییەی کە لە تورکیا لە ژێر دروشمی (من تورکم، من شانازی بە تورکبوونی خۆمەوە دەکەم) ڕەنگدانەوەیەکی خراپی هەبوو لەلای نەتەوەو کلتوورە جیاوازەکانی دیکە بەجۆرێک وایان لێکدەدایەوە، کە ئەم سیستمە بۆ سڕینەوەو لەناوبردنی نەتەوەو کلتوورەکانی دیکەی ئەم وڵاتەیە، کە سەرەنجام هەستی جوداخوازیی لەلای کوردەکان برەوی سەندو شەڕی چەکداریی لێ کەوتەوەو شکستی بە یەکپارچەیی خاکی تورکیا هێناو تورکیای پەلکێش کرد بۆ ناو جەنگێکی خوێناویی، کە تا ئەمڕۆش تورکیا باجی ئەو هەڵەیە دەدات.

ئایا هەموو ئەو ئازارو مەینەتیانەی کە خەڵکی ئەم وڵاتە ساڵەهایە پێوەی گیرۆدەن بەس نییە بۆ تێگەیشتنمان لەو ڕاستییەی کە سیاسەتی دەمارگیرییو ڕەگەزپەرستانە ڕێخۆشکەرە بۆ جوداخوازییو یاخیبوونی چەکداریی؟

پەروەردەو فێرکردن بە زمانی کوردی داواکارییەکی ئاشتیانەی هەنووکەییە، کە دەتوانێت زامنی یەکپارچەیی بکات بۆ ئەم وڵاتە گەر بێتو هەنگاوی کارای بۆ بنرێت، ئەوا بێگومان ئەنجامێکی مژدەبەخشی لێ دەکەوێتەوەو ئاشتییو ئۆقرەیی باڵ دەکێشێت بەسەر ئەم وڵاتەدا.

سەرچاوە: TURKISHDAILYNEWS

**وەرگێڕانی: سەروەر جەمال**

ژمارە (547) سێشەممە 2009/9/15
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

## تائێستا (٤٠٠) هەزار دۆلار دراوە بە نەخۆشخانەی شەهید د.ئاسۆ

# هەزاران نەخۆش لە کێشەی سەنتەرێکو سەندیکادا گیرۆدە دەبن



**سیروان عەول**

**دەربرینی نارەزاییو کۆکردنەوەی ئیمزای زۆرێک لە پزیشکانی چاو، ڕێگرە لە کردنەوەی سەنتەری بینایی ئێرانی کوردستانی بەشێوەی کەرتی تایبەت، بەو پاساوەی «ئەو نەشتەرگەریانەی تێیدا دەکرێن پزیشکە کوردەکانیش ئەنجامی دەدەن». بەڕێوەبەری سەنتەرەکەش پێیوایە هەزاران کەس لە چاوەڕوانی کردنەوەی سەنتەرەکەدانو ئەگەرنا ناچار دەبن سەردانی ئێران بکەن.**

بەپێی گرێبەستی وەزارەتی تەندروستیو سەنتەری بینایی پێویستبوو هەر (٦) مانگ جارێک گرێبەستەکە نوێ بکرایەتەوە، بەڵام لە مانگی (٧)ی ساڵی ڕابردووەوە گرێبەستەکەیان نوێ نەکراوەتەوەلە وەزارەتەوە هیچ وەڵامێکیان نەدراوەتەوە، سەندیکای پزیشکانیش ڕێگرە لەوەی سەنتەرەکە بەشێوەی کەرتی تایبەت کاربکات، ئەوەش کارمەندانی سەنتەرەکەی نیگەرانکردووە، چونکە وەک خۆیان باسی دەکەن «بە نرخێکی کەمتر» نەشتەرگەرییان کردووەو بەشێکی داهاتەکەشیان داوەتە فەرمانگەی تەندروستیو نەخۆشخانەی د.ئاسۆ، لە سلێمانی کە سەنتەرەکەی تێدابوو.

بەهادین عەزیز، بەڕێوەبەری سەنتەری بینایی ئێرانی بۆ نەشتەرگەریەکانی چاو، ڕەخنەی لە ڕێگریکردنیان هەیە بەو پاساوەی کە «سەنتەرەکە کارئاسانیو هاوکاری زۆری هاوڵاتیانی کردووە»، بەوپێیەی دەبوو هەر نەخۆشێک (٣) هەزار دۆلاری بدایە بۆئەوەی نەشتەرگەرییەکی لە ئێران بکردایە، بەڵام لەم سەنتەرەدا بۆ هەر نەشتەرگەرییەک (٥٥٠) دۆلاریان داوە، یان بۆ چاندنی گلێنە لە ئێران دەبێت (١٠) هەزار دۆلار بدات، بەڵام لێرە (٣) هەزار دۆلار بووە». ڕوونیشیکردەوە کە (٢٪)ی داهاتی نەشتەرگەرییەکانیان داوەتە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی، هەروەها لە نەشتەرگەری هەر نەخۆشێک (٢٥) دۆلاریان داوەتە پزیشکەکانی نەخۆشخانەی شەهید د.ئاسۆو (٣٠) دۆلاریش بۆ نەخۆشخانەکە دابینکراوە، بەشێوەیەک کە «تائێستا (٤٠٠) هەزار دۆلارمان داوە بە نەخۆشخانەی شەهید د. ئاسۆ».

بەهادین ئاماژە بەوەدەکات، کە چەند پزیشکێکی پسپۆڕی تایبەتمەند لە سەنتەرەکەیاندا (١٣) جۆر نەشتەرگەری نوێیان لە هەرێمدا ئەنجامداوەو وتی: «جگە لە هەرێم، نەخۆش لە شارەکانی دیکەی عێراقەوە دەهاتن». ئەو باسی لەوەشکرد، کە سەنتەرەکەیان لە دوو ساڵی ڕابردوودا (٤٥) هەزار نەخۆشی تێدا بینراوەو «زیاتر لە (٦) هەزار نەشتەرگەری جۆراوجۆری چاویشی تێدا ئەنجامدراوە، کە (١٩)یان گلێنەی چاویان بۆ چێندراوە».

بەڕێوەبەری سەنتەرەکە وتی: «زیاتر لە (٢) هەزار نەخۆش خۆیان ناونووس کردووەو چاوەڕوانی کردنەوەی سەنتەرەکەن، ئێمەش داوامان لە وەزارەتی تەندروستی کردووە کە ئەگەر گرێبەستمان بۆ ناکەن ڕێگەمان پێبدەن وەک کەرتی تایبەت کار بکەین، هەرچەندە وەزیری تەندروستی وتی لاریمان نییە لەوە، بەڵام سەندیکای پزیشکان ڕێگەپێدەرنین بە دانانی سەنتەرەکە وەک کەرتی تایبەت».

بەڵام بەرپرسانی سەندیکای پزیشکان هۆکاری ڕێگرتن لە کردنەوەی سەنتەرەکە وەک کەرتی تایبەت بۆئەوە دەگەڕێننەوە، کە «نەشتەرگەری ئاسایی تێدادەکرێت».

د.محەمەد ئەمین، لە لیژنەی باڵای سەندیکای پزیشکان، هۆکاری تازەنەکردنەوەی گرێبەستی سەنتەری بیناییەکەی بۆ وەزارەتی تەندروستی گەڕاندەوە، وتی: «بەڵام بە بڕیارو ئیمزای ئەو پزیشکانەی لە یاداشتێکدا کە نووسیویانە نارازین لە بەرامبەر کردنەوەی سەنتەری ئێرانیو وەک کەرتی تایبەت لیژنەیەکمان پێکهیناوە، چونکە ڕابردووی کارکردنی ئەو سەنتەرە دیارەو ئەزموونێکی خراپی هەبووە، هەروەها لە بڕگەی (٤) مادەی (٨)ی پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆی سەندیکا هاتووە؛ ڕێگە نادات پزیشکانی بیانی لە کلینیکی تایبەت کاربکەن».

د.محەمەد ئاماژەی بەوەکرد، کە لارییان نییە پزیشکانی بیانی بێنە کوردستانو ئیش بکەن بە مەبەستی فێرکردنو گۆڕینەوەی زانیاریو بە ئەزموونی سەردانی نەخۆشخانە فێرکاریەکانمان بکەن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، «بە مەرجێک ئەو پزیشکە سیڤیەکەی بهێنێت بۆ زانکۆو لێکۆڵینەوەی لێبکرێت بۆ زانینی زیاتر لە چۆنیەتی ئیشکردنی، هێنانی ئەو پزیشکانە لەژێر چاودێریی یاسایدا بن پزیشکی (مال پراکتسێکی) نەبنو بتوانن ئەو جۆرە نەشتەرگەریانە بکەن کە تائێستا نەتوانراوە لە کوردستان ئەنجام بدرێت».

لای خۆشیەوە د.تەها مەحوی، نەقیبی سەندیکای پزیشکان، ئەوەی خستەڕوو کە دوای تەواوبوونی کارەکانیان سەنتەرەکە داوادەکەن وەک کەرتی تایبەت کاربکەن، ئەوەش ناکرێت، چونکە «لیژنەیەکی هاوبەش هەیە لەنێوان فەرمانگەی تەندروستیو سەندیکای پزیشکاندا، کە بڕیار دەدات لەسەر ئەو کەسانەی کە لە کەرتی تایبەتدا ئیش دەکەن، ئەو لیژنەیەش پێیان باش نەبووە سەنتەرەکە وەک کەرتی تایبەت کاربکەن، لەبەرئەوەی ئەو نەشتەرگەریانەی ئەوان دەیکەن قورس نینو پزیشکەکانی خۆشمان دەتواننو لە نەخۆشخانەکانیشمان دەکرێت».

سەبارەت بەوەی کە ئەگەر کارەکانیان نوێ نین بۆ تائێستا ڕێگەیان پێدراوە، د.تەها مەحوی وتی: «ئەو مۆڵەتانە وەزارەتی تەندروستی داویەتی بەو سەنتەرانەو پەیوەندیی بە ئێمەوە نەبووە».

ئەو وتانە لەکاتێکدایە کە بەڕێوەبەری سەنتەرەکە لەو بڕوایەدایە بەهۆی منافەسەی پزیشکەکانەوە ڕێگرییان لێکراوە بەوپێیەی وەک ئەو وتی: «سەنتەرەکە نرخی کەمتر لە پزیشکە خۆماڵییەکانیش وەردەگرێت». ئەوەشدەخاتەڕوو؛ کە تەنیا لە شاری هەولێر (٥) سەنتەری بینایی کراوەتەوەو بەوشێوەیە کاردەکەن.

د.ڕێکەوت محەمەد، بەڕێوبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی بە وەکالەت، ئاماژە بەوە دەکات، لارییان لە کردنەوەی سەنتەرێکی لەو جۆرە نییەو ئەگەر داوای زیادکردنی نرخیان نەکردایە گرێبەستەکەیان بۆ تازە دەکردنەوە، بەڵام کاری پزیشکیی لە کلینیکو نەخۆشخانەی تایبەتدا پەیوەندیی بە سەندیکای پزیشکانەوە هەیەو لەوێوە مۆڵەتی پێدەدرێتو وتی: «ئێمە وەک بەڕێوەبەرێتی گشتیی تەندروستی سلێمانی، نوێنەرمان لەو لیژنەیە هەبووە بۆ ئەوەی بتوانین کارئاسانی بۆ کەرتی تایبەت بکرێن».

لەلایەکی دیکەشەوە د.عەبدولڕەحمان حەمە ئەمین، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید د.ئاسۆ، کە ئەندامی ئەو لیژنە هاوبەشەی نێوان سەندیکاو بەڕێوەبەرێتی تەندروستی سلێمانی بووە، ئاماژەی بەوەکرد، «هەموو بڕیارەکان لە دەسەڵاتی سەندیکا خۆیاندایەو بەپێی پەیڕەوو پرۆگرامی سەندیکا ڕێگەیان لە کردنەوەی سەنتەرەکە گرتووە». لەگەڵ ئەوەشدا دووپاتیکردەوە کە ئەوان لارییان نییە لە کردنەوەی سەنتەرەکە بەوپێیەی «ئەم سەنتەرە ئەزموونی خراپیان نەبووە، بەڵام ئەو نەشتەرگەریانەی ئەوان دەیانکرد پزیشکەکانی خۆشمان دەیکەن». وتیشی من پێمباش بوو وەک کەرتی تایبەت کاربکەن، چونکە نرخی ئەو نەشتەرگەریانەی دەیانکرد بۆ خەڵکی ئێرە «زۆر گونجاو بوو» ئەزموونیکی باشیشیان بۆ پزیشکەکانی خۆمان هەبوو، بەڵام سەندیکا قبووڵی نەبوو.

## هەڵمەتی نیشتمانیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕاگەیەندرا

# پێشبینی دەکرێت لە پایزو زستاندا ئەنفلۆنزای بەراز تەشەنە بکات

**بەرهەم عومەر**

بەپێی سەرچاوەیەک لە وەزارەتی تەندروستی، پێشبینی دەکرێت لە وەرزی پایزو زستاندا ڤایرۆسی پەتای ئەنفلۆنزای بەراز لە کوردستاندا زیاتر بڵاوببێتەوە، ئەمەش بەهۆی «کەمیی هۆشیاریی خۆپارێزیی هاوڵاتییان».

د.خاڵس قادر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، لە سیمینارێکی تایبەت بە ڕۆژنامەنووساندا، ڕۆژی (٩/٨) لەنێو هۆڵی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانیدا، ڕایگەیاند: پەتای ئەنفلۆنزای بەراز (H1N1) هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە لەسەرمان، بەوپێیەی قۆناغە مەترسیدارەکانی خۆی بەزاندووەو بەهۆی چەندین هۆکارەوە سنووری نێوان وڵاتەکان دەبەزێنێتو توشبووەکانی لە زیادبووندایە.

ئەنفلۆنزای بەراز یەکێکە لە نەخۆشییە درمەکان کە لە ناوەڕاستی ئەمساڵدا ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی وەکو پەتایەک پێناسەیکردو هۆشیاریدایە سەرجەم وڵاتان هەڵمەتی خۆپارێزیی لەو پەتایە بگرنەبەر، لە کوردستانیشدا تائێستا نزیکەی (١١) حاڵەت تۆمارکراوە، بەڵام بە وتەی سەرچاوە تەندروستییەکان سەرجەمی توشبووەکان چارەسەرکراون.

بەهۆی ئەنفلۆنزای بەرازەوە کۆئەندامی هەناسە تووشی هەوکردن دەبێتو نەخۆشەکە دوچاری کۆکەو پژمینێکی زۆر دەبێتو پلەی گەرمیی لەشی توشبووەکە بەرزدەبێتەوەو نیشانەکانی لەماوەی سێ ڕۆژ بۆ هەفتەیەکدا دەردەکەوێت، بەپێی وتەی د.خاڵس، توانستی کوشتن لەلای ڤایرۆسەکە کەمەو چارەسەری سەرەتایی بۆ نەخۆشییەکە دۆزراوەتەوە، جگە لەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا (کوتان) دژی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە لە وڵاتی چین دۆزراوەتەوە.

سەرەتا ئەنفلۆنزای بەراز لە ٢٠٠٩/٤/٢٤ لە مەکسیکو ئەمریکا یەکەم حاڵەتی ڕاگەیەندرا، پاش (٣) ڕۆژ هۆشداریی بۆ نەخۆشییەکە لە قۆناغی (٣) بەرزکرایەوە بۆ (٤)، واتە ناسێنرا بەو ڤایرۆسەی لە مرۆڤەوە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ، پاشان لە (٤/٢٩) قۆناغی مەترسییەکەی بەرزکرایەوە بۆ (٥)، واتا لە زیاد لە ناوچەیەکی جوگرافیدا بەخێرایی تەشەنەی کردووەو نەتەوەیەکگرتووەکان لە (٦/١١) ڤایرۆسەکەی لە قۆناغی (٦)دا ناساندو وەکو (پەتای سەرتاسەریی) ئەنفلۆنزاکەی پێناسەکرد.

لە تازەترین ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیدا (WHO) تائێستا (٢٥٤٢٠٤) کەس تووشی نەخۆشییەکە بوونو (٢٨٣٧) کەس لە جیهاندا بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە گیانیان لەدەستداوە.

د.خاڵس بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «وەزارەتی تەندروستی پلانێکی نیشتمانیی داناوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتاکە، هەر بۆیە بە هاوکاریی (WHO) بەر لە هاتنی وەرزی پایزو زستان هەڵمەتێکی هۆشیاریمان دەستپێکردووە لەنێو دامەزراوە پەروەردەییو تەندروستییەکاندا، بەوپێیەی هۆشیاریی خۆپارێزیی لە کوردستاندا کەمەو بەریەککەوتن لە شوێنە گشتییەکاندا زۆرەو ئەوەش مەترسییە بۆ بڵاوبوونەوەی خێرای ڤایرۆسەکە.


پشکنینی تەندروستی گەشتیاران لە فڕۆکەخانەی هەولێر

# (٥) ساڵەهیچ کەسێک سوودی لە پڕۆژەیەکی (١) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دۆلاریی نەبینیوە

**دلێر عەبدولخالق**

**تائێستا سوود لەو شەش باڵەخانەیە نەبینراوە، کە (٥) ساڵ لەمەوبەر بە بڕی (١) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار دۆلار بەمەبەستی کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون لە رانیە دروستکران، دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیەو بە چۆڵیی مانەوەش، ئێستا زیاتر لە (١٥٠) ملیۆن دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی تەرخانکراوە.**

پڕۆژەی دروستکردنی شەش باڵەخانەی نیشتەجێبوون لەسەر رووبەرێکی فراوانی دەروازەی رانیەو بە بودجەی دەزگای وەبەرهێنان لە ٢٠٠٣/٩/٢٨ دەستی بەکار کـردووەو لە ٢٠٠٥/٨/١ پڕۆژەکە تەواوبووەو لە بەڵێندەر وەرگیراوە، شوقەکان لە (٧٢) یەکەی نیشتەجێبوون پێکهاتوونو هەر یەکێکیشیان لە ژووری (دانیشتن، مەتبەخ، نووستن، موشتەمەلاتی پێویست) پێکهاتووە. ئامانجی حکومەت لە جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێبوونی قەزاکە بوو، بەڵام بەهۆی بێپلانیو نەبوونی بەرنامە «چوار ساڵ» شوقەکان بە چۆڵیی مانەوە، دوای ئەوەی شیاوی ئەوە نەما خەڵک تێیدا نیشتەجێ بێت، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان بودجەیەکی دیکەی بۆ دابینکرد بۆئەوەی وەک «میوانخانە» بەکاریبهێنێت.

عەلی حەمەد وسو، قایمقامی رانیە، هۆکاری بە چۆڵیی مانەوەی شوقەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ زۆریی ئەو نرخەی لەسەر یەکەکان دانرابوو، وتی: «چەندجارێک ئیعلانماکردووە بۆ فرۆشتن، بەڵام بەهۆی ئەوەی پارەکەی زۆربوو کە لە (٢٥٠٠٠) هەزار دۆلارەوە دەستیپێدەکرد تا (٢٧٠٠٠) هەزار دۆلار، هیچ فەرمانبەرێک ئامادەنەبوو ئەو شوقانە بکڕێت».

بۆ بەکارهێنانی ئەو شوقانە، ئیدارەی رانیە سێ پێشنیاز ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکات «یان نرخی فرۆشتنی شوقەکان هەرزان بکرێت بۆئەوەی فەرمانبەران بتوانن بیکڕن، یان بە کرێیەکی کەم مانگانە بدرێتە فەرمانبەران، یاخود بکرێتە بەشی ناوخۆیی خوێندکاران، بەوپێیەی چوار پەیمانگاو دوو کۆلێژ لە قەزاکەدا هەیە». بەپێی لێدوانی قایمقامی رانیە «پێشنیازی سێیەم پەسەندکرا، کە بدرێتە وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەڵام بەهۆی نەبوونی پێویستییەکانی لە ئاو، کارەبا، ئاوەڕۆ، ڕێگاوبان پێویستی بە بودجەیەکی دیکە هەبوو بۆ نۆژەنکردنەوەو دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، ئەوەبوو عومەر فەتاح ئەو بودجەیەی تەرخانکرد بۆ نۆژەنکردنەوەی».

بەپێی سەرژمێرییەکی کۆمەڵەی کرێنشینانی رانیە، یەک لەسەر سێی دانیشتووانی ئەو قەزایە کرێچین، جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیەش لەو کاتەدا بووە ئومێدی کرێنشینانی قەزاکە، بەڵام دواجار نەک کرێنشینان سوودیان لێنەبینی، بەڵکو پڕۆژەکە خۆشی بووە بار بەسەر حکومەتەوە، بەوپێیەی بەشێوەیەکی سروشتیی «بەسەقەتی لە دایکبوو!» بەشێوەیەک بەچەندین کێشەی خزمەتگوزاریی وەک ئاو، ئاوەڕۆ، کارەبا، ڕێگاوبانەوە وەرگیرا، لایەنی بەرپرسیش لە ئاوەدانکردنەوەی رانیە ئاماژەیان بەوەکرد؛ «هەموو بەشەکانی پڕۆژەکە ئەوەی لە پڕۆپۆزەڵەکەدا هەبووە جێبەجێکراون».

هـــاوڕێ کـــاســـترو، وتـــەبـێـــژی کۆمەڵەی کرێنشینانی رانیە، دروستکردنی ئەو شوقانەی بە نموونەیەکی ناشرینی کارەکانی حکومەتو بەهەدەردانی سـەروەتو سامانی سنوورەکە وەسفکردو ئاماژەی بەوەکرد؛ «لەبری ئەوەی ببێتە هۆکار بۆ چارەسەری گرفتی نیشتەجێبوون، بەڵام بێئەوەی کەس تێیدا نیشتەجێبێت، نۆژەندەکرێتەوە ئـەوەش ئەوپەڕی بێپلانی ئیدارەی شارەکەیە بۆ گەورەبوونی شـارو چـارەسـەری کێشەی نیشتەجێبوون».

لە سەرەتای (٢٠٠٨) بڕیاردرا سێ شوقەیان بدرێتە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانو وەک بەشی ناوخۆیی بەکاربهێنرێت، بەڵام لە مانگی چواری پارساڵدا، راگری پێشووی کۆلێژەکە د.جەعفەر عەلی بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «بڕیارماننەداوە ئەو شوقانە وەربگرین، چونکە ڕێگاوبان، کارەبا، ئاوو ئاوەڕۆی پێویستی نییە».

ئەو پڕۆژە شکستخواردووەی حکومەت لە رانیە دوای چەند ساڵێک بە چۆڵیی مانەوەیو سەرباری ئەو بودجە زۆرەی بۆ جێبەجێکردنی تەرخانکرابوو، دیسانەوە بەشی پڕۆژەکانی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە نۆژەنکردنەوەو دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی بڕی (١٥١) ملیۆن دیناری دیکەی داوە بە (کۆمپانیای غەفوری) بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی. راگری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانیش دەڵێت: «دوای نۆژەنکردنەوەی وەک میوانخانەی کۆلێژەکە سوودی لێدەبینین».

د.باوەدین کەریم، راگـری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی رانیە، ئاماژەی بەوەکرد؛ ئەو شەش شوقەیە دەکرێت بە سێ بەش، بەشێکیان بۆ نیشتەجێبوونی مامۆستایانو بەشێکیان بۆ فەرمانبەرانو بەشەکەی دیکەش وەک میوانخانە بۆ ئەو مامۆستایانە بەکاردێت کە لە دەرەوەی رانیەوە دێنو وانە دەڵێنەوە.

لەبارەی ئەو پارە زۆرەی بۆ نۆژەنکردنەوەی شوقەکان تەرخانکراوە، باوەدین کەریم وتی: «پێشتر کە بەڵێندەرەکە پڕۆژەکەی تەسلیمکردووە، چەندین کێشەی هەبووە، ئێستاش ئێمە خەریکی چـارەسـەرکـردنـی ئـەو کێشانەین، لەوانەش ئاوەڕۆی سندوقیمان دروستکردووە، کارەبامان بۆ راکێشاوە، بیری ئاوو حەوزی کۆکردنەوەی ئاوی بۆ دروستکراوە، ناو بیناکەش نۆژەنکراوەتەوە».





## بەهـــەدەردانـــی پـــارەی حـــکـــومـــەت


شوقەکانی رانیە




بەردەم شوقەکان


تابلۆی نۆژەنکردنەوەی پڕۆژەکە

# پەروەردەکانی دەرەوەی شار کار بە فۆڕمی پەروەردەی سلێمانی ناکەن

شارا عەبدولڕەحمان



بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی ژمارەیەکی زۆر فۆڕمی دامەزراندنی بەسەر دەرچووانی کۆلێژەکانی زانکۆی سلێمانیدا دابەشکرد بە مەبەستی دامەزراندنیان لە پەروەردەکانی دەرەوەی شاری سلێمانی، بەڵام پەروەردەکانی دەرەوە ئەو فۆڕمانە لە دەرچووان وەرناگرن‌و دەڵێن فۆڕمی سلێمانی لێرە کاری پێناکرێت.

لە ڕۆژی (٩/٥) بەدواوە، لەبەردەم بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان کۆببوونەوە، بەو هیوایەی فۆڕمی دامەزراندنیان پێبدرێت‌و دابمەزرێن، فۆڕمەکانی دامەزراندن تایبەتبوو بە پەروەردەکانی دەرەوەی شاری سلێمانی کە (چەمچەماڵ، دوکان، چوارتا، شارەزوور، گەرمیان)ی دەگرتەوە واتە بۆ دامەزراندن نەبوو سەر بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی‌و هەر لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەش پێیان ڕاگەیەنرا کە بە مەبەستی دامەزراندنیان پێویستە فۆڕمەکان بەرنەوە بۆ ئەو بەڕێوەبەرێتییەی کە دەیانەوێت لێی دابمەزرێن.

ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووان فۆڕمەکانیان پڕکردەوە، بەڵام لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ بەڕێوەبەرێتییەکانی پەروەردەی دەرەوەی شاری سلێمانی، لەو بەڕێوەبەرێتیانە پێیانوترا کە ئەم فۆڕمە لێرە کاری پێناکرێت، بەڵکو هەر بەڕێوەبەرێتییەک فۆڕمی تایبەت بەخۆی هەیە، بەو هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووەکان بێ هیوابوون لە دامەزراندنیان.

شنە ناسیح، کە یەکێکە لەو دەرچوانەی فۆڕمی دامەزراندنی لە سلێمانی پڕکردبووەوەو بردبوویەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی دوکان، بەڵام لێیان وەرنەگرتبوو، وتی: «دیارە بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی پێمان ڕادەبوێرێت، دەنا بۆ فۆڕممان پێ پڕدەکاتەوە کە دەزانێت لەو بەڕێوەبەرێتیانەی دەرەوەی شار لێمان وەرناگیرێت».

لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٩)وە تا مانگی حوزەیران، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم (٣٧٤٩) مامۆستای بنەڕەتی‌و (٣٦٤٤) مامۆستای ئامادەیی دامەزراندووە، هاوکات لە (٢٠٠٩/٦/٢٢)دا هەمان وەزارەت ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی (٣٠٠٠) مامۆستای دیکە لە (٢٠٠٩/٧/٨)دا ڕەزامەندنی لەسەر دامەزراندنی (٨٣٨) مامۆستای دیکە، لە (٢٠٠٩/٨/٣)دا ڕەزامەندیی لەسەر دامەزراندنی (٥٥٢) مامۆستای دیکە نیشانداوە.

سەبارەت بە کێشەی ئەو دەرچووانەی کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا فۆڕمی دامەزراندنیان لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی وەرگرت، کازم کۆیی، وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەڕێوەبەرێتی گشتیی بنەڕەتی‌و ئامادەیی لە وەزارەتی پەروەردە ڕێنمایی تایبەتیان دەرکردووەو ڕەوانەی بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکانی پەروەردەیان کردووە لە هەر سێ پارێزگاکەی کوردستان کە تایبەتە بە دامەزراندنی مامۆستایان‌و پێویستە بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان سەرجەم بەڕێوەبەرێتییەکانی سنووری خۆی لەو ڕێنماییانە ئاگاداربکاتەوە، ئەگەر نا ئەوە بەڕێوەبەری گشتیی لێی بەرپرسە،

ڕۆژنامە دوای چەندین هەوڵ بە بیانووی کارو کۆبوونەوەوە نەیتوانی لێدوانی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی لەسەر کێشەی دامەزراندنی ئەو دەرچووانە وەربگرێت.

# تاقیکردنەوەی نیشتمانیی بۆ چ مەبەستێکە؟



ڕێبوار محەممەد*

پێم سەیرە لە کاتێکدا وەزارەتی پەروەردە بڕیاری پرۆژەیەکی لەو شێوەیە بدات، خەڵکانێکی وەکو ڕاوێژکاران‌و سەرپەرشتیاران‌و تەنانەت بەڕێوەبەرەکانیشی لەوە ئاگادار نەکردبێت

لەچەند ساڵی ڕابردوودا چەندجارێک مەنهەجی خوێندن گۆڕاو سیستمی نوێی پەروەردەو فێرکردن هاتە ئاراوە، بەبێ ئەوەی ڕاپرسییەکی تێروتەسەلی لەسەر بکرێت لەگەڵ مامۆستایان‌و پسپۆڕانی بواری پەروەردەو فێرکردن، یان هەڵسەنگاندنێکی ڕاستەقینەی لەبارەوە بکرێت، یەکێکیش لەو داهێنانە «گەورانە»ی سیستمی نوێ هێنایە کایەوە، تاقیکردنەوەی نیشتمانییە کە کەس نازانێت بۆ چ مەبەستێکەو چ فەلسەفەیەکی لە پشتەوەیە؟

پێم سەیرە لە کاتێکدا وەزارەتی پەروەردە بڕیاری پرۆژەیەکی لەو شێوەیە بدات، خەڵکانێکی وەکو ڕاوێژکاران‌و سەرپەرشتیاران‌و تەنانەت بەڕێوەبەرەکانیشی لەوە ئاگادار نەکردبێت کە بۆ چ مەبەستێک ئەو تاقیکردنەوە بێبەرنامانە ئەنجامدەدات.

لای خوێنەر سەیر نەبێت کە ئەو داهێنانەم بەبێ بەرنامە ناو بردووە، لەبەرئەوەی کاتێک کە بۆ یەکەمجار ئەنجامدرا بڕیار وابوو کە ئەگەر قوتابییەک لە هەر وانەیەک لەو وانانەدا سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا دەبێت بۆ ساڵی ئاییندە تاقیکردنەوەکە ئەنجام بداتەوە، بەڵام بە هەر بیانوویەک بێت بۆ ساڵی داهاتوو جێبەجێ نەکرا.

بۆ ئەمساڵیش واتا (٢٠٠٨ ـ ٢٠٠٩) دیسان تاقیکردنەوە نیشتمانییەکە ئەنجامدراو هەمان بڕیاری لەبارەوە درا، پاشان درەنگانێک بیریان کەوتەوە کە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٩ ـ ٢٠١٠) بۆ جاری دووەم لە ماوەی سێ ساڵدا پرۆگرامی خوێندن دەگۆڕێت، هەربۆیە لە مانگی حوزەیرانداو بەبڕیارێکی کتوپڕ فەرزیان کرد کە دەبێت تاقیکردنەوەکان لەمانگی ئەیلولدا ئەنجام بدرێنەوە، بۆ ئەو قوتابییانەی کە لە وانەیەک یان زیاتردا سەرکەوتوو نەبوون.

ئەمە لەکاتێکدا کە قوتابییان ئەنجامی کۆتایی ساڵی خوێندنیان وەرگرتووەو لە پشوودان.

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە باوکان‌و لێپرسراوانی قوتابییان کەوتوونەتە پرسیارکردن لە مامۆستاو بەڕێوەبەرەکان کە مەبەست لە تاقیکردنەوەی ناوبراو چییە؟ وەڵامی جۆراوجۆرو نامەنتیقی ئێمەومانانیش چەند پرسیارێکی لای ئەو خەڵکانە وروژاندووە، ئەویش ئەگەر تاقیکردنەوەی نیشتمانیی بێبنەماو هەڕەمەکی نییە، بۆ کاتێکی دیاریکراوی نییە؟ یان بۆ بە شێوازی B-A پرسیاری یەک وانەو بابەت دادەڕێژرێت‌و پێتانوایە لەمەدا دادپەروەریی بەرجەستە دەبێت؟ یاخود ئەگەر قوتابییەک قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕی، بەڵام لە تاقیکردنەوەکانی نیشتمانیدا سەرکەوتوو نەبوو، داهاتووی بەچی دەگات؟!

* مامۆستا

# یەکێتیی مامۆستایان لەنێوان هەبوون‌و نەبووندا



بەرهەم مستەفا

هەڵبژاردن لە نێو یەکێتی مامۆستایاندا کارتۆنییەو گۆڕانکاریی تەنیا بە مامۆستایان دەکرێت نەک ڕێکخراوەکەیان

ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایان کە لە بنەڕەتدا دەبێت نوێنەرایەتی چینی مامۆستایان بکات لە کوردستاندا، پێچەوانەبووەتەوەو ئەو ڕێکخراوە نوێنەرایەتی لایەنە سیاسییەکان دەکات نەک مامۆستایان، ئەوانەی پێیانوایە کە خۆیان بە دەستە ڕاستی مامۆستا دەزانن لەپێناو زویرنەبوونی سەرووی خۆیان ناچارن بەشێوەیەک لە شێوەکان لە پەرژەوەندیی مامۆستایان بدەن، ئەگەر نا لادەبرێن‌و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت، چونکە ئەم نوێنەرە بەڕێزانە لەلایەن حیزبەوە دامەزراون، بۆیە هەمیشە ناتوانن سەنگو قورسایی خۆیان بپارێزن، خۆ ئەگەر دڵسۆزێکیش هەبێت لەو ڕێکخراوەدا، ئەوا وەک پۆڕی خوراوی لێهاتووەو ناتوانێت هیچ بکات، دەبێت بیرمان نەچێت کە هەڵبژاردن لەناو ئەم ڕێکخراوەدا شێوەیەکی کارتۆنیی وەرگرتووە هەر بۆیە مەرجە ئەوانەی نوێنەرایەتیی ئەم چینە فراوان‌و گرنگە دەکەن، پێویستە خودی مامۆستایان بڕیار لەسەر پەسەندکردنی بدەن نەک دەسەڵات، لەئێستادا مامۆستایان تووشی ڕامان بوون لەنێوان هەبوون یان نەبوونی ئەم ڕێکخراوەدا کە وەک رووکەش هەیە، بەڵام وەک کارو خزمەت نییە، وەک پارێزەری خواست‌و پەرژەوەندیی حیزب هەیە، بەڵام وەک پارێزەری مامۆستا نایبینین، کەواتە گۆڕانکاریی تەنیا بە مامۆستایان دەکرێت نەک ئەوەی ناوی یەکێتیی مامۆستایانە، بێگومان بۆ ئەمەش پێویستمان بە چاوکراوەیی هەیەو ئیتر نابێت یاریی بە مافەکانمان بکرێت‌و دەبێت هەست بە هەبوونی ڕێکخراوێکی کارامەو چالاک بکەین، یەکێک لە هۆکارەکانی نەبوونی ڕێکخراوێکی لەوجۆرە کە ئامانجەکانی خۆمانی تیا ببینینەوە، شەرمنیی مامۆستایانە کە نەمانتوانیوە جدیی بین لە دەربڕینی ڕاکانی خۆمان‌و چاومان لەوە بووە کە یەکێک لە سەرمان هەڵبداتێ‌و ئێمەش بڵێین دەستتان خۆش، بێگومان بەمەش زەرەرمەند هەر مامۆستایە، پێموایە تەنیا دەروازەش هەڵبژاردنی ئەمجارەی یەکێتیی مامۆستایانە کە دەتوانین گۆڕانکارییەکی تەواو بکەین، لە هەیکەلی دەستەمۆی ئێستا بەرەو چالاکترین ڕێکخراو کە خزمەت بە گشت بواری پەروەردەو فێرکردن بکات‌و ئیدی هەست بە هەبوون بکەین نەک نەبوون.

# مۆرە کۆمەڵایەتییە ترسناکەکە، پرسی تەمەڵو زیرەک



هادی ئەمین
Hadi.ameen@yahoo.com

**خوێندکاری تەمەڵو زیرەک بوونی نییە، بەڵکو زیاتر بارودۆخە کۆمەڵایەتیو بابەتی خوێندکار دەبێتەهۆی سەرکەوتن یان دواکەوتنی لە خوێندن**

لەگەڵ دەسپێکردنەوەی وەرزی نوێی خوێندن، هەندێک لەو قوتابییانەی کە دەرنەچوون رووبەڕووی کۆمەڵێک فشارو قسەی توندو رووخێنەر دەبنەوە، مۆری تەمەڵو نەزانیان پێوەدەنرێت کە لە راستیدا ئەو قسانە کاریگەریی زۆرخراپیان هەیە، بە دڵنییایەوە ئەوانەی دەرنەچوون تەمەڵ نیین، بەڵکو دەتوانین بڵێین دەرنەچوون، دواکەوتنە لە خوێندن، بریتییە لە دیاردەیەکی پەروەردەییو مرۆیی فرەڕەهەند، پەیوەستە بە چەندین هۆکاری تاکیو بابەتییەوە، ئەو خوێندکارانە دەگرێتەوە کە لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ پلەی خوازراو بەدەستناهێنن بۆ چوونە قۆناغێکی دیکەوە.

ناوزەندکردنی قوتابی بە تەمەڵ لەبەرئەوەی دەرنەچووە کارێکی زۆرخراپە، چونکە ئەو تەڵقینو سەرکۆنەکردنە ورەو بڕوا بەخۆبوونی قوتابییەکە تێکدەشکێنێتو هەستێکی وای لادروستدەکات کە خوێندن کارێکی گرانەو ئەمیش تەمەڵەو ناتوانێت ئەو کارە بە سەرکەوتوویی ئەنجامبدات، بۆیە دواکەوتن لە خوێندنەکەی سەردەکێشێت بۆ وازهێنان لە خوێندنو مەترسی دیکە.

بڕیاری نەهێشتنی کەوتن لە پۆلەکانی یەک تا سێی بنەڕەتی کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمەوە دراوە، زۆر پۆزەتیڤانەیە لەسەر نەوەی نوێ، چونکە لەو سەرکۆنەو کۆسپە کۆمەڵایەتییە رزگاریاندەکات کە لە کۆمەڵگەکەماندا هەیە بۆ کەسی دەرنەچوو.

لە روانگەی سۆسیۆلۆژیاوە، تەمەڵیو زیرەکی زیاتر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، پەیوەستە بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو بابەتییەوە، چونکە هەموو مرۆڤێکی ئاسایی توانای فێربوونی هەیە، بەڵام پێویستە جۆری ئەو توانایە لەلایەن دامودەزگاکانی فێرکردنو خێزانەوە دیاریو ئاراستەبکرێت، ئەگەرچی جیاوازی هەیە لە فێربوونی زانستەکاندا هەندێک بە کاتێکی کەمو هەندێکیش بە کاتێکی زیاتر فێردەبن، بەڵام هەموو کەسێکی ئاسایی توانای سەرکەوتنو فێربوونی هەیە وەک ئەوانی دیکەیە، ئەگەر بێتو رێگەی بۆ خۆشبکرێت بۆیە خوێندکاری تەمەڵو زیرەک بوونی نییە، بەڵکو زیاتر بارودۆخە کۆمەڵایەتیو بابەتی خوێندکار دەبێتەهۆی سەرکەوتن یان دواکەوتنی لە خوێندن.

ئەگەر ئەو هۆکارانە دیاریبکرێنو چارەسەربکرێن کە بوونەتەهۆی دەرنەچوونی قوتابی یان خوێندکارێک، ئەوا ئەویش وەک هاوڕێکانی دەردەچێت، لەوانەش وەک: ژینگەی سەرکوتکەرو شکێنەری خێزان، لەبەرئەوەی ئەو خێزانانەی کە منداڵەکانیان سەرکۆنەدەکەنو دەیانشکێننەوە، هۆکارێکە بۆ دەرنەچوونی منداڵەکەیان لە خوێندن، جگەلەوەش ژینگەی خوێندنگە هۆکارێکی دیکەیە، ئەو خوێندنگەیەی کە هاندانی تێدانییە، سەرەڕای ئەوەش هەندێک لە مامۆستاکانیان ناوزەندی قوتابی دەکەن بە تەمەڵو ناوی سلبیی دیکە، ئەوا بێگومان بەرمەجەی قوتابییەکە دەکاتو دواجار وایلێدەکات کە متمانەی بەخۆی لاوازبێتو دەرنەچێت.

هەروەها هۆکاری دیکە بارە نائاسییەکانە کە رۆڵی خۆیان هەیە لە دەرنەچوونی قوتابی، وەک نەخۆشکەوتنو بوونی غیاباتی زۆرو کێشەی خێزانی.

سەرەڕای بوونی هۆکارەکان، بەڵام ناوزەندکردنی قوتابیو بە تەمەڵ دەربڕینێکی سادەنییە، بەڵکو کاریگەریی زۆر سلبی دەکاتەسەر ژیانیو تووشی نامۆبوونو هەست بە پەراوێزبوونو نامتمانەیی بەخۆی دەکات.

هیوادارم ئەوە لای هەمووان روونبێتەوە کە ئەو قوتابیو خوێندکارانەی کە دواکەوتوون لە خوێندنو دەرنەچوون کەسانی ئاساییینو نابێت پێیانبوترێت تەمەڵو لۆمەبکرێن، بەڵکو دەبێت لۆمەی ئەو بارودۆخو هۆکارەبکرێت کە وایکردووە ئەوان دەرنەچن، ئەگەر چارەسەری هۆکارەکان بکرێن ئەوانیش وەک هاوڕێکانیان دەردەچن.

# بەیاننامەی دەستەی مامۆستایانی گۆڕان ژمارە (٣)

**بۆ/ سەرجەم مامۆستایانی هەرێمی کوردستان**
**سڵاوی پەروەردەو زانست..**
**مامۆستایانی بەڕێز:**

بەبۆنەی ساڵی نوێی خوێندنی (٢٠٠٩ ـ ٢٠١٠) پیرۆزبایی کردنەوەی دەرگای قوتابخانەو خوێندنگەکانتان لێدەکەین، هیوادارین ساڵی نوێ، ساڵی نەهێشتنی گەندەڵیو بەرەوپێشچوونی پرۆسەی پەروەردەبێت، هەر بەوبۆنەیەوە وەک مامۆستایانی بزووتنەوەی گۆڕان سەرنجتان رادەکێشین بۆ ئەوەی پشتگیرو پشتیوانمان بن بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو هەموو کێشەو گیروگرفتو بیانوپێگرتنانەی کە لەلایەن دەسەڵاتی ئێستای هەرێم بەتایبەتی حیزبی دەسەڵاتەوە بەرامبەر بە ژمارەیەک لە مامۆستایانی دڵسۆزو خەمخۆر دەکرێتو ئەو رێکخراوەی کە دەبێت داکۆکیکار بێت لە مامۆستا، جگە لەوەی گوێی خۆی لێخەواندووە، هاوکاری دەسەڵاتە بۆ جێبەجێ کردنی مەرامەکانیان، بەدەر لەمەش سەربەخۆیی خۆیان لە دەستداوە لەپێناو مانەوەیان لە جێگاکانیانداو تەنیا کاریان دەستکەوتی تایبەتییە.

**مامۆستایانی بەڕێز:**

دوای پرۆسەی هەڵبژاردنو دوای ئەوەی کە مامۆستایان ئەرکی پیرۆزی خۆیان بە ئەنجامگەیاند لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی پاکو بێگەرد، بەتایبەتی لە سنووری پارێزگای سلێمانیو دوای دەرچوونی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کە لیستی دەسەڵاتی زانی شکستیهێناوە، کەوتوونەتە بیانوو لە بەڕێوەبەرو یاریدەدەرەکانی قوتابخانەو خوێندنگاکانو بەمەشەوە نەوەستاونو کار گەیشتووەتە ئەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی یەکێتی مامۆستایان کە بە دەنگی زۆرینەی مامۆستایان دەرچوون لاببەن، وەک بەڕێزان مامۆستا (ئەحمد حمە سەعید)و مامۆستا (روناک مستەفا)، هەروەها لابردنی ئەندامانی لقەکانی یەکێتی مامۆستایانو لێپرسراوی کەرتەکانی مامۆستایان وەکو بەڕێزان:

**١ـ مامۆستا سەردار سادق**
**ئەندامی لقی سلێمانی (ی.م.ک)**
**٢ـ مامۆستا عەبدولرحمان سدیق**
**ل. کەرتی مامۆستایانی چەمچەماڵ**
**٣ـ مامۆستا خالید حەمە ئەمین**
**ل. کەرتی مامۆستایانی بازیان**

بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیو مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی.ن.ک) وەک ئەو بەڕێزانە ئاگادارکراونەتەوەو سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان، مامۆستا (عەفان نەقشبەندی) لە ژمارە (١٨٨) رۆژی ٢٠٠٩/٩/١ لە رۆژنامەی ئاوێنەدا ئاماژەی پێداوە.

بەرامبەر بەم کارە هەر لە سەرۆکی (ی.م.ک)و ئەندامانی سکرتاریەتو ئەندامانی لقە جیاوازەکان، بە هیچ جۆرێک هەڵوێستێکیان نەبووە بەرامبەر بەم کارە نابەجێیە، بەڵکو خۆیان بە پاشکۆی حیزب دەزاننو سەلماندیان کە ئەوان بارەگایەکی کۆمیتەو ناوچەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتن.

**مامۆستایانی هێژا:**

سەبارەت بە لابردنو بوختان هەڵبەستن بۆ بەڕێوەبەرو یاریدەدەرە بەڕێزەکانیش، بە سکاڵایەکی نا دروست لەلایەن مامۆستایەکەوە بەڕێز مامۆستا (محەمەد رەحیم رەحمان) بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەیوانی بنەڕەتییان لابرد، کە ماوەی (٣٢) ساڵە بێ ماندووبوون، خزمەت بە پرۆسەی پەروەردە دەکاتو بە دەستی حیزبو بە فشارخستنەسەر پەروەردە بە فەرمانێکی ناوەڕۆک سەقەت لە (٢٠٠٩/٧/٢٧) فەرمانی لابردنی دەرچووە، هەر بەوەشەوە نەوەستاون لە جیاتی سوپاسو رێزگرتن گواستویانەتەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە، دوای ئەوەی وەک مامۆستایانی گۆڕان سەردانی لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانمان کرد، زۆر بە راشکاوانە ئەندامێکی لقی سلێمانی (مامۆستا حیکمەت هیندی) کە نوێنەری (ی.م.ک) کوردستانە لە لیژنەی لێکۆڵینەوەکەدا لەبەرچاوی هەمووان

**ئەوانەی ئێستا لە (ی.م.ک) کاردەکەن، زۆربەیان پلەی کارگێڕیی و پۆستی بەرزیان هەیە لە وەزارەتو پەروەردەدا، کە ئەمە دژی پەیڕەوی ناوخۆی (ی.م.ک)ە**



رێپێوانی مامۆستایان لەبەردەم بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانیدا — فۆتۆ: رۆژنامە

وتی: «ئەو کێشەیە کێشەی لیستی (٥٤)و (٥٧)ە نەک مامۆستا محەمەد، بەڵکو هەمووتان لادەبرێن، واتە ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا کاری بۆ لیستی کوردستانی نەکردبێت لادەبرێت». بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە کە ئەم بڕیارانە دەدرێت، رۆژی ٢٠٠٩/٩/٦ بە ئیعازی حیزب (٢٥) بەڕێوەبەرو یاریدەدەر لە سنووری پەروەردەی دوکان لادرانو لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٨ (٤) بەڕێوەبەر لە سنووری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی لابراونو بەوەشەوە نەوەستاون گواستراونەتەوە بۆ قوتابخانەیەکی دیکە، ئەگەر شارەزایەک لە بواری کارگێڕیدا ناوەڕۆکی ئەو دوو نووسراوە ببینێت، دەزانێت لە رووی کارگێڕیو هونەری نووسراوەکانەوە چەند ماڵوێرانە ئەم پەروەردانە وایانکردووە، کە بەرامبەر بێتاوانو خۆیان تاوانبارنو ئەم هەڵسوکەوتەیان بە قسەی خۆیان بەردەوام دەبێت.

ئێمەی مامۆستایانی بزووتنەوەی گۆڕان جگە لەوەی هەموو ئەو کارانە مەحکوم دەکەین، داواکارین هیچ ئیعتیبارێک بۆ (ی.ن.ک)و فەرمانەکانی پەروەردەکان دانەنرێتو ئێمە بە رێکخراوو بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی خۆمانی نازانین، بەڵکو بە پاشکۆی حیزبی دەزانینو هیچیان بێ گەڕانەوە بۆ حیزب، خاوەنی خۆشیان نین، بەڵگەش بۆ ئەوە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان لەسەر بەڕێوەبەری ناوەندیی زاموا هەیە کە سەر بە لیستی کوردستانییە، بەڕێوەبەری پەروەردە تەلەفۆنی بۆ لیژنەکە کردووە، کە مەڵبەند دەڵێن نابێت لاببرێت وتویانە ئێمە ئەمری مەڵبەند جێبەجێ دەکەین، بە لیژنەکەی وتووە لە لێکۆڵینەوەکەدا نەنووسن ئەو بەڕێوەبەرە لاببرێت، بەڵام رازی نەبوون، پاشان یەکێک لە جێگرانی مەڵبەند وتوویەتی دەبێت بیخەنە شوێنی بەڕێوەبەرێکی گۆڕان، لەکاتێکدا زیاتر لە (١٠) مامۆستا بەڵگەی هەیە لەسەر ئەو بەڕێوەبەرە، کە دەستکاری نمرەی تاقیکردنەوەو کاری دیکەشی کردووە. مامۆستایانی هێژا بۆ بەرچاوڕوونی زیاترتان:

١ـ ئەوانەی ئێستا لە (ی.م.ک) کاردەکەن، زۆربەیان پلەی کارگێڕییو پۆستی بەرزیان هەیە لە وەزارەتو پەروەردەدا، کە ئەمە دژی پەیڕەوی ناوخۆی (ی.م.ک)ە.

٢ـ ژمارەیەکی زۆریان ناونیشانی پیشەکانیان گۆڕاوە بۆ فەرمانبەر بە پلەی بەڕێوەبەری جێبەجێکردن، هیچ مەرجێکی کارگێڕیو داراییو بڕوانامەو خزمەتیان نییە، چۆن دەبێت ئەمانە لەو رێکخراوەدا نوێنەرمان بن.

٣ـ مانگانە بێ ویستی مامۆستاو لە یەکەم وەرگرتنی مووچەدا دوای دامەزراندن (٧٥٠) دینار ئابوونەی لێ دەبردرێت بێئەوەی هیچ پشتیوانییەکی مامۆستایان بکەن.

٤ـ زۆرێک لەو بەڕێزانەی کە ئێستا لە پەروەردەدا پلەی کارگێڕییان هەیەو لە یەکێتی مامۆستایانیشدا پلەیان هەیەو هەم لە حیزبدا بە نایاسایی پلەیان داونەتێو ماڵ بە ماڵ دەگەڕێنو هەموو پۆستە جیاوازەکانی حیزبیو حکومیو رێکخراوەیان بەکاردەهێنن بۆ ترساندنی بەڕێوەبەرو پاریدەدەرە بەڕێزەکان، بۆ ئەم مەبەستەش بەڵگەمان لایە بە وێنەو کاتو شوێنو ناوی ئەو کەسانەی کە ئەمە دەکەن.

٥ـ هەندێک لەو بەڕێزانە کاریان لە لیژنەکانی گواستنەوەو دامەزراندنی مامۆستایانو خەرجکردنو کڕینی کەلوپەل دەکەن بۆ قوتابخانەو خوێندنگەکانو لیژنەیەکی سووتەمەنی کە ساڵانە بڕێکی زۆر نەوت گل دەدەنەوە بۆ خۆیانو بەرپرسانی سەروو خۆیان کە چەندین ساڵە هەر ئەوانەن لە ماوەیەکی زۆر کەمدا باری داراییان زۆرباش دەبێتو هەڵکشانێکی ئابووری سەیر لە باری خێزانیاندا روودەداتو دوا مودێلی سەیارە لە ژێریاندا دەبینرێتو قاتی خانووەکانیان دەگاتە کەشکەلانی فەلەک بە پارەیەکی خەیاڵی، لەگەڵ کۆمپانیاکاندا شەریکنو بۆ ئەم کارانەش بەڵگەمان لایە کە نامانەوێت جارێ بیخەینەڕوو، داواکارین لە وەزارەتی پەروەردە لیژنەیەکی نەزاهە دروستبکاتو لەم کەسانە بکۆڵێتەوە کە لەو ماوە کورتەدا ئەو هەموو سەروەتو سامانە زۆرەیان چۆن پێکەوە ناوە.

٦ـ داواکارین لە دەسەڵات تا کۆنگرە، کاری سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانو لقەکان هەڵپەسێرێت، یان چۆن دوو کەسی دیکەیان خستووەتە جێگەی هەردوو بەڕێزان (مامۆستا ئەحمەدو مامۆستا روناک) ئاوا ئەوانەی کە ماون لە سکرتاریەتو لقەکاندا لایان ببات.

٧ـ داواکارین لە دەسەڵات بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانیو گشت بەڕێوەبەری پەروەردەکانی سنووری ئەو پارێزگایە بگۆڕن، لەبەرئەوەی ناشەرعیو خزم خزمێنەو واستەو واستەکاریو (باند) دروستکردن لەناو مامۆستایانو فەرمانبەرانی ناو دیوانی پەروەردەکانو مامەڵەی نادروستی زۆرێک لە فەرمانبەرە نزیکەکانی بەڕێوەبەری گشتییو بەڕێوەبەری پەروەردەکان وایکرد کە لیستی کوردستانی شکست بهێنێت، ئایا دەکرێت خاوەنی شکست بێتە خاوەنی باشکردنی ئەم کارە بە هەمان دەمو چاوو عەقڵو هەڵسوکەوتەوە.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە پیرۆزبایی لە مامۆستایانو خوێندکارانو کەسوکاریان دەکەینو داواکارین لە گشت چینو توێژەکان، بۆ نەهێشتنی ئەو کارە نابەجێیانەی کە بەرامبەر بە مامۆستایان دەکرێت، پشتیوانمان بن. دووپاتی دەکەینەوە لە شاری رۆشنبیرانو شاری هەڵمەتو قوربانیو شاری کاک ئەحمەدی شێخو پیرەمێردی هەمیشە نەمرو چەندان پیاو ماقووڵو زانا، کە گۆڕان زۆرینەی دەسەڵاتەو نابێت بێدەنگ بین بەرامبەر ئەو کردەوانەو ناکرێت ئەوانەی کەمینەن سنگو شانیان دەرپەڕێنن بە سەرمانداو لێیان قبووڵ بکەین، داواکارین لە دەسەڵات ئەم کارە نابەجێیانە رابگرنو هەڵوێستی بەردەواممان دەبێت ئەگەر بە زووترین کات بە خۆیاندا نەچنەوەو دەستی حیزب نەبڕنەوە لەناو پەروەردەو (ی.م.ک)دا.

**هەر داگیرساو بێت مۆمی گۆڕان**
**دەستەی مامۆستایانی گۆڕان**

خوێنەرانی رۆژنامە دەتوانن بابەتەکانی پەروەردەو خوێندن بنێرن بۆ ئیمەیلی
perwerde.rozhnama@gmail.com





هەولێر، ئەو گۆڕە بە کۆمەڵەی لەم دواییانەدا دۆزرایەوەو گومان دەکرێت هی کاتی شەڕی ناوخۆ بێت

فۆتۆ: ڕۆژنامە

# وەزارەت ئاماری کوژراوانی شەڕی ناوخۆی ڕانەگەیاند

## هەرێمی کوردستان خاوەنی (٥٤)هەزارو (٧٢٠)شەهیدە

**بەرهەم خالید**

وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوان، ژمارەی شەهیدانی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند، کە بە پێی ئامارەکەی وەزارەت، هەرێمی کوردستان خاوەنی (٥٤)هەزارو (٧٢٠)شەهیدە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ژمارەی کوژراوانی شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتیو پارتی بدات، کە وەزارەت ئەژماری کردوون، بەرپرسێکی وەزارەتیش دەڵێت: «لە ئێستادا نەمانویست پەنجە بخەینە سەر ئەو برینەو ژمارەی کوژراوانی شەڕی ناوخۆ بە جیا ڕابگەیەنین».

ڕۆژی(٢٠٠٩/٩/٩) لە شاری هەولێر چنار سەعد عەبدوڵڵا، وەزیری شەهیدانو کاروباری ئەنفالکراوان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماری سەرەتایی سەرتاسەری شەهیدانی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند، کە وەزارەتی ناوبراو بەهاریکاری دەستەی توێژینەوەو ئامارو کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کوردستان پێش (٤) مانگ دەستپێکردبوو، بەپێی وتەی وەزیر: «ئامارەکە سەرجەم شەهیدانی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانی لەخۆگرتووە، کە لەوەزارەتی شەهیدان ناویان تۆمارکراوەو شەهیدی هەموو ئایینو نەتەوەو حیزبەکانی تێدایە».

بەڵام وەزیری شەهیدان ئاماژەی بە ژمارەی کوژراوانی شەڕی ناوخۆ نەکرد کە لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٤ - ١٩٩٨) لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستاندا کوژراونو ژمارەیان بە زیاتر لە (١٠)هەزار کەس دەخەملێنرێت.

فەرەیدون عارف، بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی شەهیدانو کاروباری ئەنفالکراوان،لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند،ئامارەکەیان هێندە وردە ژمارەی ئەوکوژراوانەشی تێدایە کە لە شەڕی براکوژیدا لە ناوچوون، بەڵام لە ئێستادا وەزارەت بە پێویستی نەزانیوە پەنجە بخاتە سەر ئەو برینەو ژمارەکە بە جیا ڕابگەیەنێت، جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە، کە ئەو ئامارە ئەو کوژراوانەش لەخۆدەگرێت کە لە شەڕەکانی ناوخۆدا کوژراون.

لە ماوەی ڕابردوودا هەردوو حیزب لە ناوچەکانی خۆیان دوو دەزگای تایبەتیان بۆ شەهیدان دامەزراندبوو، بەڵام ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگیرا کە ژمارەیەکی زۆر شەهیدی وەهمییو ئەو کەسانەی کە لە شەڕەکانی دژ بە پارتە کوردییەکان کوژراون لەو دەزگایانە تۆمارکراون بەمەبەستی وەرگرتنی مووچەکانیان، بۆیە پێدەچێت ئەو ئامارە ژمارەی ڕاستەقینەی شەهیدان نەبێتو زیادەڕۆیی تێدا کرابێت، بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەوان لەو ئامارەدا سەرەڕای پڕکردنەوەی فۆڕم بۆ شەهیدان، پشتیان بە هەردوو دەزگای شەهیدانی یەکێتیو پارتی بەستووە کە پێشتر هەردوو حیزب دایانمەزراندبوون.

بەپێی ئامارەکەی وەزارەتی شەهیدان، (٥٤)هەزارو (٧٢٠)شەهید لە هەرێمی کوردستاندا هەن، کە (٩٧٪)ی ئەو شەهیدانە لە نەتەوەی کوردنو ئەوانی دیکەش کلدانو عەرەبو تورکماننو لەو ژمارەیەش (٥٠٨٠٧)یان پیاونو (٣٩١٣)شیان ژننو هەروەها (٦١٪)ی ئەو شەهیدانە پێشمەرگەن کە زۆرترینیان لە سەنگەردا بەگولله شەهیدکراون، هەروەک هەندێک لە شەهیدەکانیش تیرۆرکراونو ئەوانی دیکەش بە شێوازی جیاواز شەهیدبوون، بەڵام ئەو ژمارەیە ئاماری کۆتایی نییەو دەستکاری دەکرێتو ساڵانە ئەو داتایانە نوێدەبنەوەو ژمارەکە زیادو کەم دەکات.

# لە مەڵبەندی دوکان، (١٢٠٠) کەس خانەنشینی بێ مووچەن

**فاخیر تەلانی**

ئەو (١٢٠٠) کەسەی لە سنووری قەزای دوکان لەلایەن لێپرسراوانی مەڵبەندی (٢٧)ی ڕێکخستنی دوکان، ماوەی زیاتر لە (٣) سێ ساڵ خانەنشین کراونو ناسنامەیان بۆ کراوە، تائێستا هیچ کەسێکیان مووچەیان وەرنەگرتووە. بەشێک لەخانەنشینکراوەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن «بۆ دڵڕاگرتنیانو بانگەشەی هەڵبژاردن، خانەنشینکراون».

یەکێک لەو خانەنشینکراوانە کەنەیویست ناوی بهێنرێت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «زیاتر لە (٢) ساڵە بە حیساب خانەنشینکراوموناسنامەم هەیە، بەڵام تائێستا هیچ مووچەیەکی وەرنەگرتووە».

ئەو هاوڵاتییە ئاماژەی بەوەشکرد، لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان مەڵبەندو لێپرسراوانی، خانەنشینیان کردوون، بەڵام لە دوای هەڵبژاردنەکان کەس لێیان نەپرسیونەتەوەو وتی: «نازانم چۆن جارێکی دیکە ئەو لێپرسراوانە ڕوویان دێت ڕوو لە ماڵەکانمان بکەنو بڵێن دەنگمان پێبدەن».

# ئەمڕۆش پەرلەمان سەرۆکی حکومەت ڕاناسپێرێت

**بەرهەم خالید**

پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئەمڕۆیدا سەرۆکی حکومەت ڕاناسپێرێتو درێژە بە هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆو پەسەندکردنی لیژنەکان دەداتو چاوەڕوانیش دەکرێت لە دانیشتنی سبەینێیدا سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت ڕابسپێرێت.

کوێستان محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە دانیشتنی ئەمڕۆدا گفتوگۆ لەسەر هەمواری پەیڕەوی ناوخۆو ئەو شەش لیژنەیەی دیکە دەکرێن کە تائێستا پەسەندنەکراون بەمەبەستی پەسەندکردنیان، وتیشی: «پێدەچێت ئەگەر گۆڕانکاریی نەکرێت لە دانیشتنی سبەینێدا، سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ڕابسپێردرێن».

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان ئاماژەی بەوەشدا، نادیارییو ناڕۆشنییەک لە دیاریکردنی کاتی ڕاسپاردنی سەرۆکی حکومەت بۆ پێکهێنانی کابینەکەی لە ئارادایە، کە هۆکارەکەی بۆ دڵنیانەبوونی لیستی کوردستانیی دەگەڕێتەوە یاخود ئەوەی بیانەوێت بە دیارینەکردنی کاتەکەی فراکسیۆنی گۆڕان غافڵگیر بکەن.

## ڕوونکردنەوەیەک لە لیستی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە

لە ژمارە ٥٤٦ی ٢٠٠٩/٩/٨ی ڕۆژنامەدا لەمیانەی بابەتێکدا کە باس لەپێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم دەکات، دور لە کاری پیشەیی ڕۆژنامەوانی هەندێک تۆمەت خراونەتە پاڵ بزوتنەوەی ئیسلامی کە بەشێک بون لەتۆمەتەکانی پێش هەڵبژاردنو بەداخەوە لە (ڕۆژنامە)دا دووبارە کراونەتەوە بێ دیقەتو وەرگرتنی ڕای بزوتنەوە، وەک ئەوەی گوایە پارتی بودجەی بزوتنەوەی زیادکردووە کاتی هەڵبژاردنەکانو نوسراوی بۆ هەندێک لقی خۆیان ناردووە کە بەشێک لەکادیرو ئەندامانیان دەنگ بە لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی بدەن، ئەو تۆمەتانە جگە لەوەی پارتی خۆشی بە درۆی خستوونەتەوە بزوتنەوە لەکاتی خۆیدا وەڵامی داونەتەوەو بەشێک بوون لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنو هیچ بنەمایەکیان نەبووەو بودجەی بزوتنەوەش لەحکومەت وەردەگیرێت نەک لەپارتیو لەکاتی هەڵبژاردندا زیاندنەبووە، بەڵکو لە مانگی ٢ی٢٠٠٩ وە زیادبووەو بڕەکەشی ئەوەندەنەبووە کە شیاوی باسکردن بێت، هەربۆیە لێرەوە دووپاتی دەکەینەوە کە بزوتنەوە خاوەنی بڕیاری سەربەخۆی خۆیەتی.

**لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی ٢٠٠٩/٩/١٣**

# به بیانووی دەنگدانیان بە «گۆڕان» بووە

# (١١) مفەوەزی پۆلیسی گومرگی سلێمانی لە پۆستەکانیان لادەبرێن

**دلێر عەبدولخالق**

بە نووسراوی ژمارە (٧٢٠) لە (٢٠٠٩/٨/١٩) بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی گومرگی سلێمانی، (١١) مفەوەز لە پۆستەکانی (عەدەد جیهازو مەئمور مەرکەز) لادەبات.

مفەوەزەکان ئاماژە بەوە دەکەن؛ لابردینان بە بیانووی دەنگدانیانە بە لیستی گۆڕانو بەڕێوەبەری پۆلیسی گومرگیش دەڵێت: «کەس لای ئێمە بە ئاشکرا سیاسەت ناکات، تابزانین کێ گۆڕانەو کێ کوردستانییە».

یەکێک لە مفەوەزە لەکار لادراوەکان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوای هەڵبژاردنەکان زۆربەمان بانگکراینو پێیانوتین دەنگتان بە گۆڕان داوەو لەناو بنکەکانتان سەیری کەناڵی (KNN)تان کردووە، دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک بەسەر ئەو وادەیەدا بڕیارێک هاتووە، ئێمە کە (١١) مفەوەزین ماوەیەکی زۆرە لێپرسراوی بنکەکان بووین، لە پۆستەکانمان لادراینو لەبەر «بەرژەوندیی گشتیی» بەڵام خۆمان دەزانین ئەو کاردانەوەیە بە بیانووی دەنگدانمان بووە بە لیستی گۆڕان.

ئەو مفەوەزە، کە نەیویست ناوەکەی ئاشکرا بکرێت، وتیشی: ئەوە بڕیارێکی حیزبییەو بەشێکمان (١٤) ساڵە بەرپرسی بنکەکان بووین، کەچی ئێستا کراوین بە پیادەو خەفەریاتیشمان پێدەگرن، جگە لەوەی مفەوەزی پلە (٨)یان کردووە بە لێپرسراوی ئەو بنکانەو ئێمە کە مفەوەزی پلە یەکین لادراوینو پۆلیسیان کردووە بە لێپرسراومان».

لە بەرامبەردا، عەمید عەتا ئەحمەد کوردە بەڕێوەبەری پۆلیسی گومرگی سلێمانی ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە لادانی ئەو مفەوەزانە پەیوەندیی بە لیستی گۆڕانەوە هەبێتو دەڵێت: «ئێمە پەیوەندیمان بە سیاسەتەوە نییە».

عەتا ئەحمەد بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەڕێوەبەرێتییەکەی ئێمە سەر بە عێراقەو کەس حیزبایەتی بە ئاشکرا ناکات، تابزانین کارمەندەکان سەر بە چ لایەنێکن، ئەوانەشی دەڵێن بە گومانی لیستی گۆڕان لادراون، ڕاست ناکەن، بەڵکو ڕاستەکەی ئەوەیە چەند مفەوەزێک کراون بە مەئمور یان قەڵەمی مەرکەز لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا وەک پێویست نەبوون، بۆیە لادراونو کەسی دیکە خراوەتە شوێنیان».

## ڕێگە نادرێت ئاسیاسێڵ لە مەسیف کار بکات

# کۆڕەک تیلیکۆم چەند ناوچەیەکی هەولێرو دهۆک مۆنۆپۆڵدەکات

نامۆ عەبدوڵڵا

لە چەند شارۆچکەو ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا تۆڕی مۆبایلی ئاسیاسێڵ کارناکات، ئەویش بەهۆی ڕێگریکردن لە دانانی تاوەرەکانیانەوە، لەکاتێکدایە کە ئاسیاسێڵ گەورەترین کۆمپانیای گەیاندنی عێراقە لە ڕووی ژمارەی بەشداربوانەوەو مۆڵەتی یاسایی هەیە بۆئەوەی لە تەواوی عێراقدا کاربکات.

پیرمام (مەسیف سەلاحەدین) کە دەکەوێتە بناری سەری ڕەش‌و ٣٠کم لە باکوری هەولێرەوە دوورە، ئەو ناوچەیە کە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خانەوادەکەیدا لێی دەژین‌و یەکێکە لەو ناوچانەی ئاسیاسێڵ تێیدا کارناکات‌و بەشداربووانی لە خزمەتگوزارییەکانی بێبەشکراون. هاوڵاتییانی پیرمام لە نەبوونی تۆڕێکی مۆبایلی تر لە ناوچەکەیان، بۆ پەیوەندیکردن ناچارن تەنیا کۆڕەک تیلیکۆم بەکاربهێنن کە سیروان بارزانی، برازای مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەریەتی.

پیرمام، هاوینەهەوارێکی کوردستانە، ماڵی زۆربەی بەرپرسە باڵاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەخۆگرتووەو دەوترێت «هیچ ماڵێک ئەگەر پارتی نەبێت مۆڵەتی نیشتەجێبوونی لەو شارۆچەکەیدا پێنادرێت»، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ٢٥تەموزی پەرلەمانی کوردستاندا، زیاتر لە ٢٢٠٠کەسی ئەم شارۆچکەیە دەنگیان بە لیستی گۆڕان دا کە ئۆپۆزسیۆنی لیستە هاوبەشەکەی پارتی‌و یەکێتییە.

بەپێی وتەی د.دیار ئەحمەد، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای ئاسیاسێڵ، دەسەڵاتی ناوچەکە ناهێڵێت کۆمپانیاکەیان ڕووبەرێک زەوی لە شارۆچکەکەدا بۆ خۆی بگرێت تا تاوەری تێدا دابنێت (تاوەر تەقویەیەکی بەرزەو پێویستە لە هەر چەند کیلۆمەترێکدا دابنرێت بۆ ئەوەی مۆبایلەکان شەبەکەیان هەبێت).

ئەو تایبەت بە ڕۆژنامە دەڵێت: «لەبری جارێک سەدجار نووسراومان ئاڕاستەی شارەوانیی ناوچەکە کردوە بۆ خستنەکاری هێڵەکانمان لەوناوچەیە، بەڵام وەڵاممان نادەنەوە»، وتیشی: «پێشمان ناڵێن بۆ شوێنمان نادەنێ؟ بەدەمی پێماندەڵێن کە ڕەزامەندیی دائیرەی ئەمنی یاخود ئاسایشی ئەو شوێنە ناهێڵێت تاوەر لەو شوێنە دابنێین».

کۆمپانیاکانی ئاسیاسێڵ، کۆڕەک‌و زەینی کوێتی مانگی ئابی ٢٠٠٧ لە گرێبەستێکدا لە عەممان، مۆڵەتی کارکردنیان لە سەرانسەری عێراقدا بۆ ماوەی (٥)ساڵ بەدەستهێنا کە ئاسیا لە بەرامبەر مۆڵەتی کارکردنیدا، ملیارێک و ٢٥٠ملیۆن دۆلار دەدا بە وەزارەتی گەیاندنی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، لەوبڕەش (٦٨٥)ملیۆن دۆلاری وەکو پێشەکی داوە، بەڵام «بەهۆی دابین نەکردنی شوێن‌و کارئاسانی نەکردنەوە» لە پیرمام‌و هەندێک ناوچەی دیکەی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا لە هەولێرو دهۆک ئاسیاسێڵ تۆڕی نییەو بەشداربووانی سوودی لێوەرناگرن.

حەیدەر فەیلی، وەزیری گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بێئاگایی خۆی لە نەبوونی تۆڕی ئاسیاسێڵ لە مەسیفدا دەربڕی، تەنانەت لەکاتی دیدارەکەدا پرسیاری لە ڕاوێژکارەکانی کردو ئەوانیش ئەمەیان بەلاوە سەیربوو. فەیلی جەختی لەوە کردەوە لە ڕووی یاساییەوە ئاسیاسێڵ مافی ئەوەی هەیە لە هەموو خاکی عێراقدا ئیش بکات بە کوردستانەوە «حەقیانە لەهەموو گوندو ناحیەو قەزاو شارێک ئیش بکەن، لەبەرئەوەی مۆڵەتیان لە دەستەی پەیوەندی (هەیئەی ئیتسالات) هەیە»، باسی لەوەشکرد کە بەڕێوەبەری گشتیی ئاسیا لەسەر «بچووکترین مەسەلە» پەیوەندیی پێوەدەکات، بەڵام لەوبارەیەوە هیچی پێ ڕانەگەیاندووە.



د.دیار وتی «لە نیوەی زیاتری شارۆچکەی عەینکاوە (٥ کم -باکوری خۆرئاوای هەولێر) تۆڕی ئاسیاسێڵ نییە، لەناو هەولێردا شوێن هەیە ناماندرێتێ، بە هەزارحاڵ توانیمان لە ئیبراهیم خەلیل شوێنێک بگرین بۆ ئەوەی کەڤەریج (داپۆشین) مان هەبێت»، ئەوەشی خستەڕوو کە لە هەموو ئەو شوێنانەی کە سنوری پارێزگای دهۆکو هەولێر بە زەحمەت شوێنیان دەستدەکەوێت‌و وتیشی: «ئەگەر لەناو بەسرەو بەغداشدا هەفتەیەکی بوێت، ئەوا لەوسنوورانە لانیکەم چوار مانگمان دەوێت». بەڵام ئێستا وەک بەڕێوەبەرەکەی ئاسیاسێڵ ئاماژەی پێدا، بە فەرمانی ئاسایش ناچارکراون کە تاوەرەکەی ئیبراهیم خەلیل لابدەن‌و ئێستا بە هیچ جۆرێک تۆڕەکەیان لەو ناوچەیەدا کارناکات.

د.دیار ئاماژە بەوە دەکات، لەناوچە شاخاوییەکانی دهۆکیشدا بۆ ئەوەی کەڤەریجی ئەو ناوچانە بکەن، پێویستیان بە شاخەکانە تاوەری لێدابنێن، بەڵام ئەوە «زۆر زەحمەتە»، چونکە وەک ئەو دەڵێت، ناياندەنێ‌و بەپێی سیستەمەکەش ناتوانن بە جادەکاندا بڕۆن.

> «هەرێمی کوردستان بازاڕێکی ئازادی کۆنترۆڵکراوی هەیەو پارتە سیاسییەکان‌و خانەوادەی سەرکردەکان مۆنۆپۆڵی چەند کەرتێکیان کردووە وەکو تەلەفۆنات‌و پڕۆژە بەسوودەکانی دیکە»

ئەو گرفتانەی ئاسیاسێڵ کە کێشەی بۆ بەشداربوانی دروستکردووە لەکاتێکدایە کە لە تەواوی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی‌و ناوچەی سلێمانییەوە کە بنکەی سەرەکی ئاسیاسێڵی لێیە، کۆڕەک بەبێ گرفت دەتوانێت کاربکات، بەڵام بنکەی سەرەکی کۆڕەک دەکەوێتە پیرمامەوە، ئەو شارۆچکەیەی کە ئاسیا ڕێگەی کارکردنی پێنادرێت‌و هەندێک پێیانوایە «هۆکارەکە سیاسییە».

تۆفیق شێخانی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆڕەک تیلیکۆم، کۆمپانیاکەی بێبەریکرد لەوەی لە پشت نەبوونی تۆڕی ئاسیاوەبن لە هەندێک ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا، وتی: «ئەوە کاری وەزارەتی گەیاندن‌و حکومەتە، کاری کۆڕەک نییە، کۆڕەک لەوێ نە سوڵتەیەو نە حکومەتە».

هاوڵاتییەکی شارۆچکەی پیرمام کە خوێندکارێکی زانکۆی سەلاحەدینە، هەرچەندە پێیوایە کۆڕەک مۆبایلێکی «زۆر چاکە»، پێی باشە ئاسیاسێڵ لە پیرمامدا کاربکات، ڕێگرییەکانیش بۆ «بارودۆخی ئاسایشی ناوچەکە دەگەڕێتەوەو ڕێ بە ئاسیا نادرێت ئەو ناوچەیە داپۆشێت، دەسەڵاتدارانی ئێرە لە ڕێی کۆڕەکەوە کە هی خۆیانە دەتوانن بەکارهێنەرانی بخەنە ژێر چاودێرییەوە».

د.دێنیس ناتالی، مامۆستای زانکۆو پسپۆڕی دۆزی کورد، پێیوایە بازاڕی ئازاد لە کوردستان بوونی نییە، بۆئەوەی کەس‌و کۆمپانیاکان بتوانن بە ئازادیی وەبەرهێنان بکەن، هۆکارەکەشی بۆ تێکەڵاویی حیزب‌و حکومەت گەڕاندەوە.

ئەو لە دیدارێکی تایبەتی ڕۆژنامەدا دەڵێت: «هەرێمی کوردستان بازاڕێکی ئازادی کۆنترۆڵکراوی هەیەو پارتە سیاسییەکان‌و خانەوادەی سەرکردەکان مۆنۆپۆڵی چەند کەرتێکیان کردووە وەکو تەلەفۆنات‌و پڕۆژە بەسوودەکانی دیکە».

# بەڵێنەکانی جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ ڕۆژنامەنووسان جێبەجێ ناکرێت

سەنگەر کوردە

تائێستا زەوی بەسەر ئەو (١٩٢) ڕۆژنامەنووسەی شاری سلێمانیدا دابەشنەکراوە، کە لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە فۆڕمی تایبەتیان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پڕکردووەتەوەو چەندجارێکیش بەڵێنیان پێدراوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕۆژنامەنووسانی سنوورەکە لە زۆربەی ئەو ماف‌و ئیمتیازاتانە بێبەشن، کەبۆ هاوپیشەکانیان لە ناوچەکانی دیکەی عێراق فەراهەم کردووە، ڕێژەیەکی بەرچاویشیان توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت.

### هێندەی توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت، خزمەت ناکرێن:

بەپێی ئامارێکی بانکی زانیاری مافی مرۆڤ، تەنیا لە (٧) مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٩)دا (٨٨) جۆری توندوتیژیی‌و پێشێلکاریی بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستاندا تۆمارکراوە، کە تێیدا زۆرترین پێشێلکاریی بەرامبەر ڕۆژنامەنووسانی سلێمانییە، کە (٣٠) حاڵەتە هەروەک لە هەولێریش (٢١) حاڵەت‌و (١٢) پێشێلکاریش لە دهۆک‌و (٥) یش لە کەرکوک دژ بە ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراون، پێشێلکاریی‌و توندوتیژییەکان (زیندانیکردن‌و جنێو سووکایەتی‌و لێدان‌و هەڕەشەلێکردن دەگرێتەوە)، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەنووسان مافیان پێنادرێت‌و تەنیا ئەو ڕۆژنامەنووسانەی فۆڕمیان پڕکردووەتەوە (٣) ساڵە چاوەڕێی دابینکردنی پارچە زەوییەکن، لە بەرامبەریشدا هاوپیشەکانیان لە شارەکانی دیکەی عێراق‌و بەغدا چەندین ماف‌و ئیمتیازاتیان هەیە.

### ڕۆژنامەنووسانی سلێمانی بەشخوراون:

لە ئێستادا سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان زیاتر لە (٤) هەزار ئەندامی هەیە، لەگەڵ ئەوەی زۆرترین کەناڵەکانی ڕاگەیاندن‌و توندوتیژیی‌و پێشێلکارییەکانی دژ بە ڕۆژنامەنووسان لە شاری سلێمانین، بەڵام ڕۆژنامەنووسانی شارەکە لەو بڕوایەدان، کە لەو ڕەوشەوە شارەکەیان پەراوێزخراوە بەشێوەیەک، کە لە کۆی زیاتر لە هەزار پارچە زەوی دابەشکراوبەسەر ڕۆژنامەنووساندا تەنیا (١٤٠)ی بەر ڕۆژنامەنووسانی سنووری پارێزگای سلێمانی کەوتووەو ئەوانی دیکەی دراوەتە ڕۆژنامەنووسانی نیشتەجێی سنووری شاری هەولێرو دهۆک، هەروەک لە ماوەی ڕابردوودا ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم ڕەزامەندی نیشاندا بە پێدانی (١٨٩) پارچە زەوی بە ڕۆژنامەنووسانی هەولێر، بەڵام ئەو (١٩٢) ڕۆژنامەنووسەی شاری سلێمانی، تائێستا زەوییەکانیان پێنەدراوەو لە چاوەڕوانیدان.

محەمەد نوری تۆفیق، لێپرسراوی لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، جەخت لە پێویستی هاوکاریکردنی ڕۆژنامەنووسان دەکاتەوەو ڕوونیشیکردەوە، کە لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە (١٩٢) ئەندامی لقی سلێمانی سەندیکا فۆرمیان پێشکەشکردووە بە مەبەستی وەرگرتنی زەوی، بەڵام تائێستا ڕەزامەندیی لەسەر پێدانی ئەو زەوییانە نەدراوەو وتی: «ئێمە زۆر هەوڵمانداوەو سەردانی جێگری پێشووی سەرۆکی حکومەت‌و جێگری ئێستای سەرۆکی حکومەت‌و جێگری سەرۆکی هەرێممان کردووە بۆ ئەوەی هیچ نەبێت زەوی بدرێتە ئەو ژمارە ڕۆژنامەنووسەی کە ناوەکانیان لای ئێمە هەیە، بەڵام هەر بەڵێنمان پێدراو هیچی وامان بۆنەکراوە».

دووپاتیشی کردەوە؛ کە ئەو (١٩٢) کەسەی بەپێی خاڵەکانیان ڕیزبەند کراون‌و «موستەحەقن» زەوییان بدرێتێ‌و وتی: «ئێمە هەوڵدەدەین ئەو مافە بپارێزین‌و پێداگریی لەوە دەکەین، بەڵام تائێستا هیچ پارچە زەوییەکمان نەدراوەتێ».

لەبارەی ئەوەی هەندێک ڕۆژنامەنووس پێیانوایە؛ جیاوازی دەکرێت لە نێوان ڕۆژنامەنووسانی هەولێرو سلێمانیدا، وتی: «ئەوە نازانم، لە ماوەی ڕابردوودا لە هەولێر زیاتر لە (١٨٠) کەس بۆیان جێبەجێکرا، بەڵام لێرە وەرماننەگرتووە، «نازانم من بڵێم چی بۆ ئەوانەی سلێمانی ڕەزامەندییان لەسەر نەدراوە؟، خۆزگە بکرایە».

زیرەک کەمال، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، هەرچەندە باس لەوە دەکات، کە ئەو گرفتە پەیوەندیی بە لقی سلێمانییەوە هەیەو وردەکارییەکان لای ئەوانە، بەڵام دەڵێت: «ئەوان کەمتەرخەمییان نییە، چونکە داوایان بەرزکردووەتەوە، لایەنی ئیداریی‌و حکومەتیش بەڵێندەدەن یا جێبەجێی دەکەن یا جێبەجێی ناکەن، ئەوەی کێشەکان دروستدەکات لە وڵاتی ئێمەدا ڕۆتینیاتە».

لە لایەکی دیکەشەوە حامید محەمەد، سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، پێیوایە بەشێک لە گرفتەکە لە دوو ئیدارەییەوە سەرچاوەی گرتووەو پەیوەندیی بە جیاوازیی هەولێرو سلێمانییەوە نییەو وتی: «ئەو دوو وەجبە زەوییەی لە هەولێر دراوە پێش یەکگرتنەوەی سەندیکاو یەکێتیی ڕۆژنامەنووسان بووەو تەنیا ئەو (١٨٩) پارچەیەی لە ماوەی ڕابردوو ڕەزامەندیی لەسەر دراوە دوای یەکگرتنەوە بووە، پێش کۆنگرەی ساڵی (٢٠٠٧) ناوی (٦١٢٩) ڕۆژنامەنووسمان پێشکەشی سەرۆکی حکومەت کردووە، کە لە سەرووی هەموویانەوە (١٩٢)ەکەی سلێمانین».

### بەڵێنەکان جێبەجێناکرێت:

بەرپرسانی سەندیکا ئاماژە بەوە دەکەن بۆ دابینکردنی زەوی بۆ ڕۆژنامەنووسان پەنایان بۆ بەرپرسان بردووە، بەڵام «تەنیا بەڵێنیان پێدراوەو بەڵێنەکانیش جێبەجێنەکراون»، هەندێک لە ڕۆژنامەنووسانیش ڕەخنەی ئەوە لە سەندیکا دەگرن، کە «وەک پێویست بەدەم داخوازییەکانیانەوە ناچن‌و کاری جدیی ناکەن بۆ وەرگرتنی مافی ڕۆژنامەنووسان بەتایبەت ئەو پارچە زەوییانە».

محەمەد نوری، وتی: «بەڵێنی ئەوە دراوە زەوییەکان دابین بکرێت، بەڵام هیچمان بۆ نەکراوە، هەرچەندە زۆرێک لەو کەسانەی فۆڕمیان پڕکردووەتەوە قایلن بەوەی لە قەزاو ناحیەکانیش زەوییان پێبدرێت، بەڵام ئەوەش هەر نەبوو». وتیشی: ڕۆژنامەنووسان هەقی خۆیانە گلەیی بکەن، بەڵام ئێمە هانامان بۆ ئەو بەرپرسە حکومیی‌و حیزبیانە بردووەو هیچ وەڵامێکی ئەوتۆمان نەدراوەتەوە، ئەوەی وتراوە بەڵێن بووە.

### فۆڕم‌و شوقەکان:

لە هەفتەی ڕابردوودا جێگری نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ڕایگەیاند؛ کە هەماهەنگیان لەگەڵ کۆمپانیایەکی نیشتەجێکردندا کردووە بۆ پێدانی زیاتر لە (١٠٠) شوقە بە ڕۆژنامەنووسان بە هاوکاریی سلفەی سندوقی نیشتەجێکردن، بەڵام ئەو هەواڵە نەبووە هۆی دڵخۆشکردنی ڕۆژنامەنووسان بەوپێیەی ئیمتیازاتێکی ئەوتۆی تێدانییەو هەموو هاوڵاتییەک دەتوانێت لەو شوقانە سوودمەندبێت بەپێی ئەو مەرجانەی بۆ ڕۆژنامەنووسانیش دیاریکراوە.

لەبارەی ئەو فۆڕمانەشەوە، کە لە سەندیکا پڕدەکرێتەوە بەرپرسانی سەندیکا ڕوونی دەکەنەوە، کە ئەوە پەیوەندی بە فۆڕمە کۆنەکانەوە نییەو بۆ ئەوەیە لە کاتێکی دیکەدا ئەگەر هەبوو زەوییان پێ بدرێت.

بەڵام لە وەڵامی ئەوەشدا، کە چۆن دەتوانن زەوی بۆ ئەو فۆڕمە نوێیانە دابین بکەن، لە کاتێکدا کۆنەکان زەوییان پێنەدراوە، زیرەک کەمال، باسی لەوە کرد کە ئەو فۆڕمانە بۆ ئەوەیە، کە لە ئامارێکدا لایان بێت کە چەند ڕۆژنامەنووس سوودمەند نەبوون بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکدا ئەگەر بتوانین یا زەوی هەبێت بۆ ئەوان تەرخان بکرێت.

هەروەک حامید محەمەد، وتی: «بۆ ئەوەیە بزانین چەند ڕۆژنامەنووس سوودمەند نەبوون بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ئەگەر زەوی هەبوو کاریان بۆ بکرێت، بەڵام بێگومان ئەو (١٩٢) ڕۆژنامەنوسەی سلێمانی ئەفزەلیەتیان هەیەو لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومەتیش دووپاتمان کردەوە، کە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی سلێمانی مەغدورن».

# سەردەمی فاشییەت دەستپێکرد



نەبەز گۆران
Nabaz.goran@yahoo.com

ئێمە پێمانوابوو ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئەم سەردەمەی پارتیو یەکێتی وانەیەک دەبێت تا بەخۆیاندا بچنەوەو دەست لەو خەونە فاشییانەی خۆیان هەڵگرن کە نزیکەی هەژدەساڵە پەیڕەوی دەکەن، بەڵام ڕاستییەکەی دیدی ئێمە هەڵەبوو، چونکە ئەوان پاش هەڵبژاردن بەشێوەیەکی سەختترو قورستر کار لەسەر ئەوەدەکەن کە بە هیچ شێوەیەک ئەوان لە ئێستاو لە ئایندەدا دەست لە دەسەڵات هەڵناگرنو ترسو تۆقاندنو سنووردارکردنی ئازادییو نانبڕین دەکەنە پرۆژەی پەیڕەوی حیزبو حکومەتەکەی ئایندەیانو باشترین بیرکردنەوەیان بەلای فاشییەتدا پێچدەکاتەوە نەک بەلای دیدێکی دیکەدا.

لەم ماوەیەدا بە هەزاران فەرمانبەرو هاوڵاتیو مووچەخۆرمان بینی لە کاروبارەکانی خۆیان دوورخرانەوە یان دەرکران تەنیا لەبەرئەوەی دەنگیان بە لیستی دوو حیزبەکە نەدابوو، لە ماوەکانی ڕابردووشدا پەلامارەکانیانمان بینی بۆ سەر بارەگاکانی لیستە نەیارەکانیان، ئەم هەنگاوانە تەنیا لە منداڵدانی ئەو هێزانەدا بوونی هەیە، کە بەڕاستی فاشینو فاشییەت جەوهەریترین پرۆژەی ناو بیرکردنەوەیانە، ئەگینا لە چ سەردەمێکو لە چ شوێنێکی ئەم سەرزەمینەدا بووە نانی خەڵک ببردرێت تەنیا لەبەرئەوەی دەنگ بە دەسەڵات نەدا؟ ئەمە جگە لە سەردەمی دەوڵەتە فاشییەکاندا لە خەیاڵدانی شوێنێکی دیدا نایبینی، یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی فاشییەت ئەوەیە کۆمەڵگە بکاتە مێگەلی خۆی، پارتیو یەکێتی بۆ بەمێگەلبوونی کۆمەڵگەهەموو ڕێگەیەکیان گرتەبەر، کاتێکیش زانییان پێچەوانەکەی دەرکەوت ئیدی سزای ئەوانە دەدەن ناکەونە ناو ئەو مێگەلبوونەوە، کە لە فەزای پارتیو یەکێتیدا بەدیدەکرێت، هەر حیزبو گرووپێک کار لەسەر مێگەلبوونی کۆمەڵگەبکات بەرەو ئاراستەی خۆی بێ هیچ گومانێک فاشییەت لە بوونیدا دەرکەوتەی هەیە، بەم لۆژیکە خاڵێکی گرنگ لەناو جەوهەری فاشییەتدا لە ئێستای پارتیو یەکێتیدا هەیە.

ئەم دوو حیزبە بەوەشەوە نەوەستان نانی خەڵک ببڕن لەکاتێکدا ئەو نانەی کە ئەوان دەیبڕن نانی هەمووانەو دوای دزینی بەشێکی زۆری ئەو پارچەنانانە کەمێکی بەر هاوڵاتییان دەکەوێت ئەوان هەق بەخۆیان دەدەن بیبڕن، لەم نزیکانە سەرۆکی هەرێمە فاشییەکەمان ڕاگەیاندنەکانی حیزبەکەی خۆیو حیزبە هاوپەیمانەکەی ئاگاداركردووەتەوە بەهەر شێوەیەک بووبێت سنووری ئازادیی لەڕێگەی پرۆژەیاساوە تەسکبکەنەوە، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش کە یەکەمین گوێڕایەڵی حیزبە لەم مەملەکەتەدا شانێکی ئەم داوایەی هەڵگرتووەو لەڕێگەی کارەکتەرە حیزبییەکانی خۆیەوە کاری بۆدەکات، ئەگەر بیرتان مابێت بەر لە هەڵبژاردن شانازییان دەکرد بەوەوە کە پرۆژەیاسای ڕۆژنامەنووسی زۆرباشەو تروسکایی ئازادیی تێیدا بەدیدەکرێت، وەلێ پێدەچێت ئەو کەمە تروسکاییە بووبێتە بارگرانییەک بۆ ئەوانو بیانەوێت هێڵە سوورەکانی خۆیان گەشەپێبدەن، ئەمە یەکێکی دیکەیە لە خاڵە گرنگەکانی فاشییەت کە بیەوێت ئیمپراتۆرێکی ڕاگەیاندنی گوێڕایەڵو سەرکوتکراو دروستبکات، هەڵبەتە ئێمە ئەوانەی لە دەرەوەی حیزبینو هیچ شتێک نامانبەستێتەوە بەو بیرکردنەوە فاشییەوە، نەمنەتمان بەوە هەیە کە ئەو ئازادییەی هەیە ئەوان بە ئێمەیان دابێتو نە قبوولیش دەکەین حیزب چیتر لەوە زیاتر دەستدرێژیی بکاتە سەر مافەکانمانو نە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش ئەو هەقەی هەیە ببێتە کورسێک بۆ وتنەوەی ئاوازەکانی حیزبو دەست بۆ مافەکانی ئێمە ببات، ئەگەر ئەوان پێیانوایە ئەم ئازادییەی لە کوردستاندا هەیە زیادەو دەبێت کورتبکرێتەوە، ئێمە پێمانوایە ئەم ئازادییە زۆر کورتەو کاری ئێمەیە هێندەی دیکە درێژی بکەین، ڕەنگە ئەوان پێیانبکرێت لێرەو لەوێ کۆمەڵێک کارەکتەری سەرکز کۆبکەنەوە بۆ ئەم خەونەیان، بەڵام ئێمە پێماندەکرێت لەپێناو ئازادیدا هەزاران گەنجو هاوڵاتی بهێنینەسەر شەقامەکانو فەزای فاشییەتی ناو خەیاڵدانی ئەوان بشێوێنین، دەستهەڵگرتن لەو هەنگاوانەیان باشترە لەوەی بەردەوامبن، چونکە پێموایە ڕووداوی دیکە بە شوێنیدا دێت، من ڕووبەڕووی ئەوانە دەبمەوە دژی فاشییەت هەنگاودەنێن، دەپرسم ئەگەر ئێمە لەم حاڵەتەدا قبووڵبکەین ئەو دوو هەنگاوە بەو ئاسانییە بەسەرماندا تێپەڕن دوورنییە لە هەنگاوی سێیەمدا بەتەواوەتی تاوێکی تاریک بێت بەسەر وڵاتدا؟ جا بەرلەوەی ڕووبدات من پێموایە چوونە سەر شەقام باشترین وەڵامدانەوەیە بۆ فڕێدانی فاشیەتو وەرگرتنەوەی مافی ئینسانەکان کە بەم نزیکانە پرۆژە هەیە بۆ کوشتنی ئەو مافانە.

لە هەفتەی پێشوودا پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا سنووری چوونە ژوورەوەی ڕۆژنامەنووسان بۆ ناو پەرلەمان سنووردرابکات، واتە نایانەوێت خەڵک بزانێت لەناو پەرلەماندا چی ڕوودەداتو بەنیازن ئەم پەرلەمانەش پەکبخەن لەپێناوی حیزبدا، ئێمە دەست بۆ ویژدانی پەرلەمانتارەکانی لیستی دەسەڵات نابەین، چونکە پێمانوایە ئەوان کارمەندی حیزبینو ناتوانن لەبری حیزب ویژدانیان بخەنەگەڕ، بەڵام گرنگە بپرسین لە پەرلەمانتارەکانی لیستی گۆڕانو چاکسازیی ئایا قبوڵدەکەن لە ژوورێکی داخراودا کۆبوونەوەبکەن؟ پێویست نییە پێکەوە ببنە تیمێک بایکۆتی ئەم پەرلەمانە بکەن تا دەرگا بەسەر ڕۆژنامەنووساندا بکرێتەوەو وێنەکان وەک خۆیان بگەیەننە ناو خەڵک؟ ئێوە ئەگەر نوێنەری خەڵکن چۆن قبووڵدەکەن لەپشت پەردەکانو دوور لە چاوی خەڵک لەگەڵ لیستی دەسەڵاتدا لەو هۆڵەدا کۆببنەوە؟ ئەگەر ئەمەبەسەرتانداتێپەڕێت شتی قورستریش بەسەرتاندا تێناپەڕێت؟ سەیرکەن فاشییەتی دەسەڵات لەم چرکەساتانەدا گەیشتووەتە چ ئاستێک؟ کاتی چییە؟ کاتی چوونەسەر شەقامە تا ببێتە زەنگێک بۆ بەردەم دەسەڵات یان کاتی بێدەنگیو قبووڵکردنی ئەم سێ هەنگاوە فاشیانەیە دەرهەق بە ئازادییو مافی ئینسانەکانو مافی دەربڕین دەکرێت؟

**گرنگە بپرسین لە پەرلەمانتارەکانی لیستی گۆڕانو چاکسازیی، ئایا قبولّدەکەن لە ژوورێکی داخراودا کۆبوونەوە بکەن؟ پێویست نییە پێکەوە ببنە تیمێک بایکۆتی ئەم پەرلەمانە بکەن تا دەرگا بەسەر ڕۆژنامەنووساندا بکرێتەوەو وێنەکان وەک خۆیان بگەیەننە ناو خەڵک؟**

# «قەڵس» بوون



پشکۆ ناکام

هەر دەسەڵاتێک گومانی هەبوو لە شەرعیەتی خۆی، لە متمانەی خەڵک بۆی، لە ئایندەی حوکمڕانییەکەی دەکەوێتە گومانکردن لە هەر ناوبردنێکو تەنانەت پیاهەڵدانێکیش، دەسەڵاتی کوردی کە تاپۆی قۆرغکردنی حوکمڕانی خستووەتە گیرفانی خۆیەوەو لەسەری نووسیوە، ڕێکەوتنی ئیستراتیژیی!، لە بەرامبەر بچووکترین ڕەنگدانەوەو هەڵوێستی خەڵکو نەیارەکانی گومانەکە سەرهەڵدەداتەوەو زۆرجاریش بە «پیلان»ی بێگانەی لەقەڵەمدەدەن، ماوەیەکە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بە چەند ناوبردنێک «قەڵس» دەبێتو لە ڕێگەی «وەیس»ەکانیەوە، ڕەتدەکرێتەوەو بە ناشیاو باسی لێ دەکات بەکارهێنانی وشەی «دەسەڵات» هەر خۆی ئیزعاجییەکی بۆ دروستکردووە کە خوازیارە ئەو «تەعریفە» لە فەرهەنگی زمانەوانیدا بۆ هەتاهەتایە بسڕێتەوەو بەکارهێنانی ببێتە مایەی دادگاییکردن، «گەندەڵ»یش لەو وەسفانەیە کە دەسەڵات حەزی دەکرد نە بە نووسینو نە بە خوێندنەوەو نە بە گوێگرتن بەلایدا بڕوات، چونکە «گەندەڵیی» تەعریفەیەکە بۆ ناوەرۆکی ئیداریی دەسەڵاتو چەپڵەلێدەرەکانی دەورو پشتی ناوبردنی دەسەڵات بە «ڕژێم» کە بۆ یەکەمجار لە میدیای ئۆپۆزسیۆنەوە بە شانو باڵی دەسەڵاتدا بڕا سەریەشەکەی دەسەڵاتی لە بەرامبەر «دەسەڵات» زیاترکردو پێویستی بەوەکرد بەکارهێنانی «پاراستۆڵ» کە بگۆڕێت بە «ڤالیۆم»، ئێستا جگە لە تەعریفەکانی دەسەڵات، گەندەڵیی، ڕژێم، بنەماڵە، تاکڕەویی... هتد، تەعریفەیەکی سیاسیی هاتووەتەکایەوە کە زۆربەی دەستڕۆشتووەکانی دەسەڵات بێئەوەی لێی تێبگەنو هەندێکیان یەکەمجارە بیستویەتی ڕەتیدەکەنەوە، ئەو تەعریفەیەش «حکومەتی سێبەر»ە، کە وای لە دەسەڵان کردووە لە (سێبەری) خۆشی سڵبکاتەوە لە ترسی هاتنەکایەی ئەو (حکومەتەوە)، کارگەیشتە ئەوەی هەندێک لەو سیاسەتمەدارانەی دەسەڵات حکومەتی سێبەر بە جۆرێک لە «کودەتا» ناوببات، بۆیە هەقبوو ئۆپۆزسیۆنی هەرێم، پێش باسکردنی لەو حکومەتی سێبەرە لە میدیاکان شیبکردایەوە تا سیاسییەکانی لەبەر پێشمەرگایەتی نەیانتوانیوە ناوەندیی ببڕن تێی بگەیشتنایەو ئینجا بڕیاری «فت» کردنیان بدایە.

دوا گومانی دەسەڵات لە خۆی لەوەدایە کە (لیستی دەسەڵات) لە پەرلەمانی هەرێم هەڵسا بەوەی وا ناوببرێت لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە داواکارە لیستەکە بەناوی «سیانی»یەوە بانگبکرایە، ئەمە خۆی لە خۆیدا نوکتەیەکەو دەچێتە نامیلکەی نوکتەکانی دەسەڵاتەوە، چونکە لە سەرتاسەری جیهان ئەو لیستانەی حاکمن بە لیستی دەسەڵات دەناسرێنو بەرامبەرەکەشیان بە «ئۆپوزسیۆن»، سەیر لەوەشدایە دەسەڵاتو لیستەکەی بۆمان شیناکەنەوە هەڵە لە بەکارهێنانی چەمکی (لیستی دەسەڵات) ئەشکالیەتەکەی لە چیدایە تا بزانین هۆی زەغت بەرزبوونەوەکەی دەسەڵات لە بەرامبەر ئەو چەمکە چییە؟!

ئەگەر دەسەڵاتو لیستەکەی، شینەکەی بۆ «کوردستانی»یە خۆ لیستەکانی دیکەی پەرلەمان ئەوانیش (کوردستان)ینو خەڵکی هەرێمنو لە ئاسکیمۆو سۆمالیاو کەناداوە نەهاتوون، کوردستانیبوونیش کارکردنە، نەک دروشمو ئاهەنگی «شایەر» ئاسا.

کار وابڕوا دەسەڵات وەک کابرای (یاپراخ)ەکەی لێدێت کە هەر وترا دەسەڵاتو گەندەڵیو حکومەتی سێبەرو لیستی دەسەڵات هاواری لێ هەڵدەستێتو دەڵێت: «پیاوم دەوێت بیپێچێتەوە»!

**ئەگەر دەسەڵاتو لیستەکەی، شینەکەی بۆ «کوردستانی»یە خۆ لیستەکانی دیکەی پەرلەمان ئەوانیش (کوردستان)ینو خەڵکی هەرێمنو لە ئاسکیمۆو سۆمالیاو کەناداوە نەهاتوون**

# زۆرترین سوود بۆ کەمترین ژمارە لە دانیشتووان



شیلان ئەحمەد

پێوەری حوکم لەکاروباری دەسەڵاتدا بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی گشتییە، بەشێوەیەک کە بتوانێت زۆرترین سوود بۆ زۆرترین ژمارە لە خەڵک دەستەبەر بکات. ئەمە بووەتە میکانیزمێکی کارپێکراو لەهەموو سیستمێکی سیاسیی وڵاتە پێشکەوتووەکان، بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپایخۆرئاوا، لەبەر ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری حیزبە خۆرئاواییەکان هەڵوێستو بیرو بۆچوونو تێروانینیان لەپەیڕەوکردنی دەسەڵاتدا بەپێی کاتو شوێن گۆڕانی بەسەردا دێت، زۆرجار وا ڕێکدەکەوێت حیزبی دەسەڵاتدار ناچارە داکۆکیی لە بەرنامەیەک بکات کە لەگەڵ بیروبۆچوونیدا ناگونجێت، بەڵام لەگەڵ بەرژەوەندیی زۆرینەی خەڵک یەکدەگرێتەوە.

بۆ نموونە لەساڵی (١٩٤٥) لە بەریتانیا پارتی کرێکارانی بەریتانیا یەکێک لەبەرنامەی کاری سیاسییان لە هەڵبژاردنەکاندا پرۆژەی (دەوڵەتی بیمە) بوو کە بانگەشەی بۆ دابینکردنی باشترین ژیان دەکرد، کە تیایدا مرۆڤ کەرامەتی پارێزراو بێت لەڕێگەی ئەو بیمەیەی کەدەوڵەت دابینی دەکرد بۆ هاوڵاتییان لەکاتی نەخۆشیو بێکارییو پیریدا، کەچی پارتی پارێزگاران دوای ئەوەی زۆرینەی دەنگی بەدەستهێنا لەهەڵبژاردنەکانداو دەسەڵاتی وەرگرتو پارتی کرێکارانیش وەک ئۆپۆزسیۆن مایەوە، پرۆژەکەی پارتی کرێکارانی خستە بەرنامەو کاری حکومەتەوە، لەگەڵ ئەوەی بڕوای تەواوی بەو پرۆژەیە نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆژەیەک بوو بەلای زۆرینەوە پەسەند بوو،خستیە کارو بەرنامەکانی حکومەتەوە. ئەمە جگە لەوەی کەهەموو کات ئۆپۆزسیۆن لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا لەمەسەلە گرنگو چارەنووسسازەکاندا بیرو ڕای بەهەند وەردەگیرێت، لەو مەسەلە گرنگانەی کە حکومەتی بەریتانیا بە پرسو ڕای ئۆپۆزسیۆن بڕیاری لەسەر داوە (جەنگی فوکلاند، سەربەخۆیی جەزائیر، جەنگی یەکەمو دووەمی خەلیجو زۆر مەسەلەی دیکەش) . واتا ئەوەندە بەچاوێکی پڕ بایەخەوە سەیر دەکرێت تا ئەو ڕادەیەی کە بەناوی (حکومەتی خاوەن شکۆ) ناودەبرێت.

بەڵام لێرە دەسەڵات هەر لەسەرەتاوە دەیەوێت دوو بەرە دروستبکات لەناو پەرلەماندا، خۆی لەبەرەیەکو ئۆپۆزسیۆنیش بخاتە بەرەکەی دیکەو فێری دژایەتیو ئەو شەڕە تەقلیدییەی بکات کە پێشتر هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەگەڵ یەکتردا دەیانکرد، لەپەرلەماندا. حیزبی دەسەڵاتدار دەیەوێ ئۆپۆزسیۆن بەو شێوەیە ببینێتو بیری لێبکاتەوەو مامەڵەی لەگەڵدا بکات کە خۆی دەیەوێت، نەک وەک ئەوەی کەهەیە. دەیەوێت وەک گێرەشێوێنێک پێناسی بکات بۆخەڵکو واپیشانی بدات کە ئەو ئەو چاودێرە نییە کەخۆی بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو ئەو تێکدەری بەرنامەو پرۆژەکانی دەسەڵاتەو هەمیشە بە وشەی نە بەرپەرچی هەموو پێشنیازێک دەداتەوە کە دەسەڵات دەیکات.

ئەم بەرگی ڕقو کینەیەی کەدەسەڵات بەزۆر دەیەوێ بیکات بە بەری ئۆپۆزسیۆندا تاکو ناشرینی بکات لەلای خەڵک، هەر لە سەرەتاوە دەرکەوت لەبەری خۆیایەتی، ئەوە سیاسەتی خۆیەتی کە بەهەموو ئەو شتانە بڵێت نە کە پێشنیازی ئۆپۆزسیۆنە، هەروەک چۆن لەدانیشتنی هەفتەی پێشووی پەرلەماندا بەدیمان کرد کاتێک لیستی گۆڕان پێشنیازی ئەوەیان کرد سکاڵای هاوڵاتییان زیادبکرێت لەناو بەرنامەو کاری لیژنەی مافی مرۆڤدا، بەڵام بەتێکڕای دەنگ لیستی دەسەڵات بەبێ هیچ بیانوو پاساوێک ڕەتی کردەوە، لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆژی پێش دەنگان لەسەر ئەو پێشنیازە ژمارەیەک پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی بە پێشنیازێکی باشی لەقەڵەمدەدەنو هەر پانزەیان پشتگیریی لێدەکەن، بەڵام لە دووەم ڕۆژو لەکاتی دەنگدان لەسەری، دوای سەرنجڕاکێشانو ئاگادارکردنەوەیان لەلایەن سەرۆکی فراکسیۆنەکانیانەوە پەشیمان دەبنەوەو ئیرادەو بیروبۆچوونیان تەسلیم بە خاوەنەکانیان دەکەنەوە، لەبەرئەوەی ئەوان بڕیاریانداوە هەرچییەک بەرەی دژ، بەرەی نەیار پێشنیازی بکات ڕەتیبکەنەوە، جا ئەگەر ئەو پێشنیازە لەبەرژەوەندیی گشتیشدا بێت، چونکە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەدوای ئەو هەموو ئەزموونە، فێرنەبوون چۆن سیاسەت بکەن، دەسەڵاتی لای ئێمە جیاواز لەهەموو دەسەڵاتەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان سیاسەت دەکات لەپێناوی بەدەستهێنانی زۆرترین سوود بۆ کەمترین ژمارە لەخەڵک.

**حیزبی دەسەڵاتدار دەیەوێ ئۆپۆزسیۆن بەو شێوەیە ببینێتو بیری لێبکاتەوەو مامەڵەی لەگەڵدا بکات کە خۆی دەیەوێت، نەک وەک ئەوەی کە هەیە. دەیەوێت وەک گێرەشێوێنێک پێناسی بکات بۆ خەڵکو وا پیشانی بدات کە ئەو، ئەو چاودێرە نییە کە خۆی بانگەشەی بۆ دەکات**

# دەقی ئەو پرۆژەیاسایانەی لیستی گۆڕان پێشکەشی پەرلەمانی کردووە

## مقترح مشروع

### قانون الدعم المالي للأحزاب والكيانات السياسية في إقليم كوردستان

• المادة الأولى : يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة إزائها :-

١) مجلس الوزراء : مجلس وزراء إقليم كوردستان-العراق .

٢) وزارة الداخلية : وزارة داخلية حكومة إقليم كوردستان-العراق.

٣) وزارة المالية : وزارة مالية حكومة إقليم كوردستان - العراق.

٤) الميزانية : الميزانية المالية السنوية التي تهيأ من قبل وزارة مالية حكومة اقليم كوردستان.

٥) الحزب: كل تنظيم سياسي يتألف من مجموعة أشخاص حازوا على اجازة تأسيس حزب من وزارة الداخلية وفقاً لقانون الاحزاب السياسية الصادر من برلمان إقليم كوردستان رقم ١٧ لسنة ١٩٩٣.

٦) الكيان السياسي: أية منظمة ، بما في ذلك أي حزب سياسي ، تتكون من ناخبين مؤهلين يتآزرون طواعية على أساس أفكار أو مصالح أو آراء مشتركة بهدف التعبير عن مصالحهم ونيل النفوذ وتمكين مندوبيهم من ترشيح أنفسهم لمنصب عام شريطة حصول هذه المنظمة المكونة من الناخبين المؤهلين على المصادقة الرسمية ككيان سياسي من قبل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات و حصولها على مقعد برلماني.

٧) البرلماني: الشخص الذي حاز على عضوية البرلمان نتيجة انتخاب أعضاء البرلمان.

٨) المقاعد البرلمانية: عدد الأعضاء الذين حازوا على العضوية في البرلمان.

٩) التعضيد المالي: المساعدة المالية التي تخصصها حكومة إقليم كوردستان للأحزاب والكيانات السياسية الحائزة على مقعد برلماني أو أكثر من المقاعد البرلمانية.

• المادة الثانية :

-أولاً : على وزارة المالية عند تنظيم ميزانية السنة المالية في بداية كل سنة ، رصد مبلغ في الميزانية السنوية لتعضيد ودعم وإسناد الأحزاب والكيانات السياسية الحائزة على مقعد برلماني أو أكثر بغية تمكنها من القيام بممارسة أنشطتها المختلفة التي تحقق أهدافها المعلنة في برنامجها الانتخابي.

- ثانياً : توزع هذه الحصص المالية على الاحزاب والكيانات السياسية على شكل منح سنوية من قبل مجلس الوزراء دفعة واحدة.

- المادة الثالثة : تقدر مبلغ المنحة المالية السنوية للحزب أو الكيان السياسي من قبل مجلس الوزراء بالاعتماد على عدد مقاعد الحزب أو الكيان في برلمان كوردستان و يمنح له دفعة واحدة.

• المادة الرابعة :

١) على الأحزاب والكيانات السياسية و لأجل تلقي الدعم المالي المنصوص عليه في هذا القانون، تقديم طلب الى وزارة الداخلية أو رئاسة مجلس الوزراء موقع من قبل رئيس الحزب أوالكيان السياسي و خمسة من أعضائه الذين حصلوا على مقاعد برلمانية أو من قيادات الحزب (تسمى من الآن بالهيئة الأدارية ). وعلى وزارة المالية إصدار التعليمات الضرورية لبيان كيفية وإجراءات الحصول على المنحة المالية السنوية للحزب أو الكيان السياسي.

٢) على وزارة الداخلية و رئاسة البرلمان تسجيل الطلب و تزويد الكيان السياسي بتأييد أو وصل يؤيد فيه استلامها الطلب.

٣) تكون للحزب أو للكيان السياسي شخصية معنوية من تأريخ تسجيل الطلب لغرض الحصول على المنح المالية وتستمر هذه الشخصية الى حين انتهاء مدة البرلمان.

٤) للهيئة الادارية إضافة أعضاء من قائمته البرلمانية أو خارجها الى الهيئة أو اعفاء بعض اعضائها من عضوية الهيئة على أن لايقل عدد الأعضاء عن الستة بمن فيهم رئيس الهيئة ، على أن يتم اخبار وزارة الداخلية و رئاسة البرلمان بتلك التغييرات.

٥) للحزب أو الكيان السياسي الحق في فتح حساب مصرفي باسم الرقم الأنتخابي الممنوح له قانوناً ، و ذلك بعد استلام وصل طلب التسجيل المنصوص عليه في الفقرة (٢) من هذه المادة. وتخضع مصاريف الحزب أو الكيان السياسي لإشراف ولرقابة ديوان الرقابة المالية.

• المادة السادسة : على مجلس الوزراء و الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

• المادة السابعة : ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

الأسباب الموجبة

بما أن قانون الاحزاب في إقليم كوردستان رقم ١٧ لسنة ١٩٩٣ المعدل قد أحال الى برلمان إقليم كوردستان تحديد ضوابط توزيع المنحة السنوية للكيانات والاحزاب السياسية ضمن ميزانية الاقليم بموجب المادة ١٤ الفقرة ( أ ) وبغية تقديم الدعم المالي للأحزاب والكيانات السياسية الحاصلة على مقاعد برلمانية لتمكينهم من ممارسة أنشطتهم المختلفة في سبيل القيام بدور إيجابي في البرلمان ولكي يكون الدعم المذكور شفافاً وعادلاً لغرض دعم التعددية السياسية في إقليم كوردستان وإعطاء كل كيان حقه ، فقد شرع هذا القانون.

## قرار

- أولاً: بما أن بعض وزارات حكومة إقليم كوردستان والمديريات العامة «خاصة وزارتي الداخلية والپێشمەرگە ومديرية الآسايش العامة» قد اتخذت عدة إجراءات وقرارات (تحريرية وشفهية) بحق بعض موظفي و منتسبي الحكومة قبل وأثناء الحملات الانتخابية بل وحتى بعدها بقصد إجبارهم على التصويت لصالح قائمة انتخابية معينة أو معاقبتهم لعدم قيامهم بالتصويت والنشاط لصالح قائمة بعينها و خاصة منذ ٢٠٠٩/٥/٣ وحتى الآن ، وقد تمثل مضمون هذه الاجراءات والقرارات في :-

١. نقل الموظف العام من مكان وظيفته الى أماكن ومناطق بعيدة ونائية دون وجه حق بقصد إجباره على ترك وظيفته.

٢. نقل الموظف من وظيفته الى وظيفة أخرى بغية تجريده من صلاحياته الوظيفية و امتيازاتها.

٣. تنزيل الرتب العسكرية للعسكريين وأصحاب الرتب من منتسبي مديريات الشرطة والاسايش العامة دون صدور مرسوم أو قرار من رئاسة الاقليم حول ذلك.

٤. وقف صرف رواتب المنتسبين وأفراد طاقم الحماية لأشخاص معينين بالذات دون الآخرين ودون أي تبرير قانوني.

٥. سحب أفراد الحماية من أشخاص معينين بالذات والابقاء على أفراد الحماية لأشخاص آخرين.

٦. عدم السماح للموظف العام بالدوام الرسمي.

٧. فصل الموظف العام و عزله من الوظيفة العامة دون وجه حق.

-ثانياً : وحيث أن هذه الاجراءات والقرارات المذكورة تشكل مخالفات صريحة وإنتهاكاً واضحاً لقانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١ المعدل والقوانين الأخرى ذات العلاقة ، منها قانون التعديل الخامس لقانون إنتخاب برلمان كوردستان-العراق رقم ٥ لسنة ٢٠٠٩ الصادر من برلمان كوردستان . لذا تقرر ما يلي :-

١. إلغاء كافة القرارات التحريرية والشفهية والاجراءات المذكورة المتخذة بحق الموظفين والمنتسبين لتحقيق أحد الأغراض المذكورة في الفقرة ( أولاً ) من هذا القرار.

٢. إعادة جميع المفصولين و المبعدين من الوظيفة العامة الى وظائفهم الأصلية وأماكن عملهم الذين كانوا يشغلونها قبل ٣ / ٥ / ٢٠٠٩ مع إعادة الرتب العسكرية للعسكريين وأصحاب الرتب.

٣. صرف رواتب تلك الفترات الزمنية الى كل من أوقف صرف راتبه.

٤. إيقاف إتخاذ القرارات التحريرية والشفهية المخالفة للقوانين والاجراءات التعسفية المذكورة في الفقرة « أولاً « من هذا القرار.

## مقترح مشروع

### قانون منع التنظيمات الحزبية داخل صفوف الپێشمەرگە و قوى الأمن الداخلي

الفصل الأول : المصطلحات والتعاريف

• المادة الأولى : يقصد بالتعابير الآتية المعاني المبينة إزاءها لأغراض هذا القانون :-

١) مجلس الوزراء : مجلس وزراء إقليم كوردستان-العراق.

٢) وزارة پێشمەرگە : وزارة پێشمەرگە حكومة إقليم كوردستان-العراق.

٣) وزارة الداخلية : وزارة داخلية حكومة إقليم كوردستان-العراق.

٤) قوات پێشمەرگە: جميع القوات المسلحة المرتبطة بوزارة الثيشمەرطة وكل من عيُن في وظيفة من وظائف وزارة ثێشمرطه و يتقاضى راتبه من ميزانية الوزارة و دوائرها وداخل في ملاكاتها .

٥) قوى الأمن الداخلي : جميع القوات المسلحة المرتبطة بوزارة الداخلية ومديرية الأمن العام (الآسايش) وكل من عيُن في وظيفة من وظائف وزارة الداخلية أو مديرية الأمن العامة و يتقاضى راتبه من ميزانية الوزارة أو دوائرها وداخل في ملاكاتها .

الفصل الثاني
آليات عمل القوات المسلحة

• المادة الثانية : قوات پێشمەرگە وقوى الأمن الداخلي في إقليم كوردستان قوات رسمية ، نظامية لجميع مكونات وأطياف شعب إقليم كوردستان-العراق مهمتها حماية إقليم كوردستان والسهر على استقلاله وسيادة القانون فيه وحماية أمن المواطن وحقوقه وحرياته ومنجزاتها هي منجزات جميع المواطنين.

• المادة الثالثة : يُحظر على جميع الأحزاب و الكيانات السياسية والتيارات الدينية ، ممارسة أي نوع من أنواع العمل السياسي داخل صفوف وتشكيلات قوات پێشمەرگە وقوى الأمن الداخلي و منتسبيها. و يحظر إقامة التنظيمات الحزبية أو السياسية أو الدينية فيها.

• المادة الرابعة : يحظر تكوين ميليشيات عسكرية أو شبه عسكرية أو قوات مسلحة خارج إطار القوات المسلحة الرسمية لاقليم كوردستان العراق ويمنع الأحزاب السياسية من أن تكون لها أية تشكيلات عسكرية أو شبه عسكرية . وتتولى الوزارات المعنية المسؤلية الكاملة عن حماية أمن الاقليم وسلامة أرضه و حياة المواطنين وممتلكاتهم وسلامتهم ، وهي التي ستتولى مسؤولية حماية جميع مؤسسات الدولة الرسمية ومقرات الاحزاب والتيارات السياسية الرسمية المعترفة بها قانوناً وفقاً للقوانين المرعية في إقليم كوردستان العراق.

• المادة الخامسة : القوات المسلحة فوق الميول السياسية و لا يجوز لها ولقادتها وآمريها وضباطها ومنتسبيها بأي حال من الأحوال أن تتدخل في الأمور والخلافات السياسية والحزبية والدينية والمذهبية والطائفية.

• المادة السادسة :

١. تصدروزارتا پێشمەرگەو الداخلية بعد مرور ( ) يوماً من تنفيذ هذا القانون بياناً لدعوة جميع التشكيلات العسكرية وشبه العسكرية غير النظامية المرتبطة بالأحزاب و بغيرها بالقاء أسلحتها وتسليمها اليها ، وبعكسه تعد كل قوة لا تسلم أسلحتها بعد انتهاء المدة المحددة خارجة عن القانون وعلى الوزارات المعنية التعامل معها على هذا الأساس واستخدام كل الوسائل الضرورية المتاحة لإجبارها على نزع أسلحتها وإحالة من يلجأ الى القوة أو إرتكاب الجرائم الى القضاء.

٢. على وزارتي البيشمەرطة والداخلية إصدار التعليمات اللازمة لدمج أفراد تلك القوات من الذين يتوفر فيهم الشروط والمؤهلات القانونية المطلوبة في الوحدات النظامية ، وإحالة الآخرين على التقاعد.

• المادة السابعة : يجب أن يكون تعيين أو التحاق الاعضاء بجميع التشكيلات العسكرية داخل إقليم كوردستان وفقاً لضوابط وشروط قانونية صارمة متعلقة بالعمر والكفاءة والتحصيل الدراسي والخبرة والصحة واللياقة البدنية وليس بشكل اعتباطي. ولتسهيل تطبيق ذلك ينبغي إشراك الراغبين في الانضمام الى السلك العسكري في دورات تدريبية «نظرية وعملية» للتأكد من مدى كفائتهم وإمكانية توظيف هذه الكفاءة في السلك العسكري . إضافة الى ضرورة إشراكهم في دورات تدريبية متعلقة بكيفية ضمان حماية الأقليم من التهديدات الداخلية والخارجية مع ضمان تطبيق القوانين على أكمل وجه والحفاظ على حياة المواطنين وأرواحهم وممتلكاتهم وسلامتهم. و يحظر اشتراط الحصول على التزكية الحزبية عند التعيين أو الالتحاق بإحدى تشكيلات القوات المسلحة أو العسكرية أو قوى الأمن الداخلي ، ويعاقب المخالف بالحبس مدة لا تزيد على سنة واحدة وبغرامة لا تزيد على مليوني دينار أو بإحدى هاتين العقوبتين.

الفصل الثالث : العقوبات

• المادة الثامنة :

١. يعاقب كل حزب أو كيان سياسي يثبت قيامه بممارسة العمل الحزبي والسياسي في صفوف قوات پێشمەرگە وقوى الأمن الداخلي بقطع الدعم المالي الحكومي له.

٢. يحل الحزب أو الكيان السياسي الذي يثبت أن لديه قوات مسلحة غير نظامية أو يتلقى دعماً مباشراً أو غير مباشر منها ويحرم من المشاركة في الانتخابات.

٣. يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على سنة واحدة و بغرامة لا تقل عن مليون دينار وطرده من صفوفها كل من قبل الانخراط في صفوف التنظيمات السياسية لأحد الأحزاب من أفراد القوات المسلحة وقوى الأمن الداخلي.

• المادة العاشرة : على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

• المادة الحادية عشرة : يُنفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

الأسباب الموجبة

لما كانت قوات پێشمەرگەوقوى الأمن الداخلي هي قوات لجميع شعب إقليم كوردستان بجميع مكوناته بإختلاف إنتمائاتهم وأفكارهم وآرائهم وأن واجباتها هي الدفاع وحماية أمن كوردستان العراق و أرضه وشعبه وسيادة القانون وهي ليست أداة لقمع المواطنين ولا يجوز لها التدخل في الشؤون السياسية لكي لا تنحاز الى جهة سياسية ضد أخرى . وحيث أن دستور جمهورية العراق قد منع في الفقرة ( ب ) من ( المادة التاسعة ) تكوين ميليشيات عسكرية خارج إطار القوات المسلحة ، و تماشياً مع جملة الالتزامات القانونية التي فرضها قانون الاحزاب السياسية الصادر من برلمان إقليم كوردستان رقم ١٧ لسنة ١٩٩٣ الذي يمنع في مادته ( ١٥ – الفقرة ٣ ) وجود تشكيلات عسكرية أو شبه عسكرية للاحزاب السياسية ويحظر عليهم امتلاك الأسلحة خلافاً للقوانين . لذلك فقد إستوجب تشريع هذا القانون.

# یەکێتی و گرفتی حوکمڕانی



بابەکر دڕەیی

**لە ڕاستیدا ئەوەی سەرکردایەتی یەکێتی بۆ نانبڕینی خەڵک بە گشتی و پەرتەوازەکردنی مامۆستایان بە تایبەتی ئەنجامیدا، جگە لە بەرجەستەکردنی ئەوپەڕی بێتوانایی لە کاری حوکمڕانی و لێنەوەشاوەیی لە بەڕێوەبردنی کاروباری میللەتدا ناکرێت ناوێکی تری لێ بنرێ**

ئەڵقەی یەکەم

**«نانبڕینی مامۆستایان»**

پێدەچێت ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە ئاسانی لەو قەیرانە دەربازی نەبێ کە بەهۆی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانەوە هاتە ڕێی.

وادێتە بەرچاو گومانکردن لە دەسەڵاتی ڕابەرانی یەکێتی و کەمکردنەوەی ڕادەی هەژمونیان لە پەرلەماندا، کارەساتێک بێت کادیرە باڵاکانی ئەو حیزبەی ئێمەش ماوەیەک تەمەنمان تیایدا سەرف کرد، بە ئاسانی قوت نەچێ.

ئێستا دۆخەکە بەجۆرێک لەم بەڕێزانە ئاڵۆزکاوە کە خۆیشیان بە تەواوی نازانن دەست بۆ کام فایلە گەرمە بەرن: فراکسیۆنی گۆڕان یان بزوتنەوەی گۆڕان؟، ریفۆرمیستەکان یان نانبڕاوەکانی دەرەوەی حزب، کێشەی کەرکوک یان پەرلەمانی پایتەخت.. و دەیان گرفت و چەڵەمەی تر.

بەلای هاوڕێ بەجێماوەکانی ئێمەوە، لە هەمو ئەو دیاردە و حاڵەتە سیاسیانەی سەرەوە گرنگتر، تەنگهەڵچنین بو بە ژمارەیەک لە مامۆستایانی دڵسۆزو دورخستنەوەیان بو لە پۆستەکانیان و سزادانیان لەسەر بیروڕای جیاواز.

بەرای بەڕێزانی یەکێتی سزادانی سیاسی لەسەر بیروباوەری جیاواز کارێکی شەرعیەو بە پرەنسیپی حزبایەتی لە جۆری «سۆسیال دیموکراتیک»ی سەدەی بیستویەکەم، ڕێگەپێدراوە.

بە قەناعەتی برادەرە کۆنەکانی ئێمە پەلاماردانی قوت و رزقی خەڵک لەسەر ئەوەی چۆن بیردەکەنەوەو بۆچ وابیردەکەنەوە کارێکی یاساییەو ڕابەرایەتی یەکێتی بۆی هەیە بێ هیچ ڕێگرییەکی ئەخلاقی و پرەنسیپی، کاری وابکات.

لە راستیدا ئەوەی سەرکردایەتی یەکێتی بۆ نانبرینی خەڵک بە گشتی و پەرتەوازەکردنی مامۆستایان بە تایبەتی ئەنجامیدا، جگە لە بەرجەستەکردنی ئەوپەری بێتوانایی لە کاری حوکمڕانیو لێنەوەشاوەیی لە بەڕێوەبردنی کاروباری میللەتدا ناکرێت ناوێکی تری لێ بنرێ.

بەڕێزانی ناو ڕابەری (ی ن ک) بیریان چۆتەوە یان بیر خۆیانی ئەبەنەوە کە ئەوان، لەهەمان کاتدا کە حزبێکی سیاسینو لەتەک کۆمەڵێک قەیرانی پرەنسیپی و سیاسیدا ئەژین و گرفتیان لەگەڵ زۆربەی زۆری خەڵکی ڕۆشنبیرو هۆشیاری حزبەکەیاندا بۆ دروست بووەو ئەم گرفتانەش بونەتە مایەی وازهێنانی ژمارەیەکی زۆری کادیرو بەشێکی دیاری ڕابەرایەتی، حکومرانی بەشێکی ئەم وڵاتەنو ئەگەر حەقیان هەبێت بەهۆی بیروڕای جیاواز خەڵک لەحزبەکەیان دەرکەن و لە هەوڵی ئەوەدا بن لمیان پێ کەچ بکەن، ئەوا وەک حکومرانو دەسەڵاتدار مافی ئەوەیان نیە چینو توێژەکانی خەڵک نانبراو بکەنو دەستبخەنە قورگیانەوەو بیانخنکێنن، بەڵکو ئەرکی هەرە سەرەکی و جیددی سەرشانیانە وەک هەر حکومەتێکی عەقڵانی مۆدیرنی ئەم دنیایە حورمەت و کەرامەتی هاوڵاتیەکانیان بپارێزنو لە هەژاری و برسێتی و بێکاری بیانپارێزن.

ئەگەر یەکێتی وەک حزبێکی سیاسی مافی ئەوە بە خۆی رەوا دەبینێ چاو لە ئەندامەکانی سور بکاتەوە و پلەی حزبی و ئیداریان لێ وەسینێ، ئەوا وەک حوکمران و کارگێری سیاسی ئەم وڵاتە ئەرکیەتێ دەست بە سەری خەڵکدا بهێنێ و وەک هاوڵاتی ئاشتیان بکاتەوەو لە بێخ و بنەوە روحی تۆڵەسەندنەوەو کەللەشەقی حزبی و تاقم تاقمێنەو فراکسیۆنبازی بە مۆزەخانە بسپێرێ.

لێوەشاوەیی سیاسیو کارگێری حزبێکی سیاسی لەوکاتەدا دەرئەکەوێت کەدەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوەیە. یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە(١٨)ساڵی ڕابوردودا دەریخستوە بیرکردنەوەی بە چ ئاقارێدا دەڕوات بۆیە بەردەوام گلۆڵەکەی رو لە لێژی بوەو کەمبونەوەی کورسیەکانی لە پەرلەمانی کوردستاندا باشترین بەڵگەن بۆ ئەو ڕایەش:

- ٥٠ کورسێ (لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢ )
- ٣٩ کورسی(لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥)
- ٢٩ کورسی ( لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩).

پێدەچێت ئەم حزبە هیچ لەو شکستە پەرلەمانیانەی خۆیەوە فێرنەبوبێتو نەیەوێ ئاستی لێوەشاوەیی کارگێری خۆی بباتە سەرەوەو واز لە قیرسیچمەیی حزبی وتاقمگەری و بنەماڵەیی بهێنێو دەسەڵاتدارەکانی وەک مرۆڤی دەوڵەتمەدارو سیاسەتکار لەئاستی میللیدا رەفتار بکەن.

بەو هیوایەی گەلی کورد لە کوردستانی عیراقدا بتوانێ بە شێوازێکی یاسایی و دیموکراتیانە لەگەڵ ژمارەیەک لە دەسەڵاتدارە بوغزاوی و نانبرەکانیدا هەڵ بکات و ناچار نەبێ پەنا بۆ ئەو ڕیگا سەختانە بەرێت کە دوای تاقیکردنەوەیان، هەموان کاڵەک بە ئەژنۆ بشکێنن و ئاخ بۆ رابوردوو هەڵکێشن.

# مام جەلالو محەمەد نەجیب، نەوشیروانو عەبدولناسر



بەهرۆز عەلی

**لێرەدا جێگەی تێرامانە نەوشیروان مستەفا لە کاتێکداو بەپێی قۆناغە مێژووییەکانی یەکێتی لە زۆر ئانوساتدا دەیتوانی لەرێگەی ئەو شێوازانەوە دەسەڵات لە کەسی یەکەم وەربگرێتەوە، بەڵام نەیکرد، تا دواجار پەنای بردەبەر شێوازێکی نوێ، ئەویش لەرێگەی گەڵاڵەکردنی فۆرمێکی نوێتری جیاواز لە شێوازەکانی کودەتای سپیو سوورو کودەتای پزیشکیو شێوازەکانی گەلەکۆمەکێ**

جولانەوەی ئەفسەرانی ئازادیخوازی میسر وەک ڕێکخراوێکی سیاسییو سەربازیی لەناو سوپای میسری پاشایەتی دروستبوو، ئەم ڕیکخراوە ژمارەیەک ئەفسەری لاوی میسری لەخۆگرتبوو کە هەندێکیان رۆڵی سەرکردایەتییان دەگێڕا، لەوانە جەمال عەبدولناسرو حەکیم عامرو ئەنوەرسادات، بەڵام ئەوەی ڕاستەوخۆ سەرکردایەتی دەکردن لیوا محەمەد نەجیب بوو، چونکە نەجیب ئەفسەرێکی بە ئەزموونو بە تەمەن لە ئەفسەرە لاوەکان گەورەتربوو، جگەلەوەش باوکیشی پێشتر ئەفسەربوو و ماوەیەک لە فەرماندەیی پیادەی سوپای میسر بووە لە سودان کە ئەو سەردەمە سودان لەژێر فەرمانڕەوایی میسر - ئینگلیزیدابوو، دوای ئەوەی ساڵی (١٩٥٢) ئەم ڕێکخراوە توانی لە کودەتایەکی سەربازیی سپیدا رژێمی پاشایەتی بگۆڕن، لە جێگەیدا کۆماری میسری عەرەبییان ڕاگەیاندو لیوا محەمەد نەجیب بوو بە یەکەم سەرۆک کۆماری میسر، لەم شۆڕشەدا کە بە شۆڕشی یۆنیۆ ناوبانگی دەرکرد، ئەفسەرە لاوەکان بزوێنەری شۆڕشو گۆڕانکارییەکان بوون، بەڵام لیوا محەمەد نەجیبیان دەستنیشانکرد بۆ سەرکردایەتیکردنیان، چونکە نەجیب ئەزموونی سەرکردایەتی زیاتربوو.

بە هەموو حاڵەتەکان نەجیب کەسی یەکەمو عەبدولناسر کەسی دووەم بوو، بەڵام دوو ساڵ دوای ڕاگەیاندنی کۆماری میسر ساڵی (١٩٥٤) بەو هۆیەی کەسی دووەم واتە عەبدولناسر زیاتر نزیکبوو لە ئەفسەرەکانی دیکە، ئەم هەلەی قۆستەوەو کەسی یەکەمی شۆڕشەکەی لاداو لە ڤێلایەکی گەڕەکی مەرجی دەوروبەری قاهیرە دەستبەسەریکرد کە سی ساڵ بە گۆشەگیری لەو ڤێلایەدا مایەوە، محەمەد نەجیب لە تەمەنی شەستو پێنج ساڵیدا ناچاربوو دەست لە سیاسەت هەڵگرێتو بەدرێژایی ئەو ماوەیە کە لەو ڤێلایە دەستبەسەربوو، یادەوەرییەکانی بنووسێتەوەو عەبدولناسر خۆی بوو بە کەسی یەکەمو دواتر بوو بە سەرۆکی میسر، لێرەدا مەبەستمان ئەوەنییە عەبدولناسر سیاسەتەکانی چۆن بووەو چی بووە، بەڵام چیرۆکی بە سەرۆکبوونی عەبدولناسرو بە کاریزمابوونەکەی لەو کاتەوە دەستیپێکرد کە لیوا محەمەد نەجیبی لە دەسەڵات لاداو خۆیی چووە جێگەکەی.

چیرۆکی هاوشێوەی ناسر لە مێژوودا زۆرە کە لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشەکانو گرتنەدەستی حوکمڕانی، کەسی دووەم کەسی یەکەم لابداو خۆی ببێتە کەسی یەکەم، وەک لادانی ترۆتسکی لەلایەن لینینو ستالینەوە، ترۆتسکی بیریاری سیاسیی مەزنی ڕوسیا کە گوتار بێژێکی لێهاتوو شۆڕشگێڕێکی بلیمەت بوو، ئەندامێکی سەرەکی دامەزرێنەری شۆڕشی ئۆکتۆبەرو یەکەم فەرماندەی سوپای سووری سۆڤیەت بوو، بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو فراوانبوونی نێونەتەوەیی سۆسیالیزمی دووەم کە خۆی دامەزرێنەری بوو وەک سەرکردەی یەکەم هاوشانی لینین دەرکەوت، سەرکردەکانی دیکەی سۆڤیەت گۆشەگیریانکردو ئاوارەی تاراوگەبوو تا لە مەکسیک گیرسایەوە لەوێش لەلایەن مافیاکانی سەر بە ستالین تیرۆرکرا، حاڵەتی لادانی کەسی یەکەمی دەسەڵات تەنانەت لەناو خێزانە فەرمانڕواکانیشەوە ڕوویداوە، وەک نموونەی فەرمانڕەواکانی کەنداوی عەرەبی، ئەم فەرمانڕەوایانە کاتێک لەژێر ئینتیدابی ئیستعمار سەربەخۆییان وەرگرتووە ئەمیرە پلە دوو و سێیەکان، لەڕێگەی لادانو گۆشەگیرکردنی کەسی یەکەمەوە دەسەڵاتیان لەئەمیری پلەیەک وەرگرتووەتەوە، هەروەها لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی ئەو حاڵەتە چەند جارێک لە سوریاو یەمەن ڕوویداوە کاتێک کە گروپێک یا جوڵانەوەیەک دەسەڵاتیان گرتووەتەدەست لە یەکەم هەنگاوی حکومڕانیدا، کەسی دووەم کەسی یەکەمی لاداوەو خۆی چووەتە شوێنەکەی.

ئەگەر ئەم حاڵەتانە بەراورد بکەین بە شۆڕشی نوێی کوردستانی عێراق کە لەسەر دەستی یەکێتی نیشتمانی هەڵگیرسا بەهەمانشێوەی شۆڕشی یۆنیۆی میسر، سەرکردە لاوەکان بزوێنەرو ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا لە سەرخستنو مانەوەیدا، بەڵام بەو هۆیەی کە مام جەلال لە ڕووی تەمەن لەوان گەورەتربوو و ئەزموونی سەرکردایەتیکردنی زیاتربووە، سەرکردە لاوەکان مام جەلالیان بە سەرکردەی یەکەمی شۆڕش دەستنیشانکرد، بەڵام لە ئاکامی شۆڕشدا کە خۆی لە ڕاپەڕیندا بینیەوەو حوکمڕانی دوای شۆڕش دروستبوو، خەسڵەتێکی یەکێتی جیاواز لە شۆڕشەکانی دیکەی دنیا، ئەوەبوو کەسی دووەم بیری لەوە نەکردەوە کە کەسی یەکەم واتە مام جەلال گۆشەگیربکاتو بچێتە شوێنەکەی، نەوشیروان مستەفا وەک کەسی دووەمی یەکێتی زۆر کەرەستەی بوون بە کەسی یەکەمی لەناو یەکێتی لەبەردەستدابوو وەک ئەوەی سکرتێری کۆمەڵەبووە کە کۆمەڵە لە ڕووی ژمارەوەو هێزەوە بەهێزترین باڵی یەکێتی پێکهێناوە، جگەلەوەش زۆربەی سەرکردەو کادیرەکانی لەگەڵ بووە، نەوشیروان جگەلەوەی هەوڵینەدا وەک چۆن عبدولناسر محەمەد نەجیبی لەسەر کارلابرد هەمان ڕەفتار بەرامبەر کەسی یەکەمی یەکێتی بکاتو بەرنامە سیاسییەکانی خۆی پیادەبکات، بەڵکو لەوەش زیاتر ڕێی بۆ کەسی یەکەم خۆشترکرد تا لە قۆناغی نوێی حکومڕانیدا پلانو بەرنامەی سیاسیی خۆی بخاتەکار، وێرای ئەوەش تەنانەت لەم ماوە نزیکانەی ڕابردووشدا پەنای نەبردە بەر شێوازی دیکەی لادانی کەسی یەکەم بە قۆستنەوەی زۆری تەمەنو خراپیی باری تەندروستی سکرتێری گشتیی یەکێتی، وەک ئەوەی لە تونس ڕوویدا، حەبیب بۆ رقیبەی دامەزرێنەرو سەرۆکی تونس دوای حوکمڕانییەکی زۆر کاتێک بەهۆی زۆری تەمەنییەوە تەندروستی بۆ رقیبە لەبارنەبوو بۆ سەرۆکایەتیکردنی تونسو سەرۆکایەتی حیزبی دەستووری نوێی تونس، هاوەڵەکانی لەرێگەی کودەتای پزیشکییەوە لەسەر کار لایانداو زەین عابدینی کەسی دووەمو سەرۆک وەزیرانی تونس شوینەکەی گرتەوەو بوو بە سەرۆکی حیزبو سەرۆکی دەوڵەت،

لێرەدا جێگەی تێرامانە نەوشیروان مستەفا لە کاتێکداو بەپێی قۆناغە مێژووییەکانی یەکێتی لە زۆر ئانوساتدا دەیتوانی لەرێگەی ئەو شێوازانەوە دەسەڵات لە کەسی یەکەم وەربگرێتەوە، بەڵام نەیکرد، تا دواجار پەنای بردەبەر شێوازێکی نوێ، ئەویش لەرێگەی گەڵاڵەکردنی فۆرمێکی نوێتری جیاواز لە شێوازەکانی کودەتای سپیو سوورو کودەتای پزیشکیو شێوازەکانی گەلەکۆمەکێ کە ئاڵوگۆڕەکانی دەسەڵات لە زۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەم شێوازانە بووە کەوابێت فکیری نەوشیروانو بیرکردنەوەی نەوشیروان وەک سەرکردەی دووەمی شۆڕشێکی گەورەی کوردستان دەکرێت وەک ئاکارێکی سیاسیی ئیجابی لێکبدرێتەوە بەپێچەوانەی ئەو سەرکردانەی هەلی کودەتاو موئامەرەو نەخۆشی کەسی یەکەم دەقۆزنەوە بۆ گرتنە دەسەڵات، تا لەو ڕێگەیانەوە دیدی سیاسیی خۆیان پەیڕەوبکەن.

# بزووتنەوەی گۆڕان‌و ئەرکەکانی داهاتوو

**کورد لە شەڕ ئازاو لە سیاسەت‌و قۆزتنەوەی هەلەکاندا نەتوانن کارو دەستەوستانن کەوابوو لە سیاسەتی دەرەوەدا، بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان کرا بە قوربانی بەرژەوەندیی حیزب**

حسێن ڕەحیمیان- سەقز

هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان، سەرەتایەکی نوێ لە سیستمی دەسەڵاتداریی لە کوردستان‌و کرانەوەی دەلاقەی هیوایەکی تازە بۆ گەلی کوردبوو، لیستی گۆڕان بە سەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا، بە دروشمی گۆڕان، پێینایە گۆڕەپانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و بە تۆمارکردنی سەرکەوتنێکی باش توانی خۆی وەکو یەکەمین ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی (١٨) ساڵەی کوردی لە باشووری کوردستاندا وێنابکات. سەرهەڵدانی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی دەتوانێت سەرەتایەک بێت بۆ چاکسازیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و لەهەمانکاتیشدا مژدەیەکی هیوابەخشە بۆ خەڵکی کورد کە ساڵانێکە بە دەست سیاسەتە چەوتەکانی پارتی‌و یەکێتیەوە دەناڵێنن.

دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان بەداخەوە لە (١٨) ساڵی رابردوودا نەیانتوانی مودێلێکی باش لە حوکمڕانی پێشکەش بە خەڵکی کورد بکەن‌و لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتی خۆیاندا مێژوویەکی ناحەزیان لە دووبەرەکی، براکوژیی، نەبوونی شەفافییەت‌و گەندەڵی لە سیستمی ئیداریداو هەروەها تێکەڵی حیزب‌و حکومەت بۆ خۆیان تۆمارکرد. هاوکات لەگەڵ هێرشی ئەمریکاو هێزی هاوپەیمان بۆ سەر عێراق‌و لەناوچوونی رژێمی بەعس، چاوەڕوان دەکرا پارتی‌و یەکێتی بە زووترین کات تەواوی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستانیان رزگاربکردایەتەوەو بەبێ چارەسەری ئەو پرسە گرنگە بەشداریی حکومەتی بەغدای نەکردایە بەداخەوە ئەو هەلە زێڕینە لەژێر هاتوهاواری ساختەی برایەتی کوردو عەرەب لەکیسچوو تا جارێکی دیکە بۆمان دەرکەوت کە مێژوو لەسەر کەس راناوەستێت وەک دەڵێن کوردیش لە شەڕ ئازاو لە سیاسەت‌و قۆزتنەوەی هەلەکاندا نەتوانن کارو دەستەوستانن کەوابوو لە سیاسەتی دەرەوەدا، بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان کرا بە قوربانی بەرژەوەندیی حیزب‌و بەو مۆدێلە بێسەرو بەرە لە سیاسەت کە هەرێم بەرامبەر بە بەغدا کاری پێ دەکات تائێستاش بستێک لە خاکی ناوچە دابڕاوەکان نەخراوەتەوە سەر خاکی کوردستان، کارکردن بە عەقڵیەتی سەردەمی شەڕی ساردو ریالیزمی سیاسیی، کوردی لەوەها بازنەیەکی شوومدا سەرگەردانکردووە کە رزگاری لەم گێژاوە بە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە مەحاڵ دەنوێنێت لە راستیدا سیستمی دووحیزبی لە کوردستاندا لایەنی سلبی زۆری بە دواوە بووە لەم سیستمەدا فیرقەگەری‌و عێراقچێتی پەرەی پێدراوە، تاکی بەهرەمەندی ناحیزبی لە کاروباری وڵات پەراوێزکراوە، بەرژەوەندیی حیزب‌و سەرۆکی حیزب لە سەروی بەرژەوەندیی نەتەوە دانراوەو ریاکاری‌و دووڕوویی وەک شێرپەنجە گەشەیکردووەو کەسایەتی‌و شووناسی مرۆڤەکان شێوێندراوە، ئەم حیزبانە ئەندامی بەرچاو تەنگ‌و دەمارگرژو ناتەوەییان پەروەردەکردووە. نەبوونی پرۆژەیەکی زانستی بۆ داهاتووی وڵات وایلێکردوون بەردەوام پەنا ببەنەبەر رابردوو سیمای خۆیان لە پشت وێنەی شەهیدانەوە بشارنەوە.

هەر بۆیە کەسەکە بوونی داخوازیی رەوای چین‌و توێژەکانی خەڵک ئەرکەکانی بزووتنەوەی گۆڕانی وەک ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە قورس‌و گرانترکردووە هەرچەند لە (١٨) ساڵی رابردوودا مودێلێکی لانیکەمی لە دیموکراسی بە بۆنەی هەڵبژادن‌و هەندێک مەرجی دیکە لە ئارادا بووە ، بەڵام بەهۆی سیستمی دابەشکردنی دەسەڵات بەشێوەی پەنجا - پەنجاو ئابووری گەندەڵ‌و گرێدراوی دەسەڵات، تێکەڵبوونی هێزەکانی یاسادانان، بەڕێوەبردن (دەوڵەت)و دەزگای دادوەریی، بوارێکی ئەوتۆ بۆ گۆڕانی دەسەڵات‌و سەقامگیرکردنی مودێلێکی لانی زۆری لە دیموکراسی لە ئارادا نەبووە، یەکێک لەو کەموکوڕییانە نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز سەبارەت بە رەخنەگرتنی جدیی لە حکومەت‌و لە بەرامبەریشدا پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی دیکە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات بووە. ئەنجام ئەم حیزبانە نەیانتوانیوە چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزنەوەو هەر وەک لەکاتی رووخانی حکومەتی بەعس‌و لەمەڕ قۆزتنەوی ئەو هەلە مێژووییە لە بەرژەوەندیی گەلی کورددا بینیمان.

بە سەرکەوتنی لیستی گۆڕان‌و هاتنەکایەی وەکو ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لیستی ناوبراو دەبێت ئەرکی مێژوویی خۆی لەمەڕ دیموکراتیزەکردنی هەرێمی کوردستان‌و پێشکەشکردنی مودێلێکی نوێ لە حوکمکردن بگێڕێت، جێگەی ئاماژەیە کە بوونی ئۆپۆزسیۆن، یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دیموکراسییەت لە حکومەتێکی ئەوتۆدا، ئۆپۆزسیۆن رۆڵی کۆنترۆڵی حیزبی دەسەڵاتدار دەگێڕێت. ئۆپۆزسیۆنی کارامە دەتوانێت بەر بە پەسەندکردنی ئەو یاسایانە بگرێت کە لە بەرژەوەندیی خەڵکدا نییەو لەوانەیە ئەو یاسایانە کاردانەوەی بەرژەوەندیی حیزبی‌و تاکەکەسی دەسەڵاتداران بێت، هەروەها بە لەقاودانی گەندەڵی حکومەت‌و نەتوانێت کاری وەزیرەکان بەر بە سەرەڕۆیی حکومەت‌و بە لاڕێدا چوونی بگرێت، هەروەها دەبێت بەرنامەیەکی ئاسترناتیویشی ببێت‌و لە راستیدا ئۆپۆزسیۆن وەکو «حکومەتی چاوەڕوان» وایە کە لە زانستی سیاسیدا حکومەتی سێبەر یان حکومەتی بەدیلیشی پێدەگوێرێت.

هەر بەم پێیەش لیستی گۆڕان دەبێت لێبڕاوانە بە راپەڕاندنی ئەرکی مێژوویی خۆی وەکو یەکەم ئۆپۆزسیۆنی بەهێز لە مێژووی نوێی حوکمدارێتی کوردستان هەستێت‌و بزانێت چاودێری ورد بەسەر کارەکانی حکومەت‌و رەخنەی دڵسۆزانەی بەردەوام، بوار بۆ ریفورمی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتووری‌و سیاسیی برەخسێنێت، لیستی گۆڕان دەبێت بە پێشکەشکردنی سیاسەتێکی بەدیل لە بەرامبەر سیاسەتەکانی حکومەت ئاستی هۆشیاری خەڵکی کوردستان بەرێتە سەرو کار بۆ نەهێشتنی هەموو ئەو دیاردە ناحەزانە بکات کە لەم ساڵانەدا کۆمەڵگەی کوردی بە دەستیانەوە ناڵاندوویەتی، لەلایەکی دیکەوە ئەرک‌و گرنگی بوونی ئۆپۆزسیۆن لە سیستمێکی دیموکراتیکدا بۆ خەڵکی کوردستان ژوونبکاتەوە. ئەگەر لیستی گۆڕان نموونەیەکی راستەقینە لە کارکردی ئۆپۆزسیۆن پێشکەشنەکات بێگومان زەبرێکی کوشندە لە ئەزموونی سیاسیی خەڵکی کوردستان دەکەوێت‌و بوار هەرچی زیاتر بۆ هێزە توندئاژۆکان خۆشدەبێت، دەبێت بزانرێت رەنگە تەواوی ئەو کەسانەی وا لە لیستی گۆڕان کەوتوون لەوانەیە بەڕاستی بڕوایان بە گۆڕان نەبێت‌و هۆکاری دیکە لە مەڕ کارکردنیان بۆ لیستی گۆڕان لە ئارادا بێت جگەلەوە بە سەرنجدان بەوەی کە زۆربەی ئەندامانی ریبەری لیستی گۆڕان لە دڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە هاتوونەدەر، بێ خوێندنەوەی رەخنەئامێزی مێژووی بەتایبەت ئەم چەند ساڵەی یەکێتی، سەرکەوتن لە ئەرکەکاندا دژوار دەبێتەوە لیستی گۆڕان دەتوانێت رۆڵی بنیادنەری خۆی لەمەڕ بردنە سەری ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی‌و سیاسیی خەڵک، هاندانی جەماوەر بۆ بەشداریی هەرچی زیاتر سەبارەت بە پرسی چارەنووسی سیاسیی خۆیان‌و هەروەها چاودێریی حکومەت‌و پێشکەشکردنی سیاسەتێکی بەدیل بە باشترین شێوە بگێڕێت.

پێویستە ئەندامانی گۆڕان بەر لە هەموو شت خۆیان دووربن لە رۆحی عێراقچێتی‌و خۆبەزلزانی‌و گەندەڵی ئیداریی‌و ئابووری. لیستی گۆڕان نابێت دڵی بە زۆرو بۆرخۆش بێت‌و ناشبێت رێگە بە کەسانی گەندەڵ‌و ناوزڕاو بدرێت بە ئاسانی بچنە ریزەکانی گۆڕان خوازان بەبێ ئەوەی خۆیان گۆڕانی ئەوتۆیان تێدا بە دیهاتبێت. بزاوتی گۆڕان دەبێت بە کردەوە کار بۆ بردنەسەری ئاستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بکات‌و زیندووکردنەوی بەها ئینسانییەکان‌و رۆحی هاوکاری‌و متمانە لە ئەندامانی خۆیەوە دەست پێبکات.

ماوەتەوە بڵێم سەرکەوتنی لیستی گۆڕان کرانەوەی ئەو پەنجەرەیە کە ساڵانێکە لە گەلی کورد داخراوبووە بەتایبەت پاش رووخانی حکومەتی بەعس‌و هەلکوژی پارتی‌و یەکێتی‌و گوێنەدان بە رەخنەی دڵسۆزانی نەتەوەکەمان، هەڵهاتنی خۆری گۆڕان من‌و سەدان کەسی چەشنی منی لە ئاکامی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێم دڵساردو نیگەران کردبوو.

# باشتر وایە پێکەوە دانیشن



ئازاد چالاک

**لە پەرلەمانی عێراق کورد بە جیاوازیی لیستەکانییەوە دەتوانێ ڕۆڵی گەورە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی ببینێ‌و بە یەک دەنگی‌و یەک ریزی بچێتە مەیدانی ئەو ململانێیەوە**

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەندێک جێی سەرسوڕمان بوو بۆ هەندێکی دیکەش کەم تا زۆر چاوەڕوانکراو بوو.

دەسەڵات لە کوردستان پاش خەبات‌و تێکۆشانێکی زۆر هەژدە ساڵە حوکمی گرتووەتە دەست ئەو هەژدە ساڵە جیلێکی نوێی چاوکراوەی لەگەڵدا گەورە بوو، کۆمەڵانی خەڵک بە گشتیی چاویان بە ئازادی‌و حوکمی خۆماڵی هەڵهێنا خواست‌و ئاواتە لە مێژینەکانیشیان وەک خەون بەردەوام بە بیرو هۆشیاندا گوزەری دەکردو لە ناخیاندا نارازیبوون لە بێ دادی کۆمەڵایەتی‌و کەمیی خزمەتگوزاریی‌و گەندەڵیی کارگێڕیی‌و دارایی تا دەهات پەنگی دەخواردو بەرەی ئۆپۆزسیۆنی فراوانتر دەکرد.

لەو ماوەیەدا لەگەڵ هەموو ئەو قسەو باسانەی کە دەکران‌و ئەو رەخنانەی کە لەلایەن کەسایەتییە سیاسیی‌و رۆشنبیرەکانی کوردەوە رادەگەیەنران‌و بڵاودەکرانەوە، لەلایەن دەسەڵاتەوە بێ بەهاو بایەخ سەیر دەکران‌و پەراوێز دەخران.

تا دەهات بیری خۆ بە زل‌و بەهێز زانین‌و بە لاوەنانی خەڵکانی دڵسۆزو هەقبێژ جێی بە پێچەوانەکەی لێژ دەکردو دەبووە پرەنسیپ‌و بە جەستەی ناوەندو ئۆرگان‌و رێکخستنەکاندا دەچووە خوارێ.

ئەگەر ئەمڕۆ وا سەیری بارودۆخی سیاسیی کوردستان بکەین‌و بۆ دووبارە لێکیان جیا بکەینەوە، کە یەکێکیان بەرەی دەسەڵات‌و ئەوی دیکەیشیان بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە بەرامبەریاندا بەرەیەکی دیکە قووتدەبێتەوە کە ئەویش بەرەی ناحەزانی داخوازییە رەواکانی گەلی کوردستانە لە دەرەوەی بازنەی هەرێم‌و ئەمەیش وایکردووە سنوورەکان‌و ئامانجەکان لای هەندێک تێکەڵ بە یەک یاخود تەموومژاوی بن‌و زۆرجاریش ئەم پرسە وەک مەترسیی لەسەر ئەزموونی کوردستان بە گەرمیی باسی لێوە دەکرێ‌و بەکار دەهێنرێ.

رەوڕەوەی هاوپەیمانیەتییە جۆراوجۆرەکان لە عێراق بەرەو ئەوە دەڕوات وەک سەرەتا لایەنە مەزهەبییە جیاجیاکان خۆیان لە یەک لیستی داخراو بە خۆیان‌و بە مەزهەبەکەیان دوور بگرن، ئەگەر بە رواڵەتیش بێت، ئەم هەڵوێستە جەماعییە نیشانەی جۆری لێکدانەوەی عەقڵییەتی سیاسیی عەرەبی‌و شەقامی عێراقییە، کە پێیوایە زۆربەی کێشەکانی عێراق هی ئەو جۆرە دابەشبوون‌و ریزبەندییەیە، بۆیە دەرگای هاوپەیمانیەتییەکانیان والاکردووە بە رووی یەکترداو ئەو مەسەلەیان بە هەند وەرگرتووە لە کوردستان زۆربەی رەهای دانیشتووان کوردو سوننە مەزهەبن، زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی بەشداری کۆڕی سیاسیی‌و خەبات‌و پێشمەرگایەتی بوون‌و بەپێی یاسا چوونەتە کێبڕکێی هەڵبژاردنەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا گیانی هاوکاریی‌و تەبایی‌و یەکتر قبوڵکردن تا رادەیەک ون‌و لەجیاتی تانەو تەشەرو ناوزڕاندن‌و سزادان‌و دەرکردن‌و نانبڕین بووەتە رێبازو پیشە.

هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، کە تیایدا مالیکی‌و لیستی دەوڵەتی یاسا زۆرینەی بەدەستهێناو هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان رۆژی (٧/٢٥)، کە تیایدا چەند لیستێکی ئۆپۆزسیۆن دەنگی بەرچاویان هێنا، بارودۆخێکی سیاسیی نوێی لە عێراق‌و کوردستان هێنایە کایەوەو وا چاوەڕواندەکرێت، کە بۆ هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق‌و ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەمجۆرە کێبڕکێیە بەردەوام‌و لە برەو دابێت.

زۆرکەس پێیوایە، کە کێبڕکێ‌و بوونی ئۆپۆزسیۆنی کارا سوود بە ئەزموونی دیموکراسیی کوردستان‌و راستکردنەوەی باری حیزب‌و حکومەت دەگەیەنێ‌و هەشە پێی وایە، کە زۆربوونی لیست‌و قەوارە سیاسییەکان زەرەر بە پێگەی کوردو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دەگەیەنێ‌و لای هەندێکی دیکەیش دەخرێتە بازنەی وابەستەیی‌و خیانەت بە کێشەو داخوازییەکانی گەلی کوردەوە.

لای من باری تەندروست ئەوەیە؛ کە هەر حیزب‌و لایەنێک بە تەنیا وەک خۆی بچێتە ململانێی هەڵبژاردن‌و کێبڕکێوە بە پارتی‌و یەکێتیشەوەو با هەر حیزب‌و لایەنێک قەوارەی راستەقینەی خۆی بزانێ بۆ ئەوەی دەستنیشانی هەڵەکانی خۆی بکاو نەخشەو بەرنامەی باش بۆ ئایندەی خۆی دابڕێژێ‌و لە هەموو دنیاش حیزب پێویستی بەردەوامیی بەو پیاداچوونەوەو هەڵسەنگاندنە هەیەو ئەگەر لە کارەکانی شکستیهێنا دەبێ ئازایانەو بە گیانی هەستکردن بە مسئولییەتەوە هەڵەکانی دەستنیشان بکات‌و بەرپرسیارییەتی هەڵبگرێ‌و رێگەش خۆشبکات بۆ کەسانی دیکە بارە گلاوەکەی راست بکەنەوە.

دەسەڵات گەر ئەوەشی لەدەست نایەت بۆ دەبێ هەتا ئێستا بیر لە هاوکاریی‌و هەماهەنگی نەکا لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بە لیستی گۆڕانیشەوە؟ بۆ دەبێ بە رەوای بزانێت بۆ خۆی لەگەڵ توندڕەوو میانڕەوی شیعەو سوننەو هی تریش دابنیشێ‌و هاوپەیمانییەتیان لەگەڵدا ببەستێت، بەڵام بۆ کوردەکەی خۆی رازی نەبێ‌و بەردەوام بێ لەسەر سزادانی لایەنگرانی رکەبەرەکەی؟

لە پەرلەمانی عێراق کورد بە جیاوازیی لیستەکانییەوە دەتوانێ رۆڵی گەورە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی ببینێ‌و بە یەک دەنگی‌و یەک ریزی بچێتە مەیدانی ئەو ململانێیەوە، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا ئاماژەکانی پاش هەڵبژاردن پێچەوانەی ئەم لۆژیکە سادەیەیە.

لەوێ لایەن‌و لیستە جیاکان بە بەعسییەکانیشەوە زۆرجار دژی یەک دەوەستن‌و هەندێ جاریش هاودەنگ دەبن‌و ئاساییە، ئەی باشە بۆ دەبێ لە کوردستان نەتوانین خاڵی هاوبەش لە نێوان خۆماندا بدۆزینەوە، ئایا کام لیست جاش‌و خائین بووەو کام لیستیش شۆڕشگێڕی عەیار (٢٤)؟

زووبێ یان درەنگ ئەقڵییەتی تێرامان‌و پێداچوونەوە بە هەڵەکانی رابردوو زاڵ دەبێ بەسەر عەقڵییەتی تاکڕەویی‌و تۆڵەو قین‌و نانبڕین.

# ئەگەر گۆڕان ببێت بە حیزب



**هێمن کامیل ــ کەرکوک**

**گەورەترین هەڵەی گۆڕان ئەوەیە بیر لەوەبکاتەوەو ببێت بە حیزب، چونکە ئێمە لە حیزبمان کەم نییە، بەڵام ئەوەی بۆ ئەمڕۆ زۆر پێویستە، رەوت یان بزووتنەوەیەکی لەمجۆرەی گۆڕانە**

چەند ساڵێکە خەڵکی هەستی بەوەکردووە کە کوردستان پێویستی بە دروستبوونی رەوت یان بزووتنەوەیەکی جیاواز لە وێنەی حیزب هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە حیزب شکستی هێنا لە دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییو ئازادییەکان بۆ تاکی کوردو پێشکەشکردنی نموونەیەکی باش لە بەڕێوەبردن، تەنانەت یەکێک لەو حیزبە ئیسلامیانەش کە ساڵانێک جێگەی هیوا بوو هەمان رێچکەی حیزبە بە ناو عەلمانیو نەتەوەییەکانی گرتەبەر، لەبەرئەوەی ئەمیش هەر وەک ئەوان لە روانگەی بەرژەوەندیی حیزبیانەی خۆیەوە لە رووداوەکانی دەڕوانی نەک لایەنە ئەخلاقییەکەی سیاسەت، هەر بۆیە حیزبەکانی کوردستان ئەگەرچی لە رووی ئایدۆلۆژییەوە جیاوازی هەیە لەنێوانیاندا، بەڵام هیچ یەکێک لەوانە نەیانتوانی ئەو ریفۆرمو گۆڕانەی کە دەبوو لە کۆمەڵگەی کوردیو سیاسەتو بەڕێوەبردنی وڵاتدا بیکەن نەیانکرد، بەڵام کاتێک بزووتنەوەیەکی جەماوەریی وەک گۆڕان هاتەکایەوە، هەر زووبووە جێگەی هیوای خەڵکیو هەموو چینو توێژێک رووی لێکردو متمانەی خۆیان پێ بەخشی، باسی زۆر هۆکار دەکرێت لە گردبوونەوەی ئەو جەماوەرە زۆرە لە گۆڕاندا، بەڵام گەورەترین جیاوازی لیستی گۆڕان لەگەڵ هەموو لیستەکانی دیکە کە بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد، حیزبی نەبوونی ئەم لیستەبوو، واتە حیزبێک لە پشتییەوە نەبوو، هەربۆیە لەگەڵ دروستبوونی لە دەرخستنی کەموکوڕییەکانی حکومەتی هەرێمدا، بە ئاستێک بوێرانەبوو تەنانەت ئەو حیزبانەشی تووشی ئیحراجییەکی گەورەکرد کە چەند ساڵێکە بانگەشەی ئۆپۆزسیۆنبوون دەکەن، بەڵام ئەوەی بووەتە جێگەی پرسیار، ئەوەیە کە ئایا لیستی گۆڕان دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا جەماوەرە بەرفراوانەکەی خۆی بۆ دەرکەوت، بیر لەوەدەکاتەوە ببێت بە حیزب؟ چونکە ئەگەر ببێت بە حیزب ئەو کاتە بە تێپەڕبوونی کات بەشێک لە خەسڵەتو سیفاتە جیاوازەکانی کە هەیەتی، بەرەو نەمانو کەمبوونەوە دەچنو تەنانەت بەهۆی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی حیزبی ناچاردەبێت زۆر راستی هەیە چاوپۆشیی لێبکات، بۆ نموونە سبەی ئەگەر گۆڕان ببێت بە حیزبو یەکێک لە دەوڵەتە دراوسێکان تاوانێک یان پیلانێک دژ بە کورد ئەنجامبدات، بەڵام بەهۆی ئەوەی گۆڕان بەرژەوەندیی حیزبی نەکەوێتە مەترسییەوە دەبێت بێدەنگ بێت، یان هەڵوێستێکی شەرمنانەی هەبێت، چونکە زۆرجار حیزبەکانی کوردستان پێویستی کردووە هەڵوێستێکی جدییان هەبێت لەو رووداوانەی هاتوونەتەپێش، بەڵام نەیانبووە، ئەمە بۆ حیزبە ئیسلامییو نائیسلامییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتیش راستن.

گەورەترین هەڵەی گۆڕان ئەوەیە بیر لەوەبکاتەوەو ببێت بە حیزب، چونکە ئێمە لە حیزبمان کەم نییە، بەڵام ئەوەی بۆ ئەمڕۆ زۆر پێویستە، رەوت یان بزووتنەوەیەکی لەمجۆرەی گۆڕانە تاوەکو بەردەوام لە بەرەی جەماوەردا بمێنێتەوە، کە پتەوترینو بەهێزترینو کاریگەرترین پاڵپشت دەبن بۆی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە، لە نموونەی گۆڕان لە زۆر وڵاتدا هەیە، لەوانەش عێراق کە ئەو رێگرییو فشارو هەڵوێستانەی ئەم رەوتو بزووتنەوەیەی عێراق بە پاڵپشتی جەماوەرەکەیان دروستیدەکات، زۆر زیاترە لەوانەی حیزبەکانی ناو عێراق دروستیدەکەن، تەنانەت لە بەرامبەر زلهێزێکی وەک ئەمریکاو بەریتانیاش.

ئەگەر گۆڕان لە ئێستادا خۆی لە حیزبەکانی دیکە، بەتایبەت دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە بە جیاوازتر دابنێتو بڵێت بەرژەوەندیی خەڵکو نەتەوە لە سەرووی هەموو شتێکەوەیەو ئامادەنین دەستبەرداری بین، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانرێت رۆژانێک حیزبەکانی دیکەش هەروابوون، بەتایبەتی ئەو حیزبەی کە رێبەرەکانی ئەم بزووتنەوەیە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بوون.

دەبێت حیزبەکانیش بزووتنەوەیەکی لەمجۆرەیان پێباش بێت کە رۆڵی هەبێت لە ئاراستەکردنی سیاسەتی کوردیداو هیچ دەوڵەتو لایەنێک نەتوانێت وەکو ساڵانی رابردوو لەژێر فشاردا مەرجەکانی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن، چونکە لە رێگەی بزووتنەوەیەکی لەم جۆرەوە دەکرێت هەمیشە جەماوەر بەئاگابهێنرێتەوە لەو بڕیارو دۆزانەی کە پەیوەندیی راستەوخۆیان هەیە بە چارەنووسی نەتەوەکەمانەوە، بۆ نموونە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان تەنیا یەک کەسایەتی هەیە لە دەرەوەی حیزب بێتو ئەندامی پەرلەمان بێت، ئەوەی ئەو بەڕێزە دەتوانێت بە خەڵکی بڵێتو نەیشارێتەوە هیچکام لە ئەندام پەرلەمانو نوێنەرانی کورد لە بەغدا ناتوانن بیڵێن، کە دەکرێت ئەمە نموونەیەکی باش بێت تاوەکو لە پەرلەمانی ئایندەی عێراقو هەرێمدا دەیان کەسی وەکو ئەو پەرلەمانتارە سەربەخۆو ناحیزبییەی بەغدامان هەبێت.

# دەبێت پەرلەمانتاران دادگایی بکرێن



ئاودێر شێخ عومەر

**پەرلەمانەکەی پارتیو یەکێتی هێندە کەمتەرخەمبوون بە درێژایی هەر چوار ساڵەکەی تەمەنی خولەکەیان نەیانتوانی لە نێچیرڤان بارزانی بپرسنەوە «بۆچی وەزارەتی نەوت کارەکانی لە جانتایەکدا رایی دەکرێت؟»**

ئەگەر یاسا سەروەربێت، دەبێت پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان دادگاییبکرێن بە چەند تۆمەتێک کە پەیوەندییان بە یەک دۆسیەوە هەیە، لەوانە؛ خیانەتکردن لە نەتەوەو نیشتمانو پیشەو ئەمانەتی گشتیی، خراپ بەکاربردنی نوێنەرایەتی خەڵک بۆ بەرژەوەندیی حیزبو چەند کەسێک لە سەرکردەکانیان، پابەندن نەبوون بەو سوێندەی یەکەم رۆژی دەستبەکاربوونیان خواردیان.

کەمتەرخەمییەکانی پەرلەمانتارانی خولی رابردووی پەرلەمان زۆرن، بەڵام لە مەسەلەی بێئاگاییو بەدوادانەچوونیان بۆ مەسەلەی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمو ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان رووبەڕووی هەموو ئەو تۆمەتانەی سەرەوە دەبنەوە.

حکومەتی هەرێم (٢٧) گرێبەستی نەوتی کردووە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان بۆ کنەکردنو دەرهێنانو هەناردەکردنی نەوتی کوردستان، رۆژانە (برێکی نائاشکرا) بەرمیل نەوت لە کوردستانەوە رەوانەی دەرەوە دەکرێت، کە تەنیا (١٢٪)ی داهاتی ئەو نەوتە بۆ کوردستان دەبێت، پەرلەمان ئاگای لە هیچیەک لەو مەسەلانە نەبووە، تەنانەت پەرلەمانەکەی پارتیو یەکێتی هێندە کەمتەرخەمبوون بە درێژایی هەر چوار ساڵەکەی تەمەنی خولەکەیان نەیانتوانی لە نێچیرڤان بارزانی بپرسنەوە «بۆچی وەزارەتی نەوت کە یەکێکە لە گرنگترین وەزارەتەکان کارەکانی لە جانتایەکدا رایی دەکرێتو ستافی وەزارەتەکە تەنیا وەزیرێکە؟». تەنیا لە حکومەتی گاڵتەجاریدا شتی وەها بوونی دەبێت، نێچیرڤانو حیزبەکەیو حیزبەکەی شەریکیشی بەرژەوەندییان لەوەدایە تا بۆیان بلوێت وەزارەتی لەو چەشنە هەر لەناو جانتایەکدا کارەکانی رایی بکات، بەڵام بەرژەوەندیی میللەت دروست پێچەوانەی ئەو خواستەی ئەوانە، کەچی پەرلەمانتارانی خولی پێشوو لەسەر ئەم مەسەلەیە هیچیان نەکردو شەرمەزاربوون.

پارتیو یەکێتی لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا یەکێک لە دروشمەکانیان ئەوەبوو «نەوت دەکەینە چاری خۆشگوزەرانی» کە ئەمە لە درۆیەک زیاتر هیچی دیکە نییە، چونکە سیاسەتی دروستی پارتیو یەکێتیو حکومەتەکەیان ئەوەبوو، کە ئەو راستییەیان لەبەرچاو بگرتایە کە نەوت بە تەنیا موڵکی ئەو نەوانە نییە کە لە کوردستاندا ژیان دەکەن، بەڵکو موڵکی چەندین نەوەی ئایندەشە، بەتایبەتیش کە (٨٨٪)ی ئەو پارەیەی لە فرۆشتنی نەوتی هەرێمەوە دەستەبەر دەبێت بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق دەبێت. بەو هۆیەشەوە ئەگەر پارتیو یەکێتی لە خەمی بە تاڵانبردنی وڵات نەبوونایەو چاویان لە دەستکەوتە حیزبیو شەخسییەکان نەبوایە، دەبوایە شەڕی پێچەوانەیان بکردایە، واتا لەبری ئەوەی شەڕی ناردنە دەرەوەی نەوت بکەن، تا دوا فرسەت بەرگرییان لەوە بکردایە نەوتی کوردستان لەجێی خۆی بمێنێتەوەو دەستی بۆ نەبرێت بۆ ئەوەی وەک سەرمایەیەکی یەدەک بۆ خەڵکی کوردستان بمێنێتەوەو لە رۆژی خۆیدا زۆرترین سوودی لێ ببینرێت.

ئێستا هەم ئەرکی پەرلەمانی نوێیە ئەم دۆسیەیە شەنوکەو بکات، هەم ئەرکی پەرلەمانتارانی نوێنەری راستەقینەی خەڵکی کوردستانیشە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەو مەسەلەیە لە پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی نوێنەرانو هەم لە دادگای فیدراڵی بورووژێننو نهێنیو گرفتە یاساییەکانی ئاشکراو چارەسەربکەن. هاوکات ئەرکی سەرشانی داواکاری گشتیشە لە کوردستاندا پەرلەمانتارانی خولی پێشوو راپێچی دادگا بکاتو هەموو ئەو تۆمەتانەی سەرەوەیان رووبەڕوو بکاتەوە، بۆ ئەوەی بکرێنە پەندو عیبرەت بۆ ئەوانەی دیکەش کە دەیانەوێت هەمان خیانەتی ئەوان بۆ حیزبەکانیان بکەن.

# روونکردنەوە

دوای بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لە لاپەڕەی (٢)ی رۆژنامەی رۆژنامە ژمارە (٥٤٦)ی رۆژی سێشەممە (٢٠٠٩/٩/٨)، بە ناونیشانی عارف روشدی بە نایاسایی ماستەر دەخوێنێت، بە پێویستم زانی ئەم روونکردنەوەیە بۆ رۆژنامەکەی خۆتان بنێرمو داوادەکەم بە هەمان ئەو شێوەیەی هەواڵە چەواشەکارانەکەتان پێ بڵاوکردووەتەوە ئەم روونکردنەوەیەم بۆ بڵاوبکەنەوە:

١ـ وەرگرتنم لە زانکۆ بە یاساییو بە گوێرەی روونکردنەوەکەی بەڕێز د.نزار بووە، نەک تەشهیرو پێشەکییەکەی ئێوە.

٢ـ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٦)، بە پلەی زۆرباش سێیەمی بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی بووم، مافی وەرگرتنم لە خوێندنی باڵا هەبووە.

٣ـ سەرەڕای ئەوەی بەپێی یاسا لە عێراقدا مەرجی تەمەن هەڵگیراوە، کە خۆی رێگربووە لە هەوڵو کۆششی هاوڵاتیان بۆ دەستخستنی زانستو زانیاری، لە زۆر لە وڵاتانی دنیای پێشکەوتووش، هیچ رێگرییەکی تەمەن نییە بۆ خوێندنو خەڵکانێکی زۆر بێ لەبەرچاوگرتنی بەرەو پێشەوەچوونی تەمەنیان بە مەبەستی خۆنوێکردنەوەو خۆدەوڵەمەندکردن بە زانستی نوێ روو لە خوێندن دەکەن، نەک بەدەستهێنانی پلەوپایە کە ئەوەی منیش لە هەمان روانگەوەیە.

٤ـ سەیرە لە کاتێکدا هەندێک لەسەر دزیو اختلاسو گەندەڵیی دەدرێنە دادگاو ناو ناهێنرێن، بەڵام چاوی تیژتان لە کەسێکە دەیەوێت بخوێنێت بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاریو خۆ پەروەردەکردن نەک پلەو پۆست.

**عارف روشدی**

**لە هەواڵەکەشدا نووسیومانە رۆژنامە چەندجارێک پەیوەندی بە (عارف روشدی)یەوە کرد، بەڵام وەڵامی نەدایەوە.**

**بەپێی وتەکانی د.نزاریش، عارف روشدی لە دەرەوەی دەسەڵاتی زانکۆو بە فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران وەرگیراوە**

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانیەکان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان ژمارە : ٣٤٤٨
سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە بەروار: ٢٠٠٩/٩/٩
یاسا

ئاگاداری

ئاماژە بەنوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی/ یاسا ژمارە ١٤٦٢٢ لە ٢٠٠٩/٨/٢٧.

ئاگاداری هاوڵاتیانی بەڕێز دەکەینەوە کەشارەوانی کۆیە هەڵدەستێت بەجیاکردنەوەی موڵکی ژمارە (١٥٢/١٧٢) لەکەرتی ٢٩ دەشتی کۆیە بۆ دوو بەش جا هەرکەسێک رەخنەو پێشنیاری هەیە با لەماوەی (٣٠)سی رۆژ دوای بڵاوکردنەوەی لەیەکێک لە رۆژنامە ناوخۆیەکان سەردانی شارەوانیمان بکات و رەخنەو پێشنیاری خۆی پێشکەش بکات بەپێچەوانەوە دوای تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی مافی هیچ رەخنەو پێشنیارێکی نامێنێت.
لەگەڵ رێزدا

**ئەندازیار**
**ئاراس حەوێز صادق**
**سەرۆکی شارەوانی کۆیە**

خاوەنی ئیمتیاز:
**کۆمپانیای وشە**

سەرنووسەر:
**عەدنان عوسمان**

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستەی نووسەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەماڵ** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info.rozhnama@gmail.com
riklam.rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# یاخیبوونی مەدەنی



چیمەن محەمەد ڕەشید

**کەس ناتوانێت بچێتە سەر پشتت ئەگەر بە چەماوەیی نەیبینێت.**
**«مارتن لۆسەر»**

**هەرکاتێک چالاکوانی یاخیبوونی مەدەنیی توانییان جەماوەر هانبدەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاساو ڕێنماییە زۆردارەکان، ئەوکاتە هاوکاریی جەماوەر دەکەن تا بەربەستی ترس بشکێنن و لە سزا کەسییەکان نەسڵەمێنەوەو پێویستیشە وەک یەکەیەکی تەواوو بەیەکەوە گرێدراو سەیری بزووتنەوەکەو شکاندنی ترس بکرێت**

یاخیبوونی مەدەنیی «العصیان المدنی» یەکێکە لە شێوازەکانی شۆڕشکردن بەرامبەر بە یاسا نادادپەروەرەکان، یاخیبوون دیاردەیەکی کۆنەو لە مێژوودا بە شێوازو لەبەر هۆکاری جیاواز پیادەکراوە، بەڵام یەکەم کەس کە زاراوەی یاخیبوونی مەدەنیی بەکارهێنا نووسەری ئەمریکی «هنری دیفر پوراو» بوو لە وتارە بەناوبانگەکەی یاخیبوونی مەدەنیی لەساڵی (١٨٤٩) دوای ئەوەی ڕازیی نەبوو باجی جەنگ «ضرائب الحرب» بدات دژی ئەو کۆیلایەتییەی ئەمریکا بەرامبەر مەکسیک پیادەی دەکــرد، کــارل مارکسیش لەساڵی (١٨٤٨)دا ئەم شێوازەی گرتەبەر کاتێک هەڵمەتی ڕێکخست تا ئەوروپییەکان ڕازیبکات واز لە باج بێنن لەکاتی ئەو شۆڕشەی ئەوروپای گرتبووەوە.

هیر تجرمین لە کتێبەکەیدا بەناوی «ڕێگای بەرگریی –پیادەکردنی یاخیبوونی مەدەنیی» پێناسەی یاخیبوونی مەدەنیی دەکات بەوەی: چالاکییەکی میللی شارستانییە لە بنچینەدا پشت بە بنەمای نا توندوتیژیی دەبەستێت، ئامانج لەو چالاکییە پارێزگار بوونە لە دیاردەیەکی دیاریکراو یان گۆڕینی دیاردەیەکی دیاریکراوە لە کۆمەڵگەدا یان بەرەنگاربوونەوەی کردارێک یان بڕیارێکە ئەگەرچی پابەند نەبێت بەیاساوە، کاتێک یاساکە زۆردار بێت»، یان پێناسەیەکی دیکەی بریتییە لە ڕاقیترین وێنەی یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوەو ڕەفزو ناڕەزایی بەشێوەی هاوکاریی و کۆ دەنگیی ئەنجام دەدرێت و لایەنی بەرامبەر ناچار دەکات داواکاریی ناڕازییەکان جێبەجێبکات. بەرگریکاران پێویستە گوتاریان ئاڕاستەی جەماوەر بکەن «پـوراو» بـڕوای وایە جەماوەر بەشی گرنگ پێکدەهێنن لە کۆمەڵی یاخیبوونی مەدەنیدا، بەڵام ئەوانەی کە لایەنگریی دەسەڵاتی زۆردار دەکـەن و وەلائیان هەیە بۆی، ئەوانن کۆسپ لەبەردەم بەرەنگاربوونەوەدا دادەنێن. یاخیبووانی مەدەنیی لەکاتی بوونی زۆرداریدا پێویست ناکات خۆیان بەوەوە خەریک بکەن کە گوتار ئاڕاستەی دەسەڵات بکەن و پێویستە لە گوتاری گونجاو ڕووەو جەماوەر بێئاگا نەبن و هانیان بدەن بۆ بەشداریکردن لە یاخیبوونەکەو پاشەڕۆژیان بە سەرکەوتنی ئەو یاخیبوونەوە ببەستنەوە. هەرکاتێک چالاکوانی یاخیبوونی مەدەنیی توانییان جەماوەر هانبدەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاساو ڕێنماییە زۆردارەکان، ئەوکاتە هاوکاریی جەماوەر دەکەن تا بەربەستی ترس بشکێنن و لە سزا کەسییەکان نەسڵەمێنەوەو پێویستیشە وەک یەکەیەکی تـەواوو بەیەکەوە گرێدراو سەیری بزووتنەوەکەو شکاندنی ترس بکرێت، لەبەرئەوەی زاڵبوون بەسەر ترس و نەسڵەمینەوە لە سزا بنەمای سەرەکییە بۆ بەرەنگاربوونەوەو یاخیبوونی مەدەنیانە، یاخیبوان دەتوانن لایەنگران زیادبکەن بە پیشاندانی نموونەی نەترس لە بەرەنگاربوونەوەدا، هەروەها یاخیبووی مەدەنیی کە پەیڕەوی ناتوندوتیژییە، دەبێت پەیمان بدات بەخۆی و ویژدانی و بە نیشتمانەکەی کە بە تەنیا لێپرسراویەتی هەڵبگرێت وەک ئەوەی بە تەنیا بێت لە مەیدانەکەدا دوای ئەوە هەوڵبدات بڕوا بە کەسانی دیکە بێنێت بۆ ئەو پرسەی کاری بۆ دەکات.

یاخیبوون پەیوەندیی بە جۆری دەسەڵاتەوە هەیە، جۆن ڕاووڵ لە کتێبی «تیۆری دادپەروەریدا» دەڵێت: پاساو هێنانەوەو سەرکەوتنی یاخیبوون لە سیستمە نادادپەروەرەکاندا کارێکی قورس نییە، بەڵام لە سیستمی دادپەروەردا ئەوەی یاخی دەبێت وەک ئاڕاستەیەک دژی زۆرینەو ڕای گشتیی بێت وایە. لەگەڵ ئەم ڕایەشدا لە دیموکراتی ڕاستەقینەدا یاخیبوونی مەدەنیی مافێکی جێگیرەو کەس لەسەری تووشی لێپرسینەوە نابێت، لەبەرئەوەش ئەم جۆرە بەرەنگاربوونەوەیە لە سەرەتادا لە سایەی سیستمە لیبراڵیەکان و مرۆڤدۆستەکاندا سەریهەڵداوە بۆ گەیاندنی دەنگی کەمینەو دەستەو گروپەکان لەکاتی بوونی پێشێلکارییەکدا، دوای ئەوە پەلی کێشا بۆ سیستمەکانی دیکە، تا سیستمە دیکتاتۆرییەکان و سیستەمە شمولییەکان بگرێتەوە.

ئەم جۆرە لە یاخیبوونە لە چەندین بزووتنەوەی بەرەنگاریی ئاشتیانەدا بەکارهاتووە، وەک لە هندستان هەڵمەتەکانی گاندی لەپێناوی دادوەریی کۆمەڵایەتی و هەروەها لە پێناوی سەربەخۆییدا، لە باشووری ئەفریقا بۆ بەرەنگاربوونەوەی جیاکردنەوەی ڕەگەزیی، لە بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە ئەمریکا، لە بزووتنەوەکانی ئاشتیی لە زۆر شوێنی جیهاندا.

ماناکەشی ڕەتکردنەوەی گوێڕایەڵیە بۆ ئەو یاسایانەی مافی مرۆڤ ناپارێزن، بەڵکو پێشێلیدەکەن و دایۆلۆگی مەدەنیانەیە لەگەڵ نـەیـارداو هەروەها بەکار نەهێنانی ڕێگای سەربازیی و چەکەو مانای سێیەمیشی لە زماندا civil بە ئینگلیزیی و civilis بە فەرەنسی واتا هاوڵاتی، مانای مافی هاوڵاتییانی ئەو شوێنەیە ئەو ڕێگایە بگرنەبەر. بەو ئەندازەیەی یاسا ئەرکی خۆی بینی و لە خزمەتکردنی دادوەرییدا بوو شایانی ڕێزگرتن و گوێڕایەڵبوونە لەلایەن هاوڵاتییانەوە، بەڵام کاتێک یاسا خۆی زۆردار بێت یان ببێتەهۆی زۆرداریی، شایانی ئەوەیە تانوتی لێبدرێت یان هاوڵاتی لێی یاخی ببێت، لەبەرئەوەی کاتێک هاوڵاتی بە یاسایەکی نادادوەر ڕازیی بێت بەشێک لە لێپرسراویەتی دەکەوێتە ئەستۆ، ئاشکرایە یاسای زۆردار کاریگەریی لە گوێڕایەڵبوون بۆ ئەو یاسایە دەردەکەوێت، هەروەک قازیی فەرەنسی ئیتین لابوتی لەساڵی (١٥٥٢) لەنووسینێکدا بەناوی «میتۆدی کۆیلایەتی ئارەزومەندانە» «منهج العبودیة الاختیاریة»دا باس لەوە دەکات زۆردارەکان هێزیان هەیە لەبەرئەوەی خەڵک ئەو هێزەیان پێدەدات، هەروەها وتەیەکی بەناوبانگی مارتن لۆسەر دەڵێت: «کەس ناتوانێت بچێتە سەر پشتت ئەگەر بە چەماوەیی نەیبینێت». یاخیبوونی مەدەنیی یەکێکە لە شێوازەکانی بەرگریکردنی ڕێگەپێدراوی ڕووبەڕووبوونەوە، لەهەموو لایەکەوە کۆمەڵگەی مەدەنی دەجوڵێنێت بە دەستپێشخەری هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بۆ دەربڕینی داواکاریی کۆمەڵایەتی و داواکاریی سیاسیی. لەسەر بنچینەی ناتوندوتیژیی کاردەکات، ئەویش بە دوو بنەما یەکێکیان بنەمای کردارو دووەمیان بنەمای ئەخلاقیە، «جینیة شـارب» شـارەزا لە بزووتنەوەی بەرگریی باکووری ئەمریکا دەڵێت: ناتوندوتیژیی کاریگەریی زیاترە لە توندوتیژیی، لەبەرئەوەی توندویژیی دەبێتەهۆی توندوتیژیی زیاتر، بەڵام ناتوندوتیژیی ڕێ لە توندوتیژیی دەگرێت. یاخیبوونی مەدەنیی لەو کۆمەڵگانەدا کە دیموکراتی تێدا نەچەسپیوە کارێکی زەحمەتە، لەبەرئەوەی بنەمای ناتوندوتیژیی پێویستی بە ڕۆشنبیریی ناتوندوتیژیی هەیە، کە نەچەسپیوو کار پێنەکراوە بەتایبەت لە کلتووری وڵاتانی خۆرهەڵاتدا، بەهیچ شێوەیەک ئەنجامدەرانی پەنا بۆ توندوتیژیی نابەن، ئەگەرچی لەلایەن دەسەڵاتەوە هەوڵی ئەوەش بدرێت، لەبەرئەوەی ئەمە ئامرازێکی فشارخستنەسەر دەسەڵاتە لەپێناوی گۆڕانداو بریتییە لە گوێڕایەڵبوون و یاخیبوون لە یاسا، لە هەمانکاتدا شێوازی ئاشتیانەو شارستانیانە بەچەندین شێوە ئەنجامدەدرێت وەک هاتنە سەرجادەی جەماوەر لەکاتێکی دیاریکراوداو بەیەکەوە نەچوونی فەرمانبەران، کرێکاران، مامۆستایان، خوێندکاران بۆ فەرمانگە، زانکۆ، پەیمانگاو کارگە، داخستنی بازاڕ، شوێنە بازرگانییەکان، نانەواو کارنەکردنی شۆفێران، داخستنی وێستگەکانی بەنزین، پۆشینی شێوەیەک لە بەرگ وەک هاوڕایی، دانیشتن لەسەر جادەو شۆستە، بەڵام هەمووی بەبێ هاوارو دەنگ.

ئایا ئەم شێوازە تاچەند لەو سیستمانەی کە هەردوولا دەسەڵات و یاخی بوو لەسەر بنەمای ناتوندوتیژیی ڕێکنەکەوتوون سەرکەوتووە؟ لەبەرئەوەی شۆڕشە توندوتیژەکان و بەرگریکارە توندەکان سەرکەوتوو نەبوون و بە ئەزموون سەلمێنرا کە شێوازی نامرۆڤانە پەیڕەوکردن شکستی هێناوە، لەبەرئەوە ناتوندوتیژیی سیاسیی ئامانجەکانی باشتر بەدەستهێناوە، بۆ سەرکەوتنی ئەمجۆرە بەرگریە پێویستە:

– یاخیبوونی مەدەنیی بە مافێکی سروشتی دابنرێت و سازش لەسەر ئەو مافە نەکرێت لەلایەن هاوڵاتییانەوە.

– بە ئامرازێکی شارستانی دابنرێت لە ئامرازەکانی ئۆپۆزسیۆن و گۆڕانی سیاسیی.

– پێویستی گشتگیرکردنی یاخیبوونی مەدەنیی بەهۆی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی ناتوندوتیژیی بە پەیڕەوکردنی ئامرازو شێوازی بەربڵاوو گۆڕینی بۆ بەهای پیرۆز لە کۆمەڵگەو کۆمەڵی بچووک و گەورەو خێزاندا.

– پێویستە هاوڵاتی هۆشیاربکرێتەوە بە گرنگی یاخیبوونی مەدەنیی وەک ئامرازێک لە ئامرازەکانی داواکاریی مافە مەشروعەکانی و مومارەسەکردنی ئۆپۆزسیۆنێکی ئاشتیانەو دەرکردنی لە بازنەی بێ موبالاتی و ترس و هەستکردن بە لێپرسراویەتی.

– پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی لە شێوازەکانی بکۆڵنەوەو گشتگیریی بکەن بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵ و بەوشێوەیە هێزی کۆمەڵ دەگۆڕێت بە هێزێکی ئیجابیی نەک هێزێکی توندو ڕوخێنەر.

– پێویستە دەســەڵات لە چەمک و ئامانجی یاخیبوونی مەدەنیی بگات و بە هەند وەریبگرێت و جەخت لە جێبەجێکردنی بکاتەوە، لەبەرئەوەی لە بەرژەوەندیدایە فەوزاو توندوتیژیی نەبێت.

– پێویستە ئامرازەکانی یاخیبوونی مەدەنیی گەشەی پێبدرێت و شێوازەکانی نوێبکرێتەوە تا بە باشترین شێوە بەڕێوەبچێت.

– پێویستە دەسەڵات لەوەبگات شێوازێکی نموونەیی نـاڕازیی و ئۆپۆزسیۆنەو پەیماننامە هەبێت بۆ ڕێگری لە لێدان و ئازاردان.

– سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ بۆ گشتگیریکردن و هاوکاریی نێوان ئەو گەلانەی دەچەوسێنرێنەوە.

لەکۆتاییدا یاخیبوونی مەدەنیی فەلسەفەی جوڵاندنی هێزی عەقڵ و وزەی مەعریفەیە، فەوزاو یاریکردن بە سۆز ناهێڵی و هۆیە بۆ بەشداریی و مافی هاوڵاتیبوون.

سەرچاوەکان:
١)جمیل عودة: هل یمکن للعصیان ان یکون الأسلوب الأمثل للمعارضة ؟
٢) أزهار الغرباوی: العصیان المدنی هل یکون بدیلا عن العنف المسلح

# کێ کەرکوکی بە ئەمڕۆ گەیاند؟



هادی ئەکرەم

**یاداشتەکانی حاکمی ئەوکاتەی عێراق (بریمەر) شایەتی ئەو ڕاستییەن کورد لەوکاتەدا هەلی زۆر باشی بۆ ڕێکەوتبوو، بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشەکان**

دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣) بە هاوکاریی هاوپەیمانەکان وا چاوەڕوان دەکرا گرنگی زۆر بە کەرکوک بدرێت و چارەسەری کێشەکان بکرێت ژیانی ئاسایی بگەڕێتەوە بۆ کەرکوک و مافە زەوتکراوەکانیان لە سایەی دەسەڵاتی کوردی بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام دەسەڵاتی کوردی لە جیاتی ئەوەی بە پلانێکی توکمەو یەکگرتوو هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوک و ناوچەکانی دیکە بدەن، بەداخەوە هەیمەنەی حیزبایەتییان زاڵکرد بەسەر نەتەوایەتی هەردوو حیزبی دەسەڵات و کەوتنە مونافەسەی یەکتری، هەریەکەیان بە شێوازێک کاریان دەکرد، نەبوونی یەک هەڵوێست و دوو ئیدارەیی و ململانێی حیزبایەتیی، فەرامۆشکردنی هەستی نەتەوەیی، کێشەی کەرکوکی دواخستن بە قازانجی بەرامبەر شکایەوە.

کورد لە زۆربـەی شۆڕشەکاندا بەدەست ناکۆکییەکانی ناوخۆوە دەناڵێنێت مەسەلە گرنگەکان فەرامۆشدەکات، دەسەڵاتی کوردی دەبوو هەستێکی نەتەوایەتی وایان لەناو شاری کەرکوک و ناوچەکانی دروستبکردایە کاریگەریی لەسەر عەرەبە هاوردەکان دروستبکردایە، خۆیان هەر زوو داوای گەڕانەوەیان بکردایە، ئەگەرچی لە سەرەتاوە هەندێک لە عەرەبەکان خۆیان گەڕانەوە، بەڵام کاتێک زانیان کورد ململانێی خۆیان هەیە، بۆیە ئەوە گەڕابووەوە جارێکی دیکە هاتنەوە کەوتنە پەیداکردنی پشتیوانی لەلای حکومەتی ئەوکاتەو لای ئەمەریکییەکانیش.

دوای ڕووخـانـدنـی حکومەتی عێراق و ڕزگارکردنی شـاری کەرکوک، دوو هەفتە بەسەر ڕزگارکردنی کەرکوک ڕۆیشتبوو، داوا لە پارتی و یەکێتی کـرا لیژنەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوک دابنرێت، هاوکات کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی نـاوەوەو دەرەوە داوایـان لە سەرکردایەتی کورد کرد چارەسەری کێشەی کەرکوک بکەن و لیژنەی شـارەزاو پسپۆڕ دابنێت بەشداریی باشیان هەبێت لەو کۆڕو کۆبوونەوانەی دەبەسترێت لەسەر کێشەی کـەرکـوک، هـەروەهـا ماڵی کوردی یەکبخەن، بەڵام دەسەڵاتی کوردی لە هەوڵی دەستکەوتی خۆیانبوون یاداشتەکانی حاکمی ئەوکاتەی عێراق (بریمەر) شایەتی ئەو ڕاستییەن کورد لەوکاتەدا هەلی زۆر باشی بۆ ڕێکەوتبوو، بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشەکان دوای ڕزگارکردنی شاری کەرکوک حکومەتی عێراق هەموو دامو دەزگاکانی تێکچووبوو، دەسەڵاتی کـورد دەیتوانی بە پلانێکی باش بەشێک لە ئاوارەکان بگەڕێنێتەوەو هەموو خزمەتگوزارییەکیان بۆ دابینبکات، دەیانتوانی هەستێکی یەکگرتوویی نەتەوایەتی وا دروستبکەن ئەو حەماسە بۆ شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆک بگێڕنەوە، ئاسەواری شــەڕی ناوخۆش تا ڕادەیــەک بڕەوێننەوە هەردوو حیزب لە جیاتی هەستی نەتەوایەتی هەیمەنەی حیزبایەتیان زاڵکردو دوو ئیدارەییان دامەزراند، دەست پێشخەربوون بۆ تەجاوزات، بە نایاسایی زەویان بەسەر ئەندامانی خۆیان دابەشدەکرد، کار گەیشتبووە ئەوەی گەڕەکی پارتی و یەکێتی جیابێتەوە، ئەم هەڵوێستەیان ڕەنگدانەوەی خراپی لێکەوتەوە، هەربۆیە لە محافزی کەرکوکیان پرسیبوو، ئایا بۆ تەجاوز لای کوردەکان دەکرێت، خۆی دەڵێت وەڵامم بۆ ئەمەریکیەکان پێ نەبووە، لەوکاتەدا لە جیاتی ئەوەی قەناعەت بە تورکەکان و عەرەبە ڕەسەنەکان بکەن و پێیان بڵێت بەرژەوەندیی ئێوە لەگەڵ بەرژەوەندیی ئێمەدایە، بەڵام ململانێکانیان ناو ئەوانیشی گرتەوە، دەسەڵاتی کوردی لە جیاتی ئـەوەی پێدابگرێت لەسەر مافەکانی کورد، بەڵام گوڵبارانی ئەمەریکیەکانیان دەکرد، چاکدەیانزانی ئەمەریکییەکان بەپێی سیاسەتیی خۆیان کـاردەکـەن لە سـەردەمـی مەجلیسی حوکمدا، کورد بە چ پڕۆژەیەک و بە یەکگرتوویی داوای مافەکانی خۆی نەکردووە، لەکاتی دانانی (قانون إدارة الدولة العراقیه للفتره الأنتقالیه) کورد دەیتوانی پێداگری زیاتری بکردایە، کاتێک مادەی (٥٨) بڕیاری لەسەردرا یەکێک لە هەڵە گەورەکانی کـورد ڕازیبوونبوو بـەوەی کە چارەسەری کەرکوک و ناوچەکانی دوابخرێت بۆ دوای سەرژمێریکردن و پەسەندکردنی دەستووری دائیمی و هاوکاتیش ویستی دانیشتووانی ئەو شوێنانە وەربگیرێت ئەگەر سەیری نوێنەرانی کورد بکەین لە سەردەمی (مەجلیسی حوکم، حکومەتی ئەیاد عـەلاوی، حکومەتی ئیبراهیم جەعفەری، دواتریش حکومەتی مالیکی)، کورد پۆستی گرنگی هەبووە، بەڵام ئەوەندەی هەوڵیان بۆخۆیان داوە، ئەوەندە کاریان بۆ کەرکوک و مادەی (١٤٠) نەکردووە، نوێنەرانی کورد لە بەغدا ئەوەندەی خۆیان بە چارەسەرکردنی کێشەی عەرەبەوە خەریککردووە ئەوەندە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردیان نەداوە.

هەموو باش دەزانن ئەگەر پەیوەندیی باش و ڕاستییەکان بۆ ئەمریکییەکان و نوێنەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان نەڵێیت و پێداگریی لەسەر مافەکان نەکەیت ئەوان بە سیاسەتیی خۆیان کاردەکەن، ئەو هەموو هەلە بۆ کورد ڕەخسا، بەڵام کارتی فشاری گەورەی بەکار نەهێنا، ئێستا حکومەتی مەرکەزیی خۆی ڕێکخستووەتەوە، بۆیە کارێک ناکات ڕەخنەی وڵاتی عەرەب و دەوڵەتانی دراوسـێ عەشایەرە عەرەبەکانی بێتەسەر، بۆیە خـۆی لە چارەسەرکردنی کێشەکان دەدزێتەوە، بۆیە کەرکوک و ناوچەکانی دیکە دوای ئەو هەموو فرسەتەی بۆ دەسەڵاتی کـوردی دروستبوو، دوای کەموکوڕییەکان نەیانتوانی بێنە فشارێک کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە هەبێت، ئەمڕۆ هەقی خۆیانە دەنگە ناڕازییەکانیان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەرزبکەنەوە، نوێنەرو قەوارەی دیکە هەڵبژێرن بۆ ئەوەی بە ڕاستی داکۆکی لە مافەکانیان بکرێت.














چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

# رای گشتی

پاشکۆیەکی مانگانەیە پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)
بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED)ە لەگەڵ ...دا بڵاودەکرێتەوە.

Kurdish Institute for Elections

ساڵی دووەم ژمارە (٧) سێشەممە ٢٠٠٩/٩/١٥




ئارام شێخ محەمەد:
ناکرێت بانگەشەی
دیموکراسی بکەیتو ...

....ل٢



پارێزەر کەمال ڕەزا:
بەڕێوەبردنی وڵات
لەنێوان...

....ل٣



خوێندنەوەیەک
بۆ پرۆژە یاسای
خۆپیشاندان

....ل ٤

# حکومەتی هەرێم
# بایەخ بەئەنجومەنی پارێزگاکان ناداتو دژی لامەرکەزیەتە



یەکێک لەدانیشتنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

فۆتۆ: ڕۆژنامە

ئا: رای گشتی

**هەرچەندە لەخولی دووەمیدا پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامبدرێت بەڵام پێدەچێت ئەم هەڵبژاردنە جارێکی تر دوابخرێتو ئەمەش جارێکی تر دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی خستەوە ژێر پرسیارو چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنیش ئەم جۆرە دەسەڵاتانە بە دەسەڵاتی مەرکەزیی‌و شمولیو دژ بە بنەماکانی دیموکراسی ناوزەند دەکەن.**

شۆرش ئەمین ڕێکخەری فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بڕوای وایە دواخستنی هەر هەڵبژاردنێک خەلەل لە سیستمی دیموکراسیدا دروستدەکاتو وتی «کێشەکە لەوەدایە حیزبەکانی ئێمە حیزبی شمولین‌و حیزبی شمولیش هەمیشە ناکۆکە لەگەڵ بنەمانی دیموکراسی‌و هەڵبژاردنداو بەپێی میزاجو بەرژەوەندییەکانی خۆی لەهەڵبژاردن دەڕوانێت».

شۆرش ئاماژەی بەوەدا کە ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان پەیوەستە بەو گۆرانی باڵانسەی لەکوردستاندا ڕوویداوە، ئەمەش وادەکات حیزبە باڵادەستەکان هەندێک لەپێگەکانی خۆیان لەدەستبدەن لەبەرئەوە «دواخستنی هەڵبژاردنەکان دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندی حیزبی‌و هیچ بەرژەوەندییەکی گشتی‌و میللەتی تێدانییە».

شاخەوان ڕەئوف ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان هەر لەسەرەتاوە دژی درێژکردنەوەی ماوەی کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان بوون‌و وتی»بەردەوام داوامان کردووە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەکاتی خۆیدا ئەنجامبدرێت».

سەبارەت بەوەی بۆچی ئەو هەڵبژاردنانە لەکاتی خۆیدا ئەنجامنادرێتو درێژکردنەوەی ئەو ماوەیە تاچەند کاریگەری لەسەر شەرعیەتی ئەنجومەنی پارێزگاکان دروستدەکات، ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وتی»دەبوایە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق ئەنجامبدرایە» بەڵام هۆکاری ئەنجامنەدانی ئەو هەڵبژاردنەی گەڕاندەوە بۆ «حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بایەخ بە ئەنجومەنی پارێزگاکان ناداتو بەهەموو شێوەیەک دژی لامەرکەزیەتە؟

هەروەها عەدنان عوسمان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆران ئاماژەی بەوەدا چەندێک ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان گرنگە ئەوەندەش سەڵاحیاتو مەودای کارکردنیان گرنگەو وتی»پێویستە جارێکیتر یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان هەمواربکرێتەوەو دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بکرێتە لامەرکەزی‌و چۆن لەدەستوری عێراقی‌و یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لامەرکەزییەت چەسپیوە دەبێت بەهەمان شێوەش مامەڵە لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمدا بکرێتو هیچ بیانوویەک نییە بۆئەوەی دەسەڵاتو توانای ئەنجومەنی پارێزگاکان لەکوردستاندا کەمبکرێتەوە»

سەبارەت بەدواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمیش عەدنان عوسمان ئاماژەی بەوەدا کە دەبێت فشارێکی گەورە دروستبکرێت بۆئەوەی هیچ بیانوویەک نەبێت بۆ دواخستنی ئەو هەڵبژاردنەو لەوپەری حاڵەتدا دەبێت لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا ئەنجامبدرێت».

جێگەی ئاماژەیە دەبوایە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراقدا لە ٣١ کانونی دووەمی ٢٠٠٩دا ئەنجامبدرایە، بەڵام بە بیانووی نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە ئەنجومەنەکانی هەرێم ئەو هەڵبژاردنە دواخرا بۆ کۆتایی ئەمساڵو ئێستاش ئەوەی دیارە تەنها ئامادەکارییە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو هیچ ئامادەکارییەکی بەرچاو لەئارادا نییە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

## زەرەبین

## دیسانەوە پرۆژە یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان

ئارام جەماڵ*

دەتوانم بەو دەرەنجامە تاڵە دەستپێبکەم کەهەموو ئەو هەوڵو کۆششانەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەماوەی پێنجەم کابینەی حکومەتو خولی دووەمی پەرلەمانی هەرێمدا (٢٠٠٥ - ٢٠٠٩) بۆ پەسەندکردنی یاسایەکی هاوچەرخو شایستە بەڕێکخراوە ناحکومییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خرانەگەر نەگەیشتنە ئامانجی خۆیان‌و تەنهاو تەنها لەبەڵێن‌و مژدە دڵخۆشکەرەکانی ناو وتارەکانی سەرۆکی حکومەتدا مایەوە کە لەسەرەتای کۆنفرانس‌و ئیحتفالاتە تەشریفاتییەکانی تایبەت بەڕێکخراوەکاندا بەسەر ئامادەبوواندا دەیبەخشییەوە! بەڵام ئەوەی ڕۆژگار فێریکردین‌و پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی ئێمەش نەبوو خۆدزینەوەو ترسی بەردەوامی حکومەتو پەرلەمان بوو لەپەسەندکردنی پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێم کە لەساڵی (٢٠٠٦)ەوە پێشکەش بەهەردوولایان کرابوو.

لەئێستادا ئەوەی بۆتە زەخیرەی ئەو هەڵمەتە مەدەنیانەی ڕێکخراوەکان بۆ پەسەندکردنی پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان خستیانەگەر پێکهێنانی کۆدەنگییەکە لەنێوان ڕێکخراوە سەربەخۆو چالاکەکانی ناو هەرێمدا بۆ گۆڕین‌و جێگرتنەوەی ئەو یاسایانەی لەدوای ڕاپەرینەوە کاریان پێدەکرێتو دنیایەک کەلێنی دیموکراسی‌و مەدەنیان تێدایە لەڕووی مافی ڕێکخراوبوونی هاوڵاتیان‌و گروپو توێژەکان‌و ئەو شوێنەی دەسەڵاتی مۆڵەتدان «نەک تۆمارکردن»ی پێدراوە کەوەزارەتی ناوخۆیە؟!! لەبەرامبەر ئەم ڕێکخراوانەشدا سوپایەک لەڕێکخراوی حیزبی هەن کەزۆربەیان دروستکراوی سەروبەندی شەری ناوخۆن‌و ساڵانە بەملیار دیناری عێراقیان لەبودجەی هەرێمی کوردستان پێدەدرێت لەپێناو ماکیاژکردنی ئەزموونەکەمان بەرووی دەرەوەداو لەوەش ترسناکتر بۆ سرکردنی ئەو جووڵە واقیعییەی لەناو هەناوی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە بەرووی دەسەڵاتداو گۆڕینی ئاراستەی ئەو جووڵەیە بەئاراستەیەکی بێهودەو ستایشئامێزداو سرینەوەو یەکرەنگکردنی ئەو جیاوازییەی لەناو کۆمەڵگەدایە، هەتا ئێستا ئەمەیە سەیرکردنی دەسەڵاتی کوردی بۆ ڕۆڵو کاریگەرییەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر ئاستی کۆمەڵگەو کایەی سیاسی، هەربۆیە سنووری تێروانینی ئەمجۆرە ڕێکخراوە درێژبووانەیەی حیزبی دەسەڵاتدار لە یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠١ ی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان تێناپەرێت چونکە ئەو یاسایە لەگۆشەنیگای بەرژەوەندی خۆیان‌و پارتەکانیانەوە دارێژراوەو لەبەرژەوەندیاندا نییە یاسایەکی شایستە بەژیانی ناوەوەو دەرەوەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەبێتو ئەو بودجە زۆروزەبەندە بێ حیسابەیان بۆ ڕێکبخرێت کە لەحکومەتی وەردەگرن‌و خستوویانەتە خزمەت خۆیان‌و حیزبەکانیانەوە.

لەم سەروبەندە نوێیەی ژیانی سیاسیی هەرێمدا بەر لەهەر شتێک دەبێت یاسایەکی جیاوازو پێشکەوتوترو دیموکراسیتر لەیاسای ژمارە ١٥ لەپەرلەماندا پەسەندبکرێت بۆئەوەی دەرگای ڕێکخراوبوون لەبەردەم گروپو بەرژەوەندییە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا بکرێتەوە تاکو چیدی بتوانن بەشێوەیەکی ئازادانەو دوور لەهەیمەنەی حیزبی دەسەڵاتدار گوزارشت لەخواستەکانی خۆیان بکەن‌و سەربەخۆبن لەوەرگرتنی بڕیارو هەڵسوکەوتو هەڵبژاردنی دەستەکانی باڵای ڕێکخراوەکەیانداو بەپێی یاسایەکیش بڕێک لەبودجەی هەرێم لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی پرۆژە بۆ ڕێکخراوە کاراو چالاکەکان تەرخانبکرێتو ئەو ڕێکخراوانەشی دروستکراوی حیزبن‌و بۆ ئەجێندای حیزبەکان کاردەکەن دەبێت لەبودجەی حیزب پارەیان بدرێتێ نەک لەبری تەرخانکراوی بودجەی ڕێکخراوەکان لەلایەن حکومەتەوە.

*** بەڕێوەبەری پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن**

## ئارام شێخ محەمەد چالاک لە بواری کۆمەڵگای مەدەنی:

# «ناکرێت بانگەشەی دیموکراسی بکەیتو یاسایەکیشت هەبێت ڕێگربێت لەبەردەم ئازادی کاری ڕێکخراوەییدا»

**سازدانی: دانا جەمیل**

**لـەم دیمانەیەدا ئـارام شێخ محمد چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی ئاماژە بەبوونی یاسایەکی گرنگ دەدات بۆ ڕێکخستنی کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو بڕوای وایە دەسەڵاتی کوردی بە بیانووی جیاجیا ڕێگری دەکات لەبەردەم ڕێکخراوبوونو ئازادی کاری ڕێکخراوەییدا.**

**رایگشتی: ئایا نەبوونی یاسایەک بۆ ڕێکخستنی کاروباری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی فەوزایەکی لەناو ڕێکخراوەکاندا دروستکردووە؟**

ئارام شێخ محمد: لەسەر ئەو بابەتەی نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی تاچەند کاریگەری لەسەر ڕێکخراوەکان دروستکردووە، من باوەڕموایە ئەوە دەکەوێتە سەر ئەوەی ڕێکخراوەکان دەیانەوێت چ کارێک بکەنو بۆ ئەم مەبەستە چ یاسایەک پێویستە هەبێت بۆئەوەی پاڵپشتی ئیشی ئەم ڕێکخراوانە بکات، ئەوەی لەئێستادا دەبینرێت لەوانەیە لەچەند ئاستێکدا زەرەری دابێت، یەکێک لەوانە دەرنەچوونی یاسایەکی نوێیە کە بڕیار بوو دوای ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەکوردستاندا ڕوویدا دوای ئـەوەی کە بەحساب ئیدارە یەکخرایەوە، پێشتر دوو یاسا هەبووە کارپێکراوە یاسای ٢٩٧ هەبووە لەگەڵ یاسای ژمارە ١٥، کاتێک حکومەتی هەرێم یەکیگرتووەتەوە لەسەر بنەمای ئەوەی بە حساب یاساکان تێکەڵ بکرێنەوە ئەوەی کە بینیمان یاسای ٢٩٧ ڕاستەوخۆ وەلانراو یاسای ژمارە ١٥ کارپێدەکرێت، لەبەرئەوە ڕەنگە قسەکردن لەسەرئەوەی کە نەبوونی یاسایەک کە تایبەت بێت بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ڕەنگە زۆر لە جێگەی خۆیدا نەبێت، چونکە ئێستا یاسایەک هەیە کاری پێدەکرێت، بەڵام ئەو یاسایە یاسای ژمارە ١٥یەو کاتی خۆی ئیدارەی هەولێر دەریکردبوو.

بەڵام نەبوونی یاسایەکی تایبەت کە نوێ بێت، ئەو یاسا نوێیە دەوەستێتە سەر ئەوەی تاچەندێک ڕێکخراوەکان پێویستیان پێی هەیە بۆئەوەی یاسایەکی نوێ دەربچێت، ئەو یاسا نوێیە جۆرێک لە ئازادی فەراهەم بکات بۆ کاری ڕێکخراوەیی لەکوردستاندا لەمەش زیاتر ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوانە بتوانن کۆمەڵێک چالاکی زیادبکەن کە ئێستا ڕەنگە قەدەغە بێت لەسەریان، یەکێک لەو شتانە بەڕەسمی ناساندنی تۆڕەکانی هاوکاریکردنەو تۆڕەکانی کارکردن بەیەکەوە لەناو ڕێکخراوەکاندا نەبووە کاتێک کە تۆ ڕوبـەڕوی دەسـەڵات دەبیتەوە پێتدەڵێت دەبێت یاسایەک هەبێت ئەمە ڕێکبخات، بەڵام یاساکەی پێشوو ئەمەی تێدا نییە، ئەمە جگە لەوەی لەئیدارەی سلێمانیشدا کۆمەڵێکی زۆر لەڕێکخراوەکان لەسەر یاسای ٢٩٧ مۆڵەتیان وەرگرتووەو کەمن ئەو ڕێکخراوانەی لەم ئیدارەیەدا لەسەر بنەمای یاسای ١٥ دروست بووبێتن، واتا ئێستا یاسایەک ئیشی پێدەکرێک کە ڕەنگە لەڕووی یاساییەوە مەفعولی نەبێت بەسەر هەندێک ڕێکخراودا.

یاسایەکی نوێمان بۆ ئەوە پێویستە کە ئازادی زیاتر بۆ کاری ڕێکخراوەکان فەراهەم بکاتو مۆڵەتپێدانی ڕێکخراو بگۆڕێت بەتۆمارکردن، چونکە لەوڵاتی ئێمەدا بۆ ڕێکخراوبوون پێویستە مۆڵەت وەربگیرێت، لەبەرئەوە پێویستمان بە یاسایەک هەیە کە مۆڵەتدان بگۆڕێت بۆ تۆمارکردنی ڕێکخراو، ئیعترافێکی یاسایىو شەرعی زیاتر بەم ڕێکخراوانە بکرێت، ڕێکخراوەکان بتوانن سەرپشکبن لەبەدەستهێنانی زانیاری، هەروەها بتوانن بەهۆی یاساکەوە لەسەر بنەمای چالاکییەکانیان بتوانن پشکیان لەبودجەی هەرێمی کوردستاندا هەبێت بۆ کارو چالاکی مەدەنی، ئەمەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە تاچەندێک فەزای مەدەنی بەهێز دەکات لەکوردستاندا، فەزای مەدەنیش ورد دەبێتەوە بۆ سەر چەند بوارێک، بواری مافی مرۆڤ، دیموکراسی، مافەکانی ژنان، چارەسەرکردنی کێشەکانی گەنجانو هەتاوەکو کێشە کۆمەڵایەتییەکانی تریش ئەوەی کە خەڵک خۆی ئازاد بێت لەڕێگەی ڕێکخراوەکانی خۆیەوە بتوانێت بەشدارییەک بکات بۆ چارەسەکردنی کێشەکانی خەڵکو ئەداتی فشاریش بێت بۆ سەردەسەڵات وەک هێزێکی سیاسیی سەربەخۆ لـەدەرەوەی ململانێی سیاسیی کە بتوانێت فشار بۆ سەر دەسەڵات دابنێت، ئەم یاسا نوێیەمان بۆ ئەمە پێویستە.

**رای گشتی: لەکاتی گۆڕینی پرۆسەی مۆڵەتدان بۆ تۆمارکردنی ڕێکخراو ئەو لایەنە کێ بێت کەڕێکخراوی لێ تۆماربکرێت؟ ئایا دەستەیەکی سەربەخۆ بێت یان وەک ئێستا هەر وەزارەتی ناوخۆ بێت؟**

ئارام شێخ محمد: بەبڕوای من کێشەیەک نییە ئەگەر نوسینگەیەکی تایبەت هەبێت ئەم کاروبارە ڕێکبخاتو شەرعییەتی بوونی ڕێکخراو لەژێر دەسەڵاتی ئەم نوسینگەیەدا نەبێت، ئەگەر سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانیش بێت ئاساییە بەڵام کاروبارەکان ڕێکبخات، ئەگەر نا لەبنەماوە ئەمە لە ڕێگەی پەرلەمانەوە بکرێت کارێکی باشە، چونکە ئەمە پەیوەندی بە ئازادی ڕێکخراوبوونو مومارەسەی ئازادی ڕێکخراوەکانەوە هەیە، نەخێر من بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوەدانیم سەر بەوەزارەتی ناوخۆبێت، وەزارەتی ناوخۆ ئیشی تری زۆر زۆرە ئەگەر خۆی مەشغوڵ نەکات بەمەوە، ئەوەی تائێستا ئێمە گوێمان لێی بووە پاساوی ئەمنییە، لەڕاستیدا من پاساوی ئەمنی بەهیچ شێوەیەک بە ڕاست نازانم بۆ ڕێگرتن لە هاوڵاتیانو هاونیشتمانیانی وڵاتێک کە پێشتر ئەگەر کێشەیەکی ئەمنییان لەسەر نییە، ئەمانە بۆ ئازاد نەبن ڕێکخراو دروستبکەن! بۆ کاتێک ڕێکخراو دروستدەکەن تەعقیبی حاڵەتی ئەمنیان دەکرێت، کەواتە کێشەکە کێشەی ئەمنی نییە کێشەکە کێشەی ڕێکخراوبوونە کێشەی ڕێگەدانو ڕێگەنەدانە بەدروستبوونی ڕێکخراو، ئەگەر نا من هاوڵاتییەکم لەگەڵ چەند هاوڵاتییەکی تردا کە ئێمە سیفەتێکی ئاساییمان هەیەو سیفەتێکی هاونیشتمانیمان هەیە ئێمە دەڕۆین سیفەتێکی یاسایی بەخۆمان ئەدەینو ڕێکخراوێک دروست دەکەین.

**رای گشتی: دەسەڵاتی سیاسیی کێشەی چییە لەگەڵ ڕێکخراوبووندا؟**

ئـارام شێخ محمد: هەموو دەسەڵاتێک نەک تەنها دەسەڵاتی سیاسیی، بەتایبەت ئەو دەسەڵاتانەی کە لە قۆناغێکەوە تێپەڕیونو ئەیانەوێت بچنە قۆناغێکی دیموکراسی، کێشەی سەرەکی ئەمانە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە تا ئێستا ئەو مۆدێلەی کاری ڕێکخراوەیی کە حیزبەکانی ئەم وڵاتانەی ئێمە لەسەری

> **«یاسایەکی نوێمان بۆ ئەوە پێویستە کە ئازادی زیاتر بۆ کاری ڕێکخراوەکان فەراهەم بکاتو مۆڵەتپێدانی ڕێکخراو بگۆڕێت بە تۆمارکردن»**

ڕاهاتوون ئەوەیە ئەم ڕێکخراوانە دەبێت سەر بەخۆیانبنو ژمارەیان دیاریکراو بێت بۆئەوەی بتوانن بەئاسانی کۆنترۆڵیان بکەن، دەسەڵات ئیش لەسەر ئەوەدەکات ئەگەر ئەم ڕێکخراوانە دیاریکراو نەبنو بەلیست ناوی ئەندام بە ئەندامو ژمارەی تەلەفۆنو عینوانی ماڵەوەیانو هەتاوەکو ژمـارەی فۆرمی بایعییەکەشیان لایان نەبێت ئەمان دڵنیا نابن لەوەی کە ئەم خەڵکانە خەریکی چی دەبن، لەبەرئەوە کێشەی سەرەکی هەمیشە ئەوەیە کە: یەکەم تێنەگەیشتن بووە لەم ڕێکخراوانە، لەڕاستیدا ئەگەر تێگەیشتنێکیش هەبووبێت بەو ئاراستەیەدا ڕۆیشتووە کەهەوڵێکی تیابدرێت بۆئەوەی کە ئەم ڕێکخراوانە هەمیشە لەبەرچاوبنو کۆنترۆڵ بکرێن. کە ئەمەش من بڕواموایە زەرەرو زیانێکی گەورەی بۆ سەر سومعەی هەرێمی کوردستان بووەو ئەگەر لەسەر ئەم ئاراستەیەش بڕۆین ئەوا دەبیبێت لەئایندەدا، چونکە ئێمە باش دەزانین ئیدیعاکردنی هەر دەسەڵاتێک بۆ دیموکراسی هەر بەوەوە ناوەستێت کە بڵێین ئێمە دیموکراسین، یەکێک لەپێوەرە هەرە گرنگەکان بۆ پێوانەکردنی دیموکراسی ئەوەیە ئەم ڕێکخراوانە چۆن بەئازادی مومارەسەی کاری خۆیان دەکەن، ئەمە بابەتێکی زۆر زۆر گرنگە کە پێویست دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان تێیبگاتو ئەمەش بگوازێتەوە ناو ئەو یاسایە، واتا یاسایەک دانەڕێژێت خاڵی بێت لەم پرەنسیپە ئەساسیانە چونکە تۆ ناکرێت بانگەشەی دیموکراسی بکەیتو یاسایەکیشت هەبێت کە بۆخۆی ڕێگربێت لـەبـەردەم ئـازادی کـاری ڕێکخراوەییدا، لەمەش گرنگتر هەر ئەوە نییە تۆ ئازادییان پێببەخشیت، چونکە ئازادی شتێک نییە تۆ بیبەخشیت. ئەرکی حکومەتە صیانەی ئەم ئازادییە بکات نەک هەر صیانەشی بکات بەڵکو پێویست دەکات لە پشکی بودجەی هەرێمیشدا بودجەیەکی تایبەت دابنرێت بۆ کاری ئەم ڕێکخراوانە بەڵام ئەویش دەبێت لەسەر سیستمو پرەنسیپێک دابەشبکرێتو ئەوەش دەبێت بەیاسا ڕێکبخرێت.

**رای گشتی: لـەمـاوەی چەند ساڵی رابـــردوودا چەندین یاسا لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچووە، بەڵام هۆکار چییە لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە پرۆژە یاسای ڕێکخراوەکان رادەستی دەسەڵات کراوە بەڵام تائێستا هیچ بەرەو پێشچونێک دیارنییە؟**

ئارام شێخ محمد: ئەوە تائێستا بابەتێکی زۆر گرنگەو گومانی گەورەشی لەسەرە، بەڕاستی جێگەی پرسیارە، ئێمە دەزانین حکومەتی بەغداد لەدوای ئێمەوە دروست دەبێت، زۆر پێش ئێمە ئیش لەسەر یاسای ڕێکخراوەکان دەکات، بە لەبەرچاوگرتنی ئـەوەی کێشەو کەموکورییەکانیان چییە، ئێمە دەزانـیـن بـەبـەردەوامـی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی دەدزێتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەم یاسایە جێبەجێبکات، چونکە ئەم یاسایە لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە لەلایەن زۆرینەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕادەستی حکومەت کراوە، چونکە ئێمە بەژمارە ڕێکخراومان زۆرە بەڵام ئایا تا چەندێک ئەم ڕێکخراوانە کۆمەکیان بە پرۆسەی دیموکراسی کردووە ئەوە مەسەلەیەکی ترە، ئێستا لێرەو لەوێ قسە هەیە لەسەر ئەوەی لە ناو ژوورە داخراوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا پرۆژەیاسایەکی تر هەبێت، بەڵام تائێستا ئێمە بەرەسمی نەبیستمان لە حکومەت بڵێت ئـەوەی ئێوە بەکەڵک نایەت، نەبیستمان لەحکومەت بڵێت ئەوەی ئێوە باشە بەڵام دەبێت دەستکاری بکرێت، نەبیستمان لەحکومەت بێجگە لەمە خۆیشی یاسایەکی هەبێت، بەکورتی لاموبالاتییەکی زۆر هەیە بەرامبەر بەو دۆخەی کەڕێکخراوەکانی تێدایە.

**رای گشتی: لەگەڵ زۆری ژمارەی ڕێکخراوەکان هۆکار چییە تائێستا فشارێکی بەهێز دروستنەکراوە بۆ دەرکردنی ئەو یاسایە؟**

ئـارام شێخ محمد: یەکەم کێن ئەو ڕێکخراوانە، دووەم ئەو ڕێکخراوانە چەندیان بەجدی لەگەڵ ئـەوەدان کە یاسایەکی تایبەت هەبێت بەڕێکخراوەکان، ئـەم یـاسـا تـایـبـەتـەمـان بـۆ چییە؟ تێگەیشتنێکی ناجۆر هەیە لای هەندێک لە ڕێکخراوەکان، خەڵک وا دەزانێت یاسا بە تەنها پێویستە بۆ ئەوەی کەمۆڵەت وەربگیرێت، بۆ ئەم مەبەستە بەشێکی زۆر لەڕێکخراوەکان وا تەماشای ئـەم کـارە دەکـەن کە یاسا تەنها بۆ ئەوەیە کەمۆڵەتی پێوەربگریتو تەواو، لەڕاستیدا کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە یاسایەکمان پێویست بێت یان بارودۆخێکی بابەتی وا هاتبێتە پێشەوە کە پێویستی بـەوە هەبێت یاسایەک دەربکەین کە صیانەی ئازادییەکان بکات، ئەم درکو تێگەیشتنە لای چەند ڕێکخراو هەیە، ئەم تێگەیشتنە تەنها لای ئەو ڕێکخراوانە هەیە کە پێویستییان بـەوە هەیە مـەودای چالاکییەکانی خۆیان بە ئازادانە بەرن بەڕێوە، ئەمە بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە ئۆفیسەکانیان بۆ دەگیرێتو پارەکانیان بۆ دەدرێتو ئیشەکانیان بۆ دەڕواتە پێشەوەو هیچ کێشەیەک لەئارادا نییەو بودجەیەکی جێگیری خۆیانیان هەیە زۆر کێشە نییە یاسای تازە دەردەچێت یان دەرناچێت، بەڵام بۆ ڕێکخراوێک کەدەیەوێت سنوری کارەکانی فـراوان بکاتو پێویستی بە بەدەستگەیشتنی زانیاری هەیە پێویستی بەیاسایەک دەبێت کە ڕێکخراوەکان ئازاد بکات بۆئەوەی دامودەزگاو فەرمانگە حکومییەکان دەرگاکانیان بـەڕوودا دانەخەنو هەرکاتێک ویستیان زانیارییان دەست بکەوێت.

لێرەدا پرسیارەکەی من ئەوەیە چەند ڕێکخراو هەن بەو شێوەیە بیردەکەنەوە، ئەگەر ئەو ڕێکخراوانە ئاواش بیریان کـــردەوە، ئالیاتەکانی کارکردنیان تاچەندێک گونجاوە بۆئەوەی کە فشار دروستبکەنو تاچەند ئامادەن ئەنانیانە ڕەفتار نەکەنو فشارەکانیان ڕێکبخەن، ئەگەر ڕوونتر قسە بکەین چەند جارێک هەوڵدەدرێتو دواتـر دەچنە بـەردەم حکومەت، لـەلایـەن حکومەتیشەوە موجامەلەیەکیان دەکرێت ئیتر پاشەکشێ دەکەنو تەمەنی فشاری ڕێکخراوەکان لەسەر بوونی یاسایەکی هاوچەرخ کورت بووە.



# بەڕێوەبردنی وڵات لەنێوان سیستمەکانی بەڕێوەبردندا

پارێزەر: کەمال رەزا

## «پەسەندترە هەرێمی کوردستان پەیرەوی لامەرکەزی ئیداری بەرفراوان بکاتو دەستەکانی ناوەندیش بەتایبەت وەزارەتەکان ژمارەیان کەمبێت»

بەبێ رۆچوونە نێو وردەکاریی‌و پێناسەو چەمکو تیۆرەکانی تایبەت بەبەڕێوەبردنی وڵاتو ناوەندێتی دەســەڵات ڕاستەوخۆ چردەبینەوە بۆ نێو بابەتی ناوەندێتی (المرکزیة) لەبەڕێوەبردنی هەرێمدا کەبناغەی سیستمێک بووەو شوێنەوارو کاریگەریی جێهێشتووەو رەنگدانەوەی لەسەر کارایی دامەزراوەکانی میری‌و دابەشکردنی دەسەڵاتو بەشداری سیاسیی هاوڵاتیان‌و دەرکەوتنی دیاردە سلبییەکانی کۆمەڵگەدا هەبووە.

دەستوری هەمیشەیی عێراق بەئاماژەیەکی روون سیستمی فیدراڵی رونکردۆتەوەو وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ بەڕێوەبردن جێگیریکردووە، لەم رووەوە ماددەکانی ١١٦ بۆ ١٢٥ جەخت لەسەر ناوەرۆکو شێوەی سیستمی بەڕێوەبردن دەکاتو دابەشیکردووە بەسەر (هەرێمەکان- پارێزگا رێکخراوەکان لە هەرێم- پایتەخت- کارگێری خۆجێیەتی)، خـودی ئەم ماددانە بناغەن بۆ شێوازی بەڕێوەبردنو دابەشکردنی دەسەڵاتەکان‌و دەقی دەستورین‌و سەرجەم دەسەڵاتەکان پابەندن بە جێبەجێکردن‌و پەیرەوکردنی.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بواری رێکخستنی یاسایی بۆ سیستمی کارگێری لە عێراقدا دابەشبکەین بۆ دوو قۆناغی جیاواز لەروانگەی فراوانی دەسەڵاتی کارگێری‌و بەڕێوەبردن بۆ یەکە کارگێرییەکانی.

قۆناغی یەکەم لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵـەتــی عـێـراقـەوە دەستپێدەکاتو بەروخاندنی رژێمی سیاسیی لەساڵی ٢٠٠٣ کۆتایی دێت کەتێیدا جەخت لەسەر ناوەندێتی چر کرابۆوەو زۆرینەی یاساو بریارەکان بەشێوەیەک دارێـژرابـوون کە دەسەڵاتی گرنگو باڵا تەنها بۆ ناوەند بوو.

قۆناغی دووەم کـەپـاش رووخـانـی رژێمی بەعس‌و هاتنی هێزی هاوپەیمانان‌و دەرکرنی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ٢٠٠٤/٣/٨ دەستپێدەکاتو ئەم قۆناغە بەردەوامەو دەستوری هەمیشەیی عێراقو یاساکانی ئەنجومەنی نوێنەران‌و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان چوارچێوەیەکن بۆ ناسینەوەی روکارو ناوەرکی ئەم قۆناغە.

بەگەرانەوەمان بۆ مێژووی سیستمی بەڕێوەبردن لەعێراقدا، دەبینین رێکخستنی یاسایی بۆ سیستمی کارگێری بۆ یەکە کارگێری‌و بەڕێوەبەرایەتییەکان بەشێوەیەک بووە کەزیاتر بەلای چربوونەوەی دەسەڵات بۆ ناوەند شکاوەتەوە، کە ئەمەش هێزێکی گـــەورەی داوە بـەهـەر دەســەڵاتـێـک کە لەناوەندا هەبووبێتو راستەوخۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن‌و بەتایبەت وەزارەتـەکـان هەژموونیان هەبووە بەسەر بریارە کارگێرییە گرنگەکان‌و رۆڵی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەو دانراوەکان‌و یەکە کارگێرییەکان لەو ئاستەدا نەبوون کە بتوانن خواستی هاوڵاتیان وەدیبهێنن.

ئەم راستیەشمان لە خوێندنەوەی یاساو بریارەکانی رابـردوودا بۆ دەردەکـەوێت بەتایبەت یاساکانی (قانون الادارة الالوية) ژمارە ٥٨ی ساڵی ١٩٢٧و (قانون الادارة الالوية) ژمارە ١٦ ساڵی ١٩٤٥و (قانون المحافظات) ژمارە ١٥٩ی ١٩٦٩و (قانون مجلس الشعب المحلية) ژمارە ٢٥ ساڵی ١٩٩٥و (قانون الحكم الذاتی لمنطقة كردستان) ژمارە ٣٣ی ساڵی ١٩٧٤، کە زۆرینەی حوکمی ئەم یاسایانە جەختدەکەنەوە لەسەر ناوەندێتی (الادارة المركزية) لەشێوەی (عدم التركيز الاداری) هەرچەندە لەدەستووره یەک لەدوایەکەکاندا ئاماژە دەدات بە پەیرەوکردنی سیستمی (لامرکزی)، هەروەها لە رابردوودا چەندین دەستەی ناوەندی هەبووە کە زیاتر دەسەڵات لەکەسێک یان زیاتر چرکراوەتەوەو زۆرینەی بریارە گرنگو هەستیارەکان لەلایەن ئەم دەستە ناوەندییانەوە دەرچون.

بەڵام پاش رزگارکردنی عێراق‌و روخاندنی رژێمی بەعس ئاراستەکردنی بەڕێوەبردن بەرەو فیدراڵی‌و لامەرکەزیەت هەنگاوینا بەشێوەیەک کەدەسەڵاتەکان دابەشکرابوو لەنێوان حکومەتی فیدراڵی‌و دەسەڵاتەکان لەهەرێمەکان‌و پارێزگا رێکنەخراوەکان لەهەرێم‌و کارگێرییە خۆجێییەکاندا.

ئەک راستییەشمان لەو یاسایانەدا بۆ دەردەکەوێت کە لەو قۆناغەدا دەرچووەو بەردەوامی هەیە بەتایبەت یاساکانی (قانون الادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية) کەلە ٢٠٠٤/٣/٨ لەلایەن دەسەڵاتی هاوپەیمانانەوە دەرچووەوفەرمانی ژمـارە ٧١ی رۆژی ٢٠٠٤/٦/١ی تایبەت بە (السلطات الحكومية المحلية)و (دەستوری هەمیشەیی عێراقی) ساڵی ٢٠٠٥و یاسای ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٨و (یاسای پارێزگا رێکنەخراوەکان لەهەرێم)و (یاسای رێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی تایبەت بەپێکهێنانی هەرێمەکان)ی ساڵی ٢٠٠٧.

پاش دامەزراندنی دەسەڵاتی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستاندا هەنگاوێکی جیاواز بەدینەکرا کە جیاکەرەوە بێت لەرابردوو لەرووی پەیرەوکردنی سیستمی کارگێرییەوە بەڵکو تارادەیەک دێژکراوەی هەمان سیستمی بەڕێوەبردنی رابـردوو بوو، هەربۆیە لە خوێندنەوەمان بۆ یاسای ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی (یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق)و یاسای ژمارە دووی ساڵی ١٩٩٢ی ( یاسای رابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی)و یاسای ژمارە سێی ساڵی ١٩٩٢ی (یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان)و یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ١٩٩٣ی (یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان) ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستانیش نەیتوانیوە لە سیستمی (الادارة المركزية) لابدات.

بەڵام پاش رووداوەکانی ناوخۆی هەرێم دەسەڵاتی سیاسیی بۆ یەکەمینجار لەرێگەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکانەوە لەیەکە کارگێرییەکان هەوڵیدا پەیرەوی لامەرکەزی ئیداری بکات، بەڵام سەرەرای ئەنجامدانی هـەڵـبـژاردن‌و پێکهێنانی ئەنجومەنەکان‌و دەستبەکاربوونیان چەندین ئاستەنگ رووبەروی پەیرەوکردنی سیستمی ئیداری لامەرکەزی بۆوەو دواجار نەتواندرا پـەرە بـەفـراوانـکـردن‌و بەردەوامبوونی ئەم سیستمە بدرێت، ئەو ئاستەنگانەش خـۆی دەبینێتەوە لـەوەی کەدەسەڵاتی سیاسیی نەیتوانی پـەیـوەنـدی نێوان ئەنجومەنی شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان‌و یەکە کارگێرییەکان‌و بەڕێوەبەرایەتییە جێبەجێکارییەکان بەشێوەیەکی یاسایی رێکبخاتو دەسەڵاتەکان لەنێوانیاندا تێکەڵ ببون، هەروەها سەرلەنوێ هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنە شارەوانییەکان ئەنجامنەدراو ئەندامانی ئەنجومەنەکان وەک فەرمانبەری میرییان لێهاتبوو، هەربۆیە بوونی ئەم ئاستەنگانەو بەردەوامبوونی حاڵەتەکە بووە هۆکارێک کەسیستمی بەڕێوەبردنی کارگێری لەهەرێمدا چەندین خاڵی سلبی لێدەربکەوێت لەرووی بەفیرۆدانی سامانی گشتی‌و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتو دواکەوتنی سیستمی دیموکراسی‌و دەرکەوتنی نارەزاییەکانی هاوڵاتیان‌و دواجاریش ئەستەمبوونی دۆزیـنـەوەی رێـگـاچـارەی گونجاو بۆ پیادەکردنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی کارگێریی دروست لەهەرێمدا.

پـاش رزگـاربـوونـی عـێـراق، هەرێمی کوردستانیش پریشکی ئـەو ئازادییەی بـەرکـەوتو لـەم رووەوە سودمەندبوو لەپیادەکردنی بواری تایبەتی لەدەسەڵاتی دەستووریی، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو ناروونییە یاساییەیە کە لەبواری کارگێری ئەنجومەنی پارێزگاکان لەهەرێمدا پەیرەو دەکرێت، چونکە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هـەرێـم لـەژێـر رۆشنایی فەرمانی ٧١ی ساڵی ٢٠٠٤ی (دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان)دا بوو بەڵام لەهەمانکاتدا یاسای ژمارە ١٥٩ی ساڵی ١٩٦٩ی (یاسای پارێزگاکان) کاری پێدەکرا لەبەڕێوەبردنی پارێزگاکان کە بێگومان جیاوازی فراوان هەیە لەنێوان ئەم دوویاسایەدا لـەرووی لامەرکەزی ئیدارییەوە. هەروەها خاڵێکی دی پەیوەست بوو بە بوونی دوو ئیدارەی جیاواز لەهەرێمداو هەریەکەیان ناوچەیەکی دیاریکراوی هەرێمیان بەڕێوە دەبردو لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکراو شێوەیەک بوو لەلامەرکەزی ئیداری.

لەکاتی ئێستادا هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق ملکەچی دەستوری عێراقەو باری یاسایی دیارە، بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەرێم دیسان ناروونی لەدیاریکردنی جۆری سیستمی بەڕێوەبردندا دەبینرێت، هەرچەندە دەستە ناوەندییەکانی هەرێم دیارن‌و بریتین لەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان (بە یاسای ژمارە یەکی ساڵی ٢٠٠٥ رێکخراوە)و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەڵام دەستەکانی سنوری یەکە کارگێرییەکان لەکاتی ئێستادا پێناسەیەکی نارۆشنیان هەیە.. هەربۆیە بەسەرنجدان لەرەفتارەکانی دەسەڵات لەهەرێمدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەهەوڵدان بۆ چەسپاندنی ناوەندێتی‌و پێدانی دەسەڵاتێکی سنوردار بەیەکە کارگێرییەکان تێروانینی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمە بۆ سیستمی بەڕێوەبردنی هەرێم، ئەم راستییەش بەروونی لەهەردوو یاسای ژمـارە سێی ساڵی ٢٠٠٩ی (یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی-عێراق)و یاسای ژمـارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ی (یاسای وەزارەتـی ناوخۆی هەرێمی کوردستان-عێراق)دا دەردەکەوێتو دواهەمینیان پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانە.

بێگومان دیـاریـکـردنـی هـەرجـۆرە سیستمێکی کارگێریی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات بەرادەی گونجاندن‌و جێبەجێکردن‌و یەکانگیربوونی لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی وڵاتو جێبەجێکردنی هەرجۆرە سیستمێک زەمینەو ئامادەکاری دەوێـت، ئەمە وێرای بوونی دامەزراوەو خوێندنەوەی بارودۆخی سیاسیی چونکە پەنابردنە بەر لامەرکەزی فراوان رەنگە لەهەندێک کاتو وڵاتدا ببێتەهۆی پارچەپارچەبوونی قـەوارەی سیاسیی، لەلایەکی ترەوە پەنابردنە بەر چرکردنەوەی دەسەڵات تەنها بۆ ناوەند دەبێتەهۆی دابرانی دەسەڵات لەگەڵ‌و بێبەشکردنیان لەبریارو دەرکەوتنی دیاردەی نەخوازراو.

هـەربـۆیـە بـەخـوێـنـدنـەوەمـان بۆ رابردووی عێراق‌و پەیرەوکردنی سیستمی بەڕێوەبردن‌و ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی هەرێم لەژێر رۆشنایی بنەما گشتییەکانی دەستوری عێراق‌و هەڵسەنگاندن بۆ ئەو هەلومەرجەی هەرێمی تێدایە، پەسەندترە هەرێمی کوردستان پەیرەوی لامەرکەزی ئیداری بەرفراوان بکاتو لەسەر ئاستی یەکە کارگێرییەکانی ناوەندی پارێزگاو قەزاکان بتوانن فەرمانرەوایی خۆیان بکەن‌و بوارەکانی تایبەت بەسەروەری هەرێمیش بۆ دەستەکانی ناوەندەوە جێبهێڵدرێت، هەروەها پەسەندترە دەستەکانی ناوەند بەتایبەت وەزارەتەکان ژمارەیان کەمبێت چونکە لەلایەک ئەنجومەنی یەکە کارگێرییەکان خۆیان بەڕێوە دەبەن‌و پێویست بەبوونی ئـەو ژمـارە زۆرەی وەزارەتەکان ناکات، لەلایەکی تر وەزارەتەکان دەتوانن کارەکانی تری تایبەت بەو بوارانەی کە هاوبەشە لەنێوان حکومەتی هەرێم‌و حکومەتی فیدراڵدا پیادەبکەن.

هەروەها دەکرێت لەشوێنی چەندین وەزارەت کە پێشتر هەبوون کۆمسیۆن یاخود دەستەی سەربەخۆ دابمەزرێندرێن بەنمونە لەجیاتی وەزارەتــی وەرزش‌و لاوان، ئەم وەزارەتە بلکێنرێت بە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی، یـان وەزارەتــی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی‌و وەزارەتی مافی مرۆڤ‌و وەزارەتی رۆشنبیری بکرێنە کۆمسیۆنی سەربەخۆ، بەهەمان شێوە وەزارەتی ئەوقاف هاوشێوەی حکومەتی فیدراڵی لێبکرێت، وەزارەتـە خزمەتگوزارییەکانیش هەڵبوەشێنرێنەوەو دەسەڵاتەکانی بـدرێـت بە ئەنجومەنی پارێزگاکان.



# خوێندنەوەیەک بۆ پرۆژە یاسای خۆپیشاندان

**پۆڵا ئەحمەد***

پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن – KIE بەهاوکاری نوێنەرانی ٨ ڕێکخراوی تری سەر بەکۆمەڵگەی مـەدەنـیو کەسایەتی یاساییو ڕۆشنبیر پرۆژەیاسایەکی ١٤ ماددەییان بەناوی «پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان» گەڵاڵەکردو لەدوو ژمارە (٣)ی ساڵی یەکەمی پاشکۆی «ڕای گشتی»دا (سێشەممە ١٦ \ ٩\ ٢٠٠٨)و ژمـارە (٦)ی ساڵی دووەمدا بڵاوکردەوە. من لەم نووسینەمدا تەنها لەسەر ماددەی دەیەمو یازدەهەمی ئەم پرۆژەیاسایە دەخـــەمـــەروو بـەمـەبـەستـی ڕوونکردنەوەی زیاتر.

خۆپیشاندان چەمکێکی زۆر بـەرفـراوانـەو دەبـێـت سیستمی سیاسی لەجیهاندا بەپێی کرانەوەی کۆمەڵگەکانو تێگەیشتنیان لەمافو ئـازادی تاکو مافی خۆپیشاندانو ڕادەربـریـن بەپێی بەندی ٢٦ی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکات کەدیارە ئەمەش بۆ جـۆرو سروشتی ئەو حوکمڕانییە دەگەڕێتەوە کە لەو وڵاتەدا هەیە.

چەندە دیموکراسی چەمکێکی بەهێزی ئـەم حکومڕانییەیە لە متمانەبەخشین بـەدەسـەڵاتـی سیاسی ئـەمـەنـدەش خـەڵـکو حکومەت بۆ چەسپاندنی یاسا بۆ مامەڵەکردن بەکۆی تاکی کۆمەڵ لـەڕووی یاساییەوە کاریگەری دەبێت بۆ ئەوەی مافەکانیان پێشێل نەکرێت یاخود بۆئەوەی مافەکانیان بپارێزرێت، یاخود دامودەزگاکانی جێبەجێکردن زیانی گشتی نەخەنەوە ئەگەر ئەم مافانە پێشێلکران چۆن یاسا شکێنان سزا ئەدرێن هەر بەیاسا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

ئەمانە کـۆی ئـەو کێشانەن کە کۆمەڵی کـوردی لە هەرێمی کوردستان بەرەو ڕوویان دەبێتەوە، بابزانین مـاددەی ١٠و ١١ چیمان پێدەڵێن:

لـەمـاددەی ١٠دا (هەرکاتێک تاوانبارییەک یان ئاژاوەگێرییەک لەناو خۆپیشانەکەدا ڕووبـدات بەرپرسیارێتییەکەی کەسییەو تەنها ئەنجامدەرەکەی ڕووبەڕووی لێپرسینەوەو ڕێوشوێنی یاسایی دەبێتەوە).

واتـا ئەگەر هـەر ئـاژاوەیـەک لە خۆپیشاندا دەرکـەوت دەبـێ دەستنیشانی کەسی ئاژاوەگێر بکرێتو ئەو ڕوبەڕوی لێپرسینەوە ببێت. جارێ پێش هەموو شتێک پێویستە بـزانـیـن سـزادان لە سایکۆلۆژیای دەسەڵاتی سیاسیدا لە کوردستان جەماعییە یان تاکی ئاژاوەگێر بەرپرسیارە، بێگومان هەموو بەهانەکانی دەسەڵاتی سیاسی کەبەشێوازی نایاساییو دوورلەعورفو عادەتی دیموکراسی مامەڵەی لەگەڵ خۆپیشاندانداندا کردبێت، دەسەڵاتی سیاسی یەکسەر ئـاژاوەی جەماعیان خستۆتە پاڵ هەموو خۆپیشاندانەکان، ئەمانە سەرباری ئەوەی تۆمەتی پاڵپشتی سیاسیی بێگانەو دەستی دەرەکیو تابوری پێنجو چەندەها تۆمەتی تر هەبووە کە دەسەڵاتی سیاسیی چۆن لەمانە ڕزگاری دەبێت، ئایا دەسەڵاتی سیاسی خۆپیشاندانەکان بەکارێکی سروشتیو مافێکی ئاسایی هـاوڵاتـیـانـی هەرێمی کوردستان تەماشا دەکات یاخود هەمیشە پێیوایە ئەوە دەسەڵاتی سیاسییە ڕێگە دەدات خۆپیشاندان بکرێتو ئەو ئازادییە دەسەڵاتی سیاسی بەخەڵکی بەخشیوە، ئەمە لەکاتێکدایە هەموو خۆپیشاندانەکان بـۆ داخـــوازی بـــووەو دیـــارە بـەگـرتـنـەبـەری ڕێـوشـوێـنـی گونجاو بۆکاری خۆپیشاندانو داخوازییەکانی جەماوەر، بۆ هەر داواکـاریـیـەک لـەڕووی مـادیو مەعنەویو چاککردنی ژیانی خەڵکو دۆزیـنـەوەی کار بۆ هاوڵاتیانو دامەزراندنی دەرچوانی کۆلێژو پەیمانگەکان کارێکی ئاساییو مافێکی سروشتی کۆمەڵەکەمانە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە دەسەڵاتی سـیـاسـیـی لـە کـوردسـتـانـدا تێروانینێکی پۆزەتیڤانەی بۆ کاری خۆپیشاندان نییە، هەمیشە لەجیاتی هاوکاریو تێگەیشتن لەکێشەی خەڵک قەیرانەکانی بەکێشەی خۆپیشاندانەوە قووڵکردۆتەوە، یاخود ڕێگەی لەخۆپیشاندانەکە گـرتـووە یـاخـود لـەڕێـگـەی ڕاگەیاندنەوە خۆپیشاندانەکەی پڕ مەترسیدارکردووەو خراپ نیشانی جەماوەری داوە.

لەماددەی ١٠دا ئەوەمان پێدەڵێت « چی مەترسی دێتە پێشمان لەکاتی خۆپیشاندندا با چارەسەری بکەینو خۆمانی بۆ ئامادە بکەین چونکە پرۆسەی خۆپیشاندان بۆخۆی کارێکی پـڕزەحـمـەتو ئـاڵـۆزەو هیچ هێزێک لەدنیادا نییە بتوانێت سایکۆلۆژیای جەماوەر لەڕووی دەروونیو عاتیفی کۆنترۆڵ بکاتو هیچ تاکێکیش لە کۆمەڵگەدا ڕەفتارو هەڵسوکەوتی خۆپیشاندانیان لەیەک ناچێت لەبەرئەوە کارێکی سروشتییە کەخۆپیشاندان کاری ئاژاوەگێری یاخود کێشەی تێدا ڕووبدات بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەمە سزادانی جەماعی بەدواوە نەبێت کە تائێستا دەسەڵاتی سیاسیی لەکوردستاندا مامەڵەی جەماعی بۆ هەموو خۆپیشاندانەکان هەیە.

مـــاددەی یانزەهەم ( لەکاتی بەکارهێنانی توندوتیژی، هێز یان زیانگەیاندن بەکەسو موڵکوماڵی گشتیو تایبەت لەناو خۆپیشاندندا کەسی سەرپێچیکەر بەپێی یاسای سزاکانی کارپێکراو سزادەدرێت، کێ توندوتیژییەکان بەکاردەهێنێت؟

دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کـوردسـتـانـدا پێیوایە هەموو خۆپیشاندانێک لەکوردستاندا ئەبێت بە توندوتیژی ڕووبەڕوی ببێتەوە جگە لەو خۆپیشاندانانەی کەخۆی ئامادەیان دەکات لەهێنانە دائیرەو قوتابخانەکان بۆ سەرجادەو ئەم مەسیرانە جگە لەکردنی هاوڵاتیان بە بوکەشوشەیەک هیچی دیکە نییە چونکە هاوڵاتی بەتاڵ دەکرێتەوە لـەداخـوازیـیـە ڕەسـەنـەکـانـی لەبەرئەوە دەسەڵات یان فێربووە خۆپیشاندانی مۆدێلی جاهیز بهێنێتە ئاراوە تا پێمان بڵێ من ڕێتان دەدەم چ دروشمێک بەرزبکەنەوەو من ڕێتاندەدەم چی بڵێنو من پێتان دەڵێم وەعدو بەڵێنەکانی حکومەت چۆن جێبەجێدەبێت. بەواتایەکی تر دەسەڵاتی سیاسی ڕانەهێنراوە لەسەرئەوەی گـوێ لەجەماوەر بگرێت چونکە بەس ئامادەبووە قسەبکاتو جەماوەریش تەنها هەر گوێگر بێت.

لەخۆپیشاندانی ڕاستەقینەدا جـــەمـــاوەر دروشـــمـــی خـۆی بەرزدەکاتەوە کە لەگەڵ مافەکانیدا هاوئاستبێت، جەماوەر دوای ئەو دروشمانە دەکەوێت کە هەمیشە ویژدانی بجوڵێنێت، جەماوەر لەگەڵ ئـەو دروشـمـانـەدا یـەک دەگرێت کەتەواوکەری ژیانی ڕۆژانەی بێت، جەماوەر دوای دروشمی مردوو ناکەوێت.

لەمادەی یازدەهەمدا دەسەڵاتی سیاسی وەک خۆی خۆپیشاندانەکان وەرناگرێت کە کـارێـکو مافێکی ئاسایی هاوڵاتیانە پێشتر دەسەڵاتی سیاسی خۆی بۆ جەنگێک ئامادە دەکات، هەمیشە دەسەڵاتی سیاسی نایەوێت ژیانێکی پـڕ ئاسایشو برایەتیو خۆشەویستی لەنێوان خۆپیشاندەرانو دامودەزگاکانی وەک پۆلیسی چالاکیە مەدەنییەکانو ئاسایشدا هەبێت، هەمیشە ئەم دوولایەنە دەیانەوێت وەک دوژمن تەماشای یەکتربکەن لەلایەک کە خۆپیشاندەران بەرد بهاونو لایەکی تریش کەپۆلیسی چالاکییەمەدەنییەکان یاخود ئاسایشە تەقە لەجەماوەری خۆپیشاندەران بکات کە ئەم شێوازی ڕەفتارکردنە زیانی گەورە بەئامانجە پیرۆزەکانی خۆپیشاندەرانو ئامانجی پارێزگاریکردنی پۆلیسو چالاکی مەدەنی دەگەیەنێت.

لەبەرئەوە تاوەکو ئەو کەلێنە گەورەیە لەنێوان دامودەزگاکانی جـێـبـەجـێـکـردنـی حـکـومـەتو خۆپیشاندەراندا هەبێت (ئـەوە لایـەک بە بـروخـیو لایەکی تر بە فیشەک وەڵامدەداتەوە) ئەوا ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییە هەوڵبدەن ئەو بۆشاییە گەورەیەی نێوان جەماوەری خۆپیشاندەرانو پۆلیسی چالاکی مەدەنی پڕبکەنەوە ئەویش بەهۆشیارکردنەوەی هەریەک لەخۆپیشاندەرانو هێزەکانی پۆلیسی چالاکی مەدەنی لەڕووی پاراستنی یـاسـاو لـەچـوارچـێـوەی یاسادا بۆئەوەی مامەڵەی گونجاوو یاساییو دیموکراسییانە ببێتە ژیانی ڕۆژانەی هـەردوولا لەپێناوجێبەجێکردنی ئەرکەکانیان.

*** بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەرەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی**



## فەرهەنگۆک

**ئا: سەرکەوت حەمە حسێن**

# کارتی دەنگدەرو کارتی زانیاری دەنگدەر

(٧)

ئەم دوو زاراوەیـە هـەروەک زاراوەی هەڵبژاردنو پرۆسەی هەڵبژاردن بەدیدو بیستنی ئێمە نوێن، سەرەرای ئەوەی کە لەڕووی زمانەوانیەوە لێک نزیکن بەڵام لەڕووی واتاو بەهاو بەکارهێنانەوە جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە.

کارتی دەنگدەر کەدەتوانرێت پێشیبگوترێت کارتی زیرەک، کارتێکی وردترو ماوەدرێژترو فەرمیترەو زانیارییەکانی جێگیرترە، بەڵام کارتی زانیاری دەنگدەر کارتێکی ماوەکورترو گشتیترو نافەرمیترەو زانیارییەکانی ناجێگیرترن.

**کارتی دەنگدەر (کارتی زیرەک):**

ئـەم جـۆرە کارتە بۆ زیـاتـرو باشتر ڕێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانو ناسینەوەی دەنگدەر ئامادەدەکرێتو بەکاردێت، کەزیاتر لە وڵاتە پێشکەوتووو دیموکراتیەکاندا بوونی هەیە کە سەقامگیری سیاسیو کارگێری تێیاندا بەرقەرارەو هاوڵاتیبوونو مافی تاک بەباشترین شێوە ڕێزیان لێدەگیرێتو پیادەدەکرێت.

زەمینەسازی ئامادەکردنی کارتی دەنگدەر (کارتی زیرەک):

بۆ ئامادەکردنی ئەم کارتە، پێویستە:

– ئامارێکی گشتگیری وردی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە لەبەردەستدا بێت.

– دامەزراوەیەکی فەرمی جێگیرو تایبەت سەرپەرشتی ئامادەکردنو بەخشینی بکات.

**تایبەتمەندییەکانی کارتی دەنگدەر:**

– کارتێکی ئەلکترۆنیە (واتە جگە لەژمارە زنجیرەییەکەی ژمارەی دیکەی هەیە کەدەتوانرێت لەڕێی ڕوپێوی ئەلکترۆنیەوە بناسرێتەوە).

– زانیاری ناسینەوەی خاوەنەکەی لەخۆدەگرێت.

– لەڕێی کۆمپیوتەرو تۆری ئەلکترۆنیەوە (کۆمپیوتەرییەوە) دەناسرێتەوەو بەکاردێت.

– خاوەنەکەی لەتەمەنی (١٨)ساڵیەوە تا کۆتایی تەمەنی (مردن) هەڵگری ئەو کارتە دەبێت، مەگەر بەهۆی لەدەستدانی کەسێتی یاساییەوە لێیبێبەشبکرێت.

– لەڕێیەوە دەتوانرێت بگەیتە بانکی زانیاری ئەوکەسە.

**مەرجەکانی بەخشینی کارتی دەنگدەر:**

– دەبێت هاوڵاتی ئەو وڵاتە بێت.

– گەیشتبێتە تەمەنی یاسایی کەمافی بەشداریکردنی هەڵبژاردنی هەبێت، بۆنمونە لە عێراقدا دەبێت (١٨) ساڵ بێت.

– خاوەنی کەسێتی یاسایی تەواوبێت (ژیریو باری دەروونی تەواوبێت، دەستبەسەرنەبێت).

سوودەکانی کارتی دەنگدەر (کارتی زیرەک):

– کارئاسانی تەواو دەکات بۆ لایەنی سەرپەرشتیکاری هەڵبژاردن، لەڕووی ئامادەکردنی لیستی ناوی دەنگدەرانەوە.

– ڕێگرێکی تۆکمەیە لەبەردەم ساختەکاریدا.

– ڕێگە بەدەنگدانی ئەلکترۆنی دەدات.

**کارتی زانیاری دەنگدەر:**

ئەم جۆرە کارتە بۆ زیاترو باشتر ڕێکخستنی پرۆسەیەکی هەڵبژاردن یان چەند پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی نزیک لەیەک لەڕووی کاتەوە ئامادەدەکرێتو بەکاردێتو زیاتر لەوڵاتە تازەپێشکەوتووەکان کەهەنگاو بەرەو دیموکراتیبوون دەنێنو لەقۆناغێکی گواستنەوەی سیاسیدان بوونی هەیەو ئەم کارتە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەکاردێتو دواتر دەبێت بگۆردرێت بەکارتی زیرەکی هەمیشەیی.

**زەمینەسازی ئامادەکردنی کارتی زانیاری دەنگدەر:**

بۆ ئامادەکردنی ئەم کارتە، لەکەمترین ئاستدا پێویستە:

– لیستێکی زانیاری هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە لەبەردەستدا هەبێت (لە عێراقدا زانیارییەکانی فۆرمی خۆراک).

– دامەزراوەیەکی فەرمی تایبەت سەرپەرشتی ئامادەکردنو بەخشینی بکات (لـە عێراقدا کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان).

**تایبەتمەندییەکانی کارتی زانیاری دەنگدەر:**

– کارتێکی ئاسایی ژمارەدارە یاخود بەبێ ژمارەیە.

– زانیاری لەبارەی ناوو ژمارەی دەنگدەرو خێزانەکەیو ژمارەو شوێنی دەنگدانەکەی لەخۆدەگرێت.

– خاوەنەکەی لەتەمەنی (١٨) ساڵییەوە بۆ هەڵبژاردنێک یان چەند هەڵبژاردنێکی دیاریکراوی ماوە نزیک هەڵگری ئەو کارتە دەبێت، مەگەر بەهۆی لەدەستدانی کەسێتی یاساییەوە لێیبسەندرێتەوە.

**مەرجەکانی بەخشینی کارتی زانیاری دەنگدەر:**

– دەبێت هاوڵاتی ئەو وڵاتە بێت، یاخود بەپێی ئاست وسنوری دەنگدانەکە، دانیشتوی ئەو ناوچەیە بێت کە هەڵبژاردنەکە دەیگرێتەوە.

– گەیشتبێتە تەمەنی یاسایی کەمافی بەشداریکردنی هەڵبژاردنی هەبێت، بۆنمونە لە عێراقدا دەبێت (١٨) ساڵ بێت.

– خاوەنی کەسێتی یاسایی تەواوبێت (ژیریو باری دەروونی تەواوبێت، دەستبەسەرنەبێت).

**سوودەکانی کارتی زانیاری دەنگدەر:**

– کارئاسانی بۆ هاوڵاتیان دەکات تا لەهەبوونی ناویانو ڕاستی زانیارییەکانیان لە لیستی ناوی دەنگدەرانو شوێنی دەنگدانیان دڵنیابن.